# نووسەری کورد

گۆڤاری یەکێتی ی نووسەرانی کورد

ژمارە ۱ و ۲ — خولی سێیەم — حوزەیرانی ۱۹۹۲

•

سەرنووسەر
دکتۆر عزالدین مصطفی رسول

•

ناوونیشـــــان
هەولێر - ڕێگای کەرکووک -
نزیک کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین
گۆڤاری « نووسەری کورد »

# «دوو وشە»

وا «نووسەری کورد» جارێکیتر دەچێتەوە ناو ئەو کوردە دڵسۆزە بەسۆزانەی خەم و پەژارەی ئاوابوونی وایگرتبوون، ئەمجارە «نووسەری کورد» پرشنگدارترو گەشترە، چونکە لەکوردستانی ئازاددا و بەئازادی دەردەچێ.

کەکۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆنگرەی «ڕاپەڕین»، نووسەرانی دڵسۆزی شارو شاخی بەیەکتر شادکردەوە، دەبێ وورشەی گۆڤارەکە زیاتر بێت، دەبوو هەر زۆر زوو ڕووناکیی بدیایە. بەڵام کۆمەڵێك کۆسپ هاتە ڕێگە. یەکەمیان دامەزراندنەوەی بارەگای یەکێتیو لقەکانی بوو، دووەمیان: گەمارۆی ئابووری هەر بەنان وخۆراك و سووتەمەنییەوە نەوەستا، بەڵکو گەمارۆی ڕۆشنبیریشی هێنا، کاتێك کەئەو چەند چاپخانە کەمەی لەکوردستاندا هەن، شەوو ڕۆژ بەچاپی کۆمەڵێکی زۆر لەڕۆژنامەو بەیاننامەی هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانییەوە خەریکن، هەر لەو کاتەدا کاغەزو مەرەکەب و هەموو کەرەسەی چاپ چووە قاتیو پەیدانیان بۆ ڕێکخراوێکی وەك یەکێتی نووسەران زۆر ئەرکێکی گرانە، هەرچەندە دەبێ بەسوپاسێکی بێ پایانەوە لەیارمەتیی بەردەوامی بەرەی کوردستانی بکەین کەتاقە لایەن بووە تائێستا کۆمەگی دامەزراندنەوەی دەزگاکانی یەکێتیو دەرکردنی گۆڤارەکەیان داوە، دەبێ ئەوەش بڵێین کەئەرکەکە ئەوەندە گرانەو باری گرانیی وولات وایکردووە کەسنوور بۆ توانامان دابنرێو هەربەپێی ئەو کۆمەگە بجووڵێینەوەو ئەمەش کاربکاتە سەر چالاکیو گۆڤار دەرکردنمان.

بەهەموو حاڵێك، بابەگوێرەی ئاواتی خۆمان وخوێنەرانیش نەبێت، یەکەم ژمارەی ئەم خولەی گۆڤارەکەمان خستە بەردەمی خوێندەوارانی کورد. بۆ ئەم خولەو ئەو ژمارەیەش دەبێ چەند شتێك بڵێین.

یەکەم: یەکێتیی نووسەرانی کورد ـ دوو خول گۆڤاری «نووسەری کورد»ی دەرکردو یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیش کەلەگەڵ یەکێتیی نووسەرانی کورددا یەك پارچەی لەیەك جیانەکراوە بوون لەچیا «نووسەری کوردستان» یان دەرکرد، ئەوە بێجگە لە«گزنگ» و کەهەر بەرهەمی ئەم یەکێتییە یەکگرتووە بوون. هەرچی «نووسەری کورد»ە ئەوە دووخولی هەبوو، یەکەمیان: پاش ١١ ئازاری ١٩٧٠ تا ئازاری ١٩٧٤ ١١ ژمارەی لێدەرچوو وکەزۆربەی نووسەرانیش بەسەرۆکی یەکێتی شەهیدی ئەمر ساڵح یوسفییەوە چوونە چیا، ژمارە ١٢ی نووسەری کورد یان دەرکرد. کەپاش کۆنگرەی پێنجەمی نووسەرانیش لەساڵی ١٩٧٨دا نووسەرە دڵسۆزو تێکۆشەرەکان توانیان نەخشەی بەعسییە فاشیستەکان پووچ بکەنەوەو یەکێتی ببوژێننەوە بیخەنەوە دەستی خاوەنی، ئەوا ١٢ ژمارە لەخولی دووەمی «نووسەری کورد» دەرچوو، کەئەگەر بەویژدانەوە تەماشایان بکرێت ئەوا بەبەشێك لەئەدەبیاتی شۆڕشگێرانەو بۆ چوونە مەیدانی مەردانە

دەژمێرێت . کەساڵی ١٩٨٣ یەکێتیی نووسەرانی کورد بەیەکجاری داخرا، پاش چەند ساڵێك ئەو نووسەرانەی لایان وابوو بەلق لەیەکێتیی نووسەرانی عیراقدا بمێننەوە باشترە، لەکاتێکدا کەزۆربەی نووسەرانی کورد ئەو مانەوەیەیان پێ باش نەبوو ولاشیان ناخۆش بوو کەگۆڤاری ئەو لقە «نووسەری کورد»ی ناوبێت و خۆی بە ـ خولی سێیەمی ئەو گۆڤارە تێکۆشەرە بزانێت، بەڵام ئەو نووسەرانە ـ بەداخەوە تائێستاش وپاش کۆنگرەی ڕاپەڕین و دەست پێکردنەوەی چالاکیی یەکێتیی نووسەرانی کوردیش، لەبەغدا ژمارەیەکی ئەو «نووسەری کورد»ە یان دەرکرد، لەکاتێکدا کەدەشزانن «نووسەری کورد» لەکوردستانی ئازاددا لەژێر چاپدایە. بەهەرجۆرێك بێت، دەستەی بەڕێوەبەری نووسەرانی کورد بڕیاری ئەوەی دا کەئەم خولەی «نووسەری کورد» بەخولی ڕاپەڕین بزانێت و هەر بەخولی سێیەمی دابنێت.

هەرچی ئەم ژمارەیەی خولی ڕاپەڕینیشە ئەوە باری چاپەمەنی‌یە وایکرد کەزۆر لەو کەرەسە زۆرانەی تیپ چنیش کراون چاپ نەکرێن و بخرێنە ژمارەکانیترو بەناچاری ئەم ژمارەیە بەناوی دەست پێکردنەوە بەم قەوارەیە دەربکەین. هەرچی ناوەڕۆکی ژمارەکەیە، ڕەنگە تەواو بەپێی ئاواتی ئێمە نەبێت، ڕاست و ڕەوان حەزماندەکرد بابەتەکان تەواو شەقڵی سەربەستیو ڕاپەڕینیان پێوە دیاربێت، چەشنە بابەت و ناوەڕۆکێك بێت کەلەباری سەرنجی شۆڕشگێڕانەوە لەبابەتەکانی خولی دووەم گەرم و گوڕتر بێت، بەڵام بەداخەوە خەریکیی زۆربەی زۆری نووسەران بەئەرکی بەردەوامی ڕاپەڕین و بنیادنانەوە، خەریکیان بەو هەموو ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی دەریان دەکەن لەکونجی ئیبداعی ئەدەبی دوور خستوونەو، کەبێگومان پاش هێمن بوونەوەی کەف وکوڵی ڕاپەڕین و پاش نەمانی مەترسیی دەست درێژیی فاشستەکانی بەغدا ئەو کونجەش ئاوەدان دەبێتەوەوڕاپەڕین و ئازادیو مافی چارەنووس لەئیبداعی نووسەرانی لێهاتوو ودڵسۆزدا ڕەنگ دەداتەوە، بەهەموو حاڵێك ـ ئەمەی پێشکەشتانی دەکەین هەڵبژاردەی ئەو نووسینانەیە کەپێمان گەیشتوون و کاڵا لەقەڕ باڵایەو هیوادارین کەباروودۆخی دەرکردنی گۆڤارەکە باشتربوو پێشکەش بکەین، بەڵام ئەوەی کەگومانی تێدا نی‌یە کەئەم ژمارەیەی «نووسەری کورد»و ژمارەکانی داهاتووش هەر بەشێك دەبن لەبەرهەمی کەسانی دڵسۆزی کورد، کەسانێك کەقەڵەمەکانیان چەکی خەباتە بۆ یەکگرتنی کورد، بۆ سەرکەوتنی کورد، بۆ گەیشتنە دووا ئامانج و پەیمانیش تازە دەکەینەوە کەهەر لەمەیدانی بەرهەمی ڕەنگین و تێکۆشاندا کوڕی نەتەوەی کوردی کۆڵنەدەر بین.

سەرنووسەر

# هوزانڤان (غەریبی) کی‌یەو کەنگی ژیایە...؟!

عبدالرحمان مزوری

دگوڤارا [رۆشنبیری نوێ]دا مێژوڤان عبدالرقیب یوسف ناڤێ: غەربی، غروبی، غەریبو... وەکو هوزانڤانەکێ کەڤنێ کورد ئانی‌یە، ئەناڤێ وی بدرستی گەهشتیە مە ئەژینا وی، [دو] هوزانێن وی ژی بو جارا ئێکێ بەلاڤکرینە.(۱)

پاشی هێژا حەمزەیێ شوشی دگوڤارا [کاروان]دا دوچونەک ل سەر گوتارا عبدالرقیب بەلاڤکری‌یە، تێدا هزرکری‌یە ناڤێ وی هوزانڤانی محمدە، خەلکێ شوشێ‌یە، ناسناڤێ وی [غەریب]ە، نەغەربی‌و غروبی‌یە..(۲)

فێ دوماهیێ دەسنڤیسا دیوانا جزیری ئەوا سالا ۱۲۳۱ ھ ب دەستێ محمد طەیار پاشای هاتیە نڤیسین، ژگەریانەکا دوورو درێژ ب رێیا هێژا شێخطاها مائی گەهشتە دەستێ مە، تێدا [دو] هوزانێن محمد طەیار پاشای هەنە ل دوماهیێا وان ناسناڤێ [غەریبی] هاتی‌یە.

چەوا ئەم دزانین ئەڤە هوزانێن محمد طەیار پاشاینە"!

أ_ل سەرێ وان نڤیسی‌یە [لراقمە الفقیر ۹۲]، ئەم دزانین راقم و نڤیسەرێ هەمی دەسنڤیسێ محمد طەیار پاشایە، ل دوجهان نڤیسی‌یە: تمام شد کتاب دیوان شیخ احمد جزری قدس سره در سنەء هزارو دوصدو سی‌ویک [۱۲۳۱] از هجرەء نبوی بردست حقیر التقصیر محمد طەیار إبن إسماعیل پاشا.

ب_ هژمارا [نوت و دو= ۹۲] ل پەی حسابا ئەبجەدێ دبیتە ناڤێ [محمد]:

محمد= م + ح + م + د

محمد= ٤٠ + ٨ + ٤٠ + ٤

محمد= ۹۲(۳)

بوچی ئەم ناسناڤێ وی دخونین [غەریبی] ناخونین: غەریب...؟!

۱_ دپێنج مالکیا محمد طەیار پاشای ل سەر هوزانا جزیری [نێرگزێن شەنگی دمەستن چەپ وراست] دانای، هەکە ئەم مالکا ناسناف تێدا ل شونا [غەریبی] ب خونین [غەریب]!!.. کێشا وێ دێ لەنگ بیت، دێ بیتە (۱۰ لڤ) ل شونا (۱۱ لڤێ) کو کێشا درستا هوزانێ‌یە:

ب [غەریبی] دلێ بەسروری صیفەت ۱۱ لف

رەقسی سەرخوەش ومەخموری صیفەت ۱۱ لف

۲_ دهوزانا وی‌یا دویدا ژی ئەوا دبێژێ [صبحدم از عکس رخسار تو گلشن گلشن است] هەکە ئەم ناسناڤێ وی ب خونین [غەریب] دیسان دێ کێشا وێ لەنگ بیت، دێ بیتە (۱٤ لڤ) ل شونا (۱٥ لڤێ) کێشا درستا هوزانێ:

**زاهـد خودبـين چ تابـد بار مهـر مهـوشـان ١٥ ڤ**
**بار عشـقـشـان [غـەريـبـى] آنچـه برمـن برمـن اسـت ١٥ ڤ**

ئانكـو ل گوور هەردو هوزانـێن ل جەم مە هەين و[دڤێ گوتارێدا دێ بەلاڤكەين] ناسناڤێ وى [غەريبى]يە، نە بوچونەكا دن.

**ئێك**:جـارێ دگـەل بوچـونـا عبـد الرقيب يوسف كو ناسناڤێ وى: غەربى‌يە، غوروبى‌يە، غەريبويە.... ئەوى خو ئێك دل نەكريە، لێ دجهەكيدا نڤيسى‌يە:

دهوزانا دوێدا ناڤێ وى ب تەخليتەكێ هاتيە نڤيسين دكارين ب [غەربى]و ب [غەريبى] ب خونين، لێ [غەريبى] دگەل وەزنا شعرێ ب تەمامى رێكە.[٤] دبێژم ئەم نكارين ب خونين [غەربى] چمكى دێ كێشێ لەنگ كەت، (١٥ ڤان) كەتە (١٤ ڤ)!!.. هێژا عبد الرقيب ڕاست بوچويە كو [غەريبى] دگەل وەزنا شعرێ رێكەو درسترە ژى:

**ئەى [غـەريـبـى] بادەئـێ لەعـلى لەبـێ يارێ ب نوش ١٥ ڤ**
**سۆهـتـنـا جەرگـى تو هەلكـە بێ بخـوورو مەجـمـەرە ١٥ ڤ**

ئەم ل سەر هوزانا دوێ [مە ژعشقا تە ددلدا چ شەرەر بو] نهو ناناخڤين، چمكى ميناكێ دەسنڤيسێ دگەل نەهاتيە بەلاڤكرن.

**دو**: دگەل بوچونا هێژا حەمزە شوشى كو ناسناڤێ وى [غەريب]ە، ناڤێ وى محمدە، خەلكێ شوشێ‌يە.[٥] دبێژم:

١- ڕاستە ناڤێ وى [محمد]ە، كو محمد طەيار پاشايە، پاشايێ ئامێديێ، مە چ گروڤ نينن ئەڤ پاشايە ل (شوشێ) ژدێبويە.

٢- ژميناكێن دەسنڤيسێن هێژا [شوشى] دگەل گوتارا خو بەلاڤكرين پتر هزر بو هندێ دچيت، ناڤێ وى [غەريبى] بيت نەژغەريب].. ب گروڤێ تيپا [بێ = ب] ب خەتێ تەعليقێ فارسى شور نابيتە خارێ بەلكو تيپا [يێ = ى] شور دبيت

٣- ژ پێنج مالكيا [غەريبى] ل سەر هوزانا جزيرى [شەربەتا لام و بێيان ئەز ب حەياتێ نادەم] داناىو هێژا [شوشى] بەلاڤكرى، ئەم نكارين ناسناڤێ وى ب خونين [غەريب] ، چمكى دێ كێشێ لەنگ كەت، (١٤ ڤان) كەتە (١٣ ڤ):

**بێ غـەمـێ عشـقـێ [غـەريـبـى] چ حاصـل ژمـەلێ ١٤ ڤ**
**دلبـەرا عيـشـوە پەرى زولف سەلاسـل ژمـەلێ ١٤ ڤ**

٤- ب هزرا من هوزانڤان محمد غەريب شوشى هەر هوزانڤانێ مە [غەريبى]يە، ئانكو محمد طەيار پاشايەو هەردو ئێكن!!.. ب گروڤێ: أ- هەردو محمدن ب - ناسناڤێ هەردوان [غەريبى]يە، هێژا [حەمزە] ناسناڤى [غەريبى] ژى ژێرا دانى‌يە مينا ژزار دەڤێ سەلمان شوشى وەرگرتى. جـ - [غەريبى]بخو ژى ئانكو محمد طەيار پاشا، دەمەكى بويە ميرێ [ئاكرێ].. ئاكرێ ئانكو هەمى دەڤەرا شوش و شەرمن و بەردە ڕەش و گردەسين و... ئەوژى پشتى برايێ وى مرادخان دژى وى ڕاوەستاى وسالا ١٢١٤ە ژ ميراتيا [ئامێديێ] ئێخستى.[٦] لەوان دبێژم هەردو ئێكن !!

٥- بوچونەكا دنا لاواز مايە، ئەوژى نەشەرتە سەد اسەد هوزانڤان محمد غەريب شوشى محمد

طەیار پاشا بیت!! ب گروڤێ ئەمر مەمدوح بریفکی ناڤێ [غەریب] وەکو هوزانڤان دلیستا خودا،
لیستا پێنجی ویەك [٥١] شاعرێن کورددا ئانی‌یەو هژمارا چل و پێنجێ [٤٥] دایێ.[٧] توبێژی
ئەوی ژی [غەریبی] خاندبیت [غەریب]..؟! ئەم تیرا ب تاریێ ڤەنانین.
ل پەی گروڤێن بوری بومە خویابو کو: غەربیو غورو بیو غەریب وغەریبی ...هەرچاو ئێکن !!
ئەوژی هوزانڤان محمد طه یار پاشایەو ناسناڤێ ویێ درست [غەریبی]یە. کەرەمکەن هنەك ل سەر
ژین و هوزا نڤانیا وی ب پەیڤین. محمد طەیار بچوکترین کورێ میرێ ئامێدیێ سماهیل پاشایێ
ئێکێیە، سالا ١١٩٤ ە ژدیبویە، پشتی مرنا باڤێ خو سالا ١٢١٢ھ بویە میرێ ئامێدیێ، چمکی
هێ تولازو لاو بو، برایێ ویێ مەزن مرادخـــان دژی راوەستـاو سالا ١٢١٤ ە میراتی ژدەستی
ئینادەرێو محمد طەیار کرە میرێ ئاکرێ.[٨]
مێـژوڤان [العمری] دپەرتوکا خودا [غایة المرام..] مەدح و پەسنێن محمد طەیار ددەو دبێژی:
میرەکێ سەرفەرازو مەردو جامێر بو ...[٩] . ئەڤ ئاخفتنا بوری گەلەکە، گەر ب زانین ژدوژمنەکێ
مینا [العمري] هاتی‌یە، دهول قوتێ میرگەها [جەلیلیان]و ئەزمان درێژێ دژی میرگەها [بادینان]،
ئەمارە دپەرتوکا [غرائب الأثر..].

محمد طەیار ددەو دبێژی:
ر ب زانین ژدوژمنەکێ مینا

مێروڤـان [العمری] دپەرتوکا خودا [غاية المرام..] مەردح و پەسنێن محمد طەیار ددەو دبێژی:
میرەکێ سەرفەرازو مەردو جامێر بو...[٩] . ئەڤ ئاخفتنا بوری گەلەکە، گەر ب زانین ژدوژمنەکێ مینا
[العمـري] هاتی‌یـە، دهول قوتێ میرگەها [جەلیلیان]و ئەزمان درێژێ دژی میرگەها [بادینان]،
ئەمارە دپەرتوکا خودا [غرائب الأثر..].
ژهوزانێن محمد طەیار پاشا ئەوێن ب دەست مە کەتین خودیابیت، هوزانڤانەکێ خودان شیان و
پێڤـەهـاتی‌یـە، هوزان ب زمـانێ کوردیو فارسی ڤەهـاندنیە، خەتێ وی ب تەخلیتێ تەعلیق و
روقعەڤە... هندی بێژی رندو لەوەندە، دڤێ گوتارێدا نمونان دگەل بەلاڤدکەین.
ئەم نزانین کەنگی هوزانڤانێ مە چویەبەر دلڤونیا خودێ، تنێ ئەم دزانین حەتا سالا ١٢٣١ھ
دەمێ دیوانا جزیری ب خەتێ خوییێ جوان نەخشاندی، هێ ساخبویە.
نهو شعرێن [غەریبی] ئوێن ددەستڤێسا مەدا هاتین، دگەل شعرێن وی‌ێن هێژایان: عبدالرقيب
یوسف و حەمزە شوشی بەلاڤکرین، هەمیان ددەینە بەرك و جوداهیان ل فەروزو دەهمەنا تومار
دکەین، تنێ هوزانا [مە ژعشقا تە ددلدا چ شەرمر بو] نەبیت، چمکی مە دەستڤێسا وێ نەدی‌یە.

[1]

عالیـــیا پرچـــێ[١٠] هلینـــە عەقـــرەبـــان شەرکـــر ل دیـــم[١١]
بیـــشـــەئـــێ ئەفـــعـــاو شێرتـــێ روم خرابـــکـــر یەکـــســـەرە
گەر ڤەکـــی دورجـــا دەهـــەن ئەز لەعـــلی شەکـــکـــەر باری خود

قیمەتا شیرین بتێ ئەز ئەنگەبین و شەککەرە
عللەتا مەجنون دەواکە ئەی طەبیبێ عللەتان[١٢]
عەقرەبان تو بەردە دل ئەی قەد نیهال و عەرعەرە
عەرعەرو سەروا چیمەن وان هەریەکی فکرەك دکر[١٣]
چون قەددا تە هاتە پێش شەرمەندە[١٤] بون وبێ بەرە
راحەتا روحێ دو تشتن خەضرەوات و جاری ئاف
بەرقەعا دیمی هلینە هێژ ب من ئەو خوەشتەرە
هەر دەما بادێ[١٥] صەبایێ دێ ل زولفاتە بوەریت
پر دکەت[١٦] ج ین و خەطائێ زەحف ژمسك و ماوەرە[١٧]
شەبنما خضرو مەسیحە یالسەر وەردێ دئال
هەیکەل و تەعویز تەبەردان بێهن ژمسك و عەنبەرە
گوهتنا موسا ج خوشبو بئیلتیماسا دتینێ
قووەتا[١٨] دینێ نەبی وێ [لن ترانی] دابەرە
ئاگرێ عشقێ تو هلکە ئەی فەقیهێ مەدرەسێ
دودەیا عودێ نەداکەت مەجمەرا بێ ئاگەرە[١٩]
ئەی [غەریبی] بادەئێ لەعلی لەبێ یارێ ب نوش
سۆهتنا جەرگی تو هلکە بێ بخوورو مەجمەرە

[2]

ل سەری نڤیسیە: لراقمە الفقیر ٩٢ برغزل
حضرت شیخ أحمد جزری قدس سره:
ئەرقەمان حەلقە کو بەستن چەپ و راست
ئەفعەیان دل ژمە گەستن چەپ و راست
مە ددل خارە شکەستن چەپ و راست
نرگزین شەنگی دمەستن چەپ و راست
ساقیان جامێ ددەستن چەپ و راست
وەکو هاڤێتی ل سەر دیمی نیقاب
کرە جەرگێ مە دوسەد نەوعێ عەزاب
پەنجەدان دل گڤشتی مثلێ عوقاب
راست وچەپ دان جەگەرو سینە کولاب
عەرعەرا شەنگی دمەستن چەپ و راست

* * *

خوسرەوو کیشوەرێ ئیران ب حەشەم
هاتە مەیدانێ دهەلگرتی عەلەم



نمونا خەتێ هوزانڤانێ محمد هەیار پاشا

ب چ سوشێ دەم؟!

وەصفێ وێ جەنگ و عەجەم

عالا کو خویابون ژ

توخ و چەپ و راست

شکەستن

عەرەبان تیپێ

* * *

بادایین

صیفەت

دامی

خەمرێین ئاسایین

حەبەش

خالی

عەنبەرین تورسایین

خورپەرسین

مەغولین وەستایین

سەحەر

شەرقی و

بەر ف و راست[20]

چەپ

هندێن رۆژێ پەرستن

* * *

صەف ب صەف تیپە بەتیپ هندیو
زەنگ
دابەڕستن ب ڕم و شیرو
تفەنگ
بوە د دعواو حەبەش هاتنە
جەنگ
قەیصەرێ ڕومێ ل سەر حەددێ
فرەنگ
تۆپ و زنجیرێ ڤەبەستن چەپ و
ڕاست

* * *

عەمر بورێ مەو موشکل
شەڤەکێ
کو مرادا مەیە دەر دل
شەڤەکێ
جانێ من بت ژتە حاصل
شەڤەکێ
هەردو دەستێن خو حەمائل
شەڤەکێ
مەژبو یارێ دخوەستن چەپ و
ڕاست

* * *

ب [غەریبی] دلێ مەسروری
صیفەت
ڕەقسی سەرخوەش و مەخموری
صیفەت
مەستیا بادەئێ ئەنگوری
صیفەت
ڤ [مەلێ] سوڕ پەرێیا حوری
صیفەت
سەد مەلەك دەستێ ب دەستن چەپ و
ڕاست

[3]

ڕەحمەتا سوڕ[٢١] پەریان ئەز ب نەجاتێ
نادەم
جەلومیا وان زەریان ئەز ب صەلاتێ
نادەم
بوسەیا ماهی[٢٢] ڕۆیان ئەز ب نەجاتێ
نادەم
شەربەتا لام و بێیان ئەز ب حەیاتێ
نادەم
بادەیا لەعلی ب ئابێ زولوماتێ
نادەم

* * *

هەر چ مەحبوب و شەپالن کو خویابن
ئیرو
عەکسێ میرئاتێ جەمالن نەسەرابن
ئیرو
لیکێ بەر قولزومێ عشقێ کو حەبابن
ئیرو
حورو ویلدان و پەری جوملە جەمابن
ئیرو
مویەکێ پێ ژخەتێ وێ بت و لاتێ
نادەم

* * *

دێ دگەل یارێ ب چم سەیرێ گولستان
بگرم
نەزەرەك وان چیمەن و لالەو بوستان
بگرم



غەدومیەک بەر قەدەمێن بادە پەرستان بگرم
گەر ب دەت دەستی طەواڤ پێ‌و دەستان بگرم
وی مەجالی ب وقوفا عەرەفاتێ نادەم
گەر ب دەت دەستی کو سەرمەستیێ مەی‌و نوشی ببین[23]
قەدەحەک وەصلێ ب نوشین و مە سەرخوشی ببین
سینە بەر سینەو لەب بەر لەب و مەدهوشی ببین
ئەزو یار گەر شەڤەکێ هەردو هەم ئاغوشی ببین
لیلة القدرة مە ئەو شەڤ، ب بەزاتێ نادەم

* * *

ژدو زولفێن تە دەرەش دادو ئەمان ئەز دگرم
ژدو چەهڤێن تە خوماری ئاه و فیغان ئەز دگرم
ب دو برهێن تە دخوم سوندو عەیان ئەز دگرم
جانێ شیرین کو ژیاررا ب خودان ئەز دگرم
نە ب یارێ خو دوەڤتێ سەرکەراتێ نادەم

* * *

دەردێ هیجرا تەیە قاتل کو ڕەقیبێ مە ب دەست
شەکەرو قەندە چ حاصل کو طەبیبێ مە ب دەست
وەصلەتا ئەو مەهێ کامل کو نەصیبێ مە ب دەست
شەربەتا زەهری[24] هەلاهل کو حەبیبێ مە ب دەست
ب گولاب و شەکەرو قەندو نەباتێ نادەم

* * *

مەغەرەز زەوقێ و یصاله ژ سکون و حەرەکات
نەبتن لەعلێ لەبێ یارێ چ کەت ئابێ حەیات؟!
بو العجب فکره مەحاله چ خەیاله هەیهات
طه لەبکر وەصلێ ژ دلبەر مە ب عینوانێ زەکات
گوتو عەبدی وە ب عەبدێ خو زەکاتێ نادەم

* * *

ژ ئاگرێ عشق و ئەڤینێ مە دل و جان نیسا
نابتن شاف دەردێ مە ب مو عجیزێ عیسا
نەردو شەطرەنجێ ب بازین کو دگەل تەلبیسا
دێ ب پەیکێ ب گرین مات و ڕەقیبی دیسا
ب ڕوخ و فیل و فەرەس ئەز شەه و ماتێ نادەم

* * *

بێ غەمێ عشقێ [غەریبی] چ حاصل ژ مەلێ
دلبەرا عیشوە پەری زولف سەلاسل ژ مەلێ
مەشها نازك و مەستانەو بر دل ژ مەلێ
هاتە دەستێ مە درەقسیو دگو بل[25] ژ مەلێ
دەست ب کەس دی دسەمایا کو [مەلا] تێ نادەم

[4]

ل سەرێ وێ نڤێسیێ: تخمیس غریبی بر غزل
مصطفێ بگ حکاری

عەجائب دلبەرە ئەو شوخ و ئەسمەر
ژعشقا وێ بوینین[25] مەجنون و ئەبتەر
دسوژیت جەرگ و مێلاکێ دکەت کەر
حەچیێ دی صورەتێ دلدارو دلبەر
نەمایە لێ نەکەفتن پێت و ئەخگەر[26]

* * *

پریشانم عەجەب ئیرو ل چەرخێ
ب نیشانم عەجەب ئیرو ل چەرخێ
قەوی حەیرانم ئەز ئیرو ل چەرخێ[27]
کو شەکوا لێ نەکەن ئیرو ل چەرخێ
نەهن یەك فەردێ[28] ژێ دلخوش سەراسەر

* * *

عەجەب سوهتینە ئەم جەورا زەمانی
فیراقا دلبەران من دی یەمانی[29]
مە بوری عەمرو چو وەقتێ جوانی
ژ بەختێ بەد ویصالا یارێ جانی
دسالێدا نەبو جارەك مویەسەر

* * *

... ... ..جارەکێ شەوقا شەمالێ
..........................[30]
طەلەبکە کاڤەکێ زەوقا ویصالێ[31]
ب بینە لەززەتا خەمرا پەیالێ
ژ ئەووەل سەرخوشین تاروژێ مەحشەر

* * *

یەقین مەسکەن رەقیبان بونە گولزار
نەمان گولشەن سوتن شیپلاقن گولێن پار[32]
ل چار ئەطراف پرچێن لێ کرن خار
دگولزارێ جیهان، بو بلبلێ ژار
ژخاران بو گولان پاوانە یەکسەر

* * *

دو ئەفعا رەنگێ رەشتوزن سەرێ زولف[33]
دو هندو مەست و جان سوزن سەرێ زولف
دو جادو سحرێ ئاموزن سەرێ زولف
زبادێ[34] صوبحێ ئالوزن سەرێ زولف
وەیا مەستن ژبێهنا مشکێ ئەزفەر

* * *

نزانم ئەڤ چ دەردە ل[35] هناڤان
مەنینە صەبرو راحەت وەقت و کاڤان
[غەریبین[36]] ئەم کەتین وان بەندو داڤان

هەواڵنامەی کتێب

یەقین [پەرتوی] نەزەر کربو ل چاڤان
کو مامەستە وەکو مەخموورو ئەبتەر

[5]

ل سەری نڤیسی‌یە: لراقمە

صبحدم از عکس رخسار تو گلشن گلشن است
برگل رویت زمشک خال خرمن خرمن است
از صفای چهره، صافت مرا صافست دل
وز فروغ ماه رویت چشم روشن روشن است

دارم از خار فراقت در دل از غم خارخار
کاوك مژگان تو درسینه سوزن سوزن است
تیر آهم در دل و کار گر نآید ازانك
زلف مشکین بر برو دوشش چو جوشن جوشن است
سنگ نومیدی زنم برسینه، پر غم زغم
عهد خوبان بسکه باعشاق بشکن بشکن است
یکسر مونیست باما فرق خویت از رقیب
جان من از دوست رنجم ورنه دشمن دشمن است
چاك چاکست این دل صد چاکم از تیغ غمت
وز خدنگ سینه روزت سینه روزن روزن است
زاهد خودبین چه تابد بار مهر مهوشان
بار عشقشان [غریبی] آنچه برمن برمن است

[6]

ل سەری نڤیسی‌یە: أیضاً لراقمە

ای زلف تو دام و خال دانە
بر مرغ دلم نهادە دانە
از سوز فراق توست نالان
دل برما برو گل بهانە(37)

[7]

ل سەری نڤیسی‌یە: غریبی فرماید

ژارم ژدەستێ فیرقەتێ دیسا ل من سەردا غەمان
............ دەردێ ............ قەت نەمان(38)
راحەت مەچون یەکسەر ژدەستن جوهتێ خومارو مەی پەرەست
رەشمار- ب گور هاتن دەمەست هژیان ل دور سەلوا جوان
رەشمار خشین هاتن ب صەف، زاغ و عوقابن چار طەرەف

وان قەستە مەیدانا صەدەف، وەقتێ سەحەر من دی عەیان
وەقتێ سەحەر من دی مەشین، ژهەیبەتێ ئەم شەوشین
ئەرقەم ل سەر بەدرێ خشین، ئەفعا ل سەلوا ئالییان
سەلوا کومسکین میرغوزار، ئەو باغچەیە هەر لێ بهار
ریحان و سونبل چارکنار، بلبل بخو تێ باغەیان
بلبل بخو دائیم دناڤ[39]، وان سۆرگولان کرتی خوناڤ
ئەیلان و عەقرەب لێ بەلاڤ، چین چین ب مەستی تێن رەوان



حەلقە ب حەلقە چین ب چین، ئالاو کەسک و سۆرو شین
فەتلین ل سەر دێمێ گولین، ئەو چیچەکێت رەنگ ئەرغەوان
گەستیمە خەلقو عەقرەبێ، کوشتیمە وێ بێ مەزهەبێ
خالا ل دوورا غەبغەبێ، چاها زەنە خدانێ مەکان
خالێن درەش وەردین دگەش، هەرچار طەرەف زولفان ب مەش
تێکهەل بو[40] یین زەنگ و حەبەش، مەیدان گەهشتە هندییان
هندو عەرەب روم و فرەنگ، وە سطان ل مەیدانێ ب جەنگ[41]

ژێدەرو دەهمەن:

(١) عبدالرقیب یوسف / گوتارا : شعرێن چەند شاعرەکێ کەڤن / کوڤارا : روشەنبیری نوێ / هژمار : ١١٩/ب : ٧٩.

(٢) حەمزە شوشی /گوتارا : هوزانڤانێ كورد غەریب و.. فەنەرەكا رون / كوڤارا : كاروان / هژمار : ٨٥ /ب : ٢٨.

(٣) عبدالرحمن مزوری / گوتارا : پێنج ملكیەكا محمد پاشا ل سەر غەزەلەكا جزیری / روژناما :پاشكوی عیراق / هژمارا : ٤٤ / سالا : ١٩٨١ م /ب : ١٠.

(٤) عبدالرقیب یوسف / گوتارا: شعرێن چەند شاعرەكێ كەڤن / ب : ٨٢.

(٥) حەمزە شوشی / گوتارا : هوزانڤانێ كورد غەریب و.. فەنەرەكا رون / ب : ٢٨.

(٦) انور المائي / الأكراد في بادينان / الموصل ـ ١٩٦٠ م/ ب : ١٥٩. محفوظ عمر بگ / إمارة بادينان / الموصل ـ ١٩٦٩ م /ب : ٨٩.

(٧) لیستەیا مەمدوح بریفكي ژ دەسنڤیسەكا مسعو محمد سعید بریفكی / ب : ٣٤.

(٨) انور المائي / الأكراد في بادينان ـ ب : ١٥٩. صديق الدملوجي / إمارة بادينان / ا لموصل ـ ١٩٥٢ م / ب : ٣٦.

(٩) ياسين بن خيرالله العمري / غاية المرام في تاريخ محاسن بغداد دار السلام / بغداد ـ ١٩٦٨ م / ب : ١٠٦ ـ ١٠٧.

(١٠) برچێ [دئەصلدا]. ب هزرا من [بورجێ] ل ڤر چ ئانكویا نادەت، راستیا وێ [پرچێ]یە، نڤیسەرێ دەسنڤیسێ چوتكرییە.

(١١) ل دێمی [یوسف].

(١٢) مەر دەسێ [شوشی]. (١٣) نەكر [یوسف] . تكر [دئەصلدا].

(١٤) شەرەوندە [شوشی]. (١٥) بایێ [یوسف]. (١٦) پرتكەت [دئەصلدا].

(١٧) دبندا نڤیسییە [عەنبەرە]. (١٨) دتینێ [شوشی]. (١٩) ئاخر كرە [یوسف].

(٢٠) هوزانڤانی پێنج تاییا ڤێ بەیتێ مینا كێشا جزیری ڤەهاندییە كو (١٥) لڤە هەكەنا هوزان هەمو ب كێشا (١٦) لڤییە. ع . م

(٢١) سەرپەریان [شوشی]. (٢٢) ماە وروێیان [شوشی]. (٢٣) توشێ [شوشی].

(٢٤) زوهرێ [شوشی]. (٢٥) بەل [شوشی]. (٢٦) بوتێن [شوشی].

(٢٧) ئەفكەر [شوشی]. (ئەز) ل جەم (شوشی) زێدەیە.

(٢٨) فەردە [شوشی]. (٢٩) [عەجەب] ل جەم [شوشی] زێدەیە.

(٣٠) مخابن دەسنڤیس ل ڤر دڕیایە. (٣١) شەوقا و یصالێ [شوشی]. (٣٢) دئەصلدا نڤیسییە :گولشەن پوتن.

(٣٣) سەرزلف [شوشی]. (٣٤) زوبادێ [شوشی].

(٣٥) دئەصلدا [لێ هناڤان]. (٣٦) دئەصلدا [غەریبن]. (٣٧) مخابن تنێ ئەڤ [دو] ملكە ددەسنڤیسێدا هاتینە. ع . م

(٣٨) مخابن ژ دەسنڤیسێ كەتییە. (٣٩) تناڤ [دئەصلدا]. (٤٠) بوتێن [شوشی].

(٤١) مخابن هوزان ناگەهتە دوماهیێ.

# کۆڕەو

جەلیل کاکە وەیس

(کوتەك دەزانێ قوناغ لەکوێیە)،
گەر زات دەکەیت تەنها خۆتم بۆ دەرخەن ئەوسا دەزانین کە
ها...!
ئەو خێرا خێرا وای دەووت و تۆش خۆت نەدەکردە خاوەنی، چونکە بارەکەت لەوە قورستر بوو
بپەرژێیتە سەر تەماشاکردنی ئەو دەم وکاوێژە:
-(کێ دەڵێت لەگەڵ تۆیەتی، ئەو وا دەمی لەئاسمان دا بچڕیوەو پەیتا پەیتا پێی دەوەڕێت..
ئینجا با لەگەڵ تۆشی بێت، بەم جەستە قورس و تەڕەوە کەی هی ئەوەی، خۆتی لێ بەخاوەن بکەیت،
دەبا هەر بێ ڕێسێ!!).
لەوەو لا گوێت نەدایێو خەریکی کاتە تەنگەکە بوویت (کێ دەپەرژێتە سەر کێ! ئەوەتا هەردوو
منداڵەکە چەشنی دەست پێچکە بەدەم ئەم باران وڕێژنەوە لوول دەخۆن وگرموڵە بوون! ڕێژنەش
هەر لێی گەلەکورکەو لەم شەوە تۆفەدا بۆ ئێوە پەیدا بووەو دانی برسێتیو ڕقتان لێ چیڕ
دەکاتەوە!).
تەنها داڵدەیەك هەر ئەو خەرەکە شکاوە بووە، ئەویش لەبەر چەنە چەنی کابرای دەم لەئاسمان
داپچڕیو. بەنرخی نەبوو بوو. هۆشت وا بچووك بوو بۆوە، کەلکی تەنگانەی پێوە نەمابوو، نارەزاییو
گازندەی کابرا دەی هێنایەوە سەر ئاستەنگەکە. بەتایبەت ڕیزە وشەی (لەمن پتر بەکەسی تر
ناوێرێت هەی بێغیرەت) کەمەکێك گوێی بێ ڕادێرایت. بینین وا لەیەك بێن دەمی لەئاسمانە توورەکە
داپچـڕیـوەو چی نـاشێ ئەوەی بەزاردا دێت، بەمـەدا گومانەکەت لەخۆت دوور خستەوەو زانیت
کەبەلای ئەوەوە تۆ هەر لەئاراش دا نیت، بۆیە فرسەتت هێناو گوتت:
کاکی برا، گەر جێگەت هەیە شوێنی ئەو دوو منداڵەم بۆ بکەرەوە.
- ماڵت کاول بێت، وەك ماڵی منت کاول کرد!
- هەموو هەر ماڵ کاولین، بەڵام من چ دەستێکم لەپەککەوتنی ئەم خەرەکە شکاوەی تۆدا هەیە،
ئێ تۆزێك ورەت هەبێو.... های!
هەستێکت لێ ڕاگرت، هیـچ کاردانـەوەیەکی پیشان نەدا، ئینجا زانیت کەتۆ ئاسنی سارد
دەکوتیت و، ئەو ئاگای لەتۆ هەرنی‌یە!
دوو منداڵەکە ملیان بۆ ستەمی ئەو چرکەیە کەچ کردبوو، بۆیە بڕیارت دا کەبەرەنگاری بکەیتە
دروشم وبانگی یاخیبوون هەڵبدەیت:
- گوێ ڕادێـرن.. خەیاڵ نەکەن لێتان بپارێمەوە، من لەمەولا ڕوو دەکەمە جیهانی دووەمی
بوونـەوەران، گەر ئەوان پەی بەهەستە باڵاکەش نەبەن، ئەوە دەستووری ئەم بوونە نەحلەتی‌یە

بەسەریا سەپاندوون. ۱

کەزانیت نائتوانیت شان لەشانی ئەم بوونە بدەیت، ئیدی ساتە تەنگەکەو، دیمەنە بەیەک دا چووەکان و، کابرا دەم لەئاسمان دا بچریوەکەت لێبوون بەخاڵێکی یەکجار بچووکی ڕەش وهێدی هێدی لەنێو تەم تومانی ڕێژنەکەدا توانەوە، هەر ئەوەندەمش فریاکەوتی کەبڵێیت:

-ڕۆڵە هێشوو، دیسان دوژمنە گەورەکەم سەری کردەوە هەناوم، ئەوا بەرچاوم تاریک داهات، فریام کەون..

کات برەرێـکـی کوشنــدە بوو، تۆش ملی چارەنــووست خستبــووە بەر دەســەڵات ودەمی تیغەبرەرەکەو جەستەت هێدی هێدی لەنێو ئۆتۆمبیلێکی گەرم وگوڕدا خاو دەبۆوە، بڕوات نەدەکرد کەلەژێـر کەڵبـەو کاکیلەی تۆفـە گورگ ئاسـاکـەدا ڕەهـا بوویت، کەوەخۆ هاتیتەوە، لەنووکەوە بەرووداوەکان دا چوویتەوە، ئینجا هۆشت کەوتە خاکەڕۆی ساتە بەسەرچووەکان وپێکدا دەهاتن، بۆیە ئەوەی دەهاتەوە بەرزەینت، ئەو نیوە ڕۆیە بوو، ئەو نیوەڕۆیەی کەزەوی‌و ئاسمان لەبەرچاوت بەگژیەکدا دەچوون، دیمەنەکان وەک هەور لە کاسەی سەرت دا دەیان گرماند:

ـ خەڵکینە... زەندەقمان چوو... باوکە فریامان کەوە!! لەعاست ئەم دیمەنەو لەنێوان بەرداشی زەوی‌و ئاسمانەکە، برێك بەسام دا چوویت، بەچواردەوری خۆت دا بەشپرزەیی هەڵت ڕووانی، گەرەکێکی کپ ولەهەمان کات دا داچڵەکیو ئامبازی دیدەکانت بوو، چاوت بەهەموو دەرگاکان دا گێڕا، تێکـرا داخـرابـوون، داخستنێکی وا جارێکی دی ئاوەدانی درزیـان تێ نەخـات، چەند پشیلەیەکی وێڵ بەکۆڵانەکەدا بەبێ مڵو مۆ لەعاست دەرگاکان دا هەڵوەستەیەکیان کرد، لەسەر هەر دەرگایەك نیشانەی پرسیارێکی قەبە دەبینرا، هەموو هێماکان پرسیان پێ لەیەك مەبەست دەکرا، وەڵێ خامۆشی‌یە داچڵەکیوەکە ڕەرامی هەمووی دەدانەوەو دەی گوت:

ـ کوڕەو..!

بەشێوازی خووە دەق گرتووەکەت لەناوەوە هەڵچوویت و پڕ بەگەرووت بانگت هەڵدا:

هێی بەرداشە بێ بەزەیی‌یەکە، هۆو ئەو کەسانەی کەلەخرپەی خەو ڕادەپەڕن وبێ ئەوەی لەنهێنی داخستنی دەرگاکان وجمەی کوڕەو بزانن، وەك سیروانە شێتە هەڵدەچن و شەپۆڵ شەپۆڵ خۆتـان لەم کەنارو لەو کەنار دەدەن. هێی... کاروانی بێ سەروبن، ئاخۆ لەرازی کڵۆم کردنی دەرگاکان گەیشتوون!! دەبرۆن و سێبەری خواتان بەسەرەوە بێ‌و، وامنیش شوێن هەنگاوەکانت دەکەوم. ئەوەتا خۆر ی تایینیش چەشنی چاوێکی زۆر گریاو سوور هەڵدەگەرێ وە مل دەنێتە کەلی ئاوابوونەوەو ماڵاوایی لەمن وئەو سەگە کۆست کەوتووە دەکات، ئەوەتا دەبینم لووتی ناوەتە ئەو دەرگا کڵۆم کراوەوە، دڵنیام وا لەناخەوە بەکۆڵ دەگری، بەچاوی خەیاڵیش دەبینم جرجە خڵتان خوێن بووەکـانی ئەلبـێرکـامۆ بەنیوە گیانەوە لەنێو زێراب و توونی حەمامەکانی ئەم گەرەکەوە بەلـوزی خوێنـاوی‌یـەوە سەردەردێنن و جەستەی شەکەتیان بکێش دەکەن وبانگەوازی مەرگ هەڵدەدەن (ڕشـانـەوەیە... ڕشانەوەیە... ڕڕڕ، مەگەر هەریەکەتان ببێتە دکتۆر «بەرنار»ێك دەنا دەرگاکانتان جارێکی دی درزی کردنەوەیان تێ‌ناکەوێت).

بانگەڵای ناخ بەبەری‌یەوە نەما، لێ براێت پشتت دانەواندو خۆت لەکۆڵێکی قورس وجانتایەك بارکردو گووتت:

ـ هێرۆ منداڵەکان بخەرێ، وا دەبینم، گەرداوێکی شێت وقین لەدڵ وا لەخوارێڕا هەڵیکرد پەلە نەکەن کۆرەو ناکەوین!

کۆرەو شەپۆلی دەداو لەگەڵ گەواڵە هەوری بەباران ئاوس بکوتی بناری دووری بوو، ڕێگەی تووناو توونی چەشنی هەودا لەدەست پێچکە هەڵدەکردو لەژێر هەزارەها پێیی پەلەدا گرمۆڵە دەبوو، لەوساتـەدا لەخـۆت پتر کەسێکی وانەبوو سەرەداوی ڕازێکی پێبسپێری، بۆیە ڕازەکانت یەك لەدوای یەك بەرەو ناخی خۆت شۆڕدەکردەوە:

ـ ئەوەی من دەی بینم لەشانـۆییـەکی ئەزمـوونگـەری دەچێت و، بیرێکی ڕەنگ ڕەگاوی سینـاریۆی بۆ نووسیبێت، ئینجا بینەرانیش ئەو کەسانە بن کەتازە لەخەو ڕاپەڕیبن و بەچاوی خەواڵووەوە تەمـاشـا بکەن ـ ئێ وا نی‌یە!؟ـ کەواتا منیش نازانم خەونە، یان ڕاستی‌یەکی زرپ و زیندووە، ئێ ئێوارەش کەنووستم لەجێ‌یەکی گەرم وگوڕدا بووم وپەتۆیەکی نەرم وشلیشم بەخۆم دا دابوو، ئەوەتا تابلۆی ئەسپەشێی ژوورەکەشم وا لەبەرچاوە، ملی ناوەتە ئەو دۆڵە سەر بەتەمەوە، ئێ ئەوەش وێنەکەی باوکی خوا لێخۆش بوومە ـ نا.. نا ژوورو مووری چی، ئەمە ڕاستی‌یەکی زرپ وزیندووە ـ ئەوەتا جەستەم وشکایی تیا نەماوە، ئەوەش شەش جەستە گرمۆڵە بووەکەی لەمەر منت و، بەدیار خۆڵەمێشی ساردەوە بووەوە هەڵکورماون، ئەوە تەمە خەیاڵێك بوو بینیم. ئەوەتا کۆرەو بکوتی ئاڵا بەرزەکەی سەر دووند دەکات، گوێشم لێبوو یەکێك وای دەگوت: (ئاخۆ چ نهێنی‌یەك لەدیـداری ئەم بەیداخەدا بێت!؟) تۆ بڵێیت ئەمە دوا قۆناغی ئەفسانەکە بێت!؟ ئێ خۆ منیش پاژێکی وردیلەی ئەم ڕەشە مەردمەم، کەواتا بێ‌ئەوەی بەخۆم بزانم تێکەڵ بەئەفسانەکە بووم. بەڵام لەوە دەچێ کاتـژمـێری ئەم سەردەمـە لەجـاران خێراتر بسووڕێتەوە، دیارە دەستێکی نهێنیش لەخێرایی ئەم کاتەدا هەیەو مەبەستەکەش هەر دیداری پیرە بەیداخە.

ئیـدی دایدری بەیداخت لێبوو، ئەڵهاو خۆت دایە دەم گێژەلووکەی لافاوی کۆرەوە، گەرچی هێشتا بەبینین نەت بینی بوو، وەلی دووراو دوور ئاشنایەتیت لەتەك ڕەنگ وباڵای‌دا پەیدا کردبوو:

ـ تەنها بەکزەبایەکی

بەئـاستـەم جووڵاو چەشنی کەروێشکـەی پەڵە گەنم دەشـەکێتەوە، ڕەنگەکانی یەکجار دڵگیرن ومەشخەڵێك لەسەرووییەوە نێڵەنێڵ دەگرێو مژدەی وەرزێکی هات دەبەخشێو عەیامێکە کەسانی کۆرەوی شێت گیری دیداری خۆی کردووە.

وا هەر دەڕۆیت و تێکـەڵ بەئەفسانە مەزنەکەی ڕەشە مەردمەکە بوویت و پاژێکی لەعیشق ودیـداری دوا قۆنـاغ، چاو لەهـەواری حەوانـەش دەگـێری تا لەنێو هەناسەی شەش جەستە ڕچیوەکەی لەمەڕ خۆت، دەست بۆ قەڵەم بەریت ونیازە سەر هەڵگرتووەکانی کۆرەو بکەیت بەهەوێنی ئەو چیرۆکەی کەسەر لەبەری وشەکانی ئەو سکڵانەن کەلەنێو کوانووی لاڕێکان دا هێشتا هەر دەگەشێنەوەو دەست وپلی ڕچیوی ڕێبواران گەرم دەکەنەوە. واشت نیازە گەر کۆرەویش لەدیدارە پیرۆزەکە هەر نەگەیشت ورووی خۆی لێوەرگێڕا، ئەوا لەچیرۆکێکی تردا بانگی جرجە خڵتان خوێن بووەکانی (کامۆ)یان لێ بکەیت و بەخوێنەرانیش بڵێیت:

ـ ئەمە دوا چۆڕی مەرەکەبی قەڵەمەکەم نی‌یەو جارێ بەهیوای دیدار.

١٩٩١/٥/...

# توێژەوانێکی بەرامبەرنە، لەنێوان مەسنەوی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی، لەگەڵ (لەیلی و مەجنوون)ی نیزامی

ئەحمەد شەریفی

یەکێك لەچامەو مەسنەوییەکانی ئەڤینداریو دەرامی کوردی (مەم و زین)ی شاعێر هەڵکەوتەو بەناوبانگی کورد ئەحمەدی خانییە.

ئەحمەد کوری شێخ ئەلیاس کوری رۆستەم بەگ لەخێڵی کوردی خانیانەکە لەساڵی (١٦٥٠) زاینی لەشاری بایەزیدی کوردستانی تورکیە لەدایك بووەو لەمزگەوتی (مرادییە)دا دەرسی خوێندوەو شاکارە ئەدەبیەکەی خۆی (مەم و زین) هەر لەوێندەرێ هۆنیوەتەوە.

مەم و زین لەبنەرەتا چیرۆك و بەیتێکی کەلەپوری کوردییەو هەر لەکۆنەوە لەناو کوردان دابابووە و خانی رەنگ و بۆیی ئەدەبیو نەتەوایەتی پێدراوەو بەشێوەی مەسنەویەکی (٢٦٥٥) بەیتی هۆنیویەتەوە.

مەم و زینی ئەحمەدی خانی هەتا ئێستا چەندین جار لەلایەن رۆژهەڵات ناسەکانەوە، وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانی ئەوروپایی.

ئەلکساندرژا، لەئەرزەرۆما کردویەتە فەرانەییو لیرخ ئەو دەقەی ژابای لەساڵی ١٨٥٩ دا چاپ کردووە. ئۆژن پریم و ئالبرت سۆسەن لەساڵی ١٨٩٠ دا دەقێکی ئەڵمانی مەم و زینیان بڵاوکردۆتەوە. رۆژەیسکو لەساڵی (١٩٤٠)دا دەقێکی تری مەم و زینی بەفرانسەیی شاندوە، خاتوو پول مارگرێت رۆدنیکۆ لەساڵی ١٩٦٢دا مەم و زینی بەرووسی لەمەسکۆ چاپ کردووە. پرفسۆر ئۆسکارمن لەساڵی ١٩٠٦دا تەختێکی کەلەپوری مەم و زینی بەئاڵمانی بڵاوکردۆتەوە هەژار موکریانی لەساڵی ١٩٦٤ دا مەم و زینی بەسۆرانی خستۆتە بەردەستی خوێنەری سۆران. هەروا گیری موکریانی لەهەولێر، هەمزە بەگ لەئیستامبوڵ ـ عوبیدڵڵای ئەیووبیان لەتەورێز، حەمەدەمین بۆزئەرسەلان لەئیستامبوڵ و پەروێزی جیهانی لەورمێ، مەم و زینیان چاپ و راڤەکردووە.

مەم و زینی ئەحمەدی خانی، کاتێ لەگەڵ لەیلو مەجنوونی نیزامی بەر ئاوەرد دەکرێن، هێندێ خاڵی هاوبەشییان تێدا وەبەرچاو دەکەوێو چارەنووسی قارەمانەکانی هەرتك لاوەك یەکن و ئەم وێك چوونەش والەپیاو دەکا کەبێژێ رەنگە نیزامی بەشێکی سەرەکی مەسنەوی لەیلی و مەجنوونی لەکەلەپوری کوردی هەڵێنجابێ.

لەم بەرئاوەردکارییەدا، دیاردە دەکەم هێندێ لەو خاڵانە کەوەك یەکدی دەچن.

فەزاو مەکۆی مەم و زینی ئەحمەدی خانی تەواوێك کوردانەیەو ناوی زۆربەی قارەمانەکانی کوردین، لەکاتێکا فەزاو مەکۆی رووداوی لەیلو مەجنوونی نیزامی، لەروالەت دا هەرێمێکی

عەرەبانەو ناوی پالەوانەکانیشی عەرەبین، بەلام لەراستیدا، ئەو فەزا پڕ لەگوڵ و بولبول و چیمەن و مێر عوزارەی کەنیزامی باسی دەکا. هەرگیز لەخۆل وپەژانی عەرەبستان ناچێ وزۆرتر وەکوردەواری دەچێ تا هەرێمێکی گەرمی عەرەبان ئەحمەدی خانی، مەم وزینەکەی نیزامی ئاسایەستانیش و گاسەی یەزدانی دەست پێدەکا:

سەرنامەیێ نامە، نامی ئەللا ە
بێ نامێ تە، ناتەمامە وەللاە
ئەی مەتلەعی حوسنی عیشقبازی
مەحبووبی حەقیقیو مەجازی [1]

نیزامیش هەر بەم شێوەیە لەیلی و مەجنوون دەست پێدەکاو ستایشیەزدان دەکات:

ای نام تو بهترین سرآغاز بی نام تو نامه کی کنم باز
ای کار گشای پر چه هستند نام تو کلید پر چه بستند [2]

خانی پاش ستایش یەزدانی، دەست دەکا بە پەسەندی پیامبەرو ئەمجار لەدەرفەت کەڵک وەردەگرێ باس و خواسی کوردان لەسەدەی (١٩) ی زایینی دەکات و لەیەزدان بۆیان دەپارێتەوە بیانکاتە خێوی تەخت وتاجێ.

بەلام نیزامی دوای پەسەندی یەزدان، باسی میعراجی پیامبەر دەکات وئینجا ستایشی شای (ئەخستان) دێنێتە گۆڕێ و دیاردە دەکات کە لەیلو مەجنوونی لەسەر خواست وویستی وی هۆنیوەتەوە:

خسرو و شیرین چو یاد کردی چندین دل خلق شادکردی
لیلی و مجنون ببایت گفت تاگوهر قیمتی شود جفت [3]

بەلام خانی ئامانج ومەبەستی خۆی لەهۆنیفەوەی مەم وزین، خاڵی بوونی مەیدانی ئەدەب وهونەری کوردی لەقەڵەم دەدا ولەم بووارەدا. بیروئاوانی، لەمەبەستی نیزامی فرەبەرزترە، چونکە ئارمانجی نیزامی لە هۆنینەوەی لەیلی ومەجواو دڵ نەوا زی شای (ئەخستان) دەبێ، بەلام خانی بۆ خزمەت بەفەرهەنگ وئەدەبی گەلەکەی ئەو کارە ئەنجام دەدا:

داخەلق نەبێژیتن کو ئەکراد
بی مەعریفەتن، بێ ئەسل و بونیاد [4]

هەردوو هۆزانڤان، پاش گەلالە ڕێژی سەرەتایی داستانەکەیان، دەپەرژێنە سەردەقی سەرەکی مەبەستیان.

نیزامی باسی عەرەبێکی دەوڵەمەندی دەست و دڵباز دەکا، کەسەرۆکایەتی خێڵی بنی عامیریانی لەولاتی عەرەبستانی لەسەر شانە و خودای دلۆڤان کوڕێکی پێ دەبەخشێ:

شرط هنرش تمام کردند قیس هنریش نام کردند

قەیس لەقوتابخانەدا لەگەڵ کیژۆڵەیەکی عەرەب لەخێڵێکی دی ئاشنا دەبێ، دوێنێ کە وەک مانگی شەوی چواردە قەشەنگەو خۆری پرشنگ هاوێژی چەرخە:

هر دلی هواش میلی گیوش چولیل ەنامە لیلی [1]

بەلام خانی دەمەم وزین دا، باسی میریکێ کورد بە ناوی میرزەینەددین دەکات کە خێوی چزیرو بۆتـانـە و دەسـەلاتـداری کوردان. میرن میریکە دلۆڤان و بەخشەندەو خۆشەویستی کوردان. کەخـۆشکێکی هەیـە وەك مانگی تابـان دەدرەوشێتەوەو لەسەرانسەری چزیرو بۆتانێدا وێنەی لەچەنگیو زیبایی داینیە:

راوی وە هەگوتە من موعەما

ئەو حودر بناڤێ زین مۆسبەما[٧]

لەقـەلَـرەوی میری بۆتان دا، میرزادەیەك دەژی، کوڕێکی دەبی کەلە گەنجیو، دەلاوەریدا رۆستەمی دەووران دەبێ وناوی (مەم) دەبێت:

مەم ژی ل وی عاشقەك تەمام بوو

ئەشوبهی براو باب و مام بوو[٨]

لەیلی و مەجنوونی نیزامی لە مەکتەبخانەدا گراوی یەکدی دەبن [لەکاتێکدا هەرگیز لەدەوورەی جاهیلیت وتەنانەت ئیسلامیش دا کوڕو کچی عەرەب پێکەوەیان دەرس نەخوێنەوە، ئەم یاسا ئازادە هەر لەناو کورددا هەبووە.- نیزامیش چونکە خۆی کورد بووە، وای زانیووە عەرەبیش کوردئاسا رەفتار دەکەن.] بەلام مەوزینی خانی لەرۆژی جێژن و شادی و سۆرانەی نەورۆزدا، کەکوردان بەگشت دەچنە دەرودەشت، یەکتر دەبینن و شەیدا و عەبدالی یەکدی دەبن.

لەم بەشەدا، خانی تێکۆشاوە داب و نەریت و یاسای کوردان لە سەدەی شازدەهەم دا بەجوانترین شێوە نیشان بدات و باس لە گۆڤەند و زەماوەند و هەلَپەرکی نەورۆزانەی کوردان دەکاو زینی چاو بەنگی دەباتە دەرودەشت و پیشانی میرمەمی دەدات. بەلام نیزامی لەیلی دەباتە ناو نەخستا نیکەوە و باس و خواسێك لەشایی و خۆشی و هەلَپەرکی ناکات.

لەمەسنەوی لەیلی و مەجنوونی نیزامیدا (کوڕی سەلام) هۆگری لەیلی دەبێ و دەنێرێتە خوازبێنی، بلاّن لەمەم و زینی خانیدا، مارەبیەیەکی شوفار بەناوی بەکری مەرگەوەرەدلی لەزین دەچێ و کاتی خوازبێنی میرمـەم، دەست دەکـا بەشوفاری و نەمامی و دوو دلان لەیەکدی دەکا و ناهێلێ ئەو برینداران پێك بگەن و خۆشی نوکەری دەرگەوانە و ناوێرێ رازی دلی بدرکێنێ.

باوکی لەیلی مەسنەوی نیزامی، کیژی خۆی دەدا بەکوڕی سەلام و بەرەسم و یاسای عەرەبان لێکدی مارە دەکرێن:

بررسم عرب بەهم نشتن عقدی کە شکستە بازبستن[٩]

هەتـائـێرە هەردوو تاشقـانی خانی و نیزامی دلَشکاوو هیوا برون. لەیلی لەکوڕی سەلام مارەدەکرێ و شوی نابەدلَ دەکا، (زین)یش دلَسووتای (نایدەم)ی کاکیەتی. باوکی مەجنوونیش کاتێ دەنێرێتە خوازبێنی لەیلی بۆ مەجنوون، لەگەلَ (نایدەم)ی باوکی لەیلی رووبەروو دەبێ، لەم بووارەدا هەر چوار ئاشق وەك یەك دلَ بەکۆیی ئاگرن. لەیلی لەکەژاوەی بێ مەیلیدا بەرەو کۆشکی شوی نەخـواز دەلوێ و (زین) سەودا سەری بێ مەیـلی نایـدەمێ برایـە. مەجنـوون ئاوارەی دەرودەشتە و (مەم) هۆرە چری گۆشەی بەندە.

لەمەسنەوی لەیلی و مەجنوونی نیزامیدا (نوفل) ناوێ ناوبژی دەکا بەلَکو لەیلی لەبۆ مەجنوون

بستێنێ، لەمەم و زینی خانیدا (تاژدین)ی دۆستی مەم و زاوای میر قوڵ هەڵدە ماڵێ زین بۆ مەم
بستێنێ، بەلام هەردوولا دەست بەپەکوون و هیچیان لەدەست نایە.
مەجنوون روو لە بادەکاو دەڵێ:
با او بەزبان بادمگنیت کامی جنت نشاط گشت باجنت[١٤]
میر مەمیش لە گۆشەی زیندانێدا، هانابەرەو بادەکاو دەبێژێت:
گەهە بەحس دکر دگەل سەبایێ
شەرحا غەمێ دل دکۆتە بایێ[١٥]
لەمەسنەوی لەیلی و مەجنوونی نیزامیدا، باوکی مەجنوون، تا ئاخرین پشوو لەهەوڵ و تێکۆشان دا دەبێ بەڵکو دوو گراوییان پێك بگەیەنێ، بەلام مەمی خانی وەك گەلەکەی بێ باوکە و عەفو و چەکۆنە دۆستی برینی بۆ ساریژ دەکەن و جێگەی باوکی بۆ پڕ دەکەنەوە و هەوڵ دەدەن کە میرمەم بەخاتووزین بگا. بێجگە لەوەش، لەراستیدا دەتوانین عەفۆ و چەکۆی خانیبە (سەلیم عامیری) و (زید)ی نیزامیش لەقەڵەم بدەین کە دوویاری گیانی مەجنوونن.(مەم)ی خانی شۆرە سوارێکی چەلەنگ و دلێرە و لەبەرامبەر دژاداری راناکات و پایەدار دەمێنێ و زیندان دەکاتە مەیدانی باوە روعیشقی پاکی.بەلام مەجنوونی نیزامی زۆر زومەیدان چۆل دەکاو بەرەو دەرودەشت دەلوێ.
مەم دەزیندان دا چلە دەگرێ هەتا بەنیازو گراوی بگا:
روونیشت دوپڤە عابدانە
زندان ل وی بوویە چلەخانە[١٩]
(زین)ی خانیش بەپێچەوانەی (لەیلی)، کەکوژێکی خێڵەکی عەرەبە و کۆت بەستەی داب و نەریتی خێلایەتیە. بەلان زین کچێکی تەرلانی ئاراستەی شارییە ولەباژێرا گەورەبووە و تەنانەت عیشق و ئەوینی خۆشی لەمیر ناشارێتەوە و کاتێ میر بۆ لاو اندنەوەی دەچتە ئەندەروون، بەکاکی دەڵێ:
مەم بۆ من و مەرحەمەت ژ بۆتە
غەم بۆ من و سەڵتەنەت ژ بۆتە[١٧]
دوای مەرگی مەجنوون، نیزامی گۆڕی لەیلی شەق دەکاو دوو دلداری تۆخەی نەدیوو بە مردوویی لە کەناریەکدی جێوار دەکات:
پلوگە دخمە واگشودند درپلوی لیلیش نهادند[٢٢]
بەلام میرە مەم، قارەمـانی خانی، لەزیندان دا دەمرێ و گیان دەبەخشێ کاتێ میری بۆتان ئەم خەبەرە دەژنەوێ لەکردەوەی خۆی پەژیوان دەبێتەوە و دەستور دەوابەکری مەرگەوەرپکوژن. نیزامی (مەجنون) دەباتە بان گڵکۆی لەیلی و خانی (زین) دەباتە زیارەتان، زین هەرکەکێلی گۆڕی دڵدار دەباوەش دەوەرێنێ گیانی دەردەچێ:
همبێزل مەرقەدی وەرانی
بێزاری بەدەن نەما ژجانی
دەستی خوە ب دل ژجانی شووشتن
گویا کو شەمال بوو کووشتن

روحا خوه شەهاندە پێش باری

جسمی خوه سپارە وی مەزاری[٣٣]

لەیلیو مەجنوونی نیزامی پاش مردن و بوو رانیان لەم جیهانە، لەپەسڵان دا، لەبەهشتییە زدانییا بەیەکدی دەگەن و (زین) ئەوان لەکۆشك و سەرای ڕەنگینی بەهرت دادەبینێ:

بیننده خواب ازان نهانی پرسید زپیر آسمانی

کین سرو بنان کەجام دارنو درباغ ارم چەنام دارند؟[٣٤]

پیری ئاسمانی، لەلەیلی و مەجنوونی نیزامیدا وە دەنگ دێ و دەبێژرێ:

لیلی شده لیلی انیکه ماهست مجنون لقب آمدآنکه شاهست[٣٥]

بەم جورە نیزامی دڵدارەکانی بە ئاوات دەگەیەنێ و ژیانی جاویدو هەمیشەییان پێ دەبەخشێو بەجامی مەی و رامووسان، کۆنەبرنیان سارێژ دەکەن

بەڵام قارەمانانی (مەم و زین)ی خانی، چارەنووسێکی گەلەکەیان ئاسایان هەیە و تەنانەت دوای مەرگیش بەئاکامێکی ئەو تۆناگەن.

پاش مەرگی میرمەم و خۆکوژی بابیزین، هەردووان لەتەنیشت یەکتر بەخاك دەسپێرن .تەن و لەشی ئەوان دووان دەبێتە دوو دارو درەختی سەر سەوز:

یەك سەرو سەهی و یەك سنەوبەر

سەرسەبزو لەتیف و سایە گوستەر[٣٦]

بەلان چەقڵێ مەم و زینان لەوێندەرێش وازییان لێ ناهێنێو لەشی بەکرێ مەرگەوە رێ دەبێتە پنجە درکێك و لەنێوان هەر دوو درەختی سەرسەوزدا دەروێ و ناهێڵێ لەوێش و بەم شێوەیەش بەیەکدی بگەن:

شین بوو ژئەوی بەری ژخێری

دارەك ل قەیافەتا کنێرێ

رابوو خوه گیهاندە هەردوو داران

بووە مانعێ وەسلا هەردوو یاران[٣٧]

پیری نورانی وەزگێنی دەری یەزدانی، کەلەلەیلی و مەجنوونی نیزامیدا. دەنگ و باسی دڵبەران لەپەردیس و بەهشت دا رادەگوێت، لە مەسنەوی خانیش دا، سەروکەلەی پەیدا دەبێ و مەم و زینیان لەبەهەشت دا دەبینێ و بەکری مەرگەوەرییان لەتەکا. بەسەر سورماوییەوە دەپرسێ:

هەرچەند کەرەما کەریمی عامە

باری ب چ داتە تەڤ مەقامە[٣٨]

بەکری مەرگەوەرێ لەوڵامی پیری سیما پاکی ئاسمانی دا دەڵێ:

ئەزگەر ب خەبەر رەقیبی وان بووم

لێکن ب نەزەر حەبیبی وان بووم

من ئەو ژ دنێ بیاشقە کێشان

موعتادکرن ب دەردو ئێشان[٣٩]

بەم جورە قارەمانەکانی دوو مەسنەوی (خانی)و(نیزامی) بەچارەنووسێکی یەکسانەوە سەر دەنێنەوە.

بەلام ئەز لەسەر ئەم باوەڕەم کە مەم و زینی خانی، زۆر لەلەیلی و مەجنوونی نیزامی بەرزترە. چونکە خانی شاکارەکەی بۆ گەلەکەی خولقاندوەو زۆر داب و نەریتی کۆنی کوردەواری تێدا تۆمارکردوە و داخ و کەسەری کوردانی لەیەکنەبوون و چەندە بەرەکێوبێ خواردنی بەجوانترین شێوە نیشان داوە.

لەکاتێکا، نیزامی لەیلومەجنوونی بۆ شای (ئەخستان)داناوەو سەرەڕای ئەوەی کە بەشێکی زۆر نەریتی کوردەواری ئاوێتەی ئەو چیرۆکە عەرەبی‌یە کردووەو تێکۆشاوە ڕەنگ و بۆیەکی پێبدا، بەلام دیسان خووخدەی کوردانەی لەسەروچاو دەبارێ.

نووسەر لەسەر ئەم باوەڕەیە، کەنیزامی چونکە کورد بووەو لەماڵە خاڵو عومەری برای دایکی دا پەروەردە بووە، ڕەنگەبەیتی کۆنی مەم و زینی زانیبێو نیماکەی تێکەڵ بەسەر بووری قەیس ولەیلی کردبێو ئەم مەسنەوی‌یەی پێ خولقان بێ، چونکە سەرەڕای زۆر وێک چوونێک کە لەنێوان ئەم دوو مەترووەمەدا هەیە، فەزا و بیرو باوەڕو ئەندێشەیکیش کەبەسەر لەیلومەجنوونی نیزامی‌دا زاڵە زۆرتر ردالەتی کوردانەی هەیە هەتا عەرەبانە. دەگونجێ کە نیزامی ناوەرۆکی مەم و زینی بەیتی کردبێتە چوار چێوەی لەیلو مەجنوون.

**سەرچاوە:ـ**

لەم بەرئاوەردکاری‌یەدا، تەنیا کەڵکم لەودوو کتێبەی خوارەوە وەرگرتووە:

: (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی ڤەژاندنا پەرویزی جیهانی چاپی ئینشاراتی سەلاح ئەددینی ئەیووبی ورمێ ١٣٤٧

: لیـلی ومـەجنـون ـ جلدسـوم ـ گنجه (ی باتصحیح ومقدمة و تعرضي ست وفرهنگ اخات وفهرستها. دکتر بدوز ثروتیان چاپ اول تران ١٣٣٤

١ـ مەم وزین ل ١

٢ـ لیلی ومجنون ص ٣٥

٣ـ لیلی ومجنون ص ٤٩

٤ـ مەم وزین ل ٣٤

٥ـ لیلی ومجنون ص ٨٥

٦ـ لیلی ومجنون ص ٨٧

٧ـ مەم وزین ل ٥٣

٨ـ مەم وزین ل ٥٩

١٠ـ لیلی ومجنون ص ١٨١

١١ـ لیلی ومجنون ص ١٧٣

١٢ـ مەم وزین ل ١٩٩

١٣ـ لیلی ومجنون ص ١٧٤

١٤ـ مەم وزین ل ٨٤
١٥ـ لیلی ومجنون ص ١٨٩
١٦ـ مەم وزین ل ١٥٣
١٧ـ مەم وزین ل ٢٠٠
١٨ـ مەم وزین ل ٢٣٠
١٩ـ لیلی ومجنون ص ٣٢٤
٢٠ـ لیلی ومجنون ص ٣٣٠
٢١ـ مەم وزین ل ٢٣٧
٢٢ـ لیلی ومجنون ص ٣٤٤
٢٣ـ لیلی ومجنون ص ٣٤٦
٢٤ـ مەم وزین ل ٣٥٦
٢٥ـ لیلی ومجنون ص ٣٤٨
٢٦ـ لیلی ومجنون ص ٣٤٨
٢٧ـ مەم وزین ل ٢٦٠
٣٨ـ مەم وزین ل ٢٦٠

**سەرنج:**

ئەم وتارەم سەرەتا بەزمانی فارسی نووسیووە بۆ بەشداری لەکۆنگرەیەکی نیزامی دا ،کەبریارە هاوینی ساڵی ١٣٧١ / ١٩٩٢ وپێك بێ .وپاشا تایبەت بۆ (نووسەری کوردستان) م کردۆتە کوردی.

**پاییزی ١٣٧٠/١٩٩١**

# «گەڕاپێچە»

## سابیر ڕەشید

کاری چیرۆکنووسین بۆمن پڕ بەپێستی خۆیەتی.. چونکە هەمیشە لەناو گێژاوی سەدان ڕووداو وکارەساتی سەیرو سەمەرەو جۆرەها کێشەی ژیان دا تێکەڵاوم،. جۆری کارەکەشم زیاتر لەناخی ڕۆژانــەی هەمــە چەشنــەی خەڵك نزیکم دەکــاتەوەو گوێم لەگەلێك باسی وادەبێت ڕەنگە بکرێن بەکرۆکی گەلێك ڕۆمان وچیرۆك وکاری درامایی.. بەڵام چی بکەم ئەوا ناتوانم ببم بەچیرۆکنووس، هەرچەنــدە گەلێك حەز بەخوێندنەوەی چیرۆك و هەندێك جاریش دەینووسم بەڵام وادیارە وەك چیرۆکنووسان ئەم عەشقە گەورەیەم لەلا دروست نەبووە تا بتوانم بیخەمە سەر کاغەز، خۆ ئەگەر هەشم بێت ئەوا ئیشەکەم هەموو کاتێکی لێکووشتووم وناتوانم فریای نووسین بکەوم.. ڕەنگە ئەو کەســانــەی ئێستــا ئەم چیرۆکــە دەخوێننەوە بڵێن ئەی ئەم چیرۆکە کێ نووسیویەتی و وابزانن چیرۆکنووسەکە خۆمم.. بەهەرحاڵ ئەگەر واش بزانن ئێوە بەهەڵە داچوون چونکە من لەسەرەتاوە ئامــاژەم بۆ ئەوە کردووە کەمن چیرۆکنــووس نیم.. با ئەم گرێیەشتان بۆ بکەمەوەو پێتان بڵێم: بەڕێــزان ئەم دەقــە هێشتــا نەبــووە بەچیرۆك چونکە ئەوەی ئەم چیرۆکە دەنووسێ هاوڕێیەکی چیرۆکنووسمەو تەنها ڕووداوو بەسەرهاتەکان هی منن جا ئەوەتا بەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی بۆی دەگێڕمەوەو ئەویش بەشێوەیەکی هونەری دایدەڕێژێ چونکە ئەو حەز بەچیرۆکی ئاسایی ناکات بەڵکو دەیەوێ بەشێوازێکی تایبەت بەخۆی بینووسێ وحەز بەنوێخوازی دەکات.. کەئەم ڕووداوە دەنووسم یان بۆ ئەوەی دەگێڕمەوە ڕەنگە ئەو لای خۆی هەر بەم شێوەیە پەسندی بکا وپێم بڵێ «قەیدی چیە ئەمەشیان شێوازێکی دەربڕینی نوێیەو دەستت خۆش دەزانی چیرۆك بنووسی...».. ئەوســا کارەکــە لەدەست من دەردەچێ وەهەقی ئەم گلەییەشتان نامێنێ.. بادەست بەگێڕانەوەی ڕووداوەکە بکەم ئەویش چی بگۆڕێ‌و نەیگۆڕێ ئەوا پێوەندی بەکارامەیی‌و دەستەڵاتی نووسینەوە هەیە.. دەبێ پێش هەموو شت بیر لەپاڵەوانی بەسەرهاتەکە بکەمەوەو وەك چۆنم دیوەو تێی گەییوم وای بۆ باس بکەم، ڕەنگە هەر خۆشم پاڵەوانی سەرەکی بەسەرهاتەکە بم.. دەزانم مەراقتانە زوو بڵێم هەروەك هاوڕێکــەشم پەلەم لێدەکــات و پێم دەڵێ ..«ئەمە کاری خۆمە.. خۆم دەزانم چۆن ڕتووشی دەکەم، تۆ بیری سەرەکی بەسەرهاتەکەم پێ بڵێ.. ئەوەی دی کاری خۆمە، بابزانم چیت پێیە ..دەی خێراکە».. منیش وای پێ دەڵێم:ـ برام من بەسەرهاتێکم لایە، واچاکە من وەك خۆی بۆت بگێڕمەوە، تۆش دەیکەی بەچیرۆك یان نا.. ڕات لێیە یان نا.. ئەوە کەیفی خۆتە.. من وایان بۆ گێڕامەتەوە.. «ئێوارە بوو.. تۆزێك مابوو دەست لەکارەکەم هەڵبگرم.. سوورە بەدڵخۆشیەوە بەرەو لام هات.. بەزۆری دوکانەکەی پێ داخستم.. لەڕێگا پێی ڕاگەیاندم کەداوەتی ئەوم.. چەند کوچەو

کۆلانێکمان بڕی تا لەگەڵ کاتی دیاری کراوی ئەوا ئۆتۆمبێلەکەمان لەبەردەمماڵیان وەستاند.. زەنگ لێدرا.. دەرگا کرایەوە.. خۆمان خزاندە ژوورەوە.. بەرەو ڕووی ئافرەتەکە بووینەوە.. سوورە بەیەکتری ناساندین.. داوای لێکردم لەگەڵیا بخزێمە ژوورەوە.. من بەجۆرێکی تر تێگەیشتبووم.. ئەوەی هەموو جار سوورە باسی دەکردو دڵی خۆی پێخۆش دەکرد، ئەوە نەبوو من لەزەتی لێوەرگرم.. بۆیە نەمتوانی لەگەڵیا جووت ببم لەدڵی خۆما وتم (ئاخۆ سوورە چۆن دەتوانێ لەگەڵ ئافرەتێکی بەساڵاچووی ناشیرینی وەها ئارەزووەکانی دامرکێنێتەوە!؟).. سوورە لەمەبەستم گەیشت بۆیە داوای لەئافرەتەکە کرد ژووری کچەکەیم بۆ برازێنێتەوە.. ئەویش دووای خۆ هێنان وبردنێکی زۆر ناچار بەم نرخەی کەلێمان دەکرێ ڕەزامەندی خۆی نیشان دا.. بانگی کچەکەی کردو داوای لێکرد جەستەی خۆیم پێ بفرۆشێ.. کەلە ژوورەکەی هاتەدەر چی ببینم وەختابوو لەخۆشیان شاگەشکە ببم.. پەری هەر پەری بوو بۆ خۆی دەت ووت تازە لەئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە.. نیگام بڕیە بەژن وباڵای تەمەنی هەر لەدەوری چواردە پانزە بەهار دەبوو.. تازە بلناغەی مەمکێ دادەنا.. بزەیەکم هاتێ.. سوورەش خواخوای بوو دڵی منیش ڕازی بێت بۆئەوەی کارەکەی ئەویش سەر بگرێت.. تامی دەمی خۆی خۆش کرد، وابێ دەچوو ئەویش بیەوێ ئەمجارە لەباوەشی ئەو پەریە خنجیلانەدا ئارەزووەکانی دابمرکێنێتەوە، بەڵام لەبەر دڵی من بەسەرخۆی نەهێنا.. کەدایکی دووانەیو داواکەی خستە بەردەم.. سەرنجم دایێ ڕەنگی دەم وچاوی گۆڕا.. زەرد هەڵگەڕا.. چاوەکانی پڕ ئاوبوون.. هەموو گیانی دەلەرزی.. دەم وچاوی خوێنی تێزا، قینی دونیای لێ دەباری.. بەزمان تێك گیران و گریانەوە سەد جوێنی بەدایکیدا ..تاکە نەعلێکی لەپێی خۆی کردەوەو هێرشی بۆ هێنانین.. سەدجار پێی ووتین (بڕۆنە دەرەوە.. گەوادینە.. وازم لێ بێنن، من لەوان نیم.. گو بەخۆتان و پارەشتان.. ئاخر چی بکەم، چی لەدایکە بێ ئابرووەکەم بکەم.. بمرێ، بتلێتەوە باشترە..) ..کەتۆزێك هێور بووەوە دایکی پێی ووت (ئێ ڕۆڵە چی بکەم، باوکە گەوادەکەت بزانێ دەبا ئەو بەخێوت بکات.. مەگەر هەر عارەقت دەرخوارد بدات..!).. ئیدی بەتووڕەییەوە چووە ژوورەوەو دەرگای بەتوندی لەسەرخۆی داخست.. دایکیشی داوای لەئێمە کرد کەگوێی نەدەینێ.. جارێکی تر لێکردمەوە جەستەی خۆیم پێ بفرۆشێ بەڵام من لەمەراقان تەنیا بەسەر ڕاوەشاندن پێم ڕاگەیاند کەکڕیار نیم.. ناچار خۆیو سوورە پێکەوە خزانە ژووری پڕ لەشەهوەت ..منیش لەداخان ئۆقرەم لێ بڕا.. پێم ئەرزی نەدەگرت.. ووتم: تا سوورە تەواو دەبێ با بەرەو لای پەری بخزێم و داوای لێبووردنیشی لێبکەم ولەنزیکەوە لەژانە هەمیشەییەکانی بگەم و فرمێسکە قەتیس ماوەکانی شیبکەمەوەو تێکەڵ بەناخی ببم.. کەدەستم بۆ دەرگاکە برد داخرابوو.. چەندی بانگم کرد پەری وەڵامی نەدامەوە.. لەدوواجار بەبارێك جوێنەوە دەرگای لێ کردمەوەو داوای لێکردم وازی لێ بێنم.. منیش بەهەموو جۆرێك مەبەستی خۆم تێگەیاندو پەشیمانی خۆشم بۆی نیشان داو داوای لێبووردنیشم لێی کردو بەڵێنیشم دایێ بەدڵێکی پاك وپڕ لەسۆزەوە گوێ لەسکاڵای بگرم، هەر نیازیشم بوو بزانم چی وای لەدایکی کردووە جەستەی خۆی بەرامبەر نرخێکی دیاریکراو بخاتە بەردەم ئەوانەی لێی دەکڕن.. کەلێم دڵنیابوو ئەم ڕازانەی بۆ دەرکاندم کەئەمیشیان بەسەر هاتێکی ترە بۆ خۆی.. هاوڕێ چیرۆکنووسەکە دەتوانێ بیکاتە چیرۆکێکی تر یاخود هەر بەم چیرۆکەوە بیبەستێتەوە.. بەتەواوی گوێی خۆم بۆ شل کرد.. «پێش تۆزێك دەتویست منیش وەك دایکم

تێبگەی.. دەبێ ببووری من هەرچەندە ڕۆژگاری نامۆو خێزانە بەدفەرەکەم هەموو خەون وخەیاڵ وئارەزووەکانمیان نایە ژێر گڵەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش توانیومە خاوەن کەسایەتی خۆم بم.. هەر بۆ نموونـەش تۆ نەتتوانی بەگیرفانە پڕەکانت لەخشتەم بەریت.. بەهەر حاڵ خوا دایك وباوکە بێ ئەمەکەکەم بگرێ ئەوان لەڕۆژگاری بوونمەوە ئیمڕۆ نامیانە ناو کورەیەکی ئاگرو ئێستاش لەگەڵدا بێ هەر لەسووتاندام..

من تاقانەی دایك وباوکی خۆمم.. دایکم ئەوەندە ڕقی لەباوکم دەبێتەوە تا ئێستا نەیهێشتووە لەمن بترازێ وەچەی تری لێ بەپاش بکەوێ.. سەد خۆزیا منیش نەدەبووم.. کاتی خۆی دایکم لەبری خوێن درابوە باوکم بۆیە هەر لەهەوەڵەوە دوو هێڵی هاو تەریبوون وهەر بەناو هاوسەری یەکترن.. باوکم هەمـوو ژیانی خۆی بەسەرخۆشیو بێهودەیی بەسەر بردووە.. هەر چیەکی هەبێ لەم ماڵە خۆی بەخاوەنی نازانێ، بگرە هەندێك جار بەهەفتەو دوو هەفتەش گوزەر بەم ماڵە ناکات.. دایکیشم شەوو ڕۆژ دیوەخانی مێینەیی جەمەی دێ لەپیاو ماقوڵ وچڵێسانی شارو کاربەدەستان.. هەرچەندە باوکیشم بەم مەسـەلەیە دەزانێ، بەڵام کەی پیرێکی بەساڵاچووی مەست بەری مل ئافرەتێکی جاحێڵ خاوەن دەستەڵاتی گەرمە هەوەسی گرتوە، هەرنا بەپیاوی پشت ئەستوور دەخورێ، بگرە دەرو جیرانەکانیشمانی لەزەقزەقە ناوە.. هەر باشە بەخێرا خۆی دەهێڵێ باوکم بێتەوە ماڵەکەیو لەقوژبنێکا بخەوێ.. لەگەڵ ئەوەش هەر ماوەیەك لەگەڕەکێکین، وەك قەرەجانین، هەرماوە ماوەش /مەزبەتە/ مان بەدوادا دەکەن ودونیامان لێ پڕ دەکەن.. ئەوسا کار بەلێپرسراوێك ودووان ناکرێ، ئەگەر بشکرێ لەبەر پلەو پایەی خۆیان تێکەڵی ئەم کارە نابن و ڕازیمان دەکەن کەبۆ شوێنێکی دی بگوازینەوە بۆ ئێمەو بۆ ئەوانیش باشترە.. ئەوەندە هەبوو بۆ گرتن وزمان لێدان زوو بەقسەی دایکم دەکـەن.. ئەوەی مەبەستیەتی بۆی ڕادەرێنن، چونکە لەژێرەوە ڕاسپاردەی خۆیانە.. ئەو دایکە ئەگریسەم لەبەر ئارەزووی دەستەڵاتداران و بەرژەوەندی خۆی هەر بەوە نەوەستا کەهەموو شەو باوەشی گەرم دەکردنەوە بەڵکو شەوێکیان ویستی بمکاتە دیاری بەبۆنەی هاتنی بەڕێوەبەری نوێی دایەرە پیسەکە منیش دونیام لێ پڕ هاوارو نارەزایی کرد، بۆ ماوەیەك ماڵەکەمانم بەجێ هێشت و چوومــە ماڵی ناسیـاوێکمـان، تا ڕۆژێکیـان بەتکـاو پارانـەوەو دووای ڕیسـوا کردنی لەلایـەن ناسیاوەکەمان هێنامیەوە، چی بکەم منیش نەمویست خوێندنی خۆم لەدەست بچێ.. هەرچەندە من هیـچ تاوانێکی ئەو دایـك وبـاوکەم هەڵنەگرتووە کەچی لەقوتابخانەشدا هەر نامۆو ڕیسوام وبەچاوێکی سووك سەیرم دەکەن.. جاران دڵم بەکوڕێکی دراوسێی خۆمان دابوو، هەمیشە حەزو ئارەزووەکانم ئەوەبوو ڕۆژێك لەڕۆژان وەك ئەو خەڵکە ببینە هاوسەرو لەیاخەیان ببمەوەو بۆ خۆم ژیانێکی ئاسوودە بژیم.. بەڵام کوڕە کەبەمەسەلەی دایکمی زانی ئەویشیانم لێبوو بەتەلیسمێکی ترو خزایە ناو ڕۆژانی ڕەشی تەمەنم.. ئێستاش چاوەڕوانی جوانمەردێکم پەلم بگرێو لەم گێژاوە دەرم بێنێ...».. سوورەش کاری خۆی تەواو کرد.. ماوەیەك بوو هاتبووە دەرەوە وبانگی دەکردم ئاگام لێی نەبوو هەموو بیرو بۆ چوونم لای پەری بوو.. بەسەرهاتەکەیم ئەوەندە پێ خۆش بوو، چرکە بەچرکەو دێمەن بەدیمەن وێنەکانی لەمێشکم تۆمار دەبوون و لەگەڵیا دەژیام.. ئەمە ئەو ڕووداوە

بوو بۆیان گێڕابوومەوەو منیش دەمەوێ بیخەمە بەردەم هاورێ چیرۆکنووسەکەم ئینجا دووای ئەوە کەدەگەمە ئێرە پێم دەڵێ ..«دەی.. دەی.. براله چیتر تۆ دووای ئەوەم بۆ باس کە..ئەو برادەرە پێی ئەووتی نیـازی چی هەبوو.. تۆ بڵێی ویژدانی نەجولابێتەوەو نەیویستبێ پەری لەدۆزەخ ڕزگار بکات.. تۆ نەختێك باسی ئەو دوو پاڵەوانەم بۆ بکە بزانم چین وکێن وچۆن بیر دەکەنەوە، تابتوانم بەتـەواوی هەڵسـوکەوت لەگەڵ ڕابردوو وئێستایان بکەم.. تا چیرۆکەکەم هیچ کەم وکوڕی تیات نەبێت..».. منیش پێی دەڵێم.. «بـرام، ئیـدی تۆ کەیفی خۆتـە لێرە بەمـڵاوە بەهـەوەسی خۆت پاڵەوانـەکـانی هەڵسـەنگێنـە.. خۆت و ویـژدان وقـەڵەمـەکـەت.. ئەوندەم لەسەرە لەپەراوێزی بەسەرهاتەکەدا هەردوو پاڵەوانەکانت پێ بناسێنم.. گرنگ ئەوەیە تۆ بەزیرەکی خۆت بتوانی کەڵك لەو بەسەرهاتە وەرگریو هونەریانە مامەڵەی لەتەکدا بکەی نەك وەکو من دەقاو دەق بیگێڕیتەوەو شێـوەیـەکی هاقـەیـەت ئامێـزی بەبـاڵادا ببڕێت، ئەوسا بەهەقایەتخوانت لەقەڵەم دەدەم نەك چیرۆکنووس.. بەڵام دڵنیاشم چیرۆکێکی هونەری نوێی لێدروست دەبێت بەتایبەتی ئەگەر تۆزێك بەووردی مامەڵە لەگەڵ هەڵسوکەوت وبیرکردنەوەو دەروونی پاڵەوانەکانم دا بکرێت..!

**پەراوێز**

---

١- (سـووره).. زەلامێکی چوارشـانەی تێك چەقیوە، ناوەکەی بەڕەنگی خۆیەوەیە.. کاتی خۆی لەئەنفالە بەدناوەکە گوندەکەی ئەویش سووتاوەو هاتوونەتە شار.. سەدان جۆر ئیشی کردووە تا سەرەنجام بەقاچاغچیاتی گیرساوەتەوە، ئێستا خاوەن سامانە.. خانوو وئۆتۆمبیلی هەیە.. ژنی نەهێناوە.. خۆی دەڵێ (ئەگەر ژن بێنم کۆت وزنجیرم لەدەست وپێ دەکرێو ناتوانم بەهەوەسی خۆم بجوڵێمەوە،).. بەشێکی زۆریش لەداهاتەکەی لەڕابواردن و جل وبەرگی گران بەهاو دیاری ئەو لاو ئەولا خەرج دەکات ..حەز دەکا لەلای خەڵکی خۆی بەهەبوو نیشان بدا.. ئەوەی ئیشی پێ بێت.. پارەی چاکی لێ خەرج دەکات تا ئیشەکەی خۆی پێ تەواو دەکات.

٢- پاڵەوانەکەی تر ناوی (شێرزاد)ە.. دوکاندارە.. دەوڵەمەندە.. ژنی هێناوە.. چوار منداڵی هەیە.. ئۆتۆمبیلی هەیە.. هەمیشە خەریکی کارەکەی خۆیەتی.. جاروبار سووره بۆ ڕابواردن لەگەڵ خۆی دەیبـات.. حەزی لەژیـانـە.. زیـاتـر بەلای کاسبیدا دەشکێتەوە ..پلەی خوێندەواری باشە.. مامۆستایە بەڵام کاتی خۆی لەبەر ڕاکردنی لەسەربازی لەفرمان دەرکراوە.. خۆی پێگەیاندووە تا گەیـوەتە ئەورادەیەی ببێ بەدوکاندار ..جاران هەڵس وکەوتی باشتربوو لەئێستا بەڵام ئەوەتەی باخـەڵی گەرم بووە جاروبـار بیر لەڕابـواردن وئـەو لاو ئەولا دەکاتەوە.. حەز بەوە دەکا بەهۆی دەوڵەمەندیەوە شوێنێکی لەکۆمەڵ دا هەبێ..

٣- تۆش پاڵەوانێکی دیکەی ئەم چیرۆکەی جا چیرۆکنووس بێ یان هەقایەتخوان.

هەولێر

کانوونی یەکەمی - ١٩٩١

# دایکەویز

جەمال نوری

کەگوندەکەیان چوار مێخەکێشا.. ئەوەی دەستی چەکی گرت ڕووەو چیا ملی‌نا.. سوێندی بزور گیان خوارد.. کوردستان یانەمان!
داگیرکەرانیش وەك کاری هەمیشەیی‌و ئەوە دوای ئەوە بۆ جێماویان.. ڕۆژانە ئەکەوتنە ئاوایی گوند بۆ تالآنی وکاری سووکایەتی وا.. کەهەر لەخۆیان ئەوەشایەوە!
ئەم بەیانییە درنجێ خۆی کرد بەماڵێکا کەتەنیا دایکێك وساوایەکی جگەر گۆشەی ناو بێشکەی تیا جێمابوو!
دایکـە مەمکی لەدەمی ساواکـەیـاو بەئـاوازێ خەمگینـەوە سروودی جوامـێری‌و مێرخـاسیێ ڵکورانی ئازای چیاییـانی ئەدا بەگـوێیـا.. تا کەگەورەبوو ڕێیان ون نەکاو جێیان کوێر نەکاتەوە.
شەیتـانی دۆزەخ گەئـەم دیمـەنەی دی پەلاماری مەمکی دایکەی داو لەزاری ساوای دەرکێشاو.. جاکەوتە هەڵگلۆفتنی تا ئارەزووی تەخت کرد !؟
دایکە چاوە گهشەکانی بوونە دوو کەڵە پشکۆی ناو کوانوویەکی گرگرتوو.. هەروەك دووچـاری وێـزێکی بریندار کەلەتاریکە شەوێکی چڕو خەستا پێکرابێ.. گریان گرت؟!
ـ هەی نامەردی سەد پشت نامەرد؟
چی یاسایەکی زەوی‌و ئاسمانیی ڕێ بەم کارە چەپەڵەتان ئەدات! تاتوانیی تفێکی خەستی نا بەتەوێڵ و ڕووی شەیتان ئاسایەوە
ـڕێم کە باساواکەم تێر شیرکەم..
کەئەمەی لەزار دەرچوو بەددان و چرنووکیش کەوتە سەرو گوێلاکی تا پێستی ڕووی داماڵی‌و لەخوێنا وا شەلاڵی کرد!
شەیتانی ناپیاو.. کەهەستی بەئازاری جێزام کرد.. چاوانی بوونە دوو گۆمی خوێناوو خوێن گرتی‌و پەلاماری قەمەی داو لەبەرۆکی هەڵکێشاو سنگی دایکەی شەقار کرد!
بەلام دایکە.. بەر لەوەی گیانی دەرچێ توانی بۆ دواجار مەمکی بنێتەوە دەم ساواکەی‌و جابەسەر خۆی‌و بێشکەیا.. گیانی ببێتە مەلێکی ئازیزو

خاوێن و بەرەو چیا لەشەقەی باڵ بدات!

درنجی نامەرد.. کەئەمەی دی بەسەر شۆڕێوە لاشەی دایکە وێزو ساوای جێهێشت بێ ئەوەی ئاوڕیان بەدوادا بداتەوە!

دوای چەند ڕۆژێکیش بەشانازیوە لەبەردەم هاوڕێ سووکەکانی وەك خۆیا.. کارە چەپەڵەکەی بۆ ئەگێڕانەوە!

ـ گوتیان.. ئەی ساواکە..

ـ بەزیندوویی جێم هێشت تا بەسزای برسێتی وشك هەڵێ؟!

★ هەڵۆ.. نەمرد!

شەو بابی هات و گەیاندییە سەر چیا..

ئێستا هەڵۆ.. پێشمەرگەیەکی هەڵۆ ئاسایەو.. لەتۆڵەی دایکەو وێزو کوردستانی شەهیدیا..

ڕۆژی دەیان جار ئاگر لەگەرووی داگیرکەران وەرئەداو بەر نەفرەت و..لەعنەتی تاهەتاییو هەمیشەیی خواو..ئینسانەتییان ئەخات؟!

# بەیادی دوو شیعر

لەدوای رووخاندنی ئەمارەتی بابان و داگیرکردنی لەلایەن عوسمانیەوە. نالی بەشعریک هەواڵی کوردستانی لە (سالم) پرسیبوو. ئەویش بەشعریک وەرامی دابوەوە. بەیادی ئەو دوو شعرە ئەم شعرە پیشکەش ئەکەم بە (لالەنالی).

- هاوار -
١٩٨٨

لالەناڵی گەرچی ئیستا ئیسکت هەمووی دارزاوە
مارو مێروو خۆڵی لەشتی هەروەکو کڵ دابێژاوە
تیکەڵ بەخاکی ناو کۆڕەو دوور لە (بادی خوش مرور)ە
دوور لەمەترلکەی باوانی (خاک و خۆڵ)ی شارەزوورە
بەڵام رەنگە لەبیرت بێ کەمیری بابانیان لابرد
عوسمانی هەروەکو واشە بەربوە ویژەی میللەتی کورد
ئەوسا توش وەك حاجی قادر، ئاوارە بووی دوور ولات بووی
دوور لەخاکی کوردستان بووی گیرۆدەی رۆژی نەهات بووی
(قوربانی لۆزی ریگە) بووی پەژارەی دووریت بشکێنێ
چاوەروانی نامەیەك بووی (پەیکی شارەزا) بۆت بێنێ
لەدوای دەربرینی هەست و ناردنی سەلامێکی دوور
پرسیبووت ئایا بێمەوە، یا بوەستم تا (فەفخی صور)
سالمی دۆستی دیرنیت بۆ وەرامی هونراوەکەت
فەرمووبووی بۆ کوێ دێیتەوە بۆ خاکە داگیرکراوەکەت
تازە کوردستان جێی دڵی تۆی تیا نابێتەوە وەقوربان
بەرگە ناگرێ، با نەپرووکێ وەکو دڵی ئێمە مانان
گەرچی دەردی ئاوارەیی دەردێکی پر لە ناسۆرە
ژیانی دوورە وڵاتی پەژارەو خەفەتی زۆرە
چار نەبوو، بووی بەئاوارەو بەدوو دیدەی نمناکەوە
شەوو رۆژ گینگڵت ئەخوارد هەتا نرایتە خاکەوە

* * *

لالەناڵی گوێم بۆ شل کە، وەك ساڵمی صاحێبقران
چۆن جەوری دەوری عوسمانلی لەناو دڵیا بوبوو بەژان
بامنیش نەختێك رووداوو بەسەرهاتی ئەم رۆژانە
کەهاریەکەی تاوانێکی تا بڵێی سەخت و گرانە
بەدەست و پەنجەی لەرزۆك و سستم بەشێکی تۆمارکەم
بەم هۆنراوە خوارو خێچەم لەهەندێکیت ئاگادارکەم
نازانم چۆن دەست پێ بکەم، کامیان سەرتای دێرم بێ
کامیان کۆتایی هۆنراوەی لەنگ و نارێك و گێرم بێ
نە لەدەوری (هولاکو)دا، نە لەدەوری جەنگیز خانا
نە لەرۆژانی رەزاشاو ئەتا تورکی بێ ویژ دانا
تاوانی وەك ئەوەی ئیمرۆ لەمیللەتی کورد نەکراوە
ئەوەی کراوەو ئیمرۆ ئەکرێ لەهیچ لایەك رووی نەداوە
نرخی مرۆڤ و پیاوەتی، دراوسێتی وەفاو ئەمەگی رابوردوو
چاکە، بەزەیی، دڵنەرمی، شەرم و نامووس، حەیاو ئابروو
ئەمانە هەمووی بەپوولێك، هەموی پەشمەلای فاشستی
لەلاپەرەی کردەوەیا بەهیچ جۆر هیچیان نابیستی
راستە تاوانی عوسمانی وەکو ساڵم بەهۆنراوە
چۆنی فەرموو بوو یەك بەیەك لە مێژوودا تۆمار کراوە
بەڵام بروات بێ ئەوانە ئەگەر چی هەمووی تاوانە
هەمووی وەکو خوێنی چێشت وایە لەچاو جەوری ئەم رۆژانە
ئیمرۆ سەراپای کوردستان قەسابخانەیە زیندانە
نرخی خوێنی کورد هەر وەکو نرخی تۆڵەکە هەرزانە
بەهەزاران لەناو ئەبرێن، زیندان ئەکرێن بەرەشبگیر
کور لەبەر چاوی باوك و دایك ئەدرێتە بەرگوللەی شەست تیر
ماری مارخۆر پەیدابوە، نە هێنگرە وەك سفرەمار
بۆ سوودی خوی ملی باوکی لەت ئەکا بەتەورو مشار
ماری سەرشانی ئەژدەهاك تێر نابێ لەمێشکی پژاو
وەکو زەرووی خوێن مژوایە، تینووی خوێنە لەجیاتی ئاو
شەیدای دیمەنی فرمێسك و هەنسك و ئاخ هەلکێشانە
مەستی خوێنە لەجێی بادەو شەرابی پیاڵەی مەیخانە
زرەی زنجیرو کەلەپچەی مەچەکی لامۆسیقایە
هاوارو ناڵەو قوغانی زیندانی لا ئورکێسترایە

ئەوسالات وا بوو هەربەتەنها (شیوە سوور) سوور هەلگەراوە
ئیستە هەموو چەم و شیوێك لافاوی سووری خوێناوە
ئیمڕۆ لە جێی ئەو قوڵپانەی جاران وەك دانەی مرواری
لە سەر چنارا هەڵدە قولا لە هەردوو چاوی نازداری
ئیستە هەمووی هەر فرمێسکەو قوڵپی زووخاوو خوێناوە
دوسەد (ئاوبارە) و (بەکرە جۆ)ی بەجۆگا لێ هەڵگیراوە

ئەوسا توش وەك حاجی قادر، ئاوارە بووی دوور وڵات بووی
دوور لەخاکی کوردستان بووی گیرۆدەی ڕۆژی نەهات بووی
(قوربانی لوزی ریگە) بووی پەژارەی دووریت بشکێنێ
چاوەڕوانی نامەیەك بووی (پەیکی شارەزا) بۆت بێنێ
لەدوای دەربڕینی هەست و ناردنی سەلامێکی دوور
پرسیبووت ئایا بێمەوە، یا بوەستم تا (فەفخی صور)
سالمی دۆستی دێرنیت بۆ وەرامی هۆنراوەکەت
فەرمووبووی بۆ کوێ دێیتەوە بۆ خاکە داگیرکراوەکەت
تازە کوردستان جێی دڵی تۆی تیا نابێتەوە وەقوربان
بەرگە ناگرێ، یا نەپرووکێ وەکو دڵی ئێمە مانان
گەرچی دەردی ئاوارەیی دەردێکی پڕ لە ناسۆرە
ژیانی دوورە وڵاتی پەژارەو خەفەتی زۆرە
چار نەبوو، بووی بەئاوارەو بەدوو دیدەی نمناکەوە
شەوو ڕۆژ گینگڵت ئەخوارد هەتا ترایتە خاکەوە

* * *

لالەنالی گوێم بۆ شل کە، وەك سالمی صاحیبقران
چۆن جەوری دەوری عوسمانلی لەناو دڵیا بوبوو بەژان
بامنیش نەختێك ڕووداوو بەسەرهاتی ئەم ڕۆژانە
کەهاریەکەی تاوانێکی تا بڵێی سەخت و گرانە
بەدەست و پەنجەی لەرزۆك و سستم بەشێکی تۆمارکەم
بەم هۆنراوە خوارو خێچەم لەهەندێکیت ئاگادارکەم
نازانم چۆن دەست پێ بکەم، کامیان سەرتای دێرم بێ
کامیان کۆتایی هۆنراوەی لەنگ و نارێك و گێرم بێ
نە لەدەوری (هولاکو)دا، نە لەدەوری جەنگیز خانا
نە لەڕۆژانی ڕەزاشاو ئەتا تورکی بێ ویژ دانا
تاوانی وەك ئەوەی ئیمڕۆ لەمیللەتی کورد نەکراوە



ئەوەی کراوەو ئێمڕۆ ئەکرێ لەهیچ لایەك ڕووی نەداوە
نرخی مرۆڤ و پیاوەتی، دراوسێتی وەفاو ئەمەگی ڕابوردوو
چاکە، بەزەیی، دڵنەرمی، شەرم و نامووس، حەیاو ئابروو
ئەمانە هەمووی بەپوولێك، هەموی پەشمەلای فاشستی
لەلاپەڕەی کردەوەیا بەهیچ جۆر هیچیان نابیستی
ڕاستە تاوانی عوسمانی وەکو سالم بەهۆنراوە
چۆنی فەرموو بوو یەك بەیەك لە مێژوودا تۆمار کراوە
بەڵام بڕوات بێ ئەوانە ئەگەرچی هەموی تاوانە
هەمووی وەکو خوێنیی چێشت وایە لەچاو جەوری ئەم ڕۆژانە
ئێمڕۆ سەراپای کوردستان قەسابخانەیە زیندانە
نرخی خوێنی کورد هەر وەکو نرخی تۆڵەکە هەرزانە
بەهەزاران لەناو ئەبرێن، زیندان ئەکرێن بەرەشبگیر
کور لەبەر چاوی باوك و دایك ئەدرێتە بەرگوللەی شەست تیر
ماری مارخۆر پەیدابوە، نە هێنگرە وەك سفرەمار
بۆ سوودی خوی ملی باوکی لەت ئەکا بەتەورو مشار
ماری سەرشانی ئەژدەهاك تێر نابێ لەمێشکی پژاو
وەکو زەرووی خوێن مژوایە، تینووی خوێنە لەجیاتی ئاو
شەیدای دیمەنی فرمێسك و هەنسك و ئاخ هەلکێشانە
مەستی خوێنە لەجێی بادەو شەرابی پیاڵەی مەیخانە
زرەی زنجیرو کەلەپچەی مەچەکی لامۆسیقایە
هاوارو ناڵەو قوغانی زیندانی لا ئورکێسترایە
ئەوسالات وا بوو هەربەتەنها (شیوە سوور) سوور هەڵگەڕاوە
ئێستە هەموو چەم و شیوێك لافاوی سووری خوێناوە
ئێمڕۆ لە جێی ئەو قوڵپانەی جاران وەك دانەی مرواری
لە سەر چنارا هەڵدە قولا لە هەردوو چاوی نازداری
ئێستە هەمووی هەر فرمێسکەو قوڵپی زووخاوو خوێناوە
دوسەد (ئاوبارە) و (بەکرە جۆ)ی بەجۆگا لێ هەڵگێراوە

ئەو شارە زوورەی تۆ دیبووت، ئێمڕۆ وەك جاران نەماوە
نەك هەر بێستان و مەرەزەی، درکێشی پێ شێل کراوە
ئاوی (سەرای سوبحاناغا) کە کۆڕی بەزم و سەیران بوو
جێی هەڵپەرکێی شۆخ و شەنگ و کیژۆڵەی شەدەلاران بوو
(بڕاوان) کە جاران ڕێ ڕەوی کۆچ و هەوارگەی یاران بوو

بۆن خۆش بەسمڵ و مێخەکی سنگ و یەخەی نازداران بوو
تەوژمی عەشقی تانجەرۆ بۆ دەس لەملانی ئاوی زەڵم
هەتا ئەگەیشتە (دواوان) شارەزووری ئەکرد بە هەڵم
ئێستە ئەو هەموو ئاوانە بەبومبای غازی ژەهراوی
زیندەوەری تیا نەماوە، نەماسی ، نەقازوەراوی
ناوچەی (زەردیاوا)ی (حەبیبە) کەبەشیعری بەرزو جوانت
بۆ رەخنەی تیلایی چاوی، فەرموو بوون بەهاوریکانت
مەحبوبەم کواخیل و قیچەو کەی چاوی مەیلی شەر ئەکا
خێڵ و قیچ نیەو هەر تۆزێك ترازووی نازی سەر ئەکا
ئیمرۆ ئەو ناوە وێرانەو سەرانسەری کاول بووە
هەزارانی وەك (حەبیبە) ئەو ناوەی بەجێ هێشتوە!!
ئاوارەیەو دەربەدەرەو ماڵ وێران و سەرگەردانە
هەریەکەی لەکووچەی شارێك پەنا هندەی وڵاتانە
ئەو دار بەروو دارەبەنەی ناو (قۆپی) کەجاری جاران
بەکۆمەڵ لەگەڵ فەقێکان ئەتانکرد بەکۆری سەیران
ئێستە هەموو لق و پۆپیان ووشك بوەو داهێنراوە
بنچك و پووش و پاوەنی (داری زەرد) هەمووی سووتاوە
پرسیبوت: ئایا چیمەنی سەوزی خانەقا، دەروژوور
وەکو جاران جێی کەوشەکە، یاچۆڵە هەروەك (سەڵم)و (توور)
رازاوەیە بەرێحانەو بەگوڵی جوان و زەردو سوور
یاووشك هەڵگەراوەو زەردە هەروەکو ریشی کاکە سوور
لالەنالی چێت بۆ باسکەم، ئیمرۆ سەراپای کوردستان
پێ شێلکراوە بەپۆستاڵی رەگەز پەرستی بێ ویژدان
چیمەن و مێرگ و میر غوزار، بەجارێك سیس و ژاکاوە
باخ هەمووی بێ باخەوانەو لەێنوا هەمووی خنکاوە
رەز وێرانەو بێ پەرژینە، بێستان خەڵووزە لێی داوە
ئاوی ئەستێلك ووشك بوە و تەنها قەوزەی سەوزی ماوە
شوێنی سەیرانگای (کانیبا) و (شیوی ئابدار) دارووخاوە
کانیو ئاویان ووشك بوەو بەچیمەنتۆ داپۆشراوە
ئەرخەوانی گردی سەیوان لە جێی گوڵی ئەرخەوانی
ئێستە سەرتاپای رەش پۆشەو قور ئەپێوێ تابەیانی
رەوە ئاسکەکەی (کانیسکان) لەترسی گورگی داگیرکەر
هەریەکەی بەرەو ئەشکەوت و پەنایەك رێی گرتۆتە بەر

ئەوسا ترسابووی کەپردی (سەرشەقام) شەقی برد بێ
یاخود داری (پیرمە سوور) و (شیخ هەباسی) پەکیان کەوتبێ
ئیستە دیواری ناوخانووی هەزاران ماڵ یەکالایە
هەزاران خانوو وێرانەو داڕووخاو بەرەڵلایە
کەی گوێ دراوەتە پیرمەسوور، کەی گوێ دراوەتە شیخ هەباس
هەزاران داری وەك ئەوان وورد کران بەتەورو تەوراس
هەرچی شوێنەواری کۆنەو یادگاری رابوردوە
ڕەگەز پەرست بەئاشکرا سەراپای وێران کردوە
کۆچ وباری شەوو ڕۆژی دەربەدەرو ئاوارەکراو
بەفرچەی گەرمای نیوەڕۆ، لەبەر سوورە سووری هەتاو
سەرەوخوا بۆ ناو زەلکاوە بۆ دەشتی کاکی‌یەکانی
بێگانە بۆ ناو کوردستان، بۆ داگیر کردنی خاکی .
ئەمانە ئیمڕۆ دیمەنی ناو کوردستانی وێرانە
ژیانێکە مەر مەپرسە، هەموی کوێرەوەری وژانە
نابرێتەوە لێشاوی غەم، تاوانە بەدوای تاوانە بەدوای تاوانا
ئەوەی ئیمڕۆ کراوەو ئەکرێ لەناو خاکی کوردستان
بەنووسینی کتیب و دوو زنجیرەی کۆتایی ناپە
بزانین تا کوێ بڕ ئەکاو چ ئەنجامێکی لەدوایە
بەلام (لالە) دڵنیابە، دوژمن خەیاڵی زۆر خاوە
زۆری وەك ئەو بۆ قەلاچۆی گەلی کورد تەقەلای داوە
کاری ئیمڕۆو دوێنێ نیە، زۆری‌تر لەو بوارەی داوە
هەر یەکەی لەقۆناغیکا، سەرەنگرێ بوەو ملی شکاوە

# ڕێناس

رەفیق سابیر

[ئەی بادی صەبا من ببە سودی نییە نامە
تەشریحی زەعیفی من و غەم نایەتە تەحریر]
حاجی قادری کۆیی



بەچریکەی گریاناویت رادەبمەوە
لە دوورەوە
روخساری فریشتەییانەت نامۆدیارە
ژانی زانی لێ دەبارێ
دەڵێی پەیکەری هاوارە.
بەنێو بولێڵی ونبوونا بەرەو رووت دێم
تەزووێك سەراپای گیانم داگیر دەکات
تا دێم و دێم
سیمات کاڵتر دەبێتەوە
خۆشبە زانە وەك جوانووی تۆقیو رادەکەم
(سەحرای عەدەم) بەرووی وێڵما دەکرێتەوە.
لەنێو ئەم چۆڵەوارەدا چاو بۆ زنەێك دەگێڕم
بەرەو مەرگێکی تر دەڕۆم،
رێ وندەکەم
چارەنووسم بە سێڵاوی کۆچ دەسپێرم.
شەوێکی چەند هەراسناکە!
پەنجەرەێك دەکەمەوە
زەردەبارانێکی بەتاو بەسەر گومانا دادەکات
ئەستێرەکان لەپێدەشتا سەرمایانە
مانگ تریفەی خۆی دەنێژێ،

رەوە کۆچی دارستانە!.
ئاژاوەیە رێ وندەکەم
سەرم بەتۆ دەسپێرم و تەمەن بەم ترس و هەژانە
بەمەرگی پیری گەیلانی دڵم هەر مەکۆی یارانە
سوتانم هەمان سوتانە
هەرودمی خۆشەویستی تۆ
سێبوری و
خەڵوەتی گیانە.
ئاخۆران و باخۆرانە سەردەرناکەم
کەشکۆڵەکەم هەڵدەگرم و
روو لەکۆچێکی تر دەکەم.

هێشتا بەجیهان نامۆیە..
لەجەنگێکەوە بۆ مەرگێ
لەمەرگێکەوە بۆ جەنگێ
رادەکەین و
هەوارگەمان هەر پشکۆیە..!
بەرێژنەی خوێن (داری ئازادی ئاودەدەین)[٩]
کەچی هێشتا دەستبەسەرین،
لەنێو وڵاتی خۆماندا
هەر ئاوارەو پەنابەرین.
لەم سەگوەرو ئاژاوەدا
سروودێکم پێبراوە
زامدارم سارێژم ناکات
بستێ خاکم بۆ جێماوە
بەشی خۆم و گڵکۆی شەهیدانم ناکات
رەنج و سەرمایەو مێژووی من:
چەپکێ ژانە
بۆتە سیمای ئەم ژیانە !.
هەر دەرۆم و بەتۆ ناگەم
بەخۆ نامۆ
روو لەمەرگێکی تر دەکەم.
من خوێنەکەم وەکو جوانوویەکی سەرکەش

هەواڵنامەی کتێب



بەرەو لای تۆ هەڵدەگرێ
لەنێو تەمی چارەنووسا
مەرگی خۆم بەرۆکم دەگرێ.
من پەیامی ئەوەێکم هەڵگرتووە
لەنێو گیانما
گەرداوێ هەڵی کردووە..
بروسکە رێی ون کردووە.
من حەللاجی زەمانەم و
دڵم، تژی نووری خوایە..
پەیامەکەم
سەرکەشی مەوجی دەریایە.
من مەسیحی وڵاتێکی وێرانەم و
خاچەکەم ژانی ئاسیایە.
هەر دەڕۆم و بەتۆناگەم
سەرم بەتۆ دەسپێرم و تەمەن بەم کۆچی کۆچانە
بەشەکەتی
لەسەر تاتە بەردێکی سڕ پاڵدەکەوم
خۆم بەسەرما دادەپۆشم
خەو دەبینم:
[خۆڵبارانە..
ڕوبار هاژەو کەنارەکانی ڕاودەنێ.
ڕوو لەبیشەڵانی دەکەم دەوەڵێ مۆڕەم لێدەکات.
شەکەتانە
تەرمی مێژوو لەبن بەردێکا دەنێژم.
پەنا بۆگەوەرێ دەبەم دارستان وەك ڕەوە سوارێ
پڕتاو بەنێو تەپوتۆزا
بەرەو بەر دێتە خوارێ.
چەند گومڕابووم کاتێ بەبانگی چاوەشان بەرەو پیری
کازێوە چووم. خۆم دەکوژم. ڕەوەدالێ دەورەم دەگرێ
بەراکردن تەرمەکەی خۆم بەجێ دێڵم..
سەربەمەیخانەدا دەکەم. شایی خوێنە..
تاچاو بڕکات کەللە سەر کەمانچەژەنن
بەگوێی (کلیان پترۆسیان)[٣]دا دەچرپێنم:

-كەرنەڤاڵێكی چەند سەیرە!
ئەمانە كێن؟
كام سروودی میللی دەچڕن؟
+ منداڵانی كوشتارەكەن ڕابوونەوە
مێژوو بەردە باران دەكەن
سیمفۆنیای گڕ دەنووسنەوە!]
خەو دەبینم:
[لەنێو مەیتخانەی شاردا لەگەڵ چەند تەرمێكی كەچەڵ
ڕاكشاوم. ژنانی سیمانووڕانی، كاكۆڵ زیوین
بەتیلەی چاو بۆم دەڕوانن،
هەست بەڕوتێتی خۆم دەكەم ئارەقەی شەرم دەڕێژم
لەچاوانی خەمناكیاندا بێ ئومێدی پەلە دەدات.
دەمەوێ بەدەستەكانم خۆم داپۆشم
ئازارێكی مەرگهێنەر دەمهەژێنێو
ژنانی سیمانووڕانی نامناسنەوە.
لەو سەرەوە
دوو پێپانی چاو شاقووڵی ددان ئاسن
بەدەم نەرمو هاوارەوە
دایكم لەخەم هەڵدەكێشن.
دەچریكێنم......]
لەدەنگی گریاناوی خۆم بەخەبەر دێم
كەدەبینم:
شانی چەپم بەتاتەكەوە نووساوە
كەلۆرێكی چاو زەقی بۆر،
حۆلی لیچ شۆر
شمشێر بەدەست بەسەر سەرمەوە وەستاوە!.
دیسان هاتوون سەروەریی مێژوویی خۆتان
ئاگر بارانە.. ئاگر بارانە..
هەر چواردەورەمان جەنگەڵستانە
دەریاچەی خوێنمان كەوتۆتە نێوان
كۆچی ئەم جارە، كۆچی كۆچانە
كۆچی ئەم جارە
كۆچی كۆچانە!!.
*

عەوالنامەی کتێب



پەنجەرەکان لەرووی کۆچا دەکرێنەوە
زەردە بارانێکی بەتاو بەسەر سوتانا دادەکات.
بەوێرانە خاکا دەڕۆم
چاو بۆ پەسیوێ دەگێڕم،
بزر دەبم..
چارەنووسم بەتۆفانە کۆچ دەسپێرم.
شار چەند چۆڵ و هەراسناکە!
شار وەک دازەمەیتی شێدار
بۆنی کفن و
بۆنی هەناسەی مردوانی لێ هەڵدەستێ.
دەمەوێ برینەکانم گوڵبژێرکەم
فرۆکەکان هەوڵ نادەن..
دەخوازم شەهیدەکانم سەرژمێرکەم
فرۆکەکان مۆڵەت نادەن.

لەنێو گەوەێکی تەردا
سەرم لەژێر زەردە گەڵادا دەنێژم.
ئێرە کوێیە؟
چۆن ڕێم کەوتۆتە ئەم ناوە!
دەچوومە ژووان،
کوانێ چەپکە نێرگزەکەم؟
بۆ چوار دەورەم بەئاژاوەو گڕ گیراوە؟!
بەنێو جەنگەڵی هاوارا
بەرەو مەرگێکی تر دەڕۆم
سێبەری هەڵمساوی خۆم ڕێم پێدەگرێ
لەدوورەوە
تارمایی تۆو زنەێکی لێڵ دەبینم..
بەسەر تینوێتیدا دەجمێم
باسکەکانم بەسەر گوڵاوێکی ساردا شۆڕدەبنەوە
جارێکی تر
لەنێو زوقم و ژیلەمۆدا هەڵدەبمەوە.
هۆ وڵاتە شەکەتەکەم!
وڵاتە بێ نەتەوەکەم!

بەکام شاری گرگرتوودا...
بەکام کێڵگەو
کانیو
کارێزی تینوودا..
بەکام دوندی تازیەبارو
کام دارستانی ڕەژوودا
بتناسمەوە..؟
لەژێر کام ڕەوەڕنوودا
لەنێو کام تەمی کیمیاییو
کام ماڵی گەلەبەدوودا
بتدۆزمەوە..؟
وێنەی ئەم تۆفانە کۆچە، لەلاپەڕەی:
قورئان؟..
ئینجیل؟..
مەسحەف؟
تەورات؟
لەکام پەڕەی زەرد هەڵگەڕاوی مێژوودا
بخوێنمەوە؟!.
هەردەڕۆم و بەتۆ ناگەم
بەناکامی
ڕوو لەمەرگێکی تر دەکە.
لەدالانی چارەنووسا
ڕووبەڕووی مێژوو دەبمەوە
مێژوو کۆلانێکی تەنگ و داخراوە..
ڕاستییەکە
سەربەرەو خوار داکراوە.
مێژوونسیی سەفەر بەرو کۆچ وجەنگە
یان جەللادێکی دەبەنگە
شمشێرەکەی
لەڕووی ئایندەو ئەڤینا هەڵکێشاوە.
من بەمێژوودا دەچمەوە
دارستانی شمشێر دەبڕم..



هەواڵنامەی کتێب

ڕەنگی ژەنگ و
مس و
جەنگ و
ڕەنگی جەللادەکەم دەگرم
لەژێر هەرەسی مێژوودا هەڵدەستمەوە
سەری ماندووم لەسەر سێدارە دادەگرم
جارێکی دی
بەرەو لای تۆ ڕێگە دەبڕم..
ڕێگە دەبڕم
ڕێگە دەبڕم.
من برینێکی ژێر چەقۆم ڕابووەمەوە..
کڵپەیەکی سەرهەڵگرتووم
لەگەڵ هەزاران شەهیدا هاتوومەوە
بێ وڵاتم
کوردستانە دزراوەکەم دەوێتەوە
تەرمی باوکم ..
گۆڕی دایکم، جێنەزەرگەی تەپێندراوی
باپیرانم دەوێتەوە.
تاخاکی لەخاچ دراوم،
ئاوو مێژوو و ئاسمانی داگیرکراوم
نەستێنمەوە
لەسروشتی ئینسانیتان بەگومانم
لەهاوسێیی و
هاو....وخاك...
لەناسینتان پەشیمانم..
پەشیمانم..
پەشیمانم..
بەجریوەی چۆلەکەکاندا دەزانم ڕابووەنەوە
بەڕەنگی ئاسۆو هەتاوو تریفەدا
بەکازێوەو
لەنجەی قومریو
شنەی سروەو
چرپە چرپی دڵداراندا

هەست پێدەکەم هاتوونەوە.
بەهاتنتان تاریکی درزی بردووە..
نەمامی خوێن سەوز بووە
مادۆناکانی کوردستان دەست بەخەنەن،
چاوانیان بەکل ڕشتووە.
هاتوونەوە
لەسایەی چەکەکانتانا خاك دابووە
ئاسۆی وڵات
هێشوە هەتاوی گرتووە
چەند ساتێکە هاتوونەوە
کەچی هێندەی: تەمەنێکە..
مێژوویکە
مەڕۆنەوە..مەڕۆنەوە!!
ئێوە سیمای هەموومانن
ئاڵای بەخوێن هەڵکراوی
وڵاتی ئەشق و بارانن
ئێوە خەونی ئەو مێرخاسەن
زرییەکەی لەلاوك و داربەڕوویە
ئێوە گیانی ئەو ڕێناسەن
سەدان ساڵە سەری دەبڕن هەر زیندوویە..
هەر زیندوویە

مەڕۆنەوە!..
سەربەستیمان پەڵەی داوە..
بەئێوەوە
ویژدان و خۆشەسیری ماوە
ئاسمانی شار بەبارووتان ڕاگیراوە..
مەڕۆنەوە..!
مەڕۆنەوە.!!
دەڕۆن بۆ شمشێری بەدوجێنمان دێلن؟
بۆ نازانن؟ لەوەتەی هەین
ئەوان سەردار، ئێمە کۆیلەین
ئەوان چەقۆن،ئێمە برین..

هەواڵنامەی کتێب



ئەوان کینەن، ئێمە ئەڤین
چۆن تێك دەگەین؟
نێوانمان دەریاچەی خوێنە
چۆن پێك دەگەین
چۆن لەتەکیانا هەڵدەکەین؟
مەڕۆنەوە!
چەند ساتێکە هاتوونەوە:
تەمەنێکە..
مێژوویێکە..
مەڕونەوە... مەڕۆنەوە!!
بۆ کوێ دەڕۆن؟
کێ دەزانێ لەکام چۆڵ و کام باژێری غەریبانا بێناز دەمرن
دەڕۆن خێڵی شڕە خۆران
بەخوێن بەری خۆرمان دەگرن
ئاڵای لەتیشك چنراومان
بەکەڵپەو نێزە دادەدڕن
دەڕۆن تا لەنێو وڵات و
شارو
کەلاوەی خۆماندا
بەپەنابەر رامان بگرن؟!
بۆ نازانن !
بەغدا تۆفانی زەلکاوە نیشتۆتەوە..
پەتایێکە
رۆژهەڵاتی گرتۆتەوە
بەغدا کورەی ئاگرێکە
هالاوەکەی رووبکاتە هەر هەوارێ
رەزو باغی بەر ناگرن..
جەنگەلێکە
شارستانی کاولییانەی بکاتە هەر گوندو شارێ
منداڵانی پێناگرن.
بۆ کوێ دەڕۆن ؟ بۆ کوێ دەڕۆن؟
لەنێوانی دوو تاوێرا
ئێمە زەنجێکی بابردووین

لەسێبەری دوو شمشێرا
ئێمە شەهیدێکی و نبووین.
دەڕۆن دیسان بۆ کۆیلەیی جێمان دێڵن!
دەڕۆن سەر لە نوێ شەهیدان شین دەگێڕن
چارەنووسمان بەکۆچێکی وێڵ دەسپێرن.
ئەمجارەیان
شۆڕش بۆ کام مەنفا دەبەن؟
ئەمجارەیان
شۆڕش لەکوێ هەراج دەکەن..؟
چرای کام پایتەختی دنیای پێ هەڵدەکەن؟!
دەڕۆن مەگەر خوا بزانێ کام وەرزێ ئەڤین دێتەوە!
دەڕۆن ئاگردان: بێ پشکۆ
شار: بێ ئاسۆ
بووك: بێ زاوا
دوند: بێ هەڵۆ

دەڕۆن.. نەتەوەم ڕەنجەڕۆ!
دەڕۆن.. شەهیدم بێ کێلکۆ!
دەڕۆن بابەڕۆ..
بابەڕۆ!.
دەڕۆن وڵات ڕۆ..
وڵات ڕۆ!.
مەگری ڕۆڵە!
کەی ئێستا کاتی ڕۆ ڕۆیە
چەند بگریەیت، گریەو ناڵە
هێشتا بە جیهان نامۆیە!
لەفریشتەو بەفری یەکشەوە پاکتری
ئەم جەنگەڵە
کەی سەردەم و شوێنی تۆیە؟!
مەگری ڕۆڵە!
ژیان هێشتا وەك بەروانکەکەت پەڕۆیە
مەگری گیانە!
کەی ئێستا کاتی گریانە
(بۆچی دەگری؟ هێندە هۆگری گریانی
خۆ تۆ هێشتا لە خەم ناگەی)
لەمانای شەڕ،
بێ وڵاتی
لەمانای گریە نازانی!.
مەگری گیانە!
کەی ئێستا نۆرەی گیاندانە!
لەومەتەی هەین
لەجەنگێکەوە بۆ مەرگێ
لەمەرگێکەوە بۆ جەنگێ
رادەکەین و
هەر چوار وەرزمان تاوانە..
تەنیا ئەمشەو خۆت ڕاگرە
بەرگەی برسێتیو ڕاونان و سەرما بگرە
سبەی هەتاوت بۆ دەکەم بە جۆلانە
سبەی دەگەین
لەو دیو ماڵە خاڵۆیانت ئاوە دانە
سبەی ژانە وردیلەو زراڤەکانت
لەگیا بەندو
نان و
بەیان و
شیر دەگرم
دەیانکەم بەئاڵاو چرای ئەم جیهانە
دەیانکەم

بەئاڵاو و
چرای ئەم جیهانە!
مەگری گیانە!
کەی ئێستا کاتی گریانە!
کەی ئەمشەو نۆرەی گیاندانە!
مەگری .گیانە.. مەگری گیانە!
نۆڤەمبەری ١٩٩١

١) هیمایە بۆ هۆنراوەی (داری ئازادی) فایەق بێکەس
٢) کلیان پترۆسیان: ناوێکی ئەرمەنیانەیەو مەبەست کەسێکی دیاریکراو نییە
٣) هیمایە بۆ هۆنراوەیێکی گۆران کەبۆ هیوای کوڕی نووسیوە.

هەواڵنامەی کتێب

# پەریا

احمدی شاملو
وەرگێڕانی : نەژاد عزیز سورمێ

یەکێ بوو، یەکێ نەبوو
لەژێر گومبەزێکی شینا،
بانگی شێوان، رووت و قووت
سێ پەری رونیشتبوون
بەکوڵ دەگریان پەریەکان
وێنە هەوری بەهاران، فرمێسکیان هەڵدەباران..
کەزیەکانیان، قەدی کەوان، رەنگی شەبەق
لەدرەختی کەمون شکۆفەیان زیاتر دەرکردووە
لەرەنگی شەبەق تو خترن..
بەرۆەروویان، ڕێك، شاری کۆیلەی دیلە
پشتەوەشیان ساردو سڕ قەلای ئەفسانەی پیرە.
لەئاسۆوە زرنگ زرنگ، زرەی زنجیر دەهاتە گوێ
لەو دیوەوەش، لەناو قوللە، نالە نالی ئێشکچیێ
ـ: فریشتەکان! برسیتانە؟
فریشتەکان !تینووتانە؟
فریشتەکان ماندوو بوون؟
یا باڵندەی پەڕ بەستەن؟
چیە ئەو هاو هایەتان
وای وایو گریانەتان؟



فریشتە چیان نەدەگوت، هەر دەگریان
وێنەی هەوری بەهاران، فرمێسکیان هەڵدەباران.

*

-: فریشتە نازەنینەکان!
چیتانە ئاوەها دەگرین؟
لەم بیابانە دوورەدا
ئابەم بانگی شێوانە
ناڵێن کەبەفری دەکەوێ؟
ناڵێن بارانێ دەبارێ؟
ناڵێن گورگ دێ و دەتانخوا؟
ناڵێن دێو دێت و دەتانکا بەیەك پارو
ئێوە ناترسن پەریەکان؟
نایەن بۆ شارەکەمان؟
شارەکەی ئێمە دەنگی دێ.. زرەی زنجیرەکانی دێ..
فریشتەکان!
باڵای ڕێکم ببینن
ئەسپی سپی من ببینن:
ئەسپی سپی ناڵ زیوین
کلك و بژی ڕەنگ هەنگوین،
تیژڕۆ خۆشبەزۆکەی من
ئاسکی دەمار ئاسنی من!
پەل و گەردن
بای تفنکانی ببینن.
ئەمشەو لەشار هەرایە
مۆڵگەی دێوان داخ کراوە
ئادەمی میوانمانن
بەبەزم و هەرا دێنە شار
دۆڵ و زوڕنایێ لێ دەدەن
دەلەیزن و دەلەیزێنن
خونچەی پێکەنین پەرش ئەکەن..



هەواڵنامەی کتێب



نوقڵی بیابان دەڕێژن..
های دەکێشن، هوی لێدەدەن:
ـ: شار بووە جێگای خۆمان!
جێژنی ئادەمی‌یانە، دێو بەگلەیین
دنیا، دنیای خۆمانە، دێو بەگلەیین
سپیەتی پاشایە، دێو بەگلەیین
ڕەشایی ڕوو سیایە، دێو بەگلەیین

*

فریشتەکان!
ئیتر ئەوا خۆر لەئاوابوون دایە
دەروازەی قەڵا داخراوە
بۆیە تازووە هەڵستن
سواری ئەسپی من ببن
دەگەینە شاری ئادەمیان، تەماشاکەن دەنگی دێ
قر قر پچرانی زنجیری، کۆیلەکان دێ
ئەدێ، زنجیری گران و ستوور، ئەڵقە بەئەڵقە، لابەلا
هەڵدەوەرێن لەدەست و پا.
ڕزیو لەباڵ یەکدی دەردێن
دێوو درنج بەدبەخت دەبن
سەر بەدارستان دا بکەن، دارستانێ بەدرکستان دەبینن
سەر بەبیاباندا بکەن، تراویلکەو شۆڕزارێ دەبینن..
لەباتی وەش لەشاری ئێمە (ئاخ نازانن فریشتەکان!)
دەرگای قوڵلان دەکرێنەوە، کۆیلەداران ریسوا دەبن
کۆیلەکان ئازاد دەبن، ئاوا دەبنەوە وێرانە
هەر کەسێ خەمێکی هەبێ
خەمەکەی لەبن گڵ دەنێ
حەسیر دەبن بەمافوور
دیلەکان ئازاد دەبن
دیل داخ لەدڵن





دەست بۆ داسەکانیان دەبەن
دەبنە لافاو: شڕ شڕ شڕ !
دەبنە ئاگر: گڕ گڕ گڕ!
لەدڵی شەودا کەناشیرنە
ئاگربازی چەند جوانە!
ئاگر! ئاگر!ـ چەند چاکە
ئێستا کەبانگی شێوانە
چی وا بەشەو
بەجۆشی گەرمی، نەماوە
های ڕاپەڕین
لەحەوزی زیوین دەرقوڵێن ...

*

نووکە کۆیلەکان وەستان، ڕووی چراکان وەربگێڕن
بکەونە بەرگیانی شەو، دڕ بەتاریکایی بدەن..
مامۆ زنجیران دەچنێ، بائەپوڕەی خەڵکی ڕێ دەن [1]
بیهێننە نێو مەیدان و
لەجێیێ هەڵپەڕێنن
بیکەن بەبایی یەك پوول
دەست لەنێو دەستی یەك بنێن
لەدەورەی یار بکەونە سەما...
«حامۆك مێروولەی هەیە، هەستن و دانیشن» لاسایی بکەنەوە. [2]
«سنوقۆکەو قفلیان هەیە، هەستن و دانیشن» لاسایی بکەنەوە.
فریشتەکان ئیتر بەسە های هایتان
گریان و واوایتان!
هیچیان نەگوت، بەکوڵ دەگریان فریشتە
بەوێنەی هەوری بەهاران، فرمێسکیان هەڵدەباران..

*

فریشتە خەت خەتیەکان [3]
ڕووت و قووت و پاپەتی‌یەکان



شەوانی چلەی بچووك
لەژێر کورسیدا قرچ قرچ
بریشکەمان دەقرتاندو بارانیش دای کردبوو
دەنگی لەسولاوکە دەهات
نەنە گیانیش هەقایەتی دەگێڕانەوە
قسەی پڕ لەنهێنی
چیرۆکی فریشتەی سەوزو فریشتەی زەرد..
چیرۆکی خاتوونی شای پەریان..
ئەوە ئێوەن فریشتەکان
هاتوونەتە دنیای ئێمەو
ئێستاکە تەماح گرتوونی، کەف و کوڵتانەو
کر کر بێ دەنگ خەم دەخۆن
کەدونیای ئێمە خاڵ خاڵیە، دەردو خەمی تێدا نییە؟



*

دونیای ئێمە چیرۆك و سەربردە نەبوو
پەیامێکی سەرمۆر نەبوو
هەر کێ بیەوێ بزانێ
دونیای ئێمە ئاشکرایە
دنیای ئێمە درکاوییە
بیابانی پڕن لەمار
هەر کەس کاری بەوی ترە
دڵی با خەبەر، ئاگادار..
دنیای ئێمە بزورگە
پڕ لەچەقەڵ و گورگە
دنیای ئێمە ـ هێ هێ هێ
ئەودیو ئاگر ـ لێ لێ لێ
ئاگرت دەوێ ـ لەبالا گرموڵە بووە
تاپاژنەی پێت دەستت لەخۆشتووە..
دنیای ئێمە ئەوەیە
بتانەوێ و نەتانەوێ هەر ئەوەیە!



باشە فریشتەی چیرۆکان
باڵدارە باڵ شکاوەکان!
ئاوتان نەبوو؟ دانتان نەبوو، چایی‌و نیزگلەتان نەبوو؟
کێ پێی گوتن کەبێن بۆ دنیای ئێمە، دونیای واوەیلای ئێمە..
کێ پێی وتن قەڵای چیرۆکتان وێڵ بکەن
کێشە بۆ خۆتان دروست کەن..
هیچیان نەگووت، بەکوڵ دەگریان فریشتە
وێنەی هەوری بەهاران، فرمێسکیان هەڵدەباران..

*

دەستم برد بۆ شانیان
یەکالایان بکەمەوە..

قیژاندیان، هاواریان کرد، جادووگەر بوون، بوون بەدووکەڵ
بەرزبوونەوە تاریك بوون، ژێرداگەران درەوشانەوە.. پیربوون،
بوون بەگریان، بوون بەرۆح، بەزەردەخەنە، بوون بەخان،
بەزیندانی، بەکەڵەشێری سەرکەندە، بوون بەمیوە،
بەدانی میوە، بوون بەهەناری سەربەستە، بەئومێد، بەیەئس
بوون بەئەستێرەی نەحس.

وەختێ دی‌یان ئەستێرە
کاری بەسەر منەوە نی‌یە:
دەبینم و حاشا دەکەم، تەماشای کەمەیان دەکەم
سەرسام و گێژو وڕ نابم، بەجادووگەر نابم بەبەرد
یەکێ بوو بەگۆزەی شەراب
یەکێکیش بوو بەدەریای ئاو
یەکیش بوو بەکێوێ برنگ و
چەقی‌یە ئاسمان..
شەرابەکەم هەڵقوراند..
کەوشەکانم توندکردن..
لەدەریام دا، تەڕبووم و
پەریمەوە.



هەواڵنامەی کتێب



رامْ کرد، رام کرد
گەیشتمە سەر شاخ
لەوبەری شاخ، سازو ئاوزیان لێدەدا:

«ترینگ ترینگ شادبووین..
لەدەست ستەم ئازاد بووین..
خۆرەخان تاوی هاوێت
فەردەی برنجی دەئاوێ کرد»

خۆرە خاتوون بفەرموو
لەو بەرزاییەیە وەرە خوارێ
ئێمە زوڵم و زۆرداریمان تێک شکاند
(ئازادی)مان کرد بەقیبلە.

لەو کاتەی خەڵکی ڕاپەڕین
ژیان بووە هی خۆمان
لەشادی بێزار نابین
**چیتر بەندەو دیل نابین**

بەرزو نزم بووینەوە
لەحەوزی زیوین کەوتین
سێوی ئاڵتونمان ڕنیو
بەماڵی خۆمان گەیشتین

سەرکەوتین دۆ بوو
چیرۆکی بێ ترس درۆ بوو
ژێردا گەڕاین، ماست بوو
چیرۆکمان ڕاست بوو

چیرۆکی ئێمە گەیشتە سەر
مێردە زمەش نەگەییەوە ماڵەکەی..
هەڵبەزین، دابەزین
زنجیرەکانمان هەمووی پێچایەوە..

---

(١) «مامۆ زنجیران دەچنێ»: کەسیەتێکی دوژمنانەیە
لەیاریەکی کۆنی منداڵان دا
(٢) «حەمۆمەک مێرولەی هەیە، ئەوە لەیاری نا
بەڵکو راستی جۆرە ئاگادار کردنەوەیەکی سادەڵە
کەلەنێو هاوتەمەندا باو بووە..
ئەوان دەستیان لەنێو دەستی یەکتر دەناو
دەستیان تێک دەگرت و حەلقەیەکیان دروست دەکرد
لەکاتی وەرچەرخاندا دەیانگوت: «حەسەموک مێرولەی هەیە»
ئەوانی تریش لەوەزەدا دەنگیان لە دەنگی دەدایەوەو
دەیانگوت: هەستن و دانیشن..
بۆ دێری دووەمیش هەر بەو جۆرە کە هەندێ
دەیانگوت «سندوقۆکەو قفڵیان هەیە»، ئەوانی دی
لێیان دەگێڕایەوە: «هەستن و دانیشن»..
ئەوەش وەکو وتمان ئاگادار کردنەوەیەکی پلەدلانەیە.
(٣) بەری یەخەتختی‌یەکان: راستی‌یەکەی ئەوە دەستەواژەیەک بوو کەکورە چکۆلەکەم لەکاتی نووسینی
ئەم شیعرەم دا دوو بارەی دەکردەوە، منیش یەکجار پەسندم کرد، کەئەو بەچەند خەتێک تەعبیری لێ دەکرد...
دوایش بەکارم هێنا.

تێبینی /

---

١) ئەم شیعرە لەئەسڵی فارسی‌یەوە کراوە بەکوردی
بۆ دەقی فارسی بروانە:
احمد شاملو ، هوای تازە (کۆمەڵە شیعرێکی هەڵبژاردە) لەبڵاکراوەکانی (نیل)، تاران، چاپی
پێنجەم /(١٣٥٥) ی‌کۆچی‌هەتاوی لاپەرە (١٧٢ ـ ١٨٢).
٢) شاملو شیعرەکەی پێشکەشی (فاطی البطحی) کردووە.
وەرگێر

# راز

## «ج سرڕێکت لەدڵدا هەشارداوە بەپەنهانی». هەردی .

عەبدوڵلا سەڕاج

لەبنارەوە، بڕوانیتە سەر کلاوەی قەندیل، دیمەنێکی دڵدوێن وسامناکە. یەك.. دوو. ئەکشن. چوویتـە ناو چوارچێوەی کەڤاڵەکەوە. بێگومان، هیچ ژاکانی بێزاریەك نەلکابووە ڕووخسارت، کەبەو ڕەوەزە سەختەدا هەڵدەکشایو هەڵدەکشای. جووتە سکڵ دیدەت، بەو دوندە سەرکەشەوە هەڵواسرابوون. هەنگاو بەهەنگاو، لەبەر ڕکێی هەورازەکە، کەشکەژنۆکانت لەئاستی ناوکت بڵندتر دەبوونەوە. دەرونت بەکڵپەبوو، چۆن لەهەرەتی لاویتدا، بۆن و بەرامەی زەویی پاش باران، یان بەیاری سك هەڵدراوی دەمی گاسن، گیانتی دەبوژاندەوە. ئەمێستا، دڵی جەنگەڵە چڕەکەی ئەم مەزنە چیایە ڕاتدەکێشێو بازێکی چیایی، نزم دەفڕێو سێبەرەکەی، سەرت پێ هەڵدەبڕێ. ڕەنگی خۆڵەکـەوەی گرتـوو لاپـەڕەی ئاسمان. بازەکەش، پەڕی قاوەییو دەنووك زەردە. تۆ بەهاوڕێو هاوڕازی خۆتی دەزانی. خۆ سەرەڕای هەناسە سوار بوونت، خۆشت نازانی بۆوەك ئەوەی لەخەوڕدا بڕۆی، پشوویەك.. وچانێك نادەی! هەر بەلەز هەنگاو هەڵدەنێیو.. هەورازو هەورازتر دەنواڕی! ئەمـە بەهـارە کۆچتـە بۆ دیـدەنیی هەڵەمووت ورنووە گەردن کەشەکان، بۆ ئەوەی بەشێنەیی، بەخەریتەی مێشکتدا بچیتەوە. بەئارامی، هزرو ئاوەزت بەر بێژنگ بدەیت. بەسرەوتەوە، هۆشت گەلاڵە بکـەیت. ئەوەتـا، لەنـاختـدا، ڕازێکت پەنهان داوە؛ کەچی بەبیانووی ڕاوە کەو، لەکۆچە شپرزەکە دابڕڕای.

«هـەستم پێم دەڵێ: مرۆی پاکـژی ناو ئاژاوەو ئاڵۆزیی ئەم جیهـانـە، نامـۆیەکی بێ سەنگەرو مەتەرێزە! پەراوێکی هەڵدراوەی بەر ڕەشەبایە. بۆیە خۆ پاراستنی لەچنگی ئەمیبای هەلپەرست ونێزەی سیخوڕان، زۆر دژوارە مەگەر کەسێك گرەوەکە بباتەوە، کەڕشت و پێداگرو سەرسەخت بێ، وەکو گابەردی ئەم قەندیلە. مەگەر ئەوسا لێشاوی پڕ قەوزەو ژەنگ وکەڕوو ڕاینەماڵێ.»

ئاگاداری، کەبازنەی حدس وئاگایی خەستی میتافیزیکانە، نەك مەنتق و بۆ چوونی ماتماتیکانە، دەتوانێ واقعە شلۆق ولێك ترازاوەکەمان، لەباوەش بگرێ. ئەوا ئەو ڕازە پیرۆزە، پتر هەراسانی کردوویت وهەنگاوی گورج وهەموارت پێدەسپێرێ. ئەو ڕازەت، بەسانایی بۆ گوزارشت ناکرێ؛



چونکـە لەگەڵ ئاشکرا کردندا، دەسبەجێ بینابیت کوێر دەبێ! ئەگەر بۆ خۆشت گلدایەوە، ئەوا تەندوور ئاسایی، لەناوەوە دەتبرژێنێ! ئای، لەچ ئەزموون وتەلیسمێك دای! تۆ لەمێژە، بڕیاری خۆت داوە. بێدەنگی ئەو گوزەرەی لەئامێز گرتووە، یان شوێنەکە خۆی پەستاوەتە کۆشی کپی‌یەوە! تۆ ئاوڕێـك.. دووان دەدەیتـەوە. چاوی ناخت وا ڕوو بەڕووی دەریاچەکەی دوکانە. لەچەشنی ئاوێنـەیـەکی جیوەی دەبینی. زەردەی ئێوارەکە، لەناو ئاوێنەکەدا، قژی زێڕینی شانە دەکات. ئەوەتـانێ، خۆڵەمێشی ئاسمـان و زیـوی دەریـاچـەکـە لەچـاوتـدا، ژووانیـان گرتووە. زیو... دووکەڵ...خۆڵەمێش، سەمفۆنیایەکی چاویت بۆ دەسازێنن. کەمێکی دیکە دەرۆی‌و درزی نێوان دوو دار دەکەیتە ڕووانگە. شوێنەواری گوندێکی خاپوور، لەتۆڕی چاوت دەناڵوسکێ، کەبەپڵنگێکی دەچوێنی بەو باڵەدا هەڵبگژێ. لەسێ لایەکەی ئەو وێرانە دێیەدا درەختی بەژن‌زراف، سێ چێوەی پەرژینێکی هەتیوی بۆ دەکێشن. بڕێ پەڵە هەوری لۆکەیی بەرەوە ئەسپی کێوی دەچن. زەردە ی ئێوارەکە، بەزەردێنەی هێگ دەچوێنێ، کەوایکت جاران لەناو چینی‌یەکی لاجیوەردیدا بوتی دادەنا. دوایین نیگا لەکەژاوەی خۆراوا دەگری.

«ئاسۆ، پۆپەشمینێکی ڕەنگاو ڕەنگی ناو ڕەشماڵی ڕەوەندانە. خۆر چاوە پشکۆیە، وەك ناخم گڕی گرتووە. داوێنەکەی، زەردێکی لاوازو ئیسقادارە! نیو بازنەی زێڕین... ئاسمان خمی هەڵبزرکاوە.. پەڵەی پرتەقاڵی‌و گوڵگوون... دەزوولەی زیوین... ڕەشبەڵەکە.. زەماوەندی ڕەنگە.»

چاو لەخولی خۆتدا دەگێڕی.

«ئای! ئەم گشت سەوزایی‌یە، چ دیوارێکی تەڵخ وخنکاوە لەم ڕەشە شەوەدا!!»

زەردەپەرەکە، زوو گەیشتە بەر پێت. ڕەنگی بەردو گەڵاو خاکی تاساند. تۆ پتر هەڵەت دەبەیت. هەڵدەشاخێی‌و ڕەنگە خنکاوەکان دەشێلی. دەتەوێ لەئاڵۆزی‌و ژاوە ژاوی شارو شارۆچکان دوور بی. نیازت وایە، دیدەت بەو بنجە ڕووەکە شاد بێ، کەورشە دەداتەوە..

«هەروەکو سەرتاشەکەی ئەسکەندەری شاخدار، چۆن ڕازی پەنگاوەی دەروونی، بەگوێی قامیش و ئەیستاندا چرپاند، منیش لێرەدا، نهێنی ورازەکەم ئاشکرا کرد.»

سروشت وا خەریکـە کەڤـاڵە شەوانەکەی دەکێشێ. هێڵی دەرەوەی دارو دەوەن، وەکو تۆ، نوقمی ئۆقیانوسی تاریکی دەبن. دەست بۆ شەمچەکەی بەرکت دەبەیت وگڕ لەهەناوی ئەو تاریکستانە بەر دەدەیت. بۆ چەند چرکەیەك، ئەو پانتایی‌یە بەچاو دەبێژی، کۆڵەکەت دەخەیت، ناوەوەت کوانگی سکـڵی گەشـاوەی ئازاری حاجی‌و نالین و...گـوشار دەخەنە سەر گیانـە لانەوازەکەت. دەتەوێ شەمچـەیـەکی دیکە داگیرسێنی؛ وەڵێ خۆشت نازانی بۆ پەنجەکانت خاو دەبنەوە، ئەوسا وەکو دێوانەیەکی حاڵ گرتوو، گوێت بۆ ترپەی دڵی ئەو دارستانە میهرەبانە شل کردەوە.

«بۆ ئەوەی مرۆ نرخی خۆی ورێزی ژیانی بزانێ، دەبێ ناوبەناو، خۆی بهاوێتە پاکیزە کۆشی سروشتەوە»

هەستـە شمولی‌یەکەت، تێکەڵ بەیاسای سروشتت دەکاو هەندە نامێنێ، کە بەرماڵی کات بۆ ئەو شوێنە ڕاخەیت و...نوێژی سۆفیگەرانەت دابەستی.

تۆ کێوو کەژو جەنگەڵی ئەم دونیایە، بە نیشتمانی خۆت دەزانی.

« بۆنی نەرم وبوخچەی نەکراوەی ئەم لێرەوارە، لووت وەمەلاشووم دەتاخنن. وردە خشپەو سرتەی خشـوك، دەگـەڵ نەرمـە لەرەی پەلکی داران، بەو پەڕی مەزنیو نهێنییـەوە، گوێم دەسمن. هەستەکانم تژی دەکەن ودەبمە زەردەشتێکی ڕاماو و..کێشم نامێنێ.»

رادەمێنیو لەبـارێکی نائـاسـایی دای. چاوەکـانت نووقـاون. سەرانسەری بارو دۆخی هەژان وکۆچەکە،، لەچرکەیەکدا دەبینی. سەرسام دەبی، ڕێژگەی بەر چاوت ڕوونە! دوورایی دەبینی. بەرینـایی دەبینیلەدوورایی هەنگـاوێکـدا، ڕۆشنایییەکـی حەپەسێنەر چاوت پێ هەڵدەگلۆفێ! نەبادا فریوت خوارد بێو وچەند گولەستێرەیەك بن! بەلام چۆن دڵنیای، کەمیرزات ناوە، ئاوهاش دڵنیای لەوەیکەخۆت وڕووەکەکە وان لەڕوو بەڕووی یەکتری!

سەرنجێکی فرۆسماوی وکاریگەر لەچەقی ئەو ڕووەکەدا دەخولێنیتەوە.

«ئەوەتا، تیشك دەپژێنێ وڕۆشناییەکی بازنەیی بەنیگام دەبەخشێ! نا، خەون نابینم ، هەر چەندەش شاکارەکانی مرۆڤایەتی لەخەونە سەوزەکانەوە، چرۆیان داوە.»

گەشکە دەتگرێ. تەزوویەکی گوشادی بەجەستەتدا دەگەڕێ.

«ڕووەکە پیرۆزەکە، تۆ دڵی ئەم قەندیلەی. دڵی ئێمەی.»

پێشتـر دەتـزانی لەژێـر دەریـاکاندا، زیندەوەرو درەختی تیشکدەر هەن، تەنانەت جڵەو ماسی ودەعبـاش، لەپێستیـانـدا فسفـۆرو تەوژمی کارەبا بەبەرهەم دێنن، بۆیە بەبێ چاو گوازتنەوە، هەستایت، چوویتە پێشەوە. وردە چەوو چیلکەت هەڵچنیو چێوەی بازنە ڕووناکەکەت دیارکرد. گەڕایتەوە. گومانت نەما، گەهەمان ڕووەکە بۆیعەودالْ بوویو لای کەس نەترکاندووە. بازنەکە لەناو گۆمی تاریکیدا مەلە دەکا. ڕووناکیو تاریکی، بەدوو جمکانەی ناتەبایان دەزانی هەروەکو نامەیەکی ئەڤین لەتەك پسوولەی ڕەمەکیی ئاووکارەباوە نوستبێ، ئێستا بیرت هی خۆتە. لەشەوێکی ساماڵدا «خانی» لەخەونتدا، هەنگوینی وشەکانی تکاندە ناو گوێتەوە.

«کەسەك وی گیای دبینت، ئەگەر جوت مارێن ئاشقەو ماشقە لەچاڤێن بەدکاران ڤەشار تبیت.»

بو ئەڵهاتنەوەبوو، لەرێکەوتێکدا، شاو شاژنی ماران، لەگەرمەی تێك ئاڵان وسێکسدابن، تۆش پڕ بدەیتە چار شێوەکەی دایکت وبۆیانی بکەیتە پەرژین. ئەم بەهارە، ئاواتت هاتەدی. بەئاسپایی دایانت پۆشی. ئەوەتا لەهەناوی ئەم چیایەدا گیرسایتەوە. ئەوەش بازنەکەیە.

«بـیر لەبـرنەو گەردوون دەکەمەوە. ئەم گشت کۆستارانە لەتەوەری خۆیاندا دەسوورێنەوە! وەرزەکان دێن ودەچن! شەوو ڕۆژ لەدایك دەبن! ئایا وەك ملوانکەیە، بەداوێکە هەڵکێشرابن! یان هەر وەرزێك، هەر ڕۆژێك بچرە لەوانەی پێشووی!؟»

پرسیارێکەو لەخۆتی دەکەیت. هەست بەبرسێتی دەکەیت.

«برسی پەنجە بەچاوی ترسدا دەکات»

جارێکیتر، چاوی خەواڵوو لەبازنە ڕۆشنەکە دەگری. دەتەوێ پێڵووت لێکنێیو ڕووەکەکە پاسی نوستنـەکـەت بکـات، بەلاّم وەنەوز نادەی، چوار مەشقی، وەکو (بوودا) دادەنیشی. بیر لەسەدان وهەزاران مەرگی ڕەوەکە دەکەیتەوە «ملیان لار دەبوو‌و هێرۆشیمای چاوو دەمیان دادەچەقاند! تێکەڵ بوونە ئەزەلییەکە، دەبوو پەیکەری سەرماو هەست، ئێش وخاك، تەم وەمەرگ.»

گوڵئەستێرەیەك دەبێتە میوانی ناو لەپت! تۆ سەرنجی ی هەناسە ژیلەمۆیی یەکەی دەدەی. ئەویش هێدی هێدی هەڵدەکشێ وختووکە بەلەش وگیانت دەدا.
لەوێوە، هەڵدەفرێ ولەسەر گۆنات ئارام دەگرێ! تۆ پتر تیشکی هەناسە دانەکەی تێکەڵ بەسۆمای چاوت دەکەی. هەناسەت بەگوێرەی هەناسەی ئەو رێك دەخەیت.
«خۆم بەگوڵئەستێرە دەزانم»
بریارت داوە، پاش کۆچە زۆرە ملێکە، رووەکە تیشك پژێنەکەت بکەیتە مەشخەڵ. ئەوا مێشکت لەکار دایەو.. ئاگاییت خەوەکەتی تاراندووە.
«دەمیانویست لەچەقی خۆمدا، بێ هوودە بسوڕێمەوە! گوتم:
ئێمە قەرداری ئەم خاکەین. منداڵ چۆن دەتوانێ پاداشت وقەرەبووی گۆی مەمکی دایکی بداتەوە! چۆن!!»
زەوی ژیانە. مرۆڤایەتی ی بنیادەم بەخاکەوەیە. ئەوەتانێ، لەتەنیایی ئەم مەڵبەندەدا، خۆت بەتەنیا نازانی و"جێکات" باوەشی بۆت کردۆتەوە. سەرەتاو کۆتاکان پێکەوە گرێ دەدەی: شەوو رۆژ، ئێرەو ئەوێ، ئەوان وتۆ، کۆڵدان وتێکۆشان.
«لەناو مێشەڵاکمدا، وێنەی مارێك هەیە کلکی خۆی دەمژێ!»
ناتەوێ کاتی ئاسۆیی بەسەر بەریت. تۆ شەیدای کاتە نوێو بازنەیی یەکانی. دەتەوێ وەرزە زێرینەکان دەسگیر بکەیت. هەر بۆ ئەم نیازەش، لەداوێنی هەڵکشانەکەدا، کاتژمێرەکەت بەخشی یە بەناسێك.
«کاتژمێری هۆشم...رێنماییم دەکات.»
چیات بەکەشتی نوح زانی، ئەوەی بەجێما، خۆراکی نامێنێ. ئەوەی خۆراکی نەما، دەمرێ. دەیمرێنن. سۆزو بەزەیی دانسقەو دەگمەنن. کاتە هارو بزرکاوەکەت وەکو رەشەباو لافاو هاتە پێش چاو، کەپیشەیان ماشینەوەو ڕاماڵینە. ئەو دەمە، تۆ هەست و خوستت ئەوەندە خەست و خوڵ بوو، هەناسەی زەویت دەژنەفت. چیە دووی گەڵاو ئاوت دەبیست. تەنانەت، ترپەی دڵی سیمۆرە چاو زیتەکانی "سەر چڵەکانیش، گیانێکی نوێیان پێدەبەخشیت. تۆ زاڵ بووی بەسەرپێشی فیزیکی لەشتدا. تۆ لەسەرووی کاتە مێژوویی یەکەوە بووی. مەرگی رۆحی لەتۆوە دوور بوو.
«ئای! ئەو راچەنین ورەوە بەهاری یە، چ تەقسێکی هەمە لایەن بوو! نووندمان و.. خۆمان ئەکتەر بووین و.. خۆمان دەرهێنەرو کۆمبارس!! هەمان تەقس و نوێژە بارانە، هاوارو لاڵانەوەمانی گەیاندە هەندەران.»
گرمە گرمی تۆپە دوورهاوێژەکان، دەسرێژی هەلیکۆپتەر وەکو دەیان تەپڵ پێست رەشەکان، جۆرەها غەریزەی زگماکی یان دەراند. دەیان بوونە خەڵوز. سەدانیش وەکو گەڵای خەزەڵوەر، لەو کێڵگانەدا، دەکەوتن. هاوەن ورۆکێت درەوی دەکرد. خێزانان لەیەکدی دابڕران. مێرد ژنی خۆی وون کرد. دایك سەرگەردان بەدوای کورو کچانی. تۆ ئەو دەمە، بیرت لەبەهەشت دەکردەوە.
«لەوەتی ئادەم لەبەهەشتی دڵارادا ترۆ کراوە، نەوە لەپاش نەوە، بۆ یەکسانیی باڵا، بۆ کامەرانیی باڵا، بۆ ئاسایشی باڵا، ویڵ وسەرگەردانن. کەنائومێد دەبن، دڵەراوکەو ژانی سەدە دەیانگرێ.

ڕاستی‌یەکەی، دەمێکە لەعاست ئەو ووشە بالآیانە، باوەڕم لەق بووە. پێم نالێن، لەچ سەردەم وشوێنێکدا، ئەو قەقنەس و سەمەندەرو تەیری عەنقایە نیشتوونەتەوە؟ تەنانەت لەبارەگای زیوسیشدا نین.»
لەووشەی زارو قاموس بترازێ، تەنیا هێمان و.. هەزاران ساڵە لکاون بەتەمەنمانەوە. سەربەستیو ئاشتیو کامەرانیو ڕاستی، ئەگەر گیانلەبەر بوونایە، ئەوا سەری ئەوازشیان بۆ گەدەیەکی برسی دادەنەواند، کڕنووشیان بۆ دایکێکی بێ شیر دەبرد.
«ئادەمیزاد، کەتێربوو، پتر چێژی لەئاستی هونەرو جوانی‌دا دەپشکوێ»
تۆ لەچوار ڕێیانی «ئەحمەداغا»ی باوە گوڕ گوڕدا، لەکاتی گوللە باران کردنی لاوە چواردە ساڵی‌یەکەدا، جوانیت هەڵدەمژی! چاوت بەرینتری دەبینیو گوێت زۆرتری دەبیست. ژمارەی هەستەکانت لەپێنجە ئاسایی‌یەکان تێپەڕیبوون. سووکە دیوارێکیان بۆ بەرزکردەوە. هەردوو مەچەکیان پێوە شەتەك دا. چاوو دەمیان بەپلاستەری برین داخست و... شەش کوڵەبنەی ڕەشتاڵە، گوللە بارانیان کرد.
«ئاخ... سیپەلاکم هاتە ژان و چەمامەوە.»
پێڵاوە ئەدیدایسە سەوزو زەردو شینەکەی، دارماڵ بوو لەخوێنە ئارگۆنەکەی. پێڵاوەکانی «ڤانکوخ»ت وەبیر هات و ئاواتت خواست بۆ هونەرمەندێکی کارامەو بەجەرگ، کەئەو پێڵاوە بێ نازانەی بکردایەتە ناوەڕۆکی کەڤاڵێك. کەس دڵی نەهات لایان بەرێ، هەتا بەرگ کەسکێکی سمێڵ شۆڕ، فەرمانی بەگەسکدەرێ دا بۆ ئەوەی بیانهاوێتە ناو زبڵبەری شارەوانی‌یەوە. هەرگیز لەیادت ناچێ، ئەو لاوە پڕ باوەڕە، نەگریاو نەئازارێك بەسیمایەوە دەرکەوت، بەڵکو دارگوێز بوو ئەو دڵسەنگانەی دەتۆقاند.
«خەوم زڕاوە. پاتاڵ بەر زۆر بوونە! نەبادا ڕووەکە پیرۆزەکەم، لەمەرزەوە ئاودیو بکەنەوە. ئاخەوم. لەگەڵ گزنگدا، بەختەوەرانە دەییەم بەدیاری بۆ ئەوانەی چاوەڕێن»
چاك دەزانی، ئەو دیاری‌یەت، دڵی قەندیلەو دەیکەیت بەمەشخەڵ، بۆ ئەوەی ئیدی مەسیح لەخاچ نەدرێتەوە.

★ ★ ★

ئابی نەودو یەك
١٩٩١

**تێبینی**

---

ئەمە بەشی یەکەمە لەسێیینەی چیرۆکێکی درێژ یان پرۆژەی ڕۆمانێك.

# شەوێکی ئاسۆیی

## شانۆگەرێیکی پەردەیی

جەلال بەرزنجی



سەرما کورژەی بەهەموو شتێك کردبوو، چیلە بەردی نیوە ڕوخاو، قوّمەتەداری تێك چوو، شوێز ئاگردانی کۆن، سەرما ئەوانیشی هێین کردبوو. دوو تارمایی هەریەك لەگۆرێکی نیوە لێدراو قووره قووری سەگێك رایپەراندن..

ت (١)/ رەنگە لەگەڵ خۆرئاوا بگات...

ت (٢)/ کێ؟...

ت (١)/ سەگەکە...

ت (٢)/ وادیارە جاری یەکەمی نەبێت. بۆیە بێئەوەی سەری بەرزکاتەوە ملی تووله رێیەکەی گرتووه...

ت (١)/ ئاگاداری رەمزی ئەنێشەیەکان بە...

ت (٢)/ حەز دەکەم رەهایەت دوورم بات...

ت (١)/ بۆ نارۆیت

ت[٢]/ ئەی خاو بوونەوەو تەمەڵی...

ت[١]/ نەمزانی پێی رازی نیت...

ت[٢]/ دیسان قووڕاندی...

ت[١]/ وچان نادات...

ت[٢]/ بۆ؟...

ت[١]/ برسیەتی...

ت[٢]/ تێربوونی زگ هەموو شتێك نییە...

ت[١]/ گیاندارەكان تەمەنیان لەئێمە كورترە...

ت[٢]/ شتـەكانی ئەم دیو هەست پێكردنیش دەبینن ،مشك پێشك ڕوودانی بوومە لەرزە.. كونەكەی خۆی جێدێڵێ...

ت[١]/ بەمەرگ دەلووڕێنێ...

ت[٢]/ پێلاوەكەت سەرو ژێركە...

ت[١]/ توانام نییە دای كەنم...

ت[٢]/ چەندەت پێ خۆشە باسی گیانداران بكەیت...

ت[١]/ منیش هاتوومەتە ئاستی تۆ...

ت[٢]/ مەبەستت شتە شەبەنگیەكانە

ت[١]/ من...

ت[٢]/ ڕەنگە بۆنی كەلاكی كردبێت...

ت[١]/ ئەی نەمان گووت برسیەتی هەموو شتێك نییە...

ت[٢]/ مەبەستم ئەو دالەبوو وا بەئاسماندا دەقیڕێنێ...

ت[١]/ گووێت لێیەتی...

ت[٢]/ دەبێ چاوەڕوانی شەو نەكات...

ت[١]/ لەم ڕەوەزەی ئەم دیوو هێسترەكە خۆی هەڵدێراند...

ت[٢]/ كەرە كێویم بیستبوو ..بەڵام مریشكەكانیش كێوی بوونەوە...

ت[١]/ ڕاستگۆیت...

ت[٢]/ نائومێددیت...

ت[١]/ تەماویە گەردوونیش وەك تۆ مەبەستە وا ناسووڕێتەوە

ت[٢]/ مرۆڤ لەم گێژنە ڕاهاتووە...

ت[١]/ دیسان قووڕاندی...

ت[٢]/ مەرگێكی مەزنی بەدواوەیە...

سووراتیەکەش لەهی سروشت نەدەچوو. هەستت بەخوێنێکی سەرەتایی دەکرد. (سەیرە سروشت بەم تواناو بەها مەزنەی‌و دوای ئەو هەموو بەفرو باو زریان و.. نەیتوانیوە سوورایەتی ئەم ملە شاخە بسڕێتەوە...)

ت[٢]/ ئەم یەکەم خوێنی ڕژاوی شەڕی نێوان قابیل وهابیلە...

ت[١]/ قەت نەمدیوە گورگێك گورگێك ئازار بدات...

ت[٢]/ ئەوان خۆ بەخۆی چاکترن...

ت[١]/ کەواتە هزر دەوری لای ئێمە چی‌یە.. ئەم هەموو لافاو گەزافی پێشکەوتن و شارستانی بۆ.. خۆ چەند لەخودی خۆمان دوور دەکەینەوە بۆ شتە دەرەکیەکان ئەوەندە دژ بەخۆمان دەوەستینەوە...

ت[٢]/ ئەم گیایەی ئەو ڕەوەزە بۆ وا فسفۆریە...

ت[١]/ با دوورتر نەڕۆین...

ت[٢]/ سنوورت بۆ بیرو هۆشم دانا بۆ خەیاڵت پێ دانانرێ...

ت[١]/ چ چێژێك لەم ورێنانە دەکەیت...

ت[٢]/ حەزم لەشتە ئاوابووەکانە.

ت[١]/ وات کرد چیتر بەفرمانەکانم هەڵنەستم...

ت[٢]/ ئالۆز کاوم و دەمەوێ ئەم لەغمە ئەتۆمیە لەژێر زەوی دەربهێنم...

ت[١]/ شەڕەکە بێ سەرکەوتوو دەبێت.. هەموو مرۆڤایەتی دەدۆڕێنن...

ت[٢]/ لەغمەلە لەدڵمانەوە نزیك ترە لێمان...

ت[١]/ نەمگووت ئەو کاتەی لەسێبەری دار توومەکەو نزیك گا جووتەکەی هەستی تیژتربوو...

ت[٢]/ هەروا لەخۆمان نزیك دەکەوینەوە ..

ت[١]/ تازە ناگەینەوە خۆمان...

ت[٢]/ ئاسنەو نیگەرانم...

ت[١]/ قوورەی هاتەوە...

ت[٢]/ حەزم لەشتە ئاوەبووەکانە...

ت[١]/ خوات لەگەڵ...

ت[٢]/ قوورەکە سپی‌یە...

ت[١]/ پێڵاو ناگرێ...

ت[١]/ کوا مەرگی وا مەزن؟...
ت[٢]/ ئەم بایە راستەوخۆ دەنگی دەگەیەنێتە گوێم...
ت[١]/ مرۆڤ لەم گێژنە راهاتووە، دەمارەکانی ساردبوونەتەوە...
ت[٢]/ دیسان قووراندی...
ت[١]/ پەیوەندی بەدەرەوە نییە...
ت[٢]/ گومان دەکەم...
ت[١]/ تارمایەکان نزیکیان بردیەوە...
ت[٢]/ ئاسوودە بە...
ت[١]/ جەستەشم...
ت[٢]/ بەڵێ...
ت[١]/ قووراندیەوە...
ت[٢]/ دەبێ ڕێگەی لێ نەشێوابێت...
ت[١]/ ئەوەندە خۆت مەدەرە دەست هەست...
ت[٢]/ دەبا ئەویش هەندێك فەرمان ڕەوای خود بێت...
ت[١]/ ئای ناخی نائومێدی...
ت[١]/ ڕەهاتون لە بێزاریم...
ت[١]/ زاڵ بوون بەسەر ئارەزووەکانی جەستە، یاگیان یا بەرامبەر بوونیان هەر ئەوەندە نیم...
ت[٢]/ پێم خۆشە...
ت[١]/ لەدوا ماڵی خۆتی وخۆشی کە...
ت[٢]/ لەکۆتایشم نەبم بەخاوەن ماڵی جەستەمم...
ت[١]/ شێوەی رامانت بگۆڕە...
ت[٢]/ لەخۆم...
ت[١]/ لەمنیش ....
ت[٢]/ کۆتای ئازارەکانمە...
ت[١]/ لەوەبیر هاتنەوە...
ت[٢]/ لەئایندەیش...

هەوری سەروو سپی داهات و ناوچەکە ساردتر داهات، ڕەوە داڵێك تێپەڕین بابوێنێکی گرانی هێنا، لەخوارەوە ملە شاخێك سوور دەچووەوە

ت(١)/ لەگەلما توونـد مەبە...
ت(١)/ سەرمامەو لەبەر ئاو ناتوانم دەنیشم...
ت(٢)/ جارێك لەبەر ئاو ناتوانین جارێك لەبەر تەسكی دیوار ناتوانین قاچ درێژكەین...
ت(١)/ تینومەو سەرمامە...
ت(٢)/ خەون بوو وای لێكردی...
ت(١)/ زەمانێكە خەون نابینم...
ت(٢)/ ئارەقەت كردووە...
ت(١)/ نەخۆشم...
ت(٢)/ ناخم لەسەرمان دەلەرزێو دەستیشم لەگەرمان دەسووتێ...
ت(١)/ بخەوە بەڵكو لەشت دەچێتەوە بار یەك...
ت(٢)/ خەون نەبووایە چیمان دەكرد...
ت(١)/ ئەویش تەواو دەبێت...
ت(٢)/ نائومێد ترم مەكەو باچێژ لەساتەكان وەرگرم...
نامـەوێ بیر لەرابردوو ئایندەو ئێستایش بكەمەوە هەر سێكیان لەچاو تروكانێكدا بەبەر چاو رەت دەبن...
ت(١)/ خاكم بەسەر...
ت(٢)/ پەلەت نەبێ...
ت(١)/ هاورێیەكی چاكی سەفری...
ت(٢)/ تا دووریان...
ت(١)/ پەلەمە...
ت(٢)/ هەموومان هاورێی یەك سەفەرین و جەنگاوەری هەزاران لەشكری دژ بەیەكین...
ت(١)/ خەون دەمانگێرێتەوە...
ت(٢)/ خەوی لێ كەوت (ئای هونەری خەوتن)...
خەون تارمایی دووەمی بردەوە ناوخۆی خۆی لەسەرچینچكان ویكتر هێنایەوە. هەردوو دەستی بردەوە ناوخـۆی سەری خستە سەرچۆكی.. پاش ساتێك بێدار بووەوە./ هاواری كرد زیندە خەون بوو، لەتاریكیدا هۆش نامێنێ، سنوور نامێنێ ئای تاریكی چەند كاریگەری... ئای كوا بەختیاریەكە بۆ كوێ چوو...
كوا بە ر... ئای چەند خۆش بوو.. چەندە گەش بین بووم

کوا.. بۆ کوێ چوو... ئا ئەوەتا دیسان نائومێدیەکە هاتەوە...

ت[(١)]/ قوورەی هاتەوە...

ت[(٢)]/ لەترۆپکی گردەکە نزیک بوویتەوە...

ت[(١)]/ هەست دەکەم پەیوەندیەکەی بەمرۆڤەوە بێت...

ت[(٢)]/ بگەیشتبایە نهێنیەکەی ئاشکرا دەبوو...

ت[(١)]/ ئەها خۆر لەکەلین ئەم پارچە هەورانە دەرکەوت...

ت[(٢)]/ لەملی سوور شاخەکەش دەدات...

ت[(١)]/ دیاردەکان دەڵێی تووشی زەرتك بووبین...

ت[(٢)]/ لەم بەر هەورە تریشقەو بروسکەیە...

ت[(١)]/ ئەها لەدار بەرووی سەر ئەم گۆرستانە جێماوەیدا...

ت[(٢)]/ تەنیا تری کردن...

ت[(١)]/ هەموویان تەنیا بوون...

ت[(٢)]/ بەگەرم گووری سووتا...

ت[(١)]/ بەخیلی پێ دەبەیت...

ت[(٢)]/ دەنگی ئاوی رووبارەکە زیادی کرد... دەنگی قوورەی سەگەکە کەمتر دێ...

ت[(١)]/ هەستت ئاوەژوو بۆتەوە لەبارێکی دەروونی تردا دەژیت...

ت[(٢)]/ هەر ئەوەندەم لەئاو وەبیر ماوە بۆ دواجار دەمشوا...

ت[(١)]/ بەرامانم دەزانم لەکوێ تەنکاوە...

ت[(٢)]/ پێویستمان بەپەرینەوە نییە...

ت[(١)]/ لەگەڵ خۆرئاوا دەگات...

ت[(٢)]/ ئارەزووی خۆیەتی...

ت[(١)]/ دیارە کارەکەی لەتاریکیدا نەبێت ئەنجام نادرێت...

ت[(٢)]/ هەست دەکەم نێوانمان لەدووریان نابینرێ...

ت[(١)]/ دەڵێی زاڵ بەویت بەسەر هۆشدا...

ت[(٢)]/ بۆ کوێ؟...

ت[(١)]/ بۆ مەودای شەشەمین...

ت[(٢)]/ لەسێیەمەوە بۆ شەشەم...

ت[(١)]/ نەمانی گووت خەون و خەیاڵ زۆر شت دەگۆرێ...

(خۆر دەمێك بوو لەکەلێن هەورەکان ون بوو بوو.. ناوچەکە تاریك داهات دەنگی



هەواڵنامەی کتێب

کەلەشـــێرێکی کێوی نەت دەزانی لەکوێوە دێ... لەناو تەمەی دۆڵەکەش دەنگێك دەیگووت: هۆ! دارکەرمەکەی بای هەڵگرتنی تەرمی خۆت بەسە! ئەی گەردوونی ژێر زبرو ئەتۆم.. خەڵەتێنەر.. قاچەکانم لەمەودای دووەم و سێیەمدا چەقیون)

ت[٢]/ قووراندیەوە...

ت[١]/ نەفرەت لەچۆڵەوانیدا جارجەر لەگردێك ئاوە دەبوویت ئاواییەك بوو/ نەفرەت لەتەنیای ناو سروشت...

ت[٢]/ نەفرەت لەجەنجاڵی شەقامەکان...

ت[١]/ بۆ هەندێك حالات خۆشە...

ت[١]/ بەپێچەوانە من لەو شوێنانەیش نامۆم...

ت[٢]/ نامۆیی پەیوەندی بەچۆڵی و قەلەبالغی نییە...

ت[١]/ هەندێك ئاگاداری خەیاڵت بە...

ت[٢]/ ناتوانم وەك ساکاری شوانێك بژیم، لەهەردوو شوێندا نیگەرانم...

ت[١]/ سەگەکەت لێ دیارە؟...

ت[٢]/ خۆرسکیەت زۆرجار گەمژەیەتی لەگەڵ دایە...

ت[١]/ حەزت لەسیغار نیە...

ت[٢]/ خوێنم بۆی دەسووتێ...

ت[١]/ پەڵکە چرۆی و شکیش نییە بیپێچینەوە...

ت[٢]/ قەت چوویتە توتنان...

ت[١]/ بەڵێ لەگەڵ کچانی دێ و لەبەر مانگە شەو توتنمان لەشیش داوە...

ت[٢]/ لەشوێنەکەو زەمانەکە دوور کەوتینەوە...

ت[١]/ سەگەکە دەنگی برا...

ت[٢]/ ئەوتا نزیك بووەوە...

ت[١]/ لەسەگێکی بەرەڵلای کۆن ناچێ...

ت[٢]/ کێوی بوویتەوە...

ت[١]/ ئارامت بێ...

ت[٢]/ ئەها ئەو داری بروسکە سووتاندی پاشماوەکە بۆتە پشکۆ...

ت[١]/ ئای رەهای سەرما...

ت[٢]/ باکەمێك لەدەرەوەی کات بین...

ت[١]/ ووتی پێش نیوەڕۆ کەلەشێر دەقووقێنێ...

ت[٢]/ بابگەڕێنەوە...

ت[١]/ بۆ کوێ...
ت[٢]/ بۆ پێشەوە...
ت[١]/ لێرەوە پێخەف نزیکە...
ت[٢]/ کوا سەگەکە تەواو ون بوو...
ت[١]/ دەترسم بوونی ئێمەی کردبێ و رای کردبێت...
ت[٢]/ واز لەچەوساندنەوەی گیانداران ناهێنن...
ت[١]/ ئەم خشپەیە چی بوو...
ت[٢]/ ئەوەندە هەست رامەگرە...
ت[١]/ لەتاریکیدا سەربەست دەبێت...
ت[٢]/ دەترسم مانگە شەو بیبات...
ت[١]/ دیسان رۆیشتی...
ت[٢]/ با زیاتر بچینە پێشەوە...
ت[١]/ وا گەیشتە سەر گردەکە...
ت[٢]/ ئەوە چی دەکات چرنووک لەخاک گیردەکات و دەیەوێت خاک هەلکۆلێ...
ت[١]/ دەلێی لەشتێک دەگرێ...
ت[٢]/ بێگومان.. زۆریش بەگەرمی...
ت[١]/ ئەها ئەمە چییە بەدەمیەوە وا دایناو دەیلیسێتەوە . وماچی دەکات...
ت[٢]/ بانزیک تر بینەوە...
ت[١]/ ئەها ئەمە کەللەی مرۆڤ و.. قاچەو.. پارچەی جل وبەرگ رەنگاو رەنگن.. زۆر سەیر ماچیان دەکات بۆنیان دەکات...
ت[٢]/ ئای لەم وەفا دارییە...
ت[١]/ ئەوەبوو مەبەستم
کەواتە با بگەرێنەوە.. با بچینەوە ناو گۆرەکەمان ولەوێشەوە بۆ ناو ئەم شەوە ئاسۆییە..

١٩٨٨

# (ترس)

دڵشاد عبدالله

**لەدوای خوێندنەوەی د. ژیڤا گۆدا**



(١)

شەر دەڵێ‌ی بایەکی توندە
بانگم دەکا
نەخەونە دەیبینم نە(تۆنیا)یە دێ.
تۆز بەری ژیانی گرتووم
قۆشەنی دوژمن گەورەیە ومنیش
ریشم لەزیندانان دا سپی بوو،
سەرم،
گوڵەبەرۆژەی نووشتاوەی بەر رۆژە.
کەس نیە،
دەنگم لەناو بای دەزرنگێتەوە.
سندوقی پڕ سیحرم:
دێر بووم لەسەری سروشت و بەخۆڕایی.
رووخام.
کارگە نەما
تارمایی لەهەر چوار لامەوە دزن،
دزی نا قۆڵا
تەمەن قەلەمی دەستم و گوڵە گەنمی -
ناو دوکەڵی جەرگەی شەرە.
پردم رووخا
ژنەکان پرچیان رژا سەر زەوی
تۆزدار سنەو بەری ئارامگەکانی داپۆشی

بەمووسی ماچ
تفەنگی نیگا
کارەبای لەش
نەکوژرام.
لێرە گەرمای تەنارم
هەیڤی سیبریا
گەڵا وەریوو
خۆم ≠ بەخۆم
شەڕیش هاواری توندی بابەبام دەدا
هەر ئەو جلە کۆنەم هەیە

ڤیروسیا
ئەو برینە سەختە نەبووا
دەمووت: کاترینا
کاترینا
ئەوە چەند ڕۆژێ
تکیتی مۆسکۆم بۆ ببرە.
بەو جلە دراوەو بەو پرچە ئاڵۆزو شێواوە
بەو هەموو تۆزەوە
بەدرێژایی ئەو هەفتەیە
کۆترە کێوی نووستووی ناو باوەشی گەرمی تۆنیا دەبووم

دەووت: ساشنکا بچینە سینەما
ساشنکا
ساشنکا بچینە کەنیسا
پێدەکەنیم
دەکەرام وشیرینم دەخوارد
لارام دەدیتەوە
گوڵە وەنەوشەی سەرگۆڕی دایکیشم.
تۆنیا، ساشنکا، لارا - کچی با -
بەو برینەوە سەمام پێناکرێ.

هەواڵنامەی کتێب

(٢)

لەو دوورەوە شەڕ دەنگی دێ
سۆنیای سستەریش نووستووە
کەس دیار نیە.
ژیان ئەو پەرداخە ژەهرەی ماوەو چی تر نا
- بابە
- ساشنکا ووریابە گا نەتخوا.

کۆتایی ١٩٨٠

## کۆتایی

شەڕ دەستی پێکرد
ماڵم دەخەمە ناو جەنتایەك وسبەینەکی زوو
قفلێکی گەورە لەدەرگام دەدەم
بەپاڵتۆیەکی ڕەش ڕەشی تاریك
دەڕۆم کۆچ دەکەم
بەجارێ پشتم لەو شەڕ دەکەم.

## ماف

خۆزیا
سەگ بووام، ماسی، قرژاڵ، پاساری بووام
نەکو مرۆی ناو قەفەز بووام.

## ڕامان

لەو قەڵایە
دوو مرۆ دەبینم
یەکیان: مێژووی قەڵاکەیە دادەچۆڕێ
ئەوی تریان: مناڵیمە
بەقەڵاکە هەڵدەگەڕێ

## بێزاری

کلۆ کلۆ ژن دەبارن
کلۆ کلۆ پیاو دەبارن
کلۆن. تەزرەن
تەجالن.

## بێزینگ

ژنی برۆنزی پشت مینا بەمن چی
مەمکی لاستیك، گوڵدانی کریستال وقافیە
ئاوی ناو ئاوێنە، مشت ومڕی بانقەکان
ڕێزمانی بازاڕ بەمن چی
من کەو دەرێم تینووم تینوو
چیم داوە لەشەڕو گونجانی چینەکان
قەیتان ورەخنە
پۆلیس وفۆلکلۆر
من لەو ساتەوە ئازادم؛
کەیاساو سروشتم بەجارێ تورهەڵدا
من دەژیم
هەر ئەوەم مەبەستەو چی ترنا.
ساڵی نووسینی ئەو شعرانە دەگەڕێتەوە بۆ ۱۹۸۰

کتێبخانەی ئەوالنامە

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ یاشار کەمالدا

رەووف بێگەرد
لەفارسیەوە گۆریویەتی

● ئایا ئەتوانیت یاشار کەمالمان پێ بناسێنێت؟ یاشار کەمال لەدەرەوەی نووسینەکان چ کەسێك؟
ی.ك ـ ئەمەناشێت، چی ئەتوانم بڵێم دەربارەی ئەوەی کەمندالّی هەلووکێنم کردووە، یان ئەم کارو ئەو کارم کردووە، کەسێك چۆن ئەتوانێت خۆی دووبارە بکاتەوە؟

● ئەتەوێ بڵێی خۆشیتان لەم پرسیارە نایەت؟
ی.ك ـ نا.. مەسەلەکە ئەوە نیە، بەگشتی وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە جێ‌ناگرن.

● چۆن ئەنووسیت؟ ئایا بەرنامەیەکی تایبەتیتان هەیە؟ کەئەنووسن رۆژتان چۆن لێ دەگوزەرێت؟
ی.ك ـ ئاسایی ئەو کاتانەی کەئەنووسم بەرنامەی تایبەتیم نیە.
ئەشێ برۆمە سەر دەریا، یان جگەرەیەك بکێشم، یان قسە لەگەڵ دۆستێکدا بکەم. بەلاّم ئەو رۆژانەی کەئەنووسم ئاسایی زوو لەخەو هەڵدەستم، رەنگە بۆ نووسین بچم بۆ ئابانت (Abant) یان بۆ شیلە (sile) جاران ئەچووم بۆ کلیۆس (Kilyos) بەلاّم ئەوێ ساردە. بەدرێژایی مانەوەم لەئابانت ئاسایی بەرنامەم بەم جۆرە بوو: سەعات حەوتی بەیانی لەخەو هەڵدەستام، تاسەعات هەشت پیاسەی دەوری ئوتێلەکەم دەکرد، پیاسە بۆ من حوکمی بیرکردنەوەی هەیە، فراوینم یەکسەر دوای لەخەو رابوون دەخوارد یان پاش لەپیاسە گەرانەوە، ئینجا دەست بەکار ئەبووم، لەسەعات نۆوە تا سەعات یەك ئەم نووسی، پاشان نانی نیوەرۆم دەخوارد، ئینجا دوو تا سێ سەعات لەنێو دارستاندا ئەکەوتمە پیاسە، کەدەگەرامەوە دیسان دەمنووسی، ئەمجارە تا عەسرو پاشان دیسان دەکەوتمەوە گەران، لەم عەسر گەرانەدا ئاسایی ئەوەی کەدەبوو بەیانی بینووسم لەمێشکی رێکم دەخست، لەگەرانەوەمدا کەمێك رۆژنامەم دەخوێندەوە سەعات دەوری ۹/۱،۲ یادەی شەو ئەنووستم، بەیانی هەموو شتێك سەر لەنوێ دەستی پێی ئەکردەوە، ئەم بەرنامەیە هەمیشەیی بوو، بێ‌ئەوەی دەقیقەیەك دواکەوتنی تێ بکەوێت.

● کاتێك کەلەماڵی خۆتاندان دیسان ئەم بەرنامەیەتان هەیە؟
ی.ك ـ لەوێیشدا دیسان بەرنامەیەکم هەیە، بەیانی زوو تایشیل یو[1] (yesil yo) بەپیاسە ئەرۆم، واتا نزیکەی دە کیلۆمەتر بەپێ رۆیشتن، پاشان لەوێوە بەشەمەندەفەر دەگەرێمەوە ماڵێ. تائێستا نەخشەی زۆربەی رۆمانەکانم لەدوو توێی ئەم گەرانانەدا دارشتووە، بەلاّم پێش دەست بەکاربوون ئەبێت بابەتەکەت لەمێشکا بێت، ئەگەر بابەتەکەت پێ نەبێت دەست پێکردن نابێت، بابەتی لەباریش شتێکە کەبەلایەنی کەمەوە(۲۵ تا ۳۰) ساڵ درێژە ئەکێشێت تالەزەینی مندا دەق دەگرێت.

● واتا دەورەی بیرکردنەوەتان درێژە؟

ی.ك - بەڵێ، لای من ڕۆمانێك بەلایەنی کەمەوە ٢٥ تا ٣٠ ساڵی ئەوێت تادەورەی خۆگرتنەکەی تەواو دەکات، کەئەیشمەوێ بینووسم لەدوو توێی ئەو گەڕانانەدا شێوەی دارشتنەکەی دەست نیشان دەکەم.

● ئایا پێش دەست بەنووسین کردن، ئەو شتانەی یاداشتیان دەکەیت؟

ی.ك - هەرگیز، بەدرێژایی ژیانم هیچ مەبەستێکم یاداشت نەکردووە. تەنانەت لەکاتی ئامادەکردنی ریپۆرتاژەکانیشما هەرگیز دەفتەری یاداشتم هەڵنەگرتووە. کاتێ کەرۆژنامە گەربووم و بۆ ئامادەکردنی ریپۆرتاژ ئەچووم تەنانەت کاغەزو قەڵەمیشم هەڵنەدەگرت، تەنیا ئەرۆیشتم، دائەنیشتم وقسەم ئەکرد، کەئەگەڕامەوە ماڵەوە ئەم نووسی، تەنانەت ژمارەیش یاداشت ناکەم.

● کەواتا توانای لەبیرنەچوونەوەت بەهێزە؟

ی.ك - بەڵێ، تەنیا هەندێك شیعر یاداشت ئەکەم، بەتایبەت شیعرو گۆرانیە میلیەکان.

● بەیارمەتیتان بابگەڕێینەوە سەر مەسەلەی دەورەی رێکخستنی نووسینەکانت، گریمان پیاسەت کرد، بیرت کردەوەو هاتیتە سەر نووسین، چۆن ئەنووسیت؟ ئایا بەتایپ ئەنووسیت؟

ی.ك - نا.. بەتایپ نانووسم، هەموو ڕۆمانەکانم بەدەست نووسیوەتەوە، بەڵام چیرۆکی کورت وریپۆرتاژو شانۆو وتارەکانم تایپ ئەکەم.

● لەگەڵ رەش نووسدا چۆنیت؟

ی.ك - رەش نووسی؟ هەرگیز، ئەوەی ئەی نووسم هەر ئەوە ئەنێرم بۆ بڵاوکردنەوە، هیچ عادەتم لەگەڵ پاك نووس کردندا نیە، بەقەڵەمی رەش دەنووسم، هەرکە هەڵەم تیاکرد ئەی کوژێنمەوە.

● ئایا خووتان بەوەوە گرتووە دوای ئەوەی بەرهەمتان گەیشتە کۆتایی دیسان بیخوێننەوەو یان بکەونە چاك کردنی؟

ی.ك - چەندان جار، روو ئەدات کەلەمەبەستێك دڵنیا نەبم تا پێنج جار سەر لەنوێ بینووسمەوە، بەڵام لەدواکارەکانمدا ئەم ڕێکەوتە زۆر دووبارە نەبۆتەوە، لە(ئاوانێك لەگوزەری ئاسنگەراندا) ساڵانێك پێشتر دەستم پێ کردبوو، نووسیم و دیسان نووسیمەوەو ساڵانێك درێژەی کێشا تادوا دەقی خۆی گرت. یەکێکی تر ڕۆمانی (یوسفك یوسف)بوو، دوا بەشی کارەکە نۆ مانگ لەگیرفانما ئەم سەر ئەوسەری کرد، یەعنی ئەمەوێ بڵێم لەگەرمەی کاردا جاری وا هەیە روو بەڕووی ئەم مەسەلانە ئەبم، بەڵام ئەم ڕێکەوتانە زۆر دەگمەنن.

● بابڵێین پانزە لاپەرەت نووسیوە، ئایا خووت بەوەوە گرتووە کەڕۆژی دوایی، پێش بەردەوام بوونەوە لەسەر کارەکە مەبەستەکانی دوێنێت بخەیتەوە بەرچاو؟

ی.ك - جاران ئەم کرد، بەڵام ئێستا بەپێویست نازانم.

● ئەتوانیت بڵێیت چۆن؟

ی.ك - گەلێك ئاسانە، تا شوێنێکی دیاری کراو هاتوویت، لەوێوە ڕێگا لەبەر ئەگریتەوە، بۆ نموونە من ئێستا ئەمەوێت لەڕۆمانەکەمدا کاربکەم، هەر چەندە سێ مانگیشە دەستم پێکردووە، بەڵام کارەکەم هێشتا نیوە تەواوە. ئێستا دیسان ئەمەوێت بنووسم، لەسەری بڕۆم. پێویست ناکات

لەسەرەوە دەست بکەمەوە بەخوێندنەوەی، لەو شوێنەوە کەدەستم لێ هەڵگرتووە لەوێوە دەست پێ ئەکەمەوە.

● کاتێک کەدەست بەنووسینی ڕۆمانێکت ئەکەیت ئایا ئاگات لەکۆتاییەکەی هەیە؟
ی.ك ـ هەمــوو شتێك ئەزانم، سەرەتای، ناوەندی، هەر لەڕۆژانی هەوەڵەوە هەموو شت دیارن، تەنــانــەت ئەو ڕۆمانانەی کە(٢٠ تا ٢٥) ساڵە لەمێشکمدایەو ماونەتەوە، کەدەستم پێکردوون سەرەتاو بنەتایانم لا ئاشکرابووە، ئەشێ گۆڕانێکی بچووك ڕوویدا بێت، بەڵام چوارچێوەی کارەکە نەگۆڕاوە، بۆ نموونە ئێستا ڕۆمانێکم لەمێشکایە، لەساڵی ١٩٦٣وە، واتا ٢٤ ساڵە، لەم ماوەیەدا تا کۆتایی ڕۆمانەکە وەك خۆیەتیو نەگۆڕاوە، هەرچەند ئەتوانم بڵێم ئامانجم لەنووسینی ئەو ڕۆمانە

● لەم ساڵانەی دواییداو لەهەندێك لەکۆڕو کۆمەڵە ئەدەبیەکانماندا باس لەوە دەکرێت کەبەرهەمە بڵاوکراوەکانی ئێستامان لەبەرهەمی نووسەرانی ئەمەریکای لاتینی دەچێت، ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چۆنە؟ ی.ك ـ هەموو ئەمانە قسەی بێمانان، ئەگینا کارەکانی ـ مارکیز ـ لەگەڵ کارەکانی سعید فائق [٢](said Faik) یان ئۆرهان کمال [٣] (orhann kamal) چ پەیوەندیان پێکەوە هەیە؟ یان کارەکانی ناظم حیکمــەت یان ئۆرهان وەلی [٤](orhan vali) چ پەیوەندیان بەکارەکانی نێرۆداوە هەیە. ئەمانە مرۆڤی دنیای جۆر بەجۆرن، من لێرەدا باس لەئەدەبی چاك وخراپ ناکەم، یان دەربارەی ئەوەی کەئەم کارانە لەگەڵ ئەواندا لەهێڵێکی سەرەکیدا هاوگێرن. ئەوەی ئەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کەلەنێوان ئەدەبیاتی ئەمەریکای لاتین و ئەدەبیاتی کلاسیکی ڕۆژاوادا دیسان جیاوازە، چونکە ئەمانە زادەی شوێن گەلێکی جیاوازن.

● ئەی بۆ هەندێك لەپەی جووری ئەوەدان ئەو لێك چوونانە بدۆزنەوە؟
ی.ك ـ گەمــژەیی، یەکێــك کەئیمچە عەقڵێکی هەبێت لەوە ئەگات کەلەنێوان ئەدەبی ئەمەریکای لاتینیو ئەدەبیاتی ئێمەدا تا چ ئەندازەیەك جیاوازی هەیە، خۆ ئەگەر نیشانەیەك هەبێت بۆ ئەو پەیوەندیە لەئەنجامی تەقلیدی هەندێکەوەیە کەئەیانەوێت بڵێن ئێمە ئەتوانین تەقلیدی ئەوان بکەین و... هتد.

● مەسەلەیەکی ئاشکرا هەیە دەربارەی ئەوە کەنووسەر بیەوێ و نەیەوێ ڕووداوە سیاسیەکانی سەردەمــەکــەی کاری لێدەکەن، ئێوە دەربارەی ڕەنگدانەوە یا ڕەنگ نەدانەوەی ئەو کارلێکردنە لەبەرهەمی هونەریدا چ ڕایەکتان هەیە؟
ی.ك ـ ئەگەر یەکێك خۆی بەنووسەری وڵاتێکی تایبەتی بزانێت دەبێت ئومێدو ئارەزووەکانیشی تایبەت بن بەو وڵاتەوە، ئەویش بێت هەموو شتەکانی دەوروبەری لەشتە زەینیەکانەوە تا ئەوەی ئەبینــرێت کار لێدەکــەن، بۆ نمــوونە: سیاسەت، ئێمە هەموومان نوقمی سیاسەتین، بمانەوێو نەمانەوێ لەنێو چوارچێوەیدا ئەژین، ئەگەر حەز ئەکەی بڵێ ـ خانووەکەی تۆ لەئاسمانە ـ کەچی هێشتا دووچاری سیاسەت ژیانی ڕۆژانەیت، دیسان ئەگەر ڕێت بکەوێتە بن بنەوە کەرێیشت تێی ئەکەوێت و دەست گیر ئەبیو ئەکەویتە زیندانەوە تابمێنی دەرگیری سیاسەتیت، بێجگە لەوانەی

وتم من نووسەریکم لەگەڵ ڕێبازێکی سیاسیدا م، ئایدۆلۆژیەتێکی تایبەتیم هەڵبژاردووە کەساڵە هایە دەمە قاڵەی لەسەر ئەکەم. واتا لەحەڤدە ساڵیەوە کەخراومەتە زیندانەوە تائێستا من لەکێشەو بەگژچوونەوەدا م، چونکە ئەوەندەی کەنووسەرم مرۆڤم، کەمرۆڤیش بم گیرۆدەی سیاسەتم.

● باوای دابنێین کەنووسەرێك لەبەر چەند هۆیەك لەووڵاتەکەی چووە دەرەوە، وەك ئەنجام بەمەعنا مەرجەکانی دەورو بەرەکەیشی گۆڕا، بەڕای تۆ لەم حاڵەتەدا ئەو نووسەرە ئەتوانێت باری ووڵاتەکەی خۆی لەبەرهەمەکانیا ڕەنگ کێش بکات؟ بەڕای ئێوە لەبەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا ئەو هەستە توانای دەرکەوتنی هەیە؟

ی.ك ـ بڕوانە، مەسەلەکە داهێنانە، کاری نووسەر لەگەڵ وێنە گرێکدا جیاوازە، پێویست ناکات نووسەر بۆ وێنەکێشانی دیمەنێك لەشوێنی ڕووداوەکەدا بێت، ئەو خاوەنی تاقی‌کردنەوانە شتی نوێ دروست بکات.

دەربارەی خۆیشم ئەمە ڕاستە، بۆ نموونە من لەڕۆمانی ـ ڕقی دەریا ـ دا باسی ئەستەموولْ ئەکەم، بەڵام ڕۆمانەکە بەرهەمی ئەو ساڵانەمە کەلەسوید ئەژیام و پێویست نەبوو بۆ ئەوەی بڵێم ئەستەمووڵ چیە لەئەستەمووڵ بم .

● بەڕای ئێوە ئیلهام مەرجی پێویستە بۆ نووسین؟

ی.ك ـ بۆ خەڵکی تر نازانم، هەرکەس شێوەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بۆ من تەنیا مەرج بوونی وەختی تەواوە بۆ نووسین، کە ئەوەم دەستکەوت دائەنیشم وئەنووسم، بەمانا پێویست بەئیلهام ئەم قسانە ناکات. من بڕوام بەم قسانە نیەو لەم بارەیشەوە هیچ تاقی کردنەوەیەکم نیە .

● ئایا ئێستا هیچ کارێکتان بەدەستەوەیە؟

ی.ك ـ لەمێشکما گەلێك باس و خواس هەن، سەدان باسو هەموو لەماڵەنی سەقام گیری خۆیاندان وچاوەڕێن. چیرۆك شتێکی جوانە، ساڵانە چەند دانەیەك دەنووسم.

● میانەتان لەگەڵ شیعردا چۆنە؟

ی.ك ـ شیعریش دەنووسم.

● ئایا هیچت بڵاو کردۆتەوە؟

ی.ك ـ نەخێر.

● کەواتە بۆ ئەی نووسن؟

ی.ك ـ لەبەر ئەوە دڵم ئەیەوێت، شیعرم خۆش دەوێت، ئەمیش جۆرێکە لەهونەری ئاخاوتن. شیعریان ڕۆمان چی فەرق ئەکات؟

● بلۆ شیعرەکانتان بڵاو ناکەنەوە؟

ی.ك ـ خوا بیکات ڕۆژێك چاپیان دەکەم، خراپ نین، لێ یان ڕازیم. بەڵام هێشتا ژمارەیان بۆ چاپ کەمە، ئەڵبەت زۆرم شیعر نووسیوە.
بەڵام هەموویان شیاوی چاپ کردن نین.

● مادام قسە دەربارەی شیعرە، ئەتوانم ناوی ئەوشاعیرەتان لێ بپرسم کەخۆشتان دەوێت؟

ی.ك ـ ناتوانم ناوی یەکێکتان بدەمێ، لەوانەی سەردەم ناظم هەیە، ئەحمەد عارف وئۆرمان لی

لەکۆنەکان یونس عمر Yunus Emey پیرسولْتان ئەبدال [4] Piy suitan Abdal وکاراجا ئوغلان [7] Kara Ga ogian هەن.

● ئەی ئەو نووسەرانەی کاریان لێ کردوویت؟

ی.ك ـ من وا ئەزانم ئەبوو کەسێکی ناودار نەبوومایە، چونکە لەژێر کارتێ کردنی کەسدا نەبووم، یەکەم چیرۆکم ـ چیرۆکی پۆخڵ ـ ی ناوبوو، کەئەوەم نووسی سەردەمی هەمەنگوای و شتاین بیگ و کالدویلەکان بوو، ئەم توانی تەئسیری ئەوانم لەسەر بێت، کەچی من لەو بێنەو بەردەیەدا خەریکی خوێندنـەوەی دیستـۆیڤسکی، تۆلستوی و چیخۆف بووم. لەم ڕووەوە ئەبوو لەژێر کارتێکردنی ئەواندا بوومایە کەچی وادەرنەچوو، بەهیچیانەوە موتەئەسیر نەبووم. وابزانم کەسایەتیەکی سەخت و بەهێزم هەیە. ڕەنگە لەئەدەبیاتی خۆماندا سعید فائق زۆرترین کاری تێ‌د بم، هەڵبەت مەبەستم لەکارتێکردن پێوەندیە نەك چاولێکەری، پاش ئەو ئورهان وەلی شاعیری سەردەمە کەزۆرم لاپەسەندە.

● لەساڵەکانی بەرایی نووسەرێتدا ئاتیا هەژاری و نەدارایی کاریان کردە سەر بەرهەمت؟

ی.ك ـ بێ‌گـومـان، ئەمــە هۆیەکی گرنگە، من دوانزە ساڵ بەناونیشانی هەواڵدەری ڕۆژنامەی (جمهوریەت) کارم کرد، ئەگەر ئەو ساڵانە خەریکی نووسینی شتی تایبەتی خۆم بوومایە ئەمرۆ گەلێك لەئێستام لەپێشتر ئەبووم، ڕەنگە ئەوانەی کەلەمێشکمان ئێستا لەسەر کاغەز بوونایە، لەو وولاتانەی کەلەبابەتی ئێمەن نووسەر پێویستی بەفیداکاریەکی زۆرە.

● ئایا ئێوە لەگەڵ ئەو قسانەدان کەئیتر کەسێك لەتورکیادا بەدوای خوێندنەوەی کتێبدا ناگەڕێت؟ ئەگەر وایە هۆیەکەی چیە؟

ی.ك ـ ئەوانــە.. ئەگـەر واقیـع بینـانـە لەمـەسـەلەکـە بڕوانن، ئەبێت یەکـەمجار ئەوە بزانن کەبەپێچەوانەی بۆ چوونی هەندێکەوە نرخی کتێب ئەوەندە گران نیە، ئەگەر وورد بیتەوە ئەتوانیت لەوە بگـەیت کەزۆربەی پێویستیەکانی ناوماڵ وەك یەخچاڵ و تەلەفزیون و ئۆتۆمبیل و شتی‌دی نرخیـان لەئـاستی نرخی ئەوروپادایە، ڕەنگە تەنیا کتێب بێت کەبەنیسبەت وولاتانی ئەورووپاوە لەخوارەوە بێت، واتا شتێك لەسنووری ١/١٥ ئەو، بۆ نموونە بەرگی سێی کتێبی (ئینجەمەمەد) لەزۆربەی وولاتانی ئەورووپادا بەنرخی (٣٦٠٠٠) لیرەی تورکی فرۆشراوە. ئەمە لەکاتێکدا کەنرخی ئەم کتێبە لێرە لەسنووری (٣٠٠٠) لیرەدایە. لەگەڵ ئەمەیشدا لەم پێنج ساڵی دواییەدا فرۆشتنی کتێب گەلێـك لەخـوارە، بەئاشکرا میللەت دوژمنی کتێبەو هۆیەکەیشی سیاسەتی ئەم دواییانەی دەوڵەتە، چونکە تا ئێستایش لەوولاتی ئێمەدا کتێب ڕادەکێشرێتە دادگاوەو لەپاڵ تاوانباراندا ڕائەوەستێنرێت.

● ڕاتـان دەربـارەی کتێبی قەدەغـەکـراو چیـە؟ لەم دواییـەدا لیستـەیك بەناوی ئەو کتێبانە بڵاوکراوەتەوە کەقەدەغەکراون.

ی.ك ـ ئەمە مەسەلەیەکی گشتیە، گریمان ئەم کتێبانە قەدەغە نەکرانایە، باشە ئەوکاتە چی ڕووی ئەدا؟ ئەمانە مێشکی خۆیان وا پەروەردە کردووە کەبێ ئەوەی مەحکەمەیەکی ڕەسمی لەئارادا بێت

هەرکەس لەمێشکی خۆیدا بانگەشەی بۆ قەدەغەکردنی ئەم کتێبانە کردووە، ئەمە نوخشەیەکی گرنگە. سەیرێکی تورکیا بکە هیچ شتێکی نیە چەواشە نەبێت. ئەدەبیاتی چەواشەیە، فەرهەنگی چەواشـەیە، وولاتێك لەکەناری ئەورووپادا، وولاتێك لەناوەندی زانست وشارستانیەتی جیهانداو کەچی دیـلی موحاکەمە کردنی کتێب بێت، توزرکیا دوای ساڵەکانی ئەتاتورك تائێستا بەردەوام لەلایەن حکوومەتە فاشسیتەکانەوە بەڕێوەبراوە، هەمیشە لەلایەن حکوومەتی سەربازیەوە حوکم کراوە، لەم وولاتەدا ڕێگا لەدەربڕینی بیروباوەڕ گیراوە، لەم حاڵ وبارەدا ئەبێ چاوەڕێی چی بێت؟

● بەپێی ئەم تابلۆیەی تۆ وێنەت کێشا ئاینده چۆن ئەبینیت؟

ی.ك ـ مەسەلەی دیموکراتیە، ئەبێ چی بکرێت؟

هەردەساڵ جارێك، حکوومەتێکی سەربازی، مەحکەمەی خەڵکی، قەدەغەکردنی کتێب، فرێدانە زینـدان و ئازارو ئەشکـەنجەدانی خەڵکی، ئەمە حاڵی ئێستای ئێمەیە، لەنێوان ئەم گەردشەدا جۆرێك لەدیموکراتیەتی ڕواڵەتیو ئارایشت کراو، ئەشێ لەژێر ئەم فشارەدا پێناسەی فەرهەنگی وولاتێك بپارێزرێت؟ بەلاّم من، لەگەڵ هەموو ئەم مەسەلانەیشدا، لەو باوەڕەدام کەبناغەی فەرهەنگی نەتەوەییمان ژێر ناکەوێت، میللەتان ناچارن نرخی خۆیان بپارێزن، چونکە ئەگەر وا نەکەن لەناو ئەچن، ئەوانەی دروست کەری ئەو نرخەیشن هەر لەناو ئەچن. خەڵکانێك هەن بێ پێناسەن و توانای داهێنانیان مردووە، مەرگی فەرهەنگی وولاتێك هاوشانە لەگەڵ مەرگی توانای داهێنانی ئەنـدامـەکانیدا، مرۆڤ کاتێك کەخۆیەتی ئەتوانێت داهێنەر بێت، ئەگینا بەقسەی زل داهێنان دروست نابێت. بۆ ڕزگـارکردنی داهێنانی میللەتێك پێویستمان بەوەیە فەرهەنگەکەی بپارێزین، ئێمە لەسەردەمێکی مەترسیدار داین، سەردەمێك کەخۆی داهێنان کوژە، بەڵێ ڕزگارکردنی توانای کاری مرۆڤ ئامانجێکی گرنگە، بەلاّم ڕزگارکردنی خودی مرۆڤ کارێکی گرنگتر، مرۆڤ گیاندارێکە توانای خۆ دروست کردنی هەیە، ئەتوانێت بەهای تازە بهێنێتەدی، لەم ڕووەیە کەمن بەئومێدی ئایندەم. چونکە بڕوام وایە مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە سەر لەنوێ خۆی دروست بکاتەوە. ئەمە گرنگترین ئەرکی منیشە چ وەك مرۆڤ و چ وەداهێنان دروست نابێت.

● کاتێك کەدەست بەنووسینی ڕۆمانێکت ئەکەیت ئایا ئاگات لەکۆتاییەکەی هەیە؟

ی.ك ـ هەمـوو شتێك ئەزانم، سەرەتای، ناوەندی، هەر لەڕۆژانی هەوەڵەوە هەموو شت دیارن، تەنـانـەت ئەو ڕۆمانانەی کە(٢٠ تا ٢٥) ساڵە لەمێشکمدایەو ماونەتەوە، کەدەستم پێکردوون سەرەتاو بنەتایانم لا ئاشکرابووە، ئەشێ گۆڕانێکی بچووك ڕوویدا بێت، بەلاّم چوارچێوەی کارەکە نەگۆڕاوە، بۆ نموونە ئێستا ڕۆمانێکم لەمێشکایە، لەساڵی ١٩٦٣وە، واتا ٢٤ ساڵە، لەم ماوەیەدا تا کۆتایی ڕۆمانەکە وەك خۆیەتیو نەگۆڕاوە، هەرچەند ئەتوانم بڵێم ئامانجم لەنووسینی ئەو ڕۆمانە تەنیا بەشەکەی کۆتاییەتی، ئاسایی هەمیشە لەمێشکما دە پانزە ڕۆمان جێگایان گرتووە، لەنێویاندا یەکێك دەرباز نەبێت.

● ئایا کەسانی ئەم ڕۆمانانە تێکەڵ بەیەکتر نابن؟

ی.ك ـ هەرگیز، بۆ تێکەڵ بن؟ ئەمانە بابەتیان جیاوازە.

● ئەم هەموو بابەتە، ئەم هەموو کەسە، ئایا شتێکی سەر سوڕێنەر نیە؟

ی.ك ـ ئەشێ وابێت، بەلام بەهەر حال هەریەکەو چارەنووسی خۆیان هەیەو تێکەڵ بەیەك نابن.

● ئایا کەسەکانی ئەم ڕۆمانانە دووچاری گۆڕان و شێوەیتر نابن؟؛

ی.ك ـ کەسانی نوێدێن، کەسانی پێشوو ئەگۆڕێن، هەندێك دێن و هەندێك دەڕۆن، ئەمانە هەموو پابەندی ڕەوتی پێگەیشتنی تەواوی ڕۆمانە.

● تۆ نووسەرێکیت خاوەنی شێوەی تایبەتی خۆتیت، ئەبێ هەموو نووسەرێك خاوەنی ئەو تایبەتمەندیە بێت بەڵام...

ی.ك ـ لەڕاستیا هەموو مرۆڤێك ئەبێ وابێت.

● پرسیارێك کەئەم ویست بیکەم ئەمەیە: بۆ ئەوەی بەو مەبەستە بگەیت چیت کرد؟ یەعنی کەخوێنەرێك بەرهەمێکی خوێندنەوە بڵێ (ئەمە یاشار کەمال)ە چ ڕێگایەکتان بڕی تا گەیشتنە ئەمە؟

ی.ك ـ بڕوانە، لەووڵاتی ئێمەدا ڕەگی ڕۆمان قووڵ نیە، ئەشێ ناوی چەند ڕۆمان نووسێك بەرین کەخاوەنی شێوەو زمانی تایبەتی خۆیانن، چی بڵێم، بۆ نموونە خالید ضیاء (Halitziya) کەخاوەنی زمانی تایبەتیە، یان عبدالحق شناسی حصار (Abdulhak Sinashisar) ئەویش هەروا زمانی تایبەتی خۆی هەیە، ڕەنگە چەند کەسێك بن. بەڵام گومان لەوەدانیە کەژمارەیان کەمە، لەو باوەڕەدام لەگەڵ ئەوەشدا کەڕۆمان لەووڵاتی ئێمەدا ڕابووردوویەکی درێژی نیە، بەڵام ئەبێ هەر ڕۆمان نووسێك توانای ئەوەی هەبێت زمانی خۆی دروست بکات، دەمێکە ئەوە ئەزانم کەڕۆمان زمانی تایبەتی خۆی هەیـە، ئەم زمـانە گفت وگۆی خەڵکیشا هەر جیاوازی هەیە، زمانی ڕۆمان زمانێکی جڵەو کێش (جذاب)ە، هەر مرۆڤێك دروست کەری کەسایەتیەکە کەتایبە؛ خۆیەوە، هەر ئەو کەسایەتیو پێناسە تایبەتیەیە کەزمانی ئەو دائەڕژێژێت، وائەزانم لەم بوارەیە کەئەتوانرێت زمان دەوڵەمەند بکرێت ومشت ومالْ بدرێت. کامڵ بوونی زمانی ڕۆمانەکانم لە ـ گوزەری ئاسنگەران ـ و ـ یوسفك یوسف ـ دا دیـارە، بەتـایبـەتی گوزەری ئاسنگـەران لووتکەی کاری منە لەڕەخساندنی زمانی ڕۆماندا، ڕەنگە ئەگەر توانای ئەوەك نەبوایە بەردەوام بم لەنووسیندا هەرگیز ئەو زمانە تایبەتیەی ـ تاوانێك لەگوزەری ئاسنگەراندام ـ م نەدۆزیایەتەوە.

● چۆن ڕۆمان نووس ئەتوانێت زمانی تایبەتی ڕۆمانەکانی دروست بکات؟

ی.ك ـ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان نیە. لەپاریس بووم ڕۆژێك (ناظم حیکمەت) ڕستەیەکی لەکتێبێکم پیشـانـدام «ئـەوسـا تەنیـا سێ ڕۆمـانم نووسیوو، ئاماژەکەی ناظم زیاتر بەڕۆمانی (ئـورتادبرك)بوو» پرسی: ئەم ڕستەیەت چۆن نووسی؟ کەوەڵامم دایەوەو ووتم: بەخوا نازانم، وام بەعـەقـلاً هات و نووسیم. ووتی: نا.. لەسەداسەد کارت بۆ کردووە، لەم ڕستانەدا شوێنەواری پەنجەی هونەرمەندێك دیارە. من لەوکاتەدا سەرم سووڕمابوو کەناظم ئەیەوێ چی بڵێت! لەکاتی نووسینی ڕۆمانی ـ گوزەری ئاسنگەران ـ دا تازە زانیم کەئەو ڕستانە هەموو دەست کردی منن، بەڵام ئەبێ ئەوەیش بڵێم کەزمانێك هەمیشە بەلەسەرخۆییو خۆگرتن لەسەر بناغە بنەڕەتیەکانی زمـانـەکـە ئەڕەخسێو ئەگاتە لووتکە. بنەما بنەڕەتیەکانی زمان ئەتوانێت ببێتە ئەدەبیاتی خەڵك (فـۆلکلۆر) ئەتـوانێت لەدەروونی نووسەردا سەرچاوە بگرێت کەهۆیەکی هەرە پێویستە، بێجگە لەمانە سەرچاوەی تر هەن ئەتوانن هێڵی سەرەکی زمانی ڕۆمان دەست نیشان بکەن.

● چ پێشنارێکت بۆ نووسەرە نوێکانمان هەیە؟ چۆن ئەتوانن ببنە خاوەنی داهێنان، هەرچەندە پەندو ئامۆژگاری کردن لەم بارەیەوە ڕەنگە کارێکی...

ی.ك ـ نا، بەم جۆرە نیە، چەند شتێك هەیە ئەتوانرێ بوترێت، پیشەی نووسین سەد دەرسەد وا بەستە بەپەیوەندیو هەوڵی تاکە کەسەوە. لەسەدا سەد وابەستە بەخوێندنەوەی زۆرو تاقی کردنەوەی ژیان و ناسینەوە. ئەڵبەت ئەبێ عەشقیشی لەگەڵدا بێت، عیش بەدنیاو بەزمان، ئەبێ نووسەر عاشقی زمانەکەی بێت، چونکە نووسەری هونەری ئاخاوتنە، ئەدەبیات زمان دروستی ئەکات، لەبەر ئەمە ئەبێ زمان شناس بیت و گەوهەرەکەی لەدەست بگریت. دەرکی زمان وشارەزابوونی کون و کەلەبەری هەوڵێکی خۆشە کەپێویستە نووسەر تاقیبکاتەوە. ئەڵبەت هۆی دەرەوەی زمانیش زۆرن، شێوەی ڕۆمانێك هەمیشە پابەندی چەند هۆیەکی جۆراو جۆرە، مێژووی کۆمەلایەتی وولات، باری ئێستای کۆمەڵ، مەرجە ئابووریەکانی، زانست و جوگرافیای... ئێوە ئەزانن کەهۆی ئەو جیاوازیانەی لەشێوەی ڕۆمانی ئینگلیزیو فەرەنسایی، یان فەرەنسایيو ڕووسیدا هەیە چیە؟ بێگومان تایبەت مەندی فەرهەنگی ئەو وولاتانەیە کەئەمەیش کارتێکردنی زمانە، شێوەی تایبەتی ڕۆمانی ڕووسیو جیاوازی لەگەڵ ڕۆمانی تردا پاپەندە بەتایبەت مەندی ساختمانی زمانی ڕووسیەوە، هەر بەم جۆرەیش لای خۆمان، ئەوکاتەی پەی بەوتایبەتمەندیە ئەبەین کەزمانی تورکی بۆی فەراهەم هێناوین ئەوسا لەچاو لێکەری دوور ئەکەوینەوە، ئەنجام شتێکی جوان و تازە دێتە گۆڕێ کەفۆرمی تایبەتی خۆی هەیەو خۆی لەخۆیدا پێرەوە لەو خۆ دۆزینەوەیە. بەڕای من هەموو ئەم هۆیانە بەشێکن لەلایەنە فەرهەنگیە گشتیيەکە.

● لەساڵەکانی بەرایی نووسەرێتدا ئایا هەژاریو نەدارایی کاریان کردە سەر بەرهەمت؟

ی.ك ـ بێگومان، ئەمە هۆیەکی گرنگە، من دوانزە ساڵ بەناونیشانی هەواڵدەری ڕۆژنامەی (جمهوریەت) کارم کرد، ئەگەر ئەو ساڵانە خەریکی نووسینی شتی تایبەتی خۆم بوومایە ئەمڕۆ گەلێك لەئێستام لەپێشتر ئەبووم، ڕەنگە ئەوانەی کەلەمێشکمان ئێستا لەسەر کاغەز بوونایە، لەو وولاتانەی کەلەبابەتی ئێمەن نووسەر پێویستی بەفیداکاریەکی زۆرە.

● ئایا ئێوە لەگەڵ ئەو قسانەدان کەئێتر کەسێك لەتورکیادا بەدوای خوێندنەوەی کتێبدا ناگەڕێت؟ ئەگەر وایە هۆیەکەی چیە؟

ی.ك ـ ئەوانە.. ئەگەر واقیع بینانە لەمەسەلەکە بڕوانن، ئەبێت یەکەمجار ئەوە بزانن کەبەپێچەوانەی بۆ چوونی هەندێکەوە نرخی کتێب ئەوەندە گران نیە، ئەگەر ووردبیتەوە ئەتوانیت لەوە بگەیت کەزۆربەی پێویستیەکانی ناوماڵ وەك یەخچاڵ و تەلەفزیون و ئۆتۆمبیل و شتیدی نرخیان لەئاستی نرخی ئەوروپادایە، ڕەنگە تەنیا کتێب بێت کەبەنیسبەت وولاتانی ئەوروپاوە لەخوارەوە بێت، واتا شتێك لەسنووری ١/١٥ ئەو، بۆ نموونە بەرگی سێی کتێبی (ئینجەمەمەد) لەزۆربەی وولاتانی ئەوروپادا بەنرخی (٣٦٠٠٠) لیرەی تورکی فرۆشراوە. ئەمە لەکاتێکدا کەنرخی ئەم کتێبە لیرە لەسنووری (٣٠٠٠) لیرەدایە. لەگەڵ ئەمەیشدا لەم پێنج ساڵی دواییەدا فرۆشتنی کتێب گەلێك لەخوارە، بەئاشکرا میللەت دوژمنی کتێبەو هۆیەکەیشی سیاسەتی ئەم دواییانەی دەوڵەتە، چونکە تا ئێستایش لەوولاتی ئێمەدا کتێب ڕادەکێشرێتە دادگاوە لەپاڵ تاوانباراندا

رائەوەستێنرێت.

● راتـان دەربـارەی کتێبی قەدەغـەکـراو چیـە؟ لەم دواییـەدا لیسـتـەیك بەناوی ئەو کتێبانە بڵاوکراوەتەوە کەقەدەغەکراون.

ی.ك ـ ئەمە مەسەلەیەکی گشتیە، گریمان ئەم کتێبانە قەدەغە نەکرانایە، باشە ئەوکاتە چی رووی ئەدا؟ ئەمانە مێشکی خۆیان وا پەروەردە کردووە کەبێ ئەوەی مەحکەمەیەکی رەسمی لەئارادا بێت هەرکـەس لەمێشکی خۆیدا بانگەشەی بۆ قەدەغەکردنی ئەم کتێبانە کردووە، ئەمە نوختەیەکی گرنگە. سەیرێکی تورکیا بکە هیچ شتێکی نیە چەواشە نەبێت. ئەدەبیاتی چەواشەیە، فەرهەنگی چەواشـەیە، وولاتێك لەکەناری ئەوروپادا، وولاتێك لەناوەندی زانست وشارستانیەتی جیهانداو کەچی دیـلی موحاکەمە کردنی کتێب بێت، توزرکیا دوای ساڵەکانی ئەتاتورك تائێستا بەردەوام لەلایەن حکوومەتە فاشسیتەکانەوە بەڕێوەبراوە، هەمیشە لەلایەن حکوومەتی سەربازیەوە حوکم کراوە، لەم وولاتەدا رێگا لەدەربرینی بیروباوەر گیراوە، لەم حاڵ وبارەدا ئەبێ چاوەڕێی چی بێت؟

● بەپێی ئەم تابلۆیەی تۆ وێنەت کێشا ئایندە چۆن ئەبینیت؟

ی.ك ـ مەسەلەی دیموکراتیە، ئەبێ چی بکرێت؟

هەردەساڵ جارێك، حکوومەتێکی سەربازی، مەحکەمەی خەڵکی، قەدەغەکردنی کتێب، فرێدانە زینـدان و ئازارو ئەشکـەنجەدانی خەڵکی، ئەمە حاڵی ئێستای ئێمەیە، لەنێوان ئەم گەردشەدا جۆرێك لەدیموکراتیەتی رواڵەتیو ئارایشت کراو، ئەشێ لەژێر ئەم فشارەدا پێناسەی فەرهەنگی وولاتێك بپارێزرێت؟ بەڵام من، لەگەڵ هەموو ئەم مەسەلانەیشدا، لەو باوەڕەدام کەبناغەی فەرهە نگی نەتەوەییمان ژێر ناکەوێت، میللەتان ناچارن نرخی خۆیان بپارێزن، چونکە ئەگەر وا نەکەن لەناو ئەچن، ئەوانەی دروست کەری ئەو نرخەیشن هەر لەناو ئەچن. خەڵکانێك هەن بێ پێناسەن و توانای داهێنانیان مردووە، مەرگی فەرهەنگی وولاتێك هاوشانە لەگەڵ مەرگی توانای داهێنانی ئەنـدامـەکانیدا، مرۆڤ کاتێك کەخۆیەتی ئەتوانێت داهێنەر بێت، ئەگینا بەقسەی زل داهێنان دروست نابێت. بۆ رزگـارکردنی داهێنانی میللەتێك پێویستمان بەوەیە فەرهەنگەکەی بپارێزین، ئێمە لەسەردەمێکی مەترسیدار داین، سەردەمێك کەخۆی داهێنان کوژە، بەڵێ رزگارکردنی توانای کاری مرۆڤ ئامانجێکی گرنگە، بەڵام رزگارکردنی خودی مرۆڤ کارێکی گرنگتر، مرۆڤ گیاندارێکە توانای خۆ دروست کردنی هەیە، ئەتوانێت بەهای تازە بهێنێتەدی، لەم روەوەیە کەمن بەئومێدی ئایندەم. چونکە بروام وایە مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە سەر لەنوێ خۆی دروست بکاتەوە. ئەمە گرنگترین ئەرکی منیشە چ وەك مرۆڤ و چ وەك نووسەر، وەك ئەنجامیش رێگای دەربازبوون بۆ مرۆڤایەتی ئەرەخسێت، ئەمە بزاوتێکی جیهانیە.

● بابگـەڕێینەوە سەر باسی کتێب. لەم ساڵانەی دواییدا بەچاو لێکەری کردنی زۆر لەوولاتانی ئەوروپـاو ئەمەریکا، لەوولاتی ئێمەیشدا چەند لیستەیەکی کتێبی بەناو بازار گەرم بڵاوبوتەوەو برەوی پەیدا کردووە، لەم بارەیەوە چیت بەبیردا دێت؟

ی.ك ـ بروانـە، بائەمەریکا بکەینە نموونە، وولاتێکی گەورە، وولاتێکە ئەتوانێت بەتەقینەوەیەکی ئۆتـۆمی دنیـا خاپـوور بکـات، هەر ئەم وولاتـەیـە کەفوکتەرو هەمەنگوایو کالدویل سارۆیانی

پیکەیاندووە، شوێنی پەیدابوونی لووتکەی کلاسیکیەتیشە، ئێستایش بۆتە وڵاتی ماریوبوزو، هەر یەکێك لەو نووسەرانە کتێبی بازاڕگەرمی دە ملیۆن دۆلاری بەیەکجار ئەخاتە گیرفانیەوە. خۆ ئەگەر تورکیـایش لەبـارێکی وا دابێت هەمـوو ئەدەبیـاتی ئێمە لەو بازاڕگەرمیەدا ئەبینرێت. تەنانەت لەئەمەریکاشدا من وای بۆ ئەچم کەم نووسەر هەیە بتوانێت لەبەردەم ئەم شەپۆڵەدا خۆی بگرێت، کاتێك کەتوانای ئەوە هەبێت لەلیستەی بازاڕگەرمیدا جێی خۆ بکاتەوە، کام نووسەر لەگەڵ کتێبێکدا کەدوو هەزار یان سێ هەزار دانەی لێ بڵاوبێتەوە کاتی خۆی بەفیڕۆ ئەدات؟ کەلەلایەکەوە ڤیلاو ئۆتـۆمبیـلی جۆراو جۆر هەبێت و ژیـان ڕەحـەت و قەشەنگ بێت بۆچی ڕوو لەلایەکی تربکەن؟ دەربـارەی ئەو سەر ژمێرانەی دوایی، بەڕای من ئێمە ناتوانین لەسەر بناغەیەکی زانستی سەر ژمێرێکی ووردیان بکەین. یەکێك دێت ناوی کتێبێك لەسەر ژمێرەکەیدا ئەنووسێت، ئەو ناوە لەسەر ژمێری یەکێکی ١٠ هەبێت یانەبێت ناچارە ئەم لەو لیستەیەدا ناوی بهێنێت. لێرەدا سەر ژمێریەکی وورد دەربـارەی فرۆشتنی کتێب ناکـەوێتـە بەردەست، ئەگـەر بەڕاستی سەر ژمـێرێکی تەواو لەبەردەستا بوایە بێگومان ئەوە دەرئەکەوت کەلەساڵی ١٩٥٥وە تائێستا ئەبوو لەسەرووی هەموو ئەو سەر ژمێرانەوە ناوی ئینجەمەمەد ببرایە.

● لەم ساڵانـەی دواییـداو لەووڵاتـانی خۆمـاندا هەندێ کتێب فرۆختنی چاکی هەبووە، لەوانە «بارهستی» و (ناوی گوڵی سوور)و ئەم کتێبەی دواییش (بۆژن ناوی نیە) بیروڕای تۆبۆ ئەمە چیە؟
ی.ك ـ یەکەم: من لەوباوەڕەدا نیم کەکتێبی ناوی گوڵی سوور لەتورکیادا فرۆختنی باشی هەبوو بێت، ڕاستە ناوی ئەم کتێبە بەسەر زمانەوە بوو، بەڵام ئەمەیش پێوەندی بەنمایشی فلیمەکەیەوە هەبوو. بەڵام ـ کوندرا ـ فرۆختنی چاکی هەبوو، مەعلوومیشە بۆ، لەتورکیادا نەوەیەکی تازە پەیدا بووە، نەوەیەکی شکست خواردە، کەلەبابەتەکانی کتێبی ـ کوندرا ـ وەڵامی گەلێك پرسیاری ئەم نەوەیەی تیایە، یەعنی زۆر لەڕوناکبیرانی ئێمە چاویان لەدەمی بڕیوە. بۆچی لەتورکیادا لەهەزارو پێنج سەد (١٥٠٠) دانە زیاتر فۆکنەر نافرۆشێت، بۆچی چێخۆف لەگەڵ ئەوەیشدا کەتائێستا نووسەرێکە لەئەورووپاو هەموو جیهانێدا لایەنگیرترین جەماوەری هەیە، کەچی لای ئێمە سەرنج ڕاکێش نیە؟ بەڵام ـ کوندرا ـ لەبەر ئەوەیە کەکرۆکی بیرەکەی نزیکە لەڕووناکبیرە زڵلە خواردووەکەی خۆمانەوە کەئێستا شکستی مارکسیسم یشیان داوە بەدەمیاندا، بەڵێ کتێبی ـ بۆ ژن ناوی نیە ـ فرۆختنی باشی هەبوو، دەلیلی ئەمەیش ئاشکرایە. لەووڵاتی ئێمەدا ژن چەوساوەترین توێژی کۆمەڵە، ئەوەی لەو ووڵاتەدا بەسەر ژن هاتووە بەسەر کرێکار نەهاتووە، لەم لایەنەوەیە کەفرۆختنی کتێبێك بەم ناوەرۆکـە کەبـەرانبـەر ئەو زوڵـە کۆمەڵایەتیەی بەسەر ئافرەتا هاتووە دەنگ هەڵبڕێت کارێکی سروشتیو چاکە.

● جەنـابی «یاشار کەمال» دوا پرسیار ئەمەوێ بزانم لەتەرجەمەی کتێبەکانت ڕازیت؟ ی.ك ـ لەتەرجەمەکانی ڕازیم، زۆریان ژنەکەم کردوونی، خاتوو ـ منور ئانداچ ـ یش زەحمەتی تەرجەمەی کتێبـەکـانمی بۆ زمـانی فەرەنسایی کێشاوە، کارێکی چاکیان کردووە، لەم دواییەدا لەفەرەنسا خەڵاتێکی وەرگـرت. تەرجەمەی کارەکانم بۆ زمانی ئەڵمانی لەلایەن (کورنلیوس بیسکوف) ەوە

کراوە کەلەتورکیا لەدایك بووەو گەورە بوو. یەکێکی تر لەوانەی کەزەحمەتی گۆڕینی کارەکانمیان بۆ زمانی ئەڵمانی کێشاوە (ایلدرم داغیلی)یە کەلەئەڵەمانیا ئەژیو لەگەڵ خێزانەکەیدا تائێستا دوو سێ کتێبی تەرجەمە کردووم. گ]ڕینی بەرهەمە کانم بۆزمانی ئەسکەندەناڤی لەڕووی زمانی ئینگلیزیەوە خێزانەکەم ـ تیلدا ـ ئەیان کات، بەگشتی مرۆڤێکی بەختەوەرم چونکە گۆڕینی کارەکانم بەزمانە رەسەنەکانی دنیا بەجۆرێکی زۆر چاك ئەنجام دراون.

●

ژێر نووس

---

١ـ ناوی گەرەکێکە ئەستەمووڵ
٢ـ سعید فائق: نووسەری تورك (١٩٠٤ ـ ١٩٥٤).
٣ـ ئورهان کمال: لەرۆمان نووسەکانی سەردەمە.
٤ـ ئورهان وەلی: لەشاعیرانی نوێ خوازی سەردەمە
٥ـ لەموتەسەویفەکانی تورك.
٦ـ لەشاعیرەکانی تورکیا کەلەسەدەی حەڤدەدا مردووە.

ناوی هەندێك لەو کتێبانەی یاشار کەمال کەبۆ زمانی بێگانە تەرجەمە کراون:
١ـ ئینجەمەمەد ـ لەدوو بەرگدا ـ (حەمەدۆك)
٢ـ تاوانێك لەگوزەری ئاسنگەریدا.
٣ـ زەوی ئاسن و ئاسمانی مس.
٤ـ ئەفسانەی چیای ئاگری.

سەرئەنجام کارەکانی یاشار کەمال بەسی (٣٠) زمانی جیهانی تەرجەمە کراون لە٣٣ ووڵاتدا زیاد لە١٤٢ جاریش چاپەکەیان تازەکراوەتەوە.

یاشار کەمال (١٩٢٢) نووسەری گەورەی تورکیای بەبنەچە کورد، بەیەکێك لەرۆمان نووسە هەرە دیارەکانی ئێستای جیهان دادەنرێت، تائێستا چەند جارێك بۆ بەندەریی خەڵاتی نۆبڵ دەست نیشـان کراوە. لەم چاوپێکـەوتنـەدا یاشـار کەمـال وەك نووسـەرێکی هونـەرمـەندو مولتەزیم بەمەسەلەیەکەوە قسەدەکات. پێویستە لەم پێناسە کورتەدا ئەوەیش بڵێم کەمامۆستای گەورەو هێژا ـ شوکور مستەفا ـ یەکەمین کەسی کوردە کەبەهۆی تەرجەمەکا کارەکانی ئەم کەڵە نووسەرەوە کورد بەئەدەبیاتەکەی بناسێنێت. مامۆستای زمان خۆش و قەڵەم بەبرشتیش ـ عبدالله حسن زادە ـ دووبـەرگی لەبـەرهـەمـە ناوازەکـەی ئینجـەمەمەد (حەمەدۆك) گۆڕیوەتە سەر زمانی کوردیەو هیوادارین بەرگەکانی تریشی بەدوادا بێت

ـ بێگەرد ـ

# چەند وێنەیەکی هەڵواسراو

«فەرهیدون سامان»

ئەمە ملوانکەی زێڕیین نیە
ملوانکەی مەرگە لەگەردنتا
بەو چاوە کزانەوە
بۆ ئەو ئاوێنە درز بردووە مەڕوانە
کەنیشتمانەکەت بارستەیەک خۆڵەمێشە
- ئەو درەختە سەوزەی جاڕانیش
ئێستا ووشک هەڵاتووە
ماڵەکەشت لەکاولکە دەچێ
«ئەو وڵاتە کاولکەش بێ
هەر خۆشم دەوێ...» (*)
- ئەو پەنجەی دەستەکانی قرتێندرابوو
تا ئیتر شیعر نەهۆنێتەوە
ئیدی پەنجەکانی نەخاتە سەر پلیتی تفەنگ
- نیشتمانەکەت تابووتێکە
بەقامچی پێچراوەتەوە
لەسەر دڵە گەورەکەش
گەواڵە هەور
ژەهر دەبارێنێ
- شەهیدەکان، وەک گەڵا وەریوەکانی
وەرزی شوومی پاییز
سەمای مەرگ دەکەن
مرۆڤایەتیش لەم وڵاتەدا
بۆتە کفنی زەردی
لاشەیەکی نەناسراو
- تۆ بڵێی ئەوە قفڵی دەرگا بێ
بەکلیل ستەم داخرا بێ



یان شیشی پەنجەرەی زیندانە
ئەو نیشتمانەی لێ ئاخنرا بێ
روانینەکانت .. لەلمی بیابان دەچێت
کاتێ گێژەلووکەی خۆڵاوی هەڵدەکات
ئاسمان و ڕێسمان، تەی دەکات
بەرەو ئەو ژوورە تاریکەی
کەجەللادەکان، تۆیان خنکاند
لەوێ چاوەکانت هەڵفرین..
بەرەو دنیای پان وبەرین
ـ ئەو هەموو گوڵاڵە سوورە
تنۆکی خوێنی ڕژاوی تۆیە
لەشوێن هەر برینێ
چلێ ڕواوە...
لەشوێن هەر تنۆکە خوێنێ
دەشنێتەوە گوڵێکی گەشاوە

ـ لێرە، گشت وەرزەکان نامۆن
تەنها پاییز مێوانێکی هەمیشەییە
وڵاتەکەم باخێکی دزراوە
پاسەوان دز
باخەوانیش لەباخی خۆی دەرکراوە
لەماڵی خۆی
وەکو درەخت لەرەگەوە هەڵکەنراوە
ـ لێرە لەجیاتی گوڵ، درک دەچێنن
پەیامی خۆشەویستی دەسووتێنن
هەموو شتێ دەرووخێنن
تەنها دیواری زیندان نەبێ
تادێ بلندتر دەبێ
کەرامەتیش نزمتر..

نیشتمانم
دەبا بەس بێ، باسەنگەرەکان
کەخوێنی چۆڕاوی برینی گەشی تۆن
بکەین بەلانەی خۆشەویستی
تالە سپێدەی نەورۆزێکی نوێ
گوڵاڵەی سووری ئازادی دەپشکوێ

١٩٨٨

هەواڵنامەی کتێب

# سەرهەڵدانەوە

مەولوود ئیبراهیم حەسەن

نەك بەم ڕۆژی ڕووناکە، بەڵکە چەندین جار هەر بەشەو، شەوی تاریك وپڕ باوباران، هەر لەم بەرزی‌یەوە، بێ ئەوەی چ جاران ساتمە لەبەردێك بكا! یا لەقوڵتێك هەلەنگوتێو لاڕێ ببێ.. دەگەیشتەوە ئاوایی. بەلام، ئەم جارە، بەم نیوە ڕۆیە، ئەوە چەندین جار لاڕێ ببێو هەلەنگوتێو ساتمە بکات.

نەهەق نیە! بۆ دیتن و ڕۆین.. تەنیا چاو بەس نیە!؟ هەست و دڵیش پێویستە. پیاو هەتا هەستی ئاسوودەترو دڵی خۆشتر بێ، چاویشی تیژترو زەینیشی ڕوونترە.

ئەم وا دەستیان لەهەست و دڵی وەرداوە خوێنی هەموو بەدەنی سەراوبن بووە. هەستیشی برینداروشیوێندراوە، ئەوەتە هەتا ئێستاش.. گەفەکانی ئەفسەرەکەی بەوەرگێرانێکی نارێك.. وەك کۆمەڵە قەلێك بەسەر سەری‌یەوە دەقیژێنن و دندووك وجینجرۆك لەهەستی برینداری گیردەکەن.

ـ ڕانەوەستی.

ـ ئاور نەدەیتەوە.

ـ دەست هەڵنەوەشێنێ.

ـ لەڕێ لانەدەی.

کەلەسەر لوتکەکانەوە لەئاوایی ڕادەمایو خانووەکانی دێو دارو درەختەکانی ئاواییت وا دەهاتنە بەرچاو، کەکۆمەڵە بەردێکی نەقاری کراوبن و لەم هەورازە غلۆر کرابنەوەو لەنێو دۆڵەکەدا شانیان دابێتە یەك و لەگیاو شینایی‌دا شتڵ بوو بن! کەچاویشت بەنەرمی لەئاواییو خانووەکان هەوراز دەبردو بەقەد شاخ و لوتکەکاندا هەڵدەگێڕا، قان قانی سووتان و ڕەش دا هەڵگەرانی دەشت و کێوەکە لەبەرگی ڕەش وپینە پینەی ژنە کوردێکی هەژارو تازی‌یەداری دەکرد. خانووەکانیش وا شانیان دابووە یەك، کەدەتگوت: مێگەلە مەڕەو هەستی گورگی کردووە.

لەگەڵ هەر ماڵێك، یادگارو بەسەرهاتێکی هەیە، لەسەر هەر دۆڵێك و شاخێك چەند چیرۆك و بەسەرهاتی بیستووەو دیتووە. ڕێگای ئەم سەر لوتکەیە تا ئاوایی

بیست دەقیقە ڕێ دەبێ، بیست دەقیقە ڕێگەش بەشی ئەوە ناکا، ئەم هەموو یادگارو بیرەوەری‌یانە وەبیر خۆی بێنێتەوە. چ ئەوانەی لەباب و باپیری‌یەوە بیستوون و چ ئەوانــەی بەخۆی دیتوونی‌و بەسەری هاتوون: ناچار زۆر بەپەلەو ڕەوهانی ئەوەی دەستی پێ ڕاگەیشت.. وەبیر خۆی هێنانەوەو بەسەری کردنەوە.

ڕێگـا لەبـەر ناچێ! جاران هەربە گۆرانی گوتنەوە لەوێوە خۆی دەکوتایە نێو ئاوایی. هەر جارەش کەدەگەیشتەوە ماڵ، ژنەکەی پێ‌ی دەگوت: «دەنگت پێش ڕەنگت دەگاتەوە ماڵ.»

ئێستاش نەدەتوانێ دەنگت هەڵبڕێ‌و نەدەتوانێ ڕێگا ببڕێ! ئاخر چۆن بتوانێ؟ ئەوەتا پێستەی بووە بەقالبێکی ئاسن و هێزێکی دنیاکێش دەوێ جوڵەی تێدا بکات.

«ـ ڕانەوەستی.

ـ ئاور نەدەیتەوە.

ـ دەست هەڵنەوەشێنێ.

ـ لەڕێ لانــەدەی. لەهــەریــەک لەم ئامــۆژگاریانە لابدەی، بێ سێ‌و دوو لەپشتەوە بەردەست ڕێژت دەدەین.»

لەکێوەکان ڕادەماو ئاخی هەڵدەکێشاو دەیگوت:ـ

ـ ئەم کێوانە مرۆی ئازادیان دەوێ.

ـ ئەمە ژیان نیە! پیاو نەتوانێ لەپێستی خۆی بجولێتەوە..

هەواڵنامەی کتێب

خۆی وەك شێر.. یان پلنگێکی زنجیر کراو دەهاتە بەر چاو، بەڵام، زنجیر تەنها دەست و پێ‌ی ئەوی نەبەستبوو، لەهەست ودڵ و زمانیشی ئالابوو..

ـ لەوەتــەی ئەو (ڕەبیــانە) وەك تەیری شووم بەسەر ئەو لوتکانەوە هەڵنیشتوون! ژیانمان لێ‌تاڵ بووەو ماڵ و ئاوایی خۆمان لێبووە بەزیندان.

لەپڕ هاتــەوە بیری کەئەفسەرەکە پێ‌ی گوت«پێویستە ئافرەتێکتان لەگەڵ بێ! دەنا.. بێ ئافرەت هەرکەسێك لەئاوایی بێتەدەرێ، منداڵ بێ یان پیر وەبەر دەستڕێژی دەدەین.»

ـ من و ڕزگاری کوڕم و گوڵخاتوون.

باشە بۆ ناوو تەمەنی هەر سێکمانی نووسی؟! چاوەکانی پڕ جن بوون! ئەو چاو زەقە لچ ڕەشە، نیازی باش نیە!



ـ نەء منداڵن!! رزگار دەساڵەیەو گوڵخاتوون یازدە ساڵانە..
منداڵن، منداڵ!!

هەڵدەچوو، بەتوورەیی‌یەوە دەیگوت! «هەقیانە! هەقیانەو زیاتریش! دەبێ بۆ چوونە ناو رەزیش پرسیان پێ بکەین و روخسەتیان لێ بخوازین! ئاخر پیاو کەبێ چەك بوو؟ دەبێتە کەوڵە شێرو لەهەڵەت دەکەوێ و سامی نامێنێ بەتایبەت بەرامبەر بەکەسانێ، لەهیچ نەگەرێتەوە چەك نەبێ! چاکیان گووتووە «مشت لە درێشە دەگەڕێتەوە»

ئاااخ خ.. بێ چەکی!؟ !؟

«چەنـد کورت لە دەرەوەیـە؟» خۆزی چڵ کورم دەبـوو وهەر هەموویان لەدەرەوە دەبوون، هەموو ئەوانەی لەدەرەوەن، کوری منن، نا!! ژینی واخۆشە؟؟ بۆچوونە ناو رەزی خوایی پرسیان پێ بکەی و روخسەتیان لێ وەربگری. لەوەش خراپتر وادەو سعاتێشت بۆ دابنێن.

«لەنۆی بەیانی‌یەوە تایەکی پاش نیوەرۆ، یەك دەقیقە تێپەری، دەگیرێن و دەکوژرێن
ئاااخ .. بێ چەکی!
ـئا اا خ خ خ .. چەك داماڵین.

★ ★ ★

رۆژ لەتاقی ئاسمانێ بوو، عەولا رەش لەگەڵ رزگارو گوڵخاتوون، شەش سەر مەرو سێ بزنیـان دابووە پێش خۆو سەگە قوتەکەشیان بەدوواوەبوو. بەرەو رەزی دەچـوون. رێگـا چەنـد پێچـو هەورازێکی تێدابوو. عەولا رەش بیری لەرەزەکەی دەکردەوەو لەدڵی خۆی دەیگوت!« ئەم رەزە ئەگەر بەچاکی بەناو بێت، ئاوایی‌یەکی بێ منەت بەرێوە دەبا، ئەو سێوو هەرمێ و هەنجیرو باوی و خۆخ و هەنارە بگاتە شار بەعەردی ناکەوێ. بەڵام، بەچی دەچێ ئەویش ماڵی ئێمەیەو ئێمەش خاوەنی ماڵی خۆمـان نین؟! ئاخـر ئەم رەزە وەك هەر ئاوایی‌و ماڵە کوردێك، بەشی خۆی بەسەر هاتـووە! دووجـار سووتـاوەو سەر لەنـووێ دامـان چاندۆتەوە، جارێکیش ناپاڵمی بەرکەوتووەو بریندار بووە، ئێستاش بەو ناپاڵمە سینەی زامدارو چاڵە! چەندین جار من خۆم و برا پێشمـەرگـەکـانم، کەرێمـان نەبـووایە بچینەوە نێو ئاوایی، لەوێ دەحەسواینەوەو لەسێبەری دارەکان رادەکشاین و بەرهەمی ئەوانیشمان دەخوارد.

یەك یەك بەسەرهاتەکانی خۆی لەگەڵ ئەم رەزە دەهاتەوەبیر، یا راستتر وەبیر خۆی دەهێناوە، تاگەیشتە ئەم رۆژەی، کەیەکەم ژووانی لەگەڵ «سێوە»ی خێزانی گرتبوو، هەر لەوێش پەیمانی بەیەك گەیشتنیان بەستبوو، ئەنجامی ئەم پەیمانەش ئەوەتە،

دووانی لەدەرەوەن و دووانیش مردوون و عەمریان بۆ ئەوانی دی بەجێهێشتووەو دووشی لەگەڵ خۆیەتی.

بیرهاتنەوەی ئەم بەسەرهاتانەی رابردوو ماوەیەکی کورت، بیری مام عەوڵای لەم رۆژە رەشەی ئەمرۆی دزییەوە، هەر هەناسە هەڵهێنانێکیو هەنگاونانێکی مردنێکە بۆ خۆی. پیـاو لەم هەوارە ئەم هەمـوو بەسـەرهاتە پڕ شکۆیەی دیبێو بیستبێ: ئێستـاش ئاوا باڵشکـاو بێ ..! لەپـڕ دەنگی رزگاری کوڕی خەیاڵەکەی پچراند، کەبەنەرمە غار بەدەوری مەڕو بزنەکاندا دەسوڕایەوەو ئەم گۆرانییە خەماوییەی دەگوت!

«ئاخ ژ دەردێ ڤێ زەمانی
تێکرا سوٚتن رەزو کانی»

لەگـەڵ ئەوەی شیعرەکە وشەی «ئاخ»یشی تێدابوو، کەچی عەوڵا رەش لەدەنگ وئـاوازەکـەی هەستی بەهاندان و خۆڕاگراتنێك کرد. سەری هەڵبڕی سەگەکەیان لەسەر رێگا خەریك بوو بەبەردێك دادەمیزت. چەغەی لەسگەکە کردو رووی بەلای رزگاردا وەرگێڕاو گوتی: «رۆڵە گۆرانی بەکێژان دا هەر بڵێ، بەم کێوانەدا هەر بڵێ! چیت داوە، لەم گۆرانییە خەماوییە؟!»

رزگار بەدەم گۆرانی گوتنەوە وەڵامی باوکی ئاوها دایەوە:

ـ ئەدی ئەوەنیە بەرەزان دا هەر دەڵێم، بابە!!

عەوڵا رەش هەستی بەجـۆرە تەریق بوونـەوەیـەك کرد. ئاوڕی دایەوە گوڵخاتوون دواکەوتبوو گوتی: «کێژم پێ هەڵێنە!»

★ ★ ★

لەئاوایی پەنا کەوتبوون. زۆر نەمابوو لەگا بەردەکان رەت بن و بگەنە ناو رەزی، کەچـەنـد دەنگێك تێکرا تێیان ڕاخورین. لەقسەکان نەگەیشتن. بەڵام، دەنگەکان هەرەشەو تێڕاخورین بوو،

لەگەڵ دەنگەکان سەرو سەکوتی چەند سەربازێکی دەست بەتفەنگ لەپەنا بەردەکان، قیت بوونەوە. رزگار پێی بەغارێ وەناو بەتوو لە رێگاکەدا هەڵات.

عەوڵا رەش بانگی کرد،: مەترسی رۆڵە هەڵمەیێ:: لەم لاوە سەربازەکان، رزگاریان دایە بەردەستریژ، گوللەکان ،بەعەردیء دەکەوتن تۆزیان لێهەڵدەستاو هەندێکیشیان بەرگا بەردەکان دەکەوتن وچرزەیان دەهات، رزگار واهەڵدەهات وپێچی دەکرد دەتگوت: خۆ لەبەر گوللەکان لادەدا.

گوڵخـاتوون بەگریانەوە خۆی گەیاندە باوکی ودەستی لەقەدی ئالاند، عەوڵا رەش

چاوی هەر لەرزگاربوو، دەستی بەسەری گوڵخاتوون داهێناو گوتی: «مەگری» کیژم مەگری. مەترسی» لەگەڵ تەقەی سەربازەکان مەڕو بزنەکان خڕبوونەوە، سەگەکەش سەربازەکانی داگرت ونەهێشت بێنەپێش، ئەفسەرەکە لولەی دەمانچەی تێکردو لەنێو چەوانی ئاگردا. بەگوللەی یەکەم سەگەکە هەرگەرم بوو ودەچووپێش. بەڵام، لەگەڵ دووەمین گوللە بەلاداهات وحەپەی بووە نووسکە نووسك وخوێنی لەبەر ڕۆیشت. کەوتە پەڵ وەشاندن وهەتا دەهات پەل وەشاندنەکەی بێ هێز دەبوو، لە خۆڵ وخوێنەکە ڕامابای دەتزانی ئەو بەستەزمانە چەند جاری پەل وەشاندوە تاگیانی دەرچووە.

عەولا ڕەش لەم ماوە کورتەدا هەموو ژیانی ئەم بەستەزمانەی هاتەوە بیرو وای بەبیرهات، ئەو بەستە زمانەش مادام لەم وڵاتە دەژی‌و سەگی ئاوایی‌و بەر دەرکی ماڵە کوردانە، دەبێ ئاوا بکوژرێ‌و خوێنی لەبەر بڕوات.

دوو فرمێسك لەچاوەکانی عەولا ڕەش خزانە سەر ڕوومەتی وهەتا نێو مووە بڕەکانی سمێڵی گیرنە بوون.

یەکێ لەسەربازەکان ڕووی کردە عەولا ڕەش ولێی خوری کەدەست بڵندکا. عەولا ڕەش تێ نەگەیشت سەربازەکە بەلوولەی کلاشینکۆفەکەی وای لەعەولا ڕەش کرد دەست هەڵبڕێ. دەنگی گریانی گوڵخاتوون بەرز بۆوە،

ئەفسەرەکە رووی کردە سەربازێك وپێی گوت: کەدوو سەرمەڕی قەڵەو بەپێشەخۆی بدات و بیبا بۆ ڕەبیە! لەوێ یەکیان بۆ نیوەرۆ بکوژنەوە، تائەوان دەگەڕێنەوە، مەڕو بزنەکانی دیشی لاری کردن و بەردەستریژی دان. بارەو باعەی مەڕو بزنە بریندارەکان دۆڵەکەی پڕکرد.

عەولا ڕەش بەدەست هەڵبراوی دەسوڕاو دەیویست شتێك بڵێ، نەچی بۆ دەگوترا نەکەسیش گوێی لێدەگرت. گریانی گوڵخاتوون لەگەڵ باعەو بارەی مەڕو بزنە بریندارەکان تێکەڵ دەبوو، مەڕو بزنەکان تا دەهات ناڵەو بارەو باعەیان کپ دەبوو، دەنگی گریانی گوڵخاتوونیان تەنیا دەهێشتەوە، بەستە زمانەکان هەموو کەوتبوونە عەردی‌و خوێنیان لەبەر دەڕۆیشت.

عەولا ڕەش دەیویست بزانێ هۆی چیە؟ سەری لێدەر نەدەکرد. لەپاشدا لەدڵی خۆی گوتی: «ڕەنگە ئەوە جەماعەتەکەی دوێنی نەبن. کەمن ڕوخسەتم لێوەرگرتن، بەڵام، کەچاوی بەئەفسەرەکە کەوت زوو ناسیەوە، ویستی بەپارانەوەو گلەیی لەگەڵی بدوێ، مشتە کۆڵەیەك نێو دەمی پڕ خوێن کرد. گوڵخاتوون زریکاندی‌و باوەشی لەباوکی وەرهێنا.

دوو سەربـاز لەعـەولاّ رەش روو هاتن و هەریـەکـە دەستێکیـانْ گرت. ئەفسـەرەکـەش دەستـی گوڵخـاتـوونی گرت و بۆ لای خۆی راکێشـا، گلاوڵخاتوون بەگریانەوە خۆی بەلای باوکی داپچریەوە، بەلاّم، ئەفسەرەکە زۆر بێ بەزەییانەوە پەلکێشی کرد.
عەولاّ رەش تەواو لەمـەبـەستیـان گەیشت، بەتـوندی خۆی پچریەوەو بەپارانەوەش رووی لەئەفسەرەکە کرد کەگوڵخاتوون بەربدا.
سەربازەکانْ تەواو عەولاّ رەشیان پێ بەرزەفت نەدەبوو بەقۆنداغە تفەنگ شانیان کوتیەوەو لوولەی کلاشینکۆفەکەیان خستە سەر سنگی. ئەفسەرەکە بەتـونـدی دەستی بەسـەرگریان و خۆ پچرینەوەی گوڵخاتوون داگرتبوو. ئیشارەتی بۆ سەربازەکان کرد کەعەولاّ رەش لە دار بەڕووەکەی لارێ ببەستنەوە.
عەولاّ رەش کەگـوێی لەگریانی گوڵخاتوون دەبوو ودەیدیت ئەفسەرەکە زەنگەی گرتووەو دەست بەرووی دادێنیو بەری نادا، وەك پڵنگی زنجیرکراو دەینـەرانـدو هەوڵی دەدا خۆ لەدەست سەربـازەکـان رزگـار بکـات! بەلاّم، سەربازەکان لەچوارلاوە دەیانکوتیەوەو رایان دەکێشا. گوڵخاتوون کەدەیدی سەربازەکان ئاوا دڵرەقانە بەربووینە گیانی باوکیو زۆر بێ بەزەییانە لێی دەدەن! بەکـوڵ تر دەیزریکاندو خۆی لەعەردی دەکوتا. ئەفسەرەکە توندتر بەرزەفتی دەکردو پێی دەگوت: «مەگری مەگری! ئەمرۆ رۆژی بوکێنیتە!!» گوڵخـاتـوون لەزمـانی ئەفسـەرەکـە نەدەگـەیشت، هەر دەگریا، خۆ ئەگەر تێشگەیشتبا! زیاتر دەگریاو زۆرتر دەترساو پتر رقی لێئەستوور دەبوو.
عەولاّ رەش جەمـەدانـیـەکـەی لەمـلی هالاّبـوو. خوێن سەروچـاوی سوورکـردبـوو. سەربـازەکـان رایـان کێشـایە لای داربەڕووەکەی لارێیو پژدێنەکەیان کردەوەو لەدارەکەیانْ بەستەوە. عەولاّ رەش دەپارایەوەو تەکانی دەدایـە خۆی. هەرچەند بەهێزتر جولابا، سەربازەکان توندترو کاری گەرتر دەیان کوتایەوە.
سەربازێکیان لەکاتێ کە عەولاّ رەشی بەپژوێنەکەی خۆی لەدار دەبەستایەوە گوتی: «کوری سەگانە کندری خۆیان لەگەڵ خۆیانە، چەند درێژە درێژ؟!»
عەولاّ رەش هەردەجـولاّیـەوەو پەلی دەکـوتـا، سەربـازەکـانیش هەر لەگۆزینگەوە هەتا ملی بەپژدێن لەدار بەڕووەکەیان، شەتاند. دوو دەستیشی

لەگەڵ دوولکەدار بەسترایەوە کەهەر لەشێوەی لەدار دانی مەسیحی دەنواند، یان راستر عەوڵا رەشی کورد بوو لەخاچ دەدرا!!

عەوڵا رەش دەست وپێی بەسترابوو، جولەی بۆ نەدەکرا، بەڵام هێشتا زمانی دەگەڕا، بەتورەیی وپارانەوە داوای بەردانی گوڵخاتوونی دەکرد.
سەربازەکان کەتەواو مام عەولایان جولە برکرد، پەرت بوون. ئەفسەرەکە دووانی بانگ کرد کەیارمەتی بدەن. چۆن گوڵخاتوون هەر دەگریاو خۆی دەپچڕیەوە.
ئەفسەرەکە دەستی بەروو مەتی گوڵخاتوون دادەهێناو دەیگوت.
- ئەو چیاییە سەگباوکانە ئافرەتیان چەند جوانن، حەیف ئەو ئافرەتە جوانانە بۆ ئەو سەگبابە کێویا نەبن! حەیف ئەم ناوچە جوان و ئەو ژنە جوانانە بۆ ئەم یاخی وەحشیانە بن: سەیرکە چەند ئافرەتەکانیان جوانن؟ پیاوەکانیان سەد ئەوەندە لامل وکەللە رەقن.

عەوڵا رەش کەبەبەرچاوی یەوە ئەفسەرەکەی دەدی دەستی بەرووومەتی گوڵخاتوون دادەهێنا، خۆی رادەتەکاند! بێفایدە بوو، حەزی دەکرد بمرێ! بەڵام نەدەمرد!! چواردە ساڵ ژیانی پێشمەرگایەتی. چەند جار لەکەمینی دووژمن کەوتن ولەمردنی مسوگەر رزگار بوون، بۆچ نەکوژرا، تا ئەو رۆژە بەچاوی خۆی ببینێ!؟
- ئا اخ خ چەك فرێدان.

گوڵخاتوون گیر نەدەبوو، دەگریاو دەجوڵا، ئەفسەرەکە بڕیاری‌دا بیبەستێتەوە، بەڵام، بەستنەوەیەك لەگەڵ مرازی ئەو بگونجێ. دەسترۆکەو چارۆگەیان لەمل دا کەندو پشتاو پشت لەعەردیان داو هەردوو دەست وهەردوو پێیان بەچارۆگەو دەسرۆکەکە لەبنە تەڕاشان گرێدا.

گوڵخاتوون، دەتگوت مەسیحە لەخاك دراوە نەك، لەخاچ. جوڵەو خۆ پچڕینەوەی نەمابوو، بەڵام، دەنگی گریان وزریکە زریکی هەر دەبیسترا.
ئەفسەرەکە فەرمانی‌دا دەمیشی ببەستنەوە، کە دەنگیش برا، عەوڵا رەش بەدەم دەیهاڕاندو ئاگری لەدەم دەباری، بەڵام، تەواوی هەول وپارانەوەکەی بەرهەمی نەبوو چونکە کەدەیگوت:
- خاتر ئەللا!
سەربازەکان وایان وەڵام دەدایەوە.

ـ الله موجاز!!

عەولا رەش دەمی مابوو شتێکی پێ بکاو بڵێ! دەیهاراندو جوێنی دەداو دەپارایەوە.

ئەفسەرەکە لەسەربازێکی خوڕییەوە: «بێ دەنگی کە!» سەربازەکە قەمەی کلاشنکۆفەکەی هەڵنیایەوە لێی چووە پێش. عەولا رەش چاوەکانی زەق بوونەوەو بێ ئەوەی هەست بەوە بکات، دوا چاو هەڵێنانیەتی! خیزی دەمی خرکردەوە، کەدەمی پڕ خوێن و خیزبوو. هەتا هێزی هەبوو تفێکی خوێناوی لەناو چاوی سەربازەکە کردو بەرقەوە گوتی: «بێ شەرەفینە!»

سەربازەکە تەواو لێی چووە پێش و بەرق و تورەیی‌یەکی زۆرەوە، بەهەموو هێزی، کلاشنکۆفەکەی هەڵبڕی‌و لەسنگی مام عەولای کوتا، قەمەکە لەپشتی دەری کردو کەمێکیش لەدار بەرووەکە چەقی! عەولا رەش ناڵەی بەرزبووەوە. سەربازەکە قەمەکەی راکێشایەوە، بەڵام، وا بەهێز کوتابووی نەدەهاتەوە دوو دەستی، بەهەردوو دەست کلاشنکۆفەکەی راهەژاند، کەقەمەکەمێ برینەکەی گەورەتر کرد، دووجاری تریش هەربەم رق و هێزەوە سەربازەکە قەمەکەی لەسنگی عەولا رەش کوتی. خوێن لەدەم و برینی مام عەولا فیچقەی کرد.

★ ★ ★

ئەفسەرەکە لەگوڵخاتوون رادەماو لچو لێوی خۆی دەلێستەوەو دەیگوت:ـ بوکێکی جوان وناسکە!» کراسەکەی گوڵخاتوونی لەدامەنی‌یەوە هەڵزراندو لەسەرسنگی لێك بۆوەو دوو لەت بوو، ئەو سنگە سپی‌و مەمکە تازە هاتوانەی گوڵخاتوون، لیکاویان لەدەمی ئەفسەرەکە گیر نەدەکرد. شێتانەو بەپەلە ئاوەڵکراسەکەی راکێشاو لەگۆزینگانەوەی گیرمان.

ئەفسەرەکە دەستی لەمەمکە چکۆڵەکانی گوڵخاتوون دەگێڕا. گوڵخاتوون دەجوڵاو پێچی دەکرد. بەڵام، شەتێزابوو کەدەستی ئەفسەرەکە بەر مەمکە تازە هاتووەکانی کەوت، یەکەم دەست بوون مەمکۆڵەکانی دەگوشین، ئەو رۆژەی هاتەوە بیر، کەدایکی، هەستی کردبوو، بنی مەمکی دناوە جارێك لەکاتی سەر شوشتنا پێی گوت: کیژم دوو کەس هەقیان هەیە دەست لەسینەو بەرۆکت بکێن، یەك:ئەو کەسەی هەموو گیانی تۆ دەبێتە حەڵاڵی ئەو، دوو:

کۆرپەکانت.. دوا ڕۆژ کەدێنە دنیا. گوڵخاتوون ئەو ڕۆژە لەشەرمان کوڵەی پڕ خوێن ببوو بەشەرمەوەش سەری داگرتبوو.

ئەفسەرەکە زۆر بەبرسی‌یەتی‌و درندانەوە دەستی دەگواستەوە. ئەو لچ ولێوە ئەستوورو سمێڵە درانەی لەڕوومەت ولێوی گوڵخاتوون دەگێڕاو هەڵمی هەناسەی بەر ڕووی دەکەوت، ئەو چیرۆکەی هاتەوە بیر گوڵخاتوون کەزۆرجار لەدایك و داپیرو پیرە ژنانی ئاوایی بیستبوو.

«ساڵێك ئافرەتێکی جوان، پاش ماندوو بوونێکی زۆر لەنێو ڕەزی لەژێر دار گوێزێك خەوی لێ دەکەوێ، کاتێك هەست دەکا، هەڵمێکی گەرم، بەر ڕووی دەکەوێ شتێکی نەرمیش ڕووی دەلێستەوە، کەچاو دەکاتەوە دەبینێ ورچە، دەزریکێنێ‌و لەهۆش خۆی دەچێ.»

ئێستا.. ورچ نا، دوژمنێك لەورچیش درندەتر کەلەوەتەی گوڵخاتوون هەیەو دەبینێ‌و دەبیسێ هەر زوڵم و زۆرو سوتاندن و کوشتن ومال وێرانی لەمانەوە بەدیاری دیوەو بیستووە!! ئێستا ئەوانە بوون ڕزگاریان دایە بەر دەستڕێژ! ئەوانە بوون، سەگەکەیان کوشت، مەڕەکانیان کوشت، ئەمانە بوون باوکیان دایە بەر قونداخەی تفەنگ و لەداریان بەستایەوە. ئەوەتە خۆشیان بەستاوەتەوەو بەرگیان لەبەر ڕادڕیەوە! زۆر بێ‌دەسەلات و بەدەم بەستراوەیی‌ی دەگریاو دەپارایەوە، ئەفسەرەکە هێندەی دی خۆی بەدەسەلات تر دەهاتە بەرچاو، بێ ئابڕوانە تر بۆی دەنەوی‌یەوە، ئەفسەرەکە بۆ ئەوەی چیتر دەنگی گریان و نووسکەی گوڵخاتوون نەبیسێ، توند تر دەمی بەستایەوەو هەناسە بڕی کرد. خۆی بۆ سازداو بەسەری دا درێژبوو،

گوڵخاتوون دەم ولووتی وا بەسترابوو بەجارێ هەناسەی نەدەهات، زەلامێك!! نا، کێوێکیش بەسەری دا کەوتبوو هەڵی دەگلۆفت.

ڕق وتووڕەیی‌و ترس وخەمی ناموس چوون و براو باوك کوژران، خزابوونە نێو هەستی پاك ومنداڵانەی گوڵخاتوون و هەموو یەکیان گرتبۆوەو دەماریان توند دەکرد. دەجوڵاو پێچی دەکردو دەجوڵا..

ئەفسەرەکەش هەر دەژنی‌و بەرزو نزم دەبۆوە. گوڵخاتوون لەدوا پلە دەمار توندی چاوەکانی سوراو سپی بوون ملی خوار بۆوەو لەجوڵە کەوت!!

ئەفسەرەکە توندترو بەپەلەتر دەستی بەژەنین کردو هانکە هانکی لێ کەوت و.. خاو بۆوە.

سەربازەکان لەدوورەوە لیکاویان لەدەمی دەهاتە خوارەوەو بەپەلە چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکرد.

ئەفسەرەکە هەلسایەوەو سوڕێکی داو جارێکی تریش نیشتەوە سەر لاشەی بێگیان ودەستی بەژنین کردەوە. بەڵام، لاشەکە تەواو سارد هەڵگەرابوو.

عەولا رەش خوێنی لەبەر رۆیشتبوو لەدەلینگی شەڵوا رەکەی را بەنێو کلاشەکانی داهاتبووەخوارێ ولەژێر دار بەڕووەکە گۆمیلکەیان بەستبوو مەیبوون وسەریشی بەسەر سنگیدا شۆڕ ببۆوەو چاوی بەلای گوڵخاتوون داسورابوو.

ئەفسەرەکە کشا بووەو سەربازەکانیش یەکەیەکە لەلاشەی ساردو بێ جوڵەی گوڵخاتوون دەژنین ومریەمە لەخاك دراوەکەیان دەلێستەوەو بەمردوویی.....!!

هەموویان هەڵسابوونەوەو دەوری لاشەی بێگیانی گوڵخاتوونیان دابوو ولێی ورد دەبوونەوە.

گوڵخاتوون دەم بەستراو خەو لێکەوتوو، سینەو دامەن رووت، چوارپەل بەستراو دەرپێ لەگۆزینگ ماو ئاساری درندانەی بەسەرەوە دیاربوو.

ئەفسەرەکە دەمانچەی دەرهێناو گوللەیەکی بەنێو دەمی وەناو کەللەی گوڵخاتوون شەق بوو.مێشکە ئاسك وسپیەکەی بەو ناوەدا پەرت بوو.

چەند گوللەیەکی تریشی لەسینەو بەدەنی دا. گوللەکان دەتگوت: لەتۆپە لاستیکێکی شلك دەردێن، کون دەبوون وزەرداویان لێ دەهات. پاشان دەستووری بەسەبازەکاندا، ئەوانیش هەریەکەو رستێکیان لەلاشەی بێگیان ولەخاك دراو بەتاڵ کرد.

ئەفسەرەکە بەچاوی پڕ خوێنەوە جارێکی دی، ئاوڕی بەلای ئەو دارە دایەوە کەعەولا رەش لێبەسترابۆوەولەدار درابوو زەردەخەنەیەکی تاڵی بۆکردو بەڕێ کەوت. سەربازەکانیش لەدوایەوە، پەرت بوون.

خەریك بوون لەلاشەی مەرو بزن وسەگەکە رەت دەبوون، دەنگێکی منداڵانە گوتی:-

«ئەوەتەن...واخەریکن دەگەڕێنەوە»

ئەفسەرو سەربازەکان بەلای دەنگەکە ئاوڕیان دایەوە، لەو جێیەی دەنگەکەی لێوەهات هەر لە وێو لەدوولا درانە بەر دەستڕێژو هەموویان بەلادا هاتن وبێ رانەگەیشتن دەست بکەنەوە، دەنگی ئاخ ئاخ ویابە دۆڵەکەی پڕ کرد.

**هاوینی - ١٩٨٣**
**هەولێر**

# ئەدەب و سیاسەت

فوئاد سدیق سەبیر

ئای شیعـر! ئەی دونیـای تێکچرژاوی پڕ سیحر، لە روخسارتدا، جیهانێکی تراژیدی بەدی دەکەم، جیهانێك هەروا لە چاوەڕوانی (کۆلۆمبس) یکدایە. بەڵام کێ بێت (کۆلۆمبس) ئاسا پەی بەم جیهانە نەدۆزراوە ببات.

شیعر بووکێکی چاو ماڵی قژ زێڕینی باڵا بڵندی بەئاستەم گۆشتنەو سەدان ساڵە لە کورە لاوێکی رۆح سووك مارە کراوە، بەڵام، جلکی بووکێنی گەچراوەو شاجاغەکەیشی ژەنگی هەڵهێناوە!

ئیمڕۆ شیعر وەك ئافرەتێکی فرتۆنی لێ هاتووە، چی جوانی سرووشتیی خۆی هەیە، لەدەستی داوە! ئافرەتێکی فەهۆ ببردرێتە سالۆنێك بەتیف تیفەی تازەترین مۆدیل و نوێترین جۆرە دەرمان ئارایشت بکرێت و دەسکارییەکەی بەرادەیەك کرابێت کە کاری لە بەرزیو نزمیو لاوازیو قەڵەوی بەژن و باڵاکەیشی کردبێت!، جا توخوا خەڵکینە هەر کچۆڵەیەك بەم دەردە ببردرێ، دەسگیرانەکەی خۆیشی دەیناسێتەوە؟!، کەنجێکی دیسکۆی تازە لاو بکرێ بە پیرەمێردێکی جووتیاری ریش سپیدا، دەناسرێتەوە....؟!.

گونـاهم نەکردووە، ئەگەر بڵێم شیعریش عەیامێکی زۆر دوورو درێژە بەم دەردە کوشندەوە چووەو سیفاتی بنەڕەتی خۆی لەدەست داوە. ئەگینا شیعر لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە نەهاتووە، خەڵکی بۆ کۆڕی ڕاپەڕین و..و..و..پێ هان بدرێ! ئەمە کاری بنەڕەتی شیعر نەبووە. لەقۆناخی کۆمۆنەی سەرەتایی (مشاعية بدائية) شیعر (بەماناکەی) لەئارادا نەبووەو، وردە وردەش بەشێوە ساکارە سەرەتاییەکەی خۆی، هەربەتەنها بریتی بووە لە ململانێی سرووشت ووەسفی جوانی ئافرەت، ئەگەرچی لەشێوەی گۆرانیو ڕووکەشانەش بووبێت. بەڵام، وردە وردە لەگەڵ دروستبوونی کۆیلەو کۆیلەدارو چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە شیعریش وردە وردە ئەرك وسیفاتی بنەڕەتی خۆی لەدەست داو، بۆ هەڵمەتی پاڵەوانانەیو هوشیار کردنەوەی خەڵك لە سیاسەت و ...و...، بەکار هێنـرا، کەئـەمـەیـان کاری بنـەڕەتی شیعـرنیـەو هەربـابـەتێکیش قافیـەدارو مۆسیقـادارو برگـەدارو..دارو ...دار بێت، مانـای ئەوە نیـە شیعـرە، ئەگـەرچی بەزۆری زۆردارەکی ناوی شیعریشی لێ نرابێت. کەی وانەی وەرگێڕان دەکرێتە شیعر؟!

**هنا لێره هناك لەوێ**

**ماذا ترید چیت دەوێ**

بەپێی بۆ چوونی گونا هبارانی شیعر ئەمەشیان هەر شیعرە...! وانەی ماتماتیك وئەلەكترۆنیك وكۆمپیوتەریش بەم شێوەیەی سەرەوە بوترێ هەر شیعرە..!!، بەڵام، ئەمانە هەمووی تاوانە دەرهەق بەشیعر دەكرێ، تاوانێك وەك لەمانگی رەمەزانا ولەنوێژی خوتبەدا ولەناو ماڵی خوادا بێیت شەریك بۆخـوا دروست بكەیت، یاخود زینایەك بكەیت!، بەڵێ ئەم تاوانە بەپێی شەریعەتی ئیسلامەتیی چەند گەورەیە (كە لەدین وەردەگەڕێی) هەر بەقەد ئەو تاوانە وایە كەبەرامبەر بەشیعر كراوە!.

جاران نە (هونەر بۆ هونەر) ونە (بابەت بۆ بابەت) ونە دەیان زاراوەی دیكەی لەم بابەتە لەئارادا هەبوون.

(ستـالین) نەبـوایـە، ڕەنگە زاراوەی (ڕۆمانسی كۆنەپەرست) و(ڕۆمانسی شۆڕشگێڕ) دروست نەبـوونایەوە، (ریالیزمی سۆشیالیست)یش ئەگەرچی (ئیڤان گرۆنسكی)و دەستەی نووسەرانی (ڕۆژنامەی ئەدەبی لە ٢٩/٥/١٩٣٢دا بەكاریان هێنا، بەڵام (ستالین)نەیقۆزتبایەوە، لەو چاو پێكەوتنەی كەلەدێی (گورتی) لەگەڵ هەندێ لەنووسەراندا سازیدا، پێی لەم زاراوەیە دانەگرتبایەو دووپـاتی نەكـردابایەوە، هەڵبەتە ئەم زەمینەی وەر نەدەگرت...!!. ئەوەتا چەندساڵێكە لە وڵاتی سۆفیـەتی پێرۆستـرۆیكـاو گلاسنۆستدا، چەند جارە ئەدیبان كۆ دەبنەوە، بۆ ئەوەی (ریالیزمی سۆشیالیست) بگۆڕن!. چونكە بەتێكەڵەیەكی كۆمەڵایەتی كزو لاوازی دەزانن. بەڵام لەبەر نەبوونی جێگرێك، زاراوەكە هێشتا وەكو خۆی ماوەتەوە!!

گونـاهـە ئەدیب مەدالیـای (ستـالین) یا (لینـین) یاهـەر كەڵەمـرۆیەكی دیكەی سیاسی... سەربازی...هتد پێ ببەخشرێ، وەك هەندێ نووسەری كەم توانای وەكو(ئەلكسەندەر سۆرۆف) و (میخائیل بوبینوف) و (سیمیون باباییفسكی) خەڵاتی (ستالین) و!! (ئۆسكار كورگاكوف)و...و...و خەڵاتی (لینـین)یـان پێدراوە، نازانم چ پێـوەنـدییـەك لەنێـوان ئەدیب وبەخشینی ئەم جۆرە مەدالیایانەدا هەیە؟!!.

شیعر هەر بۆ ئەوە هاتووە كە (پۆشكین) و (لێرمەنتۆف) و (كیتس) و (ییتس) و (ئەراگۆن) و (نالی) و (مەولەوی) و (كوردی) و (هەردی) و (گۆران) و (هێمن)و...و...و دەزانن چۆنی بهۆننەوە. لەخـۆڕایی نەبوو (لینین) شیعرەكانی (پۆشكین)ی لەهی (مایاكۆفسكی) لەلا دڵگیرتربوو، ئەگەر چیش (لینین) داوای دروست بوونی ئەدەبێكی حیزبی دەكردو، (مایاكۆفسكی)ش بەدیار یەك تاكە شیعری وەكو (پەڵە هەورێك لەشەرواڵدا) دوو ساڵ زیاتر مێشكی بەفرینی بەدیاریەوە دەكرۆشت وشەونخوونی بەدیاریەوە دەچەشت!!

(گۆران)ی خۆشمان شیعرە ڕۆمانسیەكانی (ئافرەت وجوانی) و (جوانی بێناو) و (لەدرزی پەچەوە) و (پایز)و... زۆر بەهێزترو بەپێزترو پڕ هونەرییانە ترن لەئاست ئەو شیعرانەی كەلەدوای دەیان ساڵیدا (بۆ سەربازی جمهوریمان)ی نووسی.

(بێكەس) ئەو شیعرەی كەلەڕووی هونەرییەوە، دەنگی پێدایەوە، شیعری (ئەی مانگ)بوو، نەك (داری ئازادی)و...و...، (دڵدار) شیعـری (خـەندەكەی بایی) بۆیەی هونەریی شیعریتی، كەچی حوكمی ژیـان وای سەپـاندووە كە(ئەی ڕەقیب) ببێتە سەرزاری خەڵكە ئازار كێشەكەو (خـەنـدەكـەی بایی) پەردە پۆش بكرێت (كەناكرێت)!. (شێركۆ)ش ئەو شیعرانەی كەلەخانەی

(ئـەدەبی بەرەنگـاری)دان، لاوازتر خۆ دەنوێنن، لەئاستی ئەو شیعرە تەڕو پڕانەی کەبەجوانی، ئافـرەت وسروشتـا وتـوویـەتی. شیعـری «گینگـل» لەڕووی هونەرییەوە زۆر زۆر بەهێزترە لەو شیعـرانـەی کەپـاش (١٥ ـ ٢٠) ساڵ بەسـەر تێپـەڕبـوونی (گینگل) نووسیویەتی. شیعری (سەرتاش)لەو شیعرانەیەتی کەهەتا هەتایە مردن دەروێستی نایە.
(چای حەلیب)ی (قوبادی جەلی زادە)ش لەو شیعرانەیە کەمردن زەفەری پێنابات، کەچی لای خەڵکی شیعـری (تەمتومان) دڵگیرترە! «هەر چەندە (تەمتومان)یش ئافرەت و سروشت بەچاکی تێیدا بەرجەستە کراوە، بەهەر حاڵ ئەم بابەتە بۆ باسێکی تر دەهێڵینەوە». ئەمانە حوکمی ژیان سەپـاندوویەتی ئەگینا (ئازادی خوای...) (هەردی)و (کوردم ئەمن)ی (هێمن)و.. خۆ لەشیعرە رۆمانسیەکانیان پڕ هونەری تر نین.

بەگشتی لەبەر ئەوەی شیعر لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە نەهاتووە بۆ هەموو مەبەستێك بەکاربهێنرێت، دەبینـین زۆربـەی ئەو شاعـیرانەی کەشیعری سیاسیان نووسیوە، شیعرە سیاسیەکانیان کەم هونەری ترن لەئاست ئەو شیعرانەیاندا کەبەناخی سروشتدا چوونەتە خوارەوە.
سروشت وجوانی بۆناو شیعر بوارێکی گەلێك بەرفراوانیان هەیە، ئەگەر جاران کامێرە ئاسا وێنەیان دەگیرا..

**پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر**
**چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر**
یـــان
**کانیەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو**
**لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو**

ئەوا ئەمـڕۆ شاعیری باڵادەست دەتوانێ پڕ هونەرییانە تر بەناخیدا قووڵ ببێتەوەو سەدان رەمزی گونجاوی جۆراو جۆری بۆ بەکاربهێنێ. دەریای مەنگ ورووباری بەهاژەو مانگی چواردەو ستێرانی کێشکەو شایلۆغان و شەرمگاو! شاشوپەڕو چاوی کاڵی کچۆڵەیەکی قژ زێڕینی تەمەن ١٤ ساڵی (گـۆران) وتـەنی نەبـاریکی نەگـۆشتن... هتد، ئەمانە هەر هەموویان کەرەستەی جوانی شیعرن. هەر یەکێکیان بگریت، دەیان دیوی نەدۆزراوەو داپۆشراوی هەیە، شاعیریش دەوێ وەدیاری بخات.
شیعر هەر بۆ ئەوە هاتووە، شاعیرێکی دڵتەڕی وەکو (هێمن) دەزانێ چۆنی بڵێت...

شیعرت دەوێ شیعرێك

**لەگوشینی دەستی دۆ خۆشتر**
**لەمەکەو ئەیەرۆ خۆشتر**
**وەك شەراب بگەرێ لەخوێن**
**خەم رەوێن بێو ئەشە بزوێن**

هەواڵنامەی کتێب

**شیعرێك وەكو دەریای بێ بن**
**گەرمتر لەباوەشی ژن**

بەڵام، كاتێ لەپڕ ڤەتیرەكان دێنە بەرچاوی، ڤەتلینێك بۆ دەوروبەری خۆی دەداتەوەو دەبینێ وڵات نەك هەر پێخوستی زۆرداراننە، بەڵكو تەواو شەواتەیەو گوڕی ئاگرەكە خەریكە ئەمانیش بخاتە مەترسی یەكەوە، ئیتر ڤێگابیری فەلات لەكەللەی دەچەقێت وناچار دەبێت هەوڵ بدات بەڤەخەپراندن ئاگرەكە خامۆش بكات! بۆیە لەژوانەكەیداو، لەو كاتەی شاماكی هێناوەتە خوارەوەو دەستێكی خستۆتە سەر مەمكی شەمەندیو دەستێكیشی لەناو شەرە پۆپانی دایە، ئەم خەیاڵە برووسك ئاسایەی كەللەی تەزاند، وای دەكات دەستی برستی بەقەد مندالێكی شیرە خۆرەش نەمێنێ رای گووشێ‌و! ئەولێوانەی وەكو هەنگێكی تینوو تامەزرۆی مژینی شیلەی لێوی خۆشەویستەكەی بووە، تاقەتی ئەوەی نەمینێ هەر ماچێكی سادەی خواییشی لێبكات!!!. بەڵێ لەكانگای مەكەو ئەیەڕۆو زاوێربوونی هەردووكیاندا، بەهەزارویەك ئاخ ونەسەڤ قووڵ و هەناسە ساردییەوە دەڵێت:

**ئاشقی چاوی كەژاڵ وگەردنی پڕ خاڵ نیم**
**ئاشقی كێوو تەلان وبەندەن وبەردم ئەمن**

وداوای لێدەكات (كەباوەڕی وایە خواش هێندە بێ رەحم نیە تا بیسووتێنێ) پێی دەڵێت باپێكەوە بڕۆین بۆ كۆڕی هەڵەت و ڕێگای شەرەت وئاوارەیی دەگرێتە بەرو تەمەننا دەكات گوللەیەكی وێڵ جەرگی بسمێ!! دەنـا (هێمن)یش پەی بەوە بردووە كەتـاوان دەرهــەق بەشیعر كراوە، شیعر لەبنەڕەتدا هەر بۆ ئەوەیە كەخۆی دەیزانێ چۆنی بڵێت. بەڵام ئەم تاوانانە بۆ ڕۆژگارێكی نووتەكی وەكو ئەمڕۆ، بۆتە كارێكی تەواو ڕەواو پێویست وپیرۆزو زۆریش پیرۆز. ئەگەرچی بەزۆر سەپێنراوەو حوكمی ژیان سەپاندوویەتی. بۆیە بۆ ئەمڕۆ هەڵەو تاوان و گوناهە لەم ڕۆژە تووشەدا ئەم مافە لەشیعر بسەنرێتەوە(كەناسەنرێتەوە) تا ئەو ڕۆژەی هەموو میللەتانی دونیا دەبنە یەك وپێویستیان بەوە نامێنێ دەوڵەت فەرمانڕەوایەتیان بكات. ئەوسا هەموو شاعیرانی دونیاش جارێكی تر دێنەوە سەرماڤی بنەڕەتی شیعر، بەڵام زۆر بەقووڵیی. شیعر هەر تەنها بۆ قژی زەردو چاوی شین (ڕەنگە هیوا هەبێت شیعر بۆ ئافرەتی چاو ڕەشیش بنووسێ!)و بەژنی زراف و بەركۆژەو باڵندەی دەریاو درەخت و لوتكەو زنارو قژی پەرشی شەپۆڵ و چاوی مەنگی دەریاو.و.و.. دەنووسن . بەڵام، بەو شێـوە ئاســاییــە ڕووتــە لێی نادوێن كەهــەنـووكە لێی دەدوێن. لەگەڵ پێشكەوتنی ژیان، دیوە شاراوەكـان دەدۆزرێنــەوە. چاوو مەنگی دەریــاو قژی زێــڕین، دونیــایــەك ڕەمزی جۆراو جۆر هەڵدەگرن. عەیامێكە (ئەراگۆن) لەچاوەكانی (ئەلیزا)دا هەموو پاریس وفەرەنساو دونیای دەبینی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین سیاسەت ڕۆڵێكی كاریگەرو كوشندەی لەوشككردنەوەو لەسێدارەدانی داهێنانی ئەدەبی‌دا بینیوە هەڵبەتە ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە سەر كەمی ئەزموون و ڕۆشنبیرییەكی ئاپۆرەو بەرفراوانیی ئەدیبەكە. واتە دەتوانم بڵێم ئەدیبی كورد بەگشتی لەپــەراوێــزی ڕۆشنبــیریــدا دەژین. چونكــە هەر چەنــدی داهێنــەر بێت كەكەوتە ناو ئایــدیــۆلۆژیــایــەكی دیــارو، هەوڵێكی فرەی بۆدا، ئەدەبــەكــەی بەئارەزووی خۆی، وردە وردە دەهووكێنێتەوە. ئەوەتا ئەگەر چاوێك بەو گۆڤارو ڕۆژنامانەدا بخشێنین، كەلەشاخ ولەژێر چاودێری

هێزی پێشمەرگەدا بڵاوکراونەتەوە، دەبینین سیاسەت بەشێوەیەك بەسەر بەرهەمەکاندا، زاڵ بووە، مرۆ لەئاستیاندا نەك هەر بەزمیی پیایاندا دێتەوە، بەڵکو کزە لەجەرگیەوە هەڵدەستێ!! زۆربەی هەرە زۆری بەرهـەمـە ئەدەبییەکان لەیەك چوارچێوەی تەسکدا خول دەخۆنەوە، ئەویش ژیانی پێشمەرگایەتی‌یە (ژیانی پێشمەرگایەتی بەمانا رووکەش و فرە ساکارەکەی). لەناو ئەو هەموو وتارە ئەدەبییـانـەدا، وتـارێـك نابینـرێ بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر رێبازێکی فەلسەفیو مەعریفی

قەناعەتم وایە، ئەرکی سەرشانی ئەدیب، نابێ وەکو سیاسەتمەدارێك بێت وخۆی تەواو بخزێنێتە ناو باوەشی سیـاسـەتەوە. چونکە تا ئەمڕۆش سیاسەت لەلای ئێمەی رۆژهەڵاتیی یاروونتر بڵێم ئێمەی کوردستانیی بۆتە کاری هەمیشەیی رۆژانەو شەوانەمان و تەنانەت کاتی پشوودانیشمان هەر تایبـەتـە بەدەمەتەقێی سیاسی. جا لەبەر ئەوە ئەدیب کەکەوتە ناو سیاسەتەوە، ئەوا لەبەر کاروبـاری رۆژانـەی رۆژنـامەیی‌و ئێزگەو بەشی راگەیاندنی ئەو حیزبەی کەئەدیبەکە باوەڕێکی چڕوپـڕی پێیەتی‌و پڕوپاگەندەی بۆ دەکات، هەڵبەتە بەهای ئیستاتیکی‌و نوێکاری، بەبۆچوونی ئەمڕۆ ئەوەندە برەوی نایێ. چونکە ئەمڕۆ ئیستاتیکی‌و نوێکاری کەم کەس دەتوانن ڕاوی بکەن. جا ئەدیبە سیاسیەکەش لەبەردەم ئەم سەرقاڵبوونەیدا بەم کاروباری راگەیاندن ....و.... هتد، ئەگـەر بەرهەمی ئەدەبیشی چك نەکات، ئەوا بێ پێچ و پەنا دەڵێم بەرهەمێکی سواوو کرچ وکاڵ دێنێتەبەر. چونکە داهێنان دوور لەچێژی گشتی‌یەو، ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك بەدڵیانە، بەهەرمێکی سواوەو لەڕووی داهێنان و جوانکارییەوە، دەست کورتە.

بەکـورتی‌و بەپـوختی، ئەدیب ئەگـەر سیـاسیش بێ، کەئەو مافەڕەوایەی هەیە، بچێتە ناو سیاسەتەوە، بەڵام، نابێت ئەدەبەکەی بەقوربانی سیاسەتەکەی بکات. ئەدەب شتێکەو سیاسەت شتێکی دی. (سیاسیەتیش لەوڵاتی ئێمەدا، زۆر جیایە لەگەڵ ساسیەتێتی کردن لە وڵاتانی ئەوروپادا).

جا لەبەر ئەوەی ئەدیبانی کوردیش بەگشتی خاوەنی رۆشنبیرییەکی بەرفراوان نین، بۆیە وەك بەو حەماسەت و قووڵییەی کەدەچنە ناو سیاسەتەوە، ناتوانن بەهەمان قووڵییەوە بچنە ناو ئەدەبەکەوە.

بەخۆشحاڵییەوە، چەند شاعیرێکمان هەن، هەرچەندە لەپەنجەی دەستێك تێ ناپەڕن، بەڵام، ئەوانە نوقلانەی داهێنانێکی گەورە لە داهاتوویەکی نزیکدا لێ دەدەن. لەشیعرەکانیشیانا، هەست بە گەلێ ڤەتیرو کارەساتی جەرگبڕو..هتد دەکرێ بەڵام، نەهاتوونە بەزمانی کەسێکی سیاسی بدوێن ونەشهاتوونە خەڵك بۆ کۆڕی تێکۆشان بەمانا ساکارەکەی هان بدەن. بەڵکو واڵە خوێنەر دەکەن، بەرامبـەر بەو کەونـە ئاڵۆزو تێکچـڕژاوە، تەئـەمول بکەن وبکەونە ناو دونیای قووڵ وبەربڵاوی لێکدانـەوە. وایشی بۆدەچم پاش چەنـد ساڵێکی دی لەسـەرجـەم جیهاندا ئەدەب لەسیاسەت جیـادەکـرێتەوە و، ئەدەب زیاتر بەرەو فەرهەنگ و کولتووری گەلەکەی‌و جوانی تەکنیکی تازەی هونـەری دەچێ. وەك دوا هەواڵی شیعـر لەجیهـانـدا ئەوەیە، نەك هەر ئیقاعی ناوەوەش زۆرکر کراوەتەوە، بەڵکو خوێنەر خۆی دەبێ مۆسیقا، یاخود باشتر بڵێین ئیقاعی ناوەوە بدۆزێتەوە. واتە

ئەركی خوێنەریش لەجاران گرانتر بووە. دیارە هەر هەوڵێكی ئیبداعیش لەسەرەتادا ئەركی وەرگرتنی تامو چێژ لەلای خوێنەر كەمێك گرانتر دەكات. زاراوەی (ئەدەب)یش هەنووكەو لەناو ئەدەبیاتیی تازەی جیهانیدا، بە زاراوەیەكی كلاسیكی دەزانن و، بەڵكو لەجیاتی ئەدەب (هونەری ئەدەب) هاتۆتە ئاراوە.

(مایا كۆفسكی) لەگەڵ ئەو هەموو سۆزو خۆشەویستییەی كە بۆ كرێكاری هەبوو، لەگەڵ ئەو گیانە شۆڕشگێڕییەیدا، كەلە (١٥) پانزەساڵیەوە واتە لە (١٩٠٨)ەوە چووە ناو حیزبی بەلشەفی ولەساڵانی ١٩٠٨و١٩٠٩ چەند جارێك گیراوەو دواجار بەكۆمەكی ماڵەوەیان لێ نەگەران حوكم بدرێت، بەو هەنجەتەی كەهێشتا تەمەنی نەگەیشتۆتە «١٨» ساڵ (لعدم بلوغه سن الرشد).
مایاكۆفسكی دوای ئازاد كردنی كەوتە نێوان دوو جۆرە بۆ چوونەوە، ئایا درێژە بەخەباتی سیاسی خۆی بدات، جابەهەر شێوەیەك بێت، ئەمە ئەگەر وابكات، هەستی دەكرد، ناتوانێ بەرهەمێكی گەییوو داهێنەرانە پێشكەش بكات. بۆیە وتی (ئەگەر بمێنمەوە لەناو حیزبدا دەبێ شاراوە بم، شاراوە بیش واتە هیچ فێرنەبوونم... كاری حیزبیم رادەوەستێنم وخۆم بۆ خوێندنەوەی لێكۆڵینەوە دادەنێم. ئەوە بوو وازی لەحیزب هێناو، لەساڵی ١٩١١ شدا بەهاوبەشی یەك دوو شاعیری تری نوێكار بەیاننامەیەكیان لەژێر (شەپازللەیەك لەرووی چێژی گشتی)دا بڵاو كردەوەو لەساڵانی ١٩١٢، ١٩١٣، ١٩١٤ شدا، بەدیار یەك پارچە شیعری وەكو (پەڵە هەورێك لە شەرواڵدا) كەلە سەرەتاوە ناوی شیعرەكە (پێغەمبەری سێزدەهەم) بوو، مێشكی خۆی بەدیاریەوە دەكرۆشت. كەزیاتر وێڵی وشەی نوێو بۆ چوونی نوێو شێوازی نوێ بوو تا بیئاخنێتە ناو شیعرەكانیەوە. هەڵبەتە ئەم هەموو شتە تازەو نوێیانە، لەلایەن سەرجەم جەماوەرەوە كارێكی ئاسان نەبوو. وەك دەبینین مایاكۆفسكی چاو ئاسمانی، گیان پەپوولەیی، چەند رۆژێك بەر لە خۆ كوشتنی، كە لەبەردەم جەماوەرێكی زۆردا كۆڕێكی فراوانی بەناوی (شیعرو جەماوەر) بەست، لەوێ باسی ئەوە دەكات كەشیعر تایبەتمەندییەكی خۆی هەیەو دەبێت رێز لە هونەرەكەی بگیرێت. ئەو شیعرانەی زۆربەی خەڵك پێیرازین وبە دڵیانە، تەمەن كورتن. هەر ئەوكاتە دەڵێت من لێرە نامەوێ توورە بیتان بورووژێنم، پێتان دەڵێم، نووسینی ئەم جۆرە شیعرانە سانایە...
یەكسەر پارچە شیعرێك (كەخۆیشی بە شیعری نازانێ) دەخوێنێتەوە. كەبەم دێرەی خوارەوە دەست پێ دەكات...

**برۆ، بۆ پێشەوە ئەی گەلی كرێكار...هتد**

ئینجا دەڵێت من دڵنیام و زۆریش ئاشكرایە، ئەم شیعرە زۆر چێژ بەخشە، بەلام هەر ئەمرۆ زیندووە، سبەینێ مردووە. بەڵێ مایاكۆفسكی گیان پەپوولەیی.. قژهەنگوینی.. چاو ئاسمانی.. بەزەردە خەنەیەكەوە دەڵێت، ئەمەی خوێندمەوە شیعر نەبوو!!!.

لێرە نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ، «مایاكۆفسكی» تاخۆی كوشت، بیرو باوەڕێكی پێشكەوتنخوازانەی هەبوو... دۆستێكی زۆر نزیكی حیزبەكەی «لینین» بوو. وەك خۆی دەڵێت (من ناسنامەی حیزبی بەلشەفیم هەڵنەگرتووە، بەلام لەو باوەڕەدام كەلێی دوور نەكەوتوومەتەوە).
تادەڵێت كاغەزێكم لەپێشە، لەسەری نووسراوە «ئایا تۆ ئامادەی لەپێناوی شۆڕش شیعری...

بنووسی؟» یەکسەر دەڵێت «بەڵێ، من ئامادەم بۆ ئەوە...» تادەڵێت «ڕاستە من ئێستا لەڕیزی هیچ ڕێکخستنێکی حیزبی دانیم، بەڵام بێ هیوانیم لەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان بچمەوە ناو ڕیزی ئەو حیزبەوە».

بەڵێ ئەوکاتە لەکاری ڕێکخستن (العمل التنظیمي) دا نەبوو، بەڵام گیانە پڕشۆڕشگێڕییەکەی ڕێی پێ نەدەدا، لەتەنگوچەڵەمەوکێشەی گەل و وڵاتەکەی دا خۆی دوورە پەرێز بگرێت، بێە تائەو ڕۆژەی خۆیشی کوشت، هەر لەپێناوی خزمەتکردنی کرێکاراندا تێ دەکۆشا.

پوختـەی مەبەستم ئەوەیە، «مایا کۆفسکی» لەگەڵ ئەو تەقینەوە شیعرییەیدا، خەریکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بایـەخی کەمتـر دەبێتـەوە. بەڵام شاعـیرێکی وەکـو «ڕامبـۆ» کە کرێکـاری ڕەنگە بەخـەیـاڵیشدا نەهاتبێ، «ئەندریە پریتۆن» بە پێغەمبەری سوریالیەکانی دادەنێت و، زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی جیهانیش بە موعجیزەی دەزانن و، تا دەشبینێت «ڕامبۆ» شوێن پێگەی لەناو ئەدەبی جیهانیی فراوانتر دەبێت و، زیاتر شوێن بایەخی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەیە

**بەهاری ١٩٩١**

هەواڵنامەی کتێب

بەشێك لەقەسیدەیەكی درێژ

# شینی خواوەند

- محەمەد حەمە باقی -



چ وەرزێكی سامناكە!
وا دڵداران وگوڵ و، شەفەق و پەرەسێلكە
ئەم خاكە جێ ئەهێڵن و، ئەچنەوە ژێر زەریاكان
چ وەرزێكی سامناكە!
وا درنج و جنۆكە؛
ئەوەندەی نمەی باران
ئەوەندەی گەڵای داران
ئەبارێتە سەر زەوی‌و، هەناسەی دەم و لووتیان
خۆڵەمێشێكی رەشە...
ئەوەرێتە سەر پێڵووی ئاوونگ و، گوڵە گەنم!
چ وەرزێكی سامناكە!
وائەم هەمو درنج و جنۆكە دەست سوورانە،
سەرمایانەو ئەلەرزن..
كەروێشكەی گوڵە گەنم و،
چرپەی دڵدارو، بزەو، تریفەو، گمەی كۆتر،
ئەكەنەوە بەئاگر!
چ وەرزێكی سامناكە!
وا ئۆكسجین دیل ئەكرێ‌و،
بۆگەنی بیابان و، لم وتاڵانی‌و تاوان
ئەم سەردەمە كاس ئەكات..!

* *

ئەی نیشتمان، روخسارت تەمی تاوان گرتوویە
ناتوانم جوان بتبینم..
وەك شەوكوێرێك دەست ئەكوتم،

نازانم چۆن بێم بۆ لات!
بمدەرەوە دەست شیعر، بائەو بمهێنێ بۆلات..
شیعر، ئەی نیشتمانی شاراوەو ئەفسانەیی
مەگەر هەورە بروسکەی عەشق و جوانی بتبینێ..
فریام کەوە، وا تیشکی گزنگێکی هەنگوینی،
وەك ورشەی فرەی باڵی رەوە پەرەسێلکەیەك
رۆحی داچڵەکاندم..
فریام کەوە، بڵێسەی ئەم گزنگە کێوییە،
بدە دەست تافە تاڤ سیروان ـ ی سەری شەیدام..
بدە دەست رێچکەی عومری چل ساڵەی بەرو ژوورم،
با، بەرپێی خۆم ببینم..
با، بەناو تونکە تونکەی تۆماری یادگارا
بچمەوە بۆ منداڵیو،
سەرکانییەکەی (سەرکارێز)[1]
بیرمە لەوێش وەك ئێستا
بیرمە ئەوساش وەك ئێستا،
هەر ئەمویست تۆ، ببینم...
هەموو بەرەبەیانێك، ئەچوومە سەرکانیەکە،
چاوەرانی تۆم ئەکرد...
تۆ، لەناو یەکەم تیشکا،
کچە وەنەوشەیەکی گەش و ئاوونگاوی بوویت..
لەگاڵیسکەی شەفەقدا..
جووتێ کۆتری سەوز
رووەو لای من، لەسەر خۆ، بێدەنگ رایان ئەکێشایت..

١

کەئەگەیشتینە لام..
ئەمویست باوەشت پیاکەم..
بازت ئەدایە ئاوی کارێزەکە[illegible]ون ئەبوویت..
ئەگەر بەیانیەکیش، هەور بوایە، ئەمدیبای،
لەئاوی کارێزەکە، ئاوێنەم دروست ئەکرد،
ئەمدایە بەر ئاسمان، بەڵکو تۆی تیا بینم..

★ ★

هەواڵنامەی کتێب

دواتر، کەگەورەتر بووم..
تۆ، هەر وەنەوشەکە بوویت..
لەگالیسکەی شەفەقدا..
ئەمجارەیان دوو ئاسک،
رووەو من ئەیان هێنایەن..

★ ★ ★

دواتریش و، دواتریش..
تۆ، هەمان وەنەوشە بوویت،
لەگالیسکەی شەفەقدا.. ئەمویست خۆم رات بکێشم..
بەڵام.. بەڵام.. لەنێوان،
باخی نەیجەی باڵای تۆو، دەستی منا، قابیل و،
تەورزین ـ ێك وەستابوون...
شەوانیش، کێوێك کاسەی سەری باپیرەکانم..
لەخەونما ئەیانووت: ئێمەش هەموو، بەروو دوا،
تەورزینەکەی قابیل، بەبەرچاوی دنیاوە،
یەك یەك سەری پەڕاندین...!
کەچی نەبوو، هەر جارێ..
کەسێ بێت، دەستی بگرێ..

★ ★ ★

یەك شمشێری عەشقت، هات و زامداری کردم،
ئێتر لەو ساوە هەرمن، بەدواتا رائەکەم و،
بەشوێن ئەو شمشێرەوا، رائەکەم و، ئەمەوێ..
گیانم ئەنجن ئەنجن کات..

---

(١) سەرکاریز: گەرەکێکە لەسلێمانی، زێدی شاعیرە.

# هەڵەبجە
# شوێنێکی لەبیرکراو
# کوردستانی تورکیا[1]

## نووسینی: حوسێن کوردی گولیك
## ئازاد بلال لە ئینگلیزیەوە وەری
## گێڕاوە بەدەست کاریەوە.

مەنیەتی کوردەکانی تورکیا لەژێر دەسەڵاتداری تورکیا ئەمڕۆ بەم جۆرەی خوارەوە دەدیتری:
بۆ زیاتر لە دوو سەدە (١٥) ملیۆن ئادەمیزادی تێل بەندو داگیر کراو لەلایەن ڕژێمێك کە هەرگیز سڵ نەکردووەتەوە لە هەڵگیرساندنی شەرو تەشقەڵەکردن و سەرکوت کردنی هەموو حجم و جوڵێکی کوردەکان لەلایەن سەرجەمی ئەم ڕژێمە ڕەفتا فاشستانەی کەیەك لەدوای یەك هاتوونەتە سەرکورسی دەسەڵاتداری لە تورکیا.

لەم چەند ساڵانەی دواییدا بارودۆخی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتدارانی ئێران و عیراق هەندێك دەنگی دایەوە لەڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی ڕۆژ ئاوا، بەڵام زۆربەی زۆری کوردەکانی ژێر دەسەڵات داری تورکیا بگرە لەکودیلەی تەریش باس نەکراون. وێرای ئەم ڕاستیە کە نزیکەی ١/٣ سێیەکی ڕووبەری تورکیا کورد نشینە و کوردستانی تورکیا وڵاتێکی لەبیرچووە!

هەر لە کۆنەوە تورکیا چارەنووسی کوردەکانی بەخەونێکی ناخۆش (کابوس) لەقەڵەم داوە، وەسادەترین ماف نەتەوایەتی پێ ڕەوانەدیون سەرەڕای ئەم ڕاستیەش هیچ نیشانەیەکیش بەدی ناکرێ کەلەم کارە نازەوایەش لەداهاتوەکی نزیك دەست هەڵگرێ، وە هەمیشە بەردەوام بووە بۆ لەناوبردنی کوردەکان بە کۆمەڵ. ئەم هەڵوێستەی ڕژێمی تورکی بارودۆخێکی زۆر نارێك دەخوڵقێنێ بە ڕووی سەرجەم [٢٥] ملیۆن لەکۆمەڵانی خەڵقی کوردستان کە هیچ جۆرە مافێکی نەتەوایەتیان پێ نەدراوە، ئێستا کوردستانی گەورە پارچە پارچە کراوە لەژێر دەسەڵاتدارانی تورکیا، عیراق، ایران و سوریا کەوا لەسەربریاری شاهانەی ئینگلیز لە ساڵی ١٩٢٣ دابەش کرا.

وێرانی ئەو ڕاستیە کە میللەتی کورد خاوەن زمانێکی تایبەتی و کەلتوور و گەلێ نەریتی ڕەسەنی کۆمەلایەتی تایبەتە بە خۆیانن، ڕژێمی تورکیا دانی بەم ڕاستیە دانەناوە. تاکو ئێستا کوردەکان لەوێ بە «تورکانی چیا» ناودەبرێن. زمانی کوردی قەدەغەیە وە نابێ لەقوتابخانەو دادگاکان بەکاربێ... نەك تەنها ئەمە بەڵکو گۆرانی و سەماش، بەدەقی یاسا، قەدەغە کراوە. زۆر لە

کوردەکـان دوو چاری ئازارو ئەشکـەنجـەو بگـرە زیندانی بوون تەنها لەبەر ئەوە کە ووشەی «کوردستان» یان بەسەرزاری داهاتووە.

رژێمی تورکیـا لەقـەلا چۆکـردنی ئەرمـەنیـەکان لە ساڵانی [١٩١٥ - ١٩١٦] سەرکەوت. بەگـوێـرەی پرۆسی (نەخشەی) قەرزدانەوەی ئەرمەنیەکان دەسەڵاتدارانی تورکیا بەر پرسیارن بەرامبەر بەلە ناوبردنی زیاتر لە [١] ملیۆن ئەرمەنی! دوا بە دوای ئەم کارەساتە ولەنێوان هەر دوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم، کوردەکان بەرەنگاری شاڵاوێکی درندانە بوونەوە کە تاراددەیەکی زۆر بەو شاڵاوە دەچوو کە بەسەر ئەرمەنیەکان داهات و لەئەنجام دا ملیۆنێك لەکوردەکان کوژران. (ئەدۆلف هیتلەر) لەووتەیەك دا لەگەڵ کۆماندارە سەربازیەکانی بەزەردەخەنەوە باسی کارەساتی ئەرمەنیەکان دەکاو دەڵێ: کێ هەیە ئەمرۆ باسی قەلا چۆ کردنی ئەرمەن بکا..!!؟ ئەمرۆ کۆمەڵانیء دونیا سەرجەمی لەگەڵ سەرکەوتنە سەرکەوتن!

ئێستـا کوردستـانی تورکیـا لەژێـر یاسـای (عـورف) دا دەچەوسێتەوە. هەر لەم دواییەدا [٦٠,٠٠٠] سەربـاز چەکدار کراون، جگە لە پۆلیس نهێنی وە هێزە تایبەتیەکانی دژ بەشەڕی چەتەگەری (حرب العصابات). لەگوندە کورد نشینەکان وەبە زۆر هێزێکی تر ئامادە دەکرێ کە پێی دەوترێ «پاسەوانانی لادێ» کەئەوانیش یارمەتی دەرن بۆ سوپای نیزامی لە شاڵاوەکانیان بەمـەبـەستی کپ کردنـەوەو بەرهەڵستی کوردەکان کە پەرەی سەندووە. ئەم فشارو هەڵوێستە دوژمنکاریە نارەوایانە بەردەوامە لە سەرتاپای کوردستان. ژمارەیەکی زۆر لەو هاوولاتیە کوردانە کەلە زیندانەکاندا جێگیر دەکرێن لەئەنجامی ئەشکەنجەی جەستەیی ورەفتاری ناشیرین گیان لەدوست دەدەن. زۆریش هەنـە کەلە ژووری تەنهـا بۆ ماوەی [٣٠] رۆژ زیندانی دەکرێن، وە هێزەکانی ئاسایش رۆڵی درندانەی هەیە لە کوشتنی هاوولاتیە کوردەکان.

لەهەمان کاتیشدا یارمەتی و کۆمەکی میللی کورد بۆ بزوتنەوەی بەرهەڵستی لەپەرەسەندن دایە. وێرای ئەوە کەرژێمی تورکی زیاتر توندو تیژیو تۆرێر دەنوێنی بەرهەڵستی کوردەکان دژ بەرژێم بەجـۆرێـك پەرەی سەنـدووە کە نەك تەنها شەڕی چەتەکاری بەر پا کردووە بەڵکو ئەم خەباتە شێـوازێکی تازەی گرتـۆتەوە ئەویش بەرەنگاری راستەوخۆیە لەلایەن میللەت کەلە زۆر رووەوە بەراپەڕینی میللی فەلەستینی دژ بە ئیسرائیل دەچێ لە خاکی داگیرکراو. لە کوردستانی تورکیا لە ئیش وەستان و دوکان داخستن و خۆ نیشان دان دیاردەی زۆر بڵاون.

هێـزە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانی یەکەم دوای سەرکەوتنیان بەسەر ئەلمانیا نازی، لەو پەیمانەی کەدابویان بە کوردو ئەرمەن لە ١٩٢٣ پاش گەز بوونەوەکە ئەویش دان نان بوو بە مافە رەواکانی ئەم دوو میللەتە چەوساوە لە ئۆتۆنۆمی لەسەر خاکی خۆیان. لەئەنجامی هەمان پاش گەز بوونـەوەشـدا رژێمی تورکی پرۆگـرامێکی نەخشـە کێشراوی سازدا بۆ بە کۆمـەڵ لەناوبردنی کوردەکان، ئەویش بریتی بوو لەفشار کردن لە سەریان بەمەبەستی کۆچ پێ کردنیان بە کۆمەڵ و کوشتنیـان بە کۆمەڵ. هەروەها گواستنەوەی دانیشتوان و دەست بەسەرداگرتنی زەوی وزاری هاوولاتیانی کورد. بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەم سیاسەتە رەفتا فاشستە، کوردەکان زۆر هەوڵ و تەقەلای بێ ووچانیان داوە، بەلام بێ سوود بووە؛ ناچار کوردستانی تورکیا لەژێر ئابلۆقەی میری

تاکو ساڵی [١٩٥٠] مایەوە وە لەو کاتەوە تاکو ساڵی [١٩٦٥] کەسی مافی ئەوەی نەبوو کەپەیوەندی بکا لەگەڵ کوردەکان، تەنانەت رۆژنامەنووسانیش رێگایان پێ نەدەدرا کە تخوون ناوچەکە بکەونەوە.

تورکیا بەسێیەم یا چوارەمی ئەم وولاتانە دەژمێردرێ کە یارمەتی و کۆمەکی رامیاری و ئابووری بێ سنـوور دەدرێ لەلایەن وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەکاتێك وولاتانی ئەورووپی رێگا بە تورکیا نادەن کە کەڵك وەرگرێ لە چوونە ناو بازاری ئەورووپی بەهۆی پێ شێل کردنی مافی مرۆڤ لە تورکیا، دەبینین ئەمریکا بە شان و باڵی دیموکراسی هەڵدەدا لە تورکیل، وە ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا دان بەکارەساتێ ئەرمەن دانانێ کەلەسەر دەستی رژێمی تورکی دوو چاری هاتن!

ئەمـریکا و وولاتانی پەیمانی ئەتڵەسی [NATO] هەموو پێداویستەکانی تورکیا لەهەموو بوارە سەربازیەکانەوە جێبەجێ دەکەن وەکو بنکەی رادار، ئێستگەی ئاسمانی و بنکەی دامەزراندنوو تەقاندنی رۆکێتی.... هتد.

ئێستا تورکیا خاوەنی دووەم سووپایە لەپەیمانی ناتۆ، لەکاتێکدا لەسەر ئاستێکی زۆر فراوان باسی پێ شێل کردنی مرۆڤ دەکرێ لەلایەن گەلی رژێمی فاشی لە جیهانەوە. دەبینین بەرێوە بەرانی سیـاسەتی ئەمریکی فزەیان لێوە نایی بەرامبەر چەوسانەوەی کوردەکان لە تورکیا! نەك تەنها ئەمـریکـا، بەڵکو یەکێتی سوفیـاتیش هیچ لەم بارە نادوێ؛ هیچ کامیان (واتا امریکاو یەکێتی سوفیات) ئامادەنین فشار بخەنە سەر رژێمی تورکی کەبەردەوام لەناووچەکەدا نەك مافی کوردەکان بگرە مافی مرۆڤی هاووڵاتیەکانی خۆشی پێ شێل کردووە و دەیکا!

مانەوەی سەربازی ئەمریکی، کە زۆربەی لەخاکی کوردستان جێگیرە، بەبیانووی ئەوەیە کە گوایا سنووری تورکیا دەپارێزی لەهەرەشەی یەکێتی سوڤیات، بۆ هەمان مەبەست (واتا جێگیر کردنی تەرازووی هێزەکان)، روسیاش ژمارەیەك رۆکێتی لەساڵی [١٩٦٢] لە کوبا دامەزراند تاکو بتـوانی بەر بەرەکانی چەکە ئەتۆمیەکانی ئەمریکای پێ بکا کەلە تورکیا دامەزرابوون[1] ئەوەی شایانی باسە لەم دوواییەدا یەکێتی سوڤیات رۆکێتەکانی خۆی لە کوبا گواستەوە، بەڵام امریکا بەردەوامە لەبەرزکردنەوەی ئاستی سەربازی لەنێوان سنووری تورکیاو سوڤیات. لەدوای ئاشت بوونەوەی هەر دوو هێزە مەزنەکە، گرنگی ئیستراتیجی تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە پەرەی سەند.

کوردەکـان جگـە لەوە کەلەلایـەن رژێمی تورکیـاوە ئابلۆقـەیان لەسەرە، هیچ جۆرە مافێکی نەتەوەییشیان نیە، هۆی سەرەکی ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەم راستیە کە زۆربەی زۆری بەرهەمی نەوت لە خاکی کوردان دادەردەهێنرێ.

نزیکـەی [٥] ساڵ دەبێ چەتـە کوردەکـان بەسـەرۆکایەتی پارتی کرێکارانی کورد (PKK) لەخـەبـاتێکی چەکدارانە دایە دژ بە رژێمی تورکیا. لەم کێشەیە ژمارەی کوژراو گەیشتووە بە [٥٠٠٠] کەس. دەڵێن بە بەهەزارن کوردی تر گیانی لەدەس داوە لەئەنجامی ئەم شاڵاوانەی کە رژێم بردوویەتیە سەر گوندە کورد نشینەکان، لەوانە زۆربەیان ئافرەت و منالن.

لەبەر ئەم هەلوێستە رەفتار فاشیانەی تورکیا کەلەم [١٠] دە ساڵەی دوایەدا دژ بەکوردەکانی کردووە لە ئازار دانەو ئەشکەنجەی جەستەیی و کوشتنیان بە کۆمەڵ، رێکخراوی لێبوردنی دەوڵەتی

بۆ مافی مرۆڤ تورکیای تاوانبار کردوو بەر پرسیاری کرد لەم رەفتارانەیدا. لەم رەفتارە سەرکوت کەرانەش: لەسێدارەدان؛ چەندین حوکم دانی کەسانێک کە هێشتا تەمەنیان یاسایی نیە؛ بەکارهێنانی بۆمبای ناپالم کە بەکارهێنانی، لەسەر ئاستی دەولەتانەوە، قەدەغەیە؛ بەکارهێنانی غازی کیمیایی؛ گرتن بە کۆمەڵ؛ ئازارو ئەشکەنجەی هەمە جۆر؛ دەست درێژکردن بۆ سەرناموسی ئافرەتی کورد و زیندانی کردن بۆ ماوەی درێژ. لەساڵی رابوردوو سەربازە تورکەکان ژمارەیەکی زۆریان لە پیاوو ژن و منالە کوردەکان کۆکردەوە لەناوچەی [Yesilyurt] وە ناچاریان کردن کە «پیایی مرۆڤ» بخۆن!! ئەم ئەفسەرەش کەبەم کارە نارەوایە نامرۆییە هەستابوو، سزادرا بەوە کە هێندی [١٢٥] دۆلاری، بۆ ماوەی (١٠) مانگ، لەمووچەی مانگانەی بگێرنەوە.....!!

ئەوەی شایانی باسە کورد هیچ مافێکی ئەوەی نیە کە بە هیچ جۆرێک بەشداری بکا لەهەڵسوراندنی کاروباری میری و رامیاری تورکیا. لەم دواییە (٧) ئەندام لە نوێنەری کورد لەیەکێک لەبەهێزترین پارتە ئۆپۆزیسیونەکانی تورکیا دەرکران، بەهۆی بەشداری کردنیان لەکۆنفرانسێکی جیهانی دەربارەی کورد کە ساڵی رابوردوو لەپاریس بەسترابوو، دوا بە دوای ئەم کارە، دەیان ئەندامی کورد، لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٩)، ئەم پارتەیان بەجێ هێشت؛ وابوو لەئەنجامی ئەم وازهێنانە بە کۆمەڵەی کوردەکان. سەرۆکی پارتەکە (ایردال اینونو) ویستی چارەیەك بۆ ئەم تەنگو چەڵەمەیە بدۆزێتەوە، تاکو چیتر کارەکە تەشەنە نەکا بەوە کەماف بەکوردەکان بدا لەماڵەوە مافی ئەوەیان هەبێ بەکوردی بدوێن، وەلەوەش زیاتر مافیان بدرێتێ، ئەگەر ویستیان، بەکوردی گۆرانی بڵێن!! بەلام لەهەمان کاتدا سەرەك‌وەزیران (دیدرم اکبولوت؛ YILDIRIM AKBULUT ) دووبارە حاشای لەهەبوونی کورد و کوردستان کردو ووتی: ئیمە خەڵکەی لەسەر ئەم خاکە دەژین کەبەخوێنی شەهیدان ئاودراوە تورکن وە هەر بە تورکی دەمێننەوە، اصلا کورد هەر نیە بەڵکو تەنها تورك هەیە لێرە...!!؟

چەوساندنەوەی کوردەکان لەزۆر بوارەوە کاری کردووتە سەر زۆر لە هاوولاتیە تورکەکانیشەوە. لەم (١٠) ساڵەی رابوردوو زیاتر لە (٦٥٠,٠٠٠) شەش سەدوو پەنجا هەزار تورك و کورد دووچاری زیندانی و دەست بەسەراگرتن داهاتن! بەبەڵگەی لێ گومان (١٧١) لەمان ژیانیان لەدەس دا لەئەنجامی ئازارو ئەشکەنجەی هەمە جۆر، (١٣٣,٠٠٠) پەراو (کتیب)ی جۆراو جۆر سووتێنراو، (١١٨٠٠٠)ی تر کەوتە ژێر پۆستاڵی سەربازی تورك لەناو چوو. (٢٥,٠٠٠) یەکێتیو رێکخراو ئیجازەی لێ سەنرایەوە، وە لەکار کەوتن. دادگا سەربازیەکان ئەمری لەسێدارەدانی زیاتر لە (٧٠٠٠) هاوولاتیان دا، (١٠٠,٠٠٠) بلاوکراوەی هەمە چەشن قەدەغە کران.

لەهەمان کاتیشدا دەبینین، ئەمریکا زۆر بە گور باسی دیموکراتیەت دەکا لە تورکیا کە گوایا لەگەشە سەندن دایە! «مهدی زانا[1] MAHDI ZAND ،» کە گوێی لە ووشەی دیموکراتیەت دەبێ، پێکەنین دەیگرێ لەبەر ئەوە کە بە هیچ جۆرێك رێگای پێ نەدراوە بەرگری لەخۆی بکا لە دادگا پاش زیندانی بۆ ماوەی (١٥) ساڵ....!

زیاتر لە (٩٣٧) فلیم رێگایان پێ نەدراوە لە تورکیا نیشان بدرێت. لەوانە (١١٧)یان هی دەرهێنەری بەناوبانگی کورد (یلماز گۆنای Yilmaz Guney ) کەزۆربەیانی لەزیندانەکانی تورکیا

دەرهێناوە. لەسەرتاپای جیهان وە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەر ئەم نووسەرە بلیمەتە لەرۆژنامەو گۆڤاری بیانی وە بەگەلێ زمان دەنووسرێ. بەلاّم کەس لەوان ئاماژە بۆ رەسەنایەتی ناکەن کە دەرهێنەرێکی کوردە. وێرای ئەو راستیە کە زۆربەی بەرهەمەکانی باسی ژیانی کوردایەتیە.

گۆڤاری (Los Angles Times) لەژمارەی (١١ نیسانی ١٩٩٠) دانی بەوەدا ناوە کەبەرگری میللی کورد زۆرپەرەی سەندووە دژ بە رژێمی تورکی وە هەمان گۆڤار درێژە بە ووتارەکەی دەدا و دەڵێ: لەدیار بەکرو شارە کوردەکانی تر خۆنیشان دان، تا بەسووتاندن، بەردباران کردنی دوکان و رێ رەوی بەرهەڵستی دیاردەی رۆژانەن بەمەبەستی پشتگیری کردن لە جەنگاوەرەکان.

لەژێر ناو نیشانی «پێ شێل کردنی ماف مرۆڤ لە تورکیا» رێکخراوی لێبوردنی جیهانی بۆ ماف مرۆڤ (منظمة العفو الدولية) لەکانوونی دووەمی ١٩٨٩ بەدرێژی باسی پێ شێل کردنی مافی مرۆڤ دەکا لەوێ کە نەك تەنها دژ بەکوردەکان بەڵکو زۆر لەهاوولاّتیە تورکەکانیش دووچاری ئەم هەڵوێستە نارەوایەی تورکیا بوون: ئەشکەنجە، کوشتن، زیندانی، تۆقاندن زۆر باون.

لە «ملفاتی» هەمان رێکخراو، فلیمی «زیندانیە لەبیر چووەکان» زۆر بە ئاشکرا لەسەر لەشی ئەم زیندانیان شوێنەواری ئەشکەنجەو ئازار دیارن!

گفتو گۆ کردن بە کوردی لە تورکیا لەلایەن رژێمی تورکی بەتاوانێکی گەلێ گەورە دادەندرێ. یەکێك لە دادگاکانی خاتو «سالحە سیناری»[1] بۆ ماوەی ساڵێك زیندانی کرد، تەنها لەبەر ئەوە کە بەزمانی کوردی دواوە لەکاتی (محاکمە) کردنی لەدادگا خاتو سینار بەدەنگێکی زۆر بەرز بەرووی لێ پرسراوان قیژاندی: بەڵێ من بە کوردی دووام.. من کوردم وە هەر ئاواش دەمێنمەوە ئەگەر لەسێ دارەشم بدەن!! ئەمن و ئەرژێمی تورکی دەتوانین لەم راستیە خۆگێل بکەین! ئێمە کوردین بەلاّم لەژێر بەیداخی تورکی دادەژین...!

ژمارەی کوردە کۆچ کردووەکان لە ئەوروپاو شوێنی تر لە (٦٠٠,٠٠٠) کەس دەدا، وە ئەم ژمارەش هەر لەبەرز بوونەوەدایە، ئەویش لەئەنجامی فشارو بەد رەفتاری رژێمی تورکی. تەنانەت لەوولاّتی غەریبی رەگەز ناسەکانیشیانت لێ دەسێنرێتەوە! لەم (١٠) ساڵەی دووایییەدا زیاتر لە (٣) سێ ملیۆن کورد ناچار کران کە ناوچەو خاوو بەرەی خۆیان لە کوردستان بەجێ بهێلن وە لە شارە تورکیەکان جێگیر بن. بارودۆخی کوردەکان لەتورکیا زۆر لە بارودۆخی کەمە نەتەوەکانی تر دەکا وەك ئەو ئەمریکیانەی کەرەسەنیان ئەفریقی و مەکسیکی و هیندین وە ئێستا لە ئەمریکا دەژین! لەبواری خوێندن وپەروەردە هیچ بایەخێك نەدراوە بەکوردەکان. لەبواری تەندروستیشەوە

---

(١) ئەم ووتارە لە گۆڤاری هەڵەبجە ژمارە ٦ بەفرانباری ٢٦٩٠ وەرگیراوە. گۆڤاری هەڵەبجە بلاّو کراوەیەکە رۆشنبیری و کۆلتووری کوردیە وە ئۆرگانی مەڵبەندی کۆلتوری کوردیە لە ئەمریکای ژوورو، بەهەر دوو زمانی کوردی و ئینگلیزی دەردەچێ.

# «تەنیایی»

عبدالقادر سعید
١٩٨٨/سلیمانی

هەموو ئێوارانێ بەرەو
کۆڵێتە ساردو سڕەکەم
لاشەی سستم
بەسەر خەمی تەنیایما
بەکێش ئەکەم
دەنگی کەسم نایەتە گوێ
کەسیش نایە بەپیرمەوە
بەڵام چونکە،



وا
ڕاهاتوم

هەرچی منالّ خۆشی بوێ
پڕ دووگیرفان... ئەبەمەوە

-٢-

دڵم تەنگە
حەز ئەکەم شار بەجێ بێڵم
ڕووەو کوێسار،
دەشتێ بڕۆم
هەنگاو ئەنێمە هەرجێیەک
چەند پەنجەیەکی هەڵومریو
.وو چاوی کاڵ
کاسە سەرێکی بچکۆڵە
سەری سۆزی
هەڵئەبڕێ بۆم

-٣-
زەمانێکە...
لەسەر ڕەفەو
کتێبخانە بچکۆلەکە
کتێبە زەردو سوورەکان
هەرچاوەڕێن
نەخشەی واتەی ڕۆژەکانی ئەو هەفتەیە
هەفتەی سێیەم/ نەورۆزی ساڵی هەشتاوهەشت
بەخاچی چاوەڕوانیا
سەر بەرەو خوار هەڵواسراوە
پۆلی یەك هەر پۆلی یەکە
پۆلی دوو هەر پۆلی دووە
پۆلی سێ هەر پۆلی سێیە
دیارە زەمەن
لەسەر نەخشەی واتەکانی
سێ شەهیدە بچکۆلەکەی
من وەستاوە.
بەگوێی بیستن سەیرنەبێ
ئاسمانی شاری شەهیدان
چەند کۆترێك ئەنیشتەوە
چەند چۆلەکەیەك هەڵئەفڕێ
من یەك بەیەکیان ئەناسم
ئەوان [illegible] ئەناسن
ڕۆحم لەگەڵ باڵیانایە
چونکە کەسی تر شك نابەم
بێ ئەوان بیکەم بەهاوڕێ
-٥-
ئەی زێوانی هەمیشە چەکی ڕۆم لەشان
کریۆمیە... ژەهیرەبایە
پەنجەرەکان بخە سەر پشت
قەتارەیەك زەنگی کڵێسە لێ ئەدرێ
پەپویەك دێتە چریکە
شارێ ئەبێ بە گۆرستان.

هەواڵنامەی کتێب

# سەمای شەوان

مەهاباد قەرەداغی



لەدەرەوەی ژووره كاغەزینەكەما
گوێم لەوەڕەی سەگ گەلی ئەم چۆڵەوانیيە سامناك و
ڕەش پۆشمیە
دزەكانن
دیسانەوە هاتوون ڕۆحم لێ بدزن
چاوەڕێن من بنووم و بێن
چاوەكانم لێكەنەوە
گوێ قوڵاغن
كەی قەلەڕەشەكانی جووت گلێنەی دیدەم
ماندوو ئەبن؟
ئەچنە هێلانەی وەنەوزی پێلووەكانم
ئەوان چاوەڕێن و منیش
وەك كەشتیەوانێكی نەسرەوتووی گوێ ڕایەڵ
لەگەڵ - زۆربای یۆنانی - یا
كەوتومەتە دەریای بێ پەی گفتوگۆوە
جار جارێكیش دەستم دەگرێ و
پێ دەكەنێ و
سەما دەكەین
خەو لەباڵی قەلە ڕەشەكانی چاوم دەفرێنێ
لەدەریاوە سەیری دوا خاڵی ئازاری دنیا دەكەین
ئەم وت شەو كۆتایی نایە
وا دەبینم گزنگ هەڵدێ و
گوێم لەزەنگی كلێسایە

٥-١-١٩٩١
كفری

# «پایتەختی ڕەش»

قوبادی جەلی زادە



نازانم ...
ئەم شەقامی مەرگ و
شەهوەت و
غوربەتە

کێوەم دەبات!؟
نازانم .. نازانم ..
دەترسم لەهیگرا..
ماشێنێکی سەرخۆش،
دینگەی چڵکنی سەکۆیەکم پێ سووڕکات.
نازانم .. نازانم..
دەترسێم دزێك،
بەبەخشینی باخەڵە تاریکەکانم ڕازی نەبێ و
چەقۆیەك بەسینگم ببەخشێ!
نازانم .. نازانم ..
ئەم شەقامی مەرگ
و
شەهوەت
و
غوربەتە

کێوەم دەبات!
چاوەکانم، هێلانەی تانەی ترس و لەرزەتن
قاچەکانم ...
هێندێ جار پێشم دەکەون

هەواڵنامەی کتێب





هێندێ جاریش لێ-
م
دەب-
نە
وەو..، لەوێستگەیەکدا
ڕێبواری شل و شەکەتن.
نازانم .. نازانم ..
دەترسێم،
لەنێو تەلیسێکی خوێناویدا
نیوە
جەس-
تەی
تەلەسمێکی سەربڕاوم پێ فڕێ دەن.
دەترسێم کچێك
ماچێکی سەفەریم بداتێ و
خشڵانی زێرینگەرێکم پێ ببڕێ.
نازانم .. نازانم ..
ئەی شەقامی مەرگ

و
شەهوەت
و
غوربەت
گلۆپەکانت هێندێ جار
لەبریقەی شمشێر دەچن،
هێندێ جاریش
- لێم ببورە -
لەئاورنگی چاوی مەستی سۆزانییەك.
دەترسێم،
ژنێکی ڕووت
دەرگای شوققەیەکی ئارامم بۆ بکاتەوەو
تا سەحەر،
ئاگر بەئاگر بکوژێنمەوە!
یەك بۆنیان لێ دێت



بەردەمی بارەکان
بن دیواری مزگەوتەکان
گیانی دەروێزەکەرەکان
یەک بوّن؛
بوّنی میزو
ڕشا
نە .. وە.
ئوّع ..
ئوّع ..
نازانم .. نازانم ..
ئەی شەقامی مەرگ

و
شەهوەت
و
پرسیار

کەومرێم...
دەروّم .. و
چاو لەبەرمیلێکی زبڵ دەگێڕم
نەبادا لەپڕ
کەللە سەر ی پیرۆزم
گلوّر ببێتەوە بەر پێم.
کەومرێم ..
دوو هەنگاو هەڵدێنم و
ئاور دەدەمەوە.
نەبادا روّحی بزورگم
لەدەخیلە بچکوّلانەی
پیرەمێردێکی زەلیل پلکەت فروّش
جێ هێشتبێ.
نازانم .. نازانم ..
دەترسێم ..
چەند چەکدارێکی ڕەشتاڵە
قوڵبەستم کەن و
فرێم دەنە ژووری بەسام و نووتەکی



سێدارەو تەناف
دارکاریم بکەن
ووتوکاریم بکەن
بوتڵ کاریم بکەن
تا منی سەر بەتەنزیماتی شیعر
ئیعتراف دەکەم
ئیعتراف.
نازانم .. نازانم..

ئەی شەقامی مەرگ

و
شەهوەت
و
پرسیار.



چاوەکانم،
نێچیری تانەی ترس و لەرزەتن
قاچەکانم،
هێندێ جار پێشم دەکەون
هێندێ جاریش لێـ
م
دە
بنە
وە...و لەوێستگەیەکدا
ڕێبواری شل و شەکەتن
کەوەرێم...
درەنگە .. ئەی مردن
درەنگە .. ئەی شەهوەت
درەنگە .. ئەی پرسار
درەنگە ..
درەنگە ..
درەنگە ..



یا ماشینێکی سەر شێت
یا چەقۆیەکی تیژوو
یا ئافرەتێکی برسی ..
درەنگە..
درەنگە..
تەسلیمی قەدەرم کە
درەنگە!!

*

هەواڵنامەی کتێب

# وردەگەڵ

**کەریم دەشتی**



(١)
چەند ئەستەم بوو
گڕی ئەوینێکی پیرۆز
لەدەفەی سینەم سوور دەبوو
ڕێشم تا دەهات دژوارو
ئەستێرەی بەختم دوور دەبوو
(٢)
باڵا بوو لەکۆڕی درەخت و دامێنا
پێشەنگ بوو
لەپرسەی ئەو ئاسۆیە سوورەی
دەگەوزی لەخوێنا
(٣)
ئەو بایە چەند سەختە
درەخت و هەورو کاژ
تەمەن و ئومێد ڕادەماڵێ
نامۆیە بەحاڵی مرۆڤێ
ڕۆژنیە پێستی لەو شاخەدانە ماڵێ
(٤)
زانیم گۆرانی ئەو شایە
ئەو بۆ ئاوات گەدایە
کۆتایی هات
لەدووچاری ئەو کۆرپەیەی
وەك خەنجەری
ژوانی نێوان ئەویندارات
لەنێوان هەردوکمان دایە

(٥)
بریا ووەتاغم پەنجەرەی وای تیانەبا
مەرگی گەڵام لەبەرچاو بێ
زۆر دەترسم مەرگی منیش
وەك مەرگی ئەوان بەتاو بێ



(٦)
تاقە گوڵی دامێنێکم لێ دیارە
لەدورەوە وەکو پشکۆی ئاگردانێ
دادەگیرسێ‌و دەمرێتەوە
لەنێو هەزاران باراندا
هەر بەتەنها
گەواڵەیەك ئەو دامێنە دەگرێتەوە
(٧)
مەلم دەبینی دەهاتن
سوور دەچوونەوە لەئاسۆی
مات و خەمگینی ئێواران
دڵی بریندارى منیان
پڕ لەخوێنی حەسرەت دەکرد
دەیاندامەوە غوربەتی
ڕەوەزە شاخ و لێواران
(٨)
ئەی پروشەی خێڵی یاران
بمدەوە دەست ئەو یادانەی
منیان لەئێستاکەم تۆران
ئێوەش ئەی لوتکە دوورەکان
هەڵدەنەوە نێو خەونی ئەرخەوانی جاری جاران.
(٩)
شەرابی جامی ڕەوەندان
مەستی سەفەری دەکردم
بەڵام هەمیشە بەرلەوەی
کەڵی شاخێ جێ بهێڵم
لەنیوەی ڕێدا دەمردم

هەواڵنامەی کتێب

(١٠)
زۆرجار دەمەوێ گریانم
لەبازرقە چوێنی سینەی بەر پەنجەران
نەرم تر بێ
یا کۆڤانم
لەهی مەم و خانێی شاعیر گەرم تر بێ
(١١)
ئەگەر دوو باڵیشم هەبێ
بەرزە فڕی
هەرهی هەڵۆو هەرهی بازە
ئەگەر خەونیشم گەورە بێ
هێشتا هەر بەقەد شیعرێکی نەنوسراوە
هەر نیازە..
(١٢)
چۆن دەتوانم؟
قژی نێوان زەوی‌و ئاسمان ببڕمەوە
خۆم لەرابردوی پڕ تاسەم بکڕمەوە
چۆن دەتوانم؟
سێبەری یازی پڕ شکۆ
لەمانگە شەوی شاخەکان بسڕمەوە
(١٣)
چەقۆیێ ئەشك ڕێژ کرابێ لەگریان
نامۆ بێ لەخەونی شاعیرێ
هەمیشە
خۆڵەمێشی گەرمی قەقنەسە
دوای سووتان



(١٤)
ئەی زێدی خۆم
بێ تۆ زیندوێکی بەندم
تاشە بەردێکی لەژێر گۆم
ئەو برینە گرانەی جەستەم
لەخەرەندی پڕ مەترسی دا تل دەخۆم

(١٥)
دەزانم پاییزە
گەڵایان دەداتە تەنهایی تەلاری
دووربێ لەشەپۆلی گڕ ئامێز
یاتەونی پڕ لمی روباری
(١٦)
با دڵم پڕ بکا لەداخی
مشت کلۆکۆی سووتان
بمباتە سروشتێ
نامۆبێ لەکەسێ کەگیانی خوڵقابێ
لەپشکۆی ئاگرو لەتولفەی بەرزریان
(١٧)
گریان گوڵێکە ئەبەدی
لەکێلگەی رۆحم شین بووە
گریان ئەو کۆترە شینەیە
لەلیسی شیعر دەنووسێ
بەڵام هەمیشە دوور بووە
(١٨)
چی خەیاڵەو چی خۆشیە
لەخانەقای چۆڵی منا
ژەنگی بوونەو خەفەت و ژەهر نۆشیە
(١٩)
گەوهەری ئەو دڵەم بۆ کێ دابڕێژم
کام گریان بکەمە ئەفسانەو
ئاواتی کۆنینەی خۆمی تیا بنێژم
(٢٠)
کەچڵێ لەقەدی خانەزای دادەبڕێ
دەبێتە دەوەن و ئاگرو پووش
دەبێتە هاوەڵی رێبواری
هەڵەموت ئامێزو دارماڵی بەفری تووش



# کێ ـ ویلی لۆمان ـ ی کوشت؟

شێرزاد حەسەن

ئەم نووسینە پەیوەندی بەشی کردنەوەی شانۆگەری (مردنی دێوەرەیەك)ەوە هەیە کەنووسەری ئەمریکی ـ ئارثەر میللەر ـ نووسیویەتی‌و ئەدیبی لاو کاك «ئازاد حەمە شەریف» لەئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی‌و یەکێکە لەبلاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی‌و لەسالی (١٩٨٤)دا کەوتە بەردەستی خوێندەواران. منیش چمکێکی ئەم شاکارە مەزنەم گرتووەو بەپێی توانام هەولی ئەوە دەدەم وەلامی کاك ئازاد بدەمەوە کەلەپێشەکی شانۆگەرییەکەدا دەپرسێ:ـ
«ئایا کێ لەمردنی ـ ویلی لۆمان ـ بەر پرسیارە؟ خۆی ؟.. کورەکانی؟.. رژێمە دژوارەکە؟.. یان هەر سێکیان؟..»

«ویلی لۆمان» پالەوانی سەرەکی‌یەو فرۆشیارێکی گەرۆکەو بەواتایەکی تر پیاوێکی رەمەکی‌یەو وەك سیماو بیرو بۆچوونیش هەلگری رەوشت وخووی چینی ناوەراستە، ئەو چینەی رارایەو خەونیشی زۆرەو هەمیشە سەر هەلدەبرێ‌و سەیری سەرووتر دەکا، هەر لەبەر ئەوەشە کە ـ لۆمان ـ خەونی زۆرەو دەیەوێ جیهانی خۆی‌و مال و مندالەکانی بگۆرێ.. کەچی بۆی ناگۆردرێت..! شانۆگەرییەکەش بەمەرگی ـ لۆمان ـ کۆتایی دێ، مەرگیش، لەم شانۆگەرییەدا، مەرگێکی رووت و بێ‌مانا نی‌یە، بەلکو هەلگەرانەوەیەکە، مەرگی ئەم پالەوانە، یان بابلێین خۆکوشتنەکەی جنێوێکی زۆر گەورەیەو جیهانی سەرمایەداری‌ی کۆمەلگای ئەمریکی دەگرێتەوە.

ئا لێرەدا حەز دەکەم بلێم بەختەوەری‌و نەهامەتی هیچ مرۆڤێك حالەتێکی دابراوو ئەبستراکت نی‌یە.. بەلکو بە هۆکارتێکەرەکانی دەوروبەرەوە بەندە، بمانەوێ‌و نەمانەوێ پەیوەندی‌یە ئابووری‌یەکان کۆمەلێ هۆی سەرەکی‌و کاریگەرن، گەر روونتر لێی بدوێین: دەلێین پکی‌و ناپاکی، خەم و خۆشی، هالتی‌و نەهاتی هەر کەسێك پابەند،ە بەبیرو باری رامیاری‌یەوە، ئەمەشیان کارێکی راستەوخۆ دەکاتە سەر رەوتی ئابووری.. هەموو پەیوەندی‌یەکی کۆمەلایەتیش پەیوەستە بەو سیستمە ئابووری‌یەوە، بۆ نموونە «رەوشت» بەپێی کۆمەلگا دەگۆرێ، رەوشت و داب و نەریت لەکۆمەلێکی دەرەبەگی‌دا هەمان رەنگ و شێواز وەرناگرێ کەلەکۆمەلگایەکی سەرمایەداری‌دا دەبینرێ. لۆمان لەکۆمەلگایەکی سەرمایەداری‌دا دەژی، لەو کۆمەلگایەی «پارە» پێوانەی پیاوەتی‌و جوان مەردی‌یە، هەر بۆیەشە سی‌و شەش (٣٦) سال رادەکا تا گوزەرانێکی پوخت و چاکتر بۆ کورەکانی بسازێنێ، هەولێکی زۆر دەداو زیاد لەپێویست بەم لاو بەو لادا غاردەدا، پارە پەیداکردن هەموو خەون و خەیالی ئەم کابرایە داگیردەکا.. هەلبەتە لەکۆمەلگای سەرمایەداریشدا گەر

غارنەداو وەك ئەسپی عارەبانە باری گران رانەکێشێ: چۆن ئالیکێکی بوختی بەردەکەوێ؟! بەڵێ مرۆڤ لەکۆمەڵی بۆرژواو سەرمایەداری‌دا پتر لەئەسپی عارەبانە دەچێ..!!

کەوتە لۆمان بەدوای بەهەشت دا دەگەڕێ.. بەهەشتێك بۆ خۆی‌و ژن و هەردوو کورەکانی، بەڵام لە کۆتـایی‌دا بەدۆزەخی مەرگ شاد دەبێ، لۆمـان دیـوەرەیەکی بێ ئاگایە، بێ ئاگایە لەو سیستەمەی وەك بەرداش ئەوو زۆرانی وەك ئەویش دەهارێ، زۆر لەکۆنەوەش ـ خەونی ئەمریکی ـ خەونی درۆی فەرو بەرەکەت: خەڵکانی دەرەوەو ناوەوە هەڵدەخەڵەتێنێ، لۆمان ـ یش یەکێکە لەو کەسـانەی ئەو خەونە فریوی دەدا. ڕاستە کەهەموو مرۆڤێك خەون دەبینێ.. گەر نەیگەیشتێ؟ لەوانـەیـە هەڵگـەڕێتـەوە، یان شۆڕشێـك بەرپـا بکـا بەڕووی ئەو سیستـەمـەی نەیهێشت بگـا بەخەونەکانی.. بەڵام بابزانین «لۆمان» چۆن هەڵدەگەڕێتەوە؟ ئەوەتا دەبینین مەرگ هەڵدەبژێرێ‌و شۆڕشێکی زاتی بەرپا دەکا.. تا دوا ساتیش هەر خەون دەبینێ‌و لەو باوەڕەدایە، گەر هیچ نەبێ، خەڵکێکی زۆر بێنـە سەر گۆڕەکـەی.. ئەم دڵی بەوە خۆشـە.. کەچی واش نابێ.. جگە لەژن و کورەکانی‌و «چارلی» هاوڕێی کەسێکی دیکە نابینین..!

کەواتە ـ لۆمان ـ دەمرێ، بەڵام ناشزانێ کێ کوشتوویەتی، ئەوەندە هوشیار نی‌یە تا لەکێشە ناکۆك و قورسەکانی کۆمەڵەکەی خۆی تێبگا، لۆمان لەو جۆرە کەسانەیە کەبەبیروباوەڕی چەوتی سەردەمی نەش ونوماکردنی چینە بۆرژواو سەرمایەدارەکان گۆش کراوە، ئەو بیروباوەڕانەی دەبنە یاسای پیرۆزو کەسانی وەك لۆمان دەکوژێ، هەرچەندە ئەم خۆی دەکوژێ.. بەڵام قەت مانای ئەوە نی‌یە کەلۆمان پاڵەوانێکی درامی نی‌یە، چونکە هەر کارەکتەرێك.. بگرە هەر مرۆڤێك هوشیاری‌ی لەکەسانی دیکە یان کەمترە یا ئەوەتا پترە.. هوشیاریش ڕەنگ دانەوەی ئەو دەوروبەرەیە کەمرۆڤ تیایدا دەژی.

هەر لەسەرتاوە کەلۆمان دێتە سەر شانۆ: دەبینین دوو باولی گەورەی هەڵگرتووەو گوێمان لێ‌یەتی دەڵێ ـ «ئۆف.. ڕۆڵە..!» ئۆف لەچی؟ ئۆف لەژیانی پڕ چەرمەسەری‌و ماندووبوون، پیری‌و زەلیلی..! هەر لەسەرەتاوە.. کەشانۆگەری‌یەکە دەست پێ‌دەکا ئاگاداری ئەوەین کە ـ لۆمان ـ بەدەست ئەرك و ئێشی ژیانێکی زۆر ناخۆشەوە دەناڵێنێ، شەکەت و دوودڵ و نائومێدە، نیازی خەراپەو دەیەوێ خۆی بکوژێ، بەڵام لەپاڵ ژیانی نالەباری ئێستای‌دا هێندی هێندی ڕابردووی وەبیر دێتەوە.. ئەو ڕابردووەی زیاتر پاڵی پێوە دەنێ‌و دەیهاوێتە نێو خەرەندی

ڕەنگـە خوێنـەرێکی ئاسـایی بپرسێ: بۆچی لۆمان خۆی دەکوژێ؟ ڕەنگە خوێنەرێکی دیکە ساکارانە بڵێ: چونکە خۆی پیاو نەبوو، نەیتوانی لەو پێش برکێ‌یەدا گرەو بباتەوە، یان لەبازاڕ بۆی نەهات، یان ئەوەتا کورەکانی پووچ و بێ‌کەڵك بوون، بەڵام ئەمانە هیچیان وەڵامی ڕاست و دروست نین، وەڵامی ڕاست ئەوەیە کەلۆمان بەهەزارەها خەونی فەڕو بەرەکەت، هەزارەها خەونی ساختەو درۆ پف دراوە، ئەمیش کورەکانی خۆی پف دەدا، کەچی میزەڵانی (دەبدەبەی) پڕ درۆ بەڕووی خۆی‌دا دەتەقێتەوە، ئەو خەونانەی بەبوون و کەڵەکەبوونی سەرمایە دەست پێ‌دەکەن و هەرواش کۆتایی‌یان پێ دێ، ئەمیش بەدرێژایی تەمەن بەدوای ئەو خەونەدا ڕادەکا.. کەچی دەست بەتاڵ و هەناسە سارد دەبێ‌و ئەو خانووەی کە بۆماوەی (٢٥) بیست وپێنج ساڵ ڕەهنی دەداو لەسەرە

مەرگدا دەبێ بەهی خۆی.. سەیر لەوەدایە کەئەوەندە تەمەن و هێزی بەبەرەوە نەماوە تیایدا بژی.

گریمان لۆمان ـ مان زیندوو کردەوەو خستمانە قەفەزی تاوان و لەسەر کوشتنی خۆی کەوتینە دادوەری.. ئاخـۆ دەبێ کێ تاوانبـار بکـا؟ خۆی؟ کوڕەکانی؟ ژنەکەی؟ هاوارد ـ سەرۆکی ئەو کۆمپانیایەیە کەلەبەر پیریی دەری دەکا؟ یان ئەمریکا؟!

بەر لەوەی بزانین کێ لۆمان ـ ی کوشتووە.. با بەوردی لەم کارەکتەرە ورد بینەوە.. دەتوانین بڵێین لۆمان کارەکتەرێکی زۆر زیندووەو تەواوێ هەستی پێدەکەین و بگرە زۆر کەسیشمان بیر دەخاتەوە، ڕەنگە لەنزیکەوە هەندێ لەوانەمان دیبێ، میللەر بەدیقەتەوە ڕەسمی کردووەو هەست بەهـەمـوو دەردو ئازارێکی دەکـەین، بمـانـەوێو نەمـانـەوێ لۆمـان پاڵەوانێکی تراژیدی ئەم سەردەمـەیـە.. بەوە پێـك نایە کەپیاوێکی ڕەمەکی چینی ژێرەوەیە، هەڵبەتە هەموومان دەزانین کەپـاڵەوانی تراژیـدی سەردەمی یۆنانییەکان گەلێ جیاوازی لەگەڵ پاڵەوانی تراژیدی سەدەی بیستەمدا هەبووە، ئاشکرێ بەهەمان چاو سەیری دوێنێو ئیمڕۆ بکەین، ئیمڕۆ کەس باوەڕی بەوە نەماوە کەپاڵەوانی تراژیدی هەر دەبێ سەر بەچینی پاشاو میرو بەگزادەکان بێ، ئاشکرایە کەئیمڕۆ لەڕوانگەیەکی هاوچەرخانەوە سەیری پاڵەوانی تراژیدی دەکەین، گەر بگەڕێینەوە سەر «ئۆدیب ـ ی پاشا» دەبینین چارەنووس تووشی ئەو هەموو کارەساتەی دەکا، بەڵام سەبارەت بەلۆمان لەچارەی نەنـووسراوە خۆی بکـوژێ، بەڵکـو زۆر ئاشکـرایە کەکۆمەڵگای‌سەرمایەداری پڕ لەخەونی درۆ دەیکوژێو ناهێڵێ بگا بەخەونەکانی کەواتە ئیمڕۆ لەوەدا نەماوە بڵێی چارەنووس، یان ڕێکەوت، یان ناپیاوەتی لۆمان ـ ی کوشت، میللەر، خۆی، ئەوەندە بەڕێزو ترسەوە سەیری تراژیدیای ـ ئۆدیب ـ ناکاو ئەم دەڵێ: ئۆدیب ئاگای لەو هێزو چارەنووسەش نییە کەوای لێدەکا باوکی خۆی بکوژێو دایکی خۆی مارە بکاتەوە، کەئەم ڕاستییە تاڵەش دەزانێ هەردوو چاوی خۆی کوێر دەکا، کەوتە بۆ ڕێزی مرۆڤێك بگرین کەتا ئەو ڕادەیە چارەنووس دەیباو تووشی ئەو هەموو کارەساتەی دەکاو بێ ئەوەی بتوانێ خۆی لێ لابدا؟ مەسەلە ڕێزی ئەو کارەکتەرە تراژیدییە نییە، بەڵکو ڕێزگرتنی ئەو یاساو چارەنووسەیە کەکەسێك ناتوانێ دەستکاری بکا، وەلێ ئەو یاسایەی لۆمان دەکوژێ: یاسای سەر زەوییەو لەئاسمان دانەبەزیوە، ئەو یاسایەش باوەڕی بەوە هەیە کەهەر کەسێك لەکۆمەڵدا سەرنەکەوێو لەبازاڕی بازرگانانـدا نوشوستی بێنێ: ئەو ئەو مرۆڤە هەقی ژیانی نابێ، بەواتایەکی تر دەبێ بکەوێتە ژێر دەست و پێی سەرکەوتووەکان.

لەشانۆی یۆنانیداو بەپێی بیرو بۆچوونی ئەو سەردەمە ئەو یاساو چارەنووسەی ئۆدیب ـ ی تووشی ئەو هەمـوو کارەسـاتـە کرد جێگەی ڕێزو ترس و سەرسامی خەڵکی بوو، بەڵام ئەمڕۆ لەسەدەی بیستەمداو لەووڵاتێکی وەك ئەمریکا، ئەو یاسایەی لۆمان دەکوژێ مایەی قین و توڕەییو هەڵگـەرانەوەو هەڵوەشاندنە، خەفەت لەوەدایە کەئەم یاسا ئابوورییەی لۆمان ـ ی کوشت هەر لەبـرەودایـەو دێوەرەکانی دیکەش پشتیان داوەتە بەر.. هەیانە سەردەکەوێو هەیانە وەك لۆمان دەمرێ، ئەو کەسەی لەو «ماراثۆن» ەش دوا بکەوێ هەقی ئەوەی نامێنێ ببێتە یەکێ لەئەندامانی تیپی ماراثۆن، مەبەستم لەماراثۆن: ڕەمزە بۆ پێش بڕکێی نێوو بازاڕی ئەمریکی، کارێکی ئاسانە

بەلۆمان بوترێ کابرایەکی گێلە.. سەیر لەوەدایە کەهەر ئەوانە وای پێ بڵێن کەخۆیان مل کەچی هەمان یاسا بن: ئەو یاسایەی لۆمان ـ ی کوشت.. مەرگی لۆمان ـ یش هەرەشەیەکە بۆ هەموو دێوەرەکانی دونیا، هەر کەسێکیش وا بزانێ ئەم یاسایە پیرۆزەو دەستکاری کردنی بۆ نی‌یە.. ئەوە دیارە زۆر تێرە، گەر تێریش نەبێ: برسی‌یەکی بێهەست و هۆشە، بەڵام خۆ دەبێ ئەو ڕاستی‌یەش بزانین کەمیللەر لۆمان ـ ی نەکردووە بەڕەمزێکی سەد دەر سەد، چونکە دەبینین (چارلی) برادەری لەهەمان چینەو کەچی وەك لۆمان خۆی شێت نەکردووەو کابرایەکی سەرکەتووشە ـ بەپێی بەها مادی‌یـەکـان ـ دیـارە میللەر بەمـەبـەستـەوە دوو کارەکتـەری هێناوەو سەر بەهەمان چین و جیاوازیشن.. واتا ئەم حاڵەتە دژوارانە کەلەژیان دا هەن: بۆ لەئەدەبیشدا ڕەنگ نەدەنەوە؟! بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کەچارلی دەخزێو دەبێ بەسەرمایەدار، کەچی ئەمەکی برادەرایەتی وای لێدەکا لەوەختی کەوتن و نوشوستی دەستی لۆمان بگرێ.

لۆمـان کارەکتـەرێکی دەستخـەڕۆیـەو هەمیشـە لەخـەیاڵ دا دەژی، خەون وخەیاڵ دەبن بەدەروازەی ئازادبوون وسەرفرازی، سەبارەت بەژیان و سەرکەوتنیش بیرو بۆچوونێکی زۆ چەوتی لایـە، بیرو بۆچوونەکەش موڵکی خۆی نی‌یە، بەڵکو هی ئەو سەردەم وکۆمەڵەیە کەتیایدا دەژی، لۆمان بەوەش ئاسوودەیە کەدرۆ لەگەڵ خۆی‌دا بکاو بەمەرجێ وای بنوێنێ پارەدارو خاوەن کارو دەست ڕەنگینە، کاتێ چارلی برادەری ئیشێکی بۆ دەدۆزێتەوە.. لۆمان ڕەتی دەکاتەوەو پێی دەڵێ ـ من خاوەن ئیشی خۆمم ـ کە«بێرنارد» کوڕی چارلی لەلۆمان دەپرسێ ئاخۆ «بیف»ی کوڕی خەریکی چ کارێکە، دیسانەوە درۆ دەکاو دەڵێ «کارێکی گەورەی بەدەستەوەیە.» لۆمان ئەوەندە بەستەزمانە کەیفی بەوە دێ کەکوڕەکەی یاریکەرێکی لێهاتووەو گۆڵ بۆ دەکا، کەهەست دەکا بیف ـ ی کوڕی چ لەقـوتـابخانەو چ لەبازاردا گەنجێکی مایە پووچە: بۆ پڕکردنەوەی ئەو داشکانە نەفسی‌یە بیر لەگۆڵەکانی کوڕەکەی دەکاتەوە، ئەم وا دەزانێ گەر کوڕەکەی قۆزو خۆشەویست بێ ئەوە بێشك لەهەموو کارێکدا سەردەکەوێو گرەو دەباتەوە، ئەم نازانێ «دۆلار» مرۆڤ خۆشەویست دەکاو تا سەربکـەوێت دەبێ بزانی ماستـاو سارد بکەیتەوەو مامە حەمەیی بۆ گەورەکان بکەی، بەدرۆو بەڕاست سەریان بۆ بلەقێنێت، بیف ـ یش ئامادە نی‌یە وا بکا چونکە باوکی زیاد لەپێویست پفی داوەو بۆ ناگا بەمەرام، بەڵێ لۆمان کەوتۆتە ژێر خەونی ئەمریکی، هەر ئەو خەونەش دەیکوژێ.. کەواتـە هەر هەمـوویـان درۆ دەکەن، ئەوەتا «هاپی» کوڕە چکۆلانەکەی لۆمان واز لەئافرەتێکی سۆزانی‌ی دەگەیەنێ کەگوایە خاوەن کۆمپانیایە، «بیف» هاوار دەکاو دەڵێ ـ «هاپی.. ئەوە پازدە ساڵی تەواوە ئێمـە بەدەم خەوەوە دەدوێین ـ لاپەڕە ـ ١٢٠ ـ» نەك هەر خەون و خەیاڵ.. بەڵکو بەدرێژایی شانۆگەری‌یەکە وەك شێت لەبەرخۆیەوە وڕێنە دەکا، شتێکی ترسناکە کەهەندێ جار لۆمان هۆشی لای خۆی نامێنێو تەواوێ لەدەورو بەرکەی دادەبڕێو لەگەڵ کەسانێك دەدوێ کەلەو ناوە دیار نین ، هەر بۆیەشە لەدوو حاڵەتی دژواردا دەژیو دەنگی ئێستاو ڕابردووی لاتێکەڵ دەبێ، هەندێ جاریش ڕق و خۆشەویستی، تۆڵەو لێبووردن تێکەڵ دەبن، جار هەیە شانۆگەری‌یەکە زۆر «لیرکی»یانە دەڕواو هەندێ جاریش وەك مێشکی پاڵەوانەکەمان ئاڵۆز دەبێ.

ویلی لۆمان بەدوای هەقی ئارەقەو ڕەنجی خۆی‌دا وێڵە، دەیەوێ وەك مرۆڤ جێگەیەك بۆ خۆی

بکاتەوە، دەیەوێ لەکۆمەڵگایەکی فرە چیندا خۆی بدۆزێتەوە، لەکۆمەڵێك کەمرۆڤ چەندی هەبێ ئەوەندە پیاوە، پارە پێوانەی هەموو شتێکە، دۆلار قسە دەکا، کەسایەتیو خۆشەویستیو پیاوەتیو سەرکەوتن هەر بەپارە پێك دێ، بەلام لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی ڕەمەکیو بەستەزمانە: نازانێ کۆست و نوشوستی ئەو لەدەست چ بەرەیك دایەو نازانێ بۆتە توولە ماسیەك و کەوتۆتە نێو سکی نەهەنگێك، ناشزانێ بەرداشی چ ئاشێك هەزارانی وەك ئەویش دەهارێ، ئەوەتانێ هاوارد ـی خاوەن کۆمپانیا دەری دەکاو پێی دەڵێ:ـ

«ڕۆڵە من ناتوانم خوێن لەبەردێکی ڕەق وتەق بگرم ـ لاپەڕە ـ ٩٤ ـ»

کەواتە دەتوانین بڵێین: خۆ کوشتنی لۆمان گەرچی لەڕووکەشدا هەڵگەڕانەوەیەکی زاتیە، بەلام واش نییە، چونکە ئەم مەرگەساتە لەوە پتر هەڵدەگرێ، خۆکوشتنەکەی دەرباز بوونێکە لەو جیهانەی کەهەقی ئەمی پێشێل کردووەو وەك بەردێك سەیری دەکەن کەناتوانن بیگوشن و خوێنی لێبگرن، کەواتە پیاوی بێ سەرمایەو هێزو بازوو، بێ کەڵبەو نینۆك وەك بەردێك وایە لەکۆمەڵگای ـ دۆلار پەرستەکان ـ جێی نابێتەوە، کەواتە مەرگی لۆمان هەڵوێستێکی پڕ لەمرۆڤتی مرۆڤێکە ناهوشیارە، تراژیدیایەکی پیرۆزە، هەرچەندە لای هەندێ کەس بەزین و نوچدانە، مرۆڤێکە بەوەی بیست هەزار دۆلاری تەئمینی ژیانی خۆی بۆ کوڕەکانی جێدێڵێ، ئەم لەوە پتر هیچ فێڵێکی دیکە نازانێ، ئەم دەزانێ بەوە نەبێ ناتوانێ ژیانی کوڕەکانی بکڕێتەوە، ئەم ناتوانێ زاتی خۆی بسەلمێنێ: مەرگ هەڵدەبژێرێ، مەرگیش دەبێ بەرەت کردنەوەی هەموو دەزگا بۆرژواو سەرمایەداریەکان، ئەو دەزگایانەی بەرەو مەرگ ڕایان پێچا، ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن میللەر نووسەرێکی ڕاسن ڕەوە.. ئەگینا بۆ پاڵەوانێکی وا بەزیوی هەڵبژاردووە؟ یان بۆ لۆمان شۆڕشگێڕ نییە؟ هەندێ کەس ئەم جۆرە پاڵەوانە سەلبییە ڕەت دەکەنەوە، بەلام ئەم قسانە مایەی مشت و مڕێکی نەبڕاوەیە، ناکرێ لەم چەند لاپەڕەیدا وەلام بدرێتەوە، هەڵبژاردنی پاڵەوانی سەلبیو ئیجابیش هەقی هەموو نووسەرێکەو ئەدەبیش بەقەد ژیان و بگرە پتریش بەرفراوانەو سنووردانان و خانەو خانەکاری گوناهێکی گەورەیە، لەولاتێکی وەك ئەمریکاش هەزار پاڵەوانی سەلبی بەرامبەر یەك پاڵەوانی ئیجابی دەوەستێ، لێرەدا مەرگی لۆمان پەردە هەڵدەماڵێنە لەسەر ڕووی دزێوی ئەمریکا، هەر ئەو مەرگەش ترس دەخاتە دڵی ئێمەو هەموو دێوەرەکانی برادەری، یان هەموو ئەو کەسانەی کەسەر بەچینی ـ لۆمان ـ ن، چونکە ئەو کەسەی خەونێکی پڕ لەدرۆ دەبینێو ژیانی پڕ دەبێ لەهەڵەو نوشوستیو پاشان خۆی دەکوژێ: ئەوە دیارەچ کەپاڵەوانێکی تراژیدییە، بەلام ئەوانی تر، ئەوانی وەك ئەو، ئەوانەی کەماون و وەك ئەویش دەژین..

گەر هەمان خەونی پڕ لە درۆ ببینن و بکەونە نوشوستیو خۆیان بکوژن: ئەوە دیارە کەبەستەزمان و نەفامیشن، ئالێرەدا مەرگی لۆمان دەبێ بەدەرسێکی ئەخلاقیو فیکری و فێری شتێکی تازەمان دەکا، وامان لێدەکا بیر لەو هۆیانە بکەینەوە کەئەمی کوشت، لەهەر کۆمەڵگایەکیش گەر ڕێبازو ڕێك کەوتنێکی چاك وپوخت لەنێوان خەڵکیدا نەبێ، نەتوانن تاکە فەلسەفیەکی پیرۆز هەڵبژێرن، ژیان هەزارەها ڕەنگی دژواری هەبێ، دیارە لەم جۆرە کۆمەڵگایە لەسەر چۆنیەتی

مەرگیش ڕێک ناکەون، مەرگ بەهەموو جۆرەکانی‌یەوە، واتا کەکۆمەڵگا دەستووریکی ساغ ودیاریکراوی نەبوو بۆ ژیان: مەرگیش بەهەمان شێوە ڕەنگی جیاو جۆر بەجۆری دەبێ، خۆکوشتنی لۆمان هەم تۆڵەیە هەم خۆشەویستی، تۆڵەو هەڵگەرانەوەیەکە بەرووی سیستمی سەرمایەداری، ڕەت کردنەوەی خەونی ڕەنگاو ڕەنگی ئەمریکی‌یە، خۆشەویستیشە: چونکە لەپێناو کورەکانی خۆی دەکوژێ، وەلێ کەی مەرگ لەژیان شیرینتر بووە؟ دیارە ئەو کاتە، تەنها ئەو کاتە مەرگ شیرین دەبێ کەژیان خۆی بووبێتە دۆزەخ، مەرگیش دەبێ بەکوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی دەمان سووتێنێ. لۆمان تا لەژیان دایە کۆیلەو پابەندی شەڕو پێش برکێی نێو بازارە، دیلی قازانج و سەرکەوتنی ماددی‌یە، کەچی بەخۆکوشتن ئەم کۆت و زنجیرە دەپچڕێنێ، ئەوەتا ژنەکەی لەسەر گۆڕەکەی وەستاوەو پێی دەڵێ:ـ

«ویلی.. دواقستی خانووەکەم داو کەچی کەسیش تیا نابێ.. ئێمە ئازاد بووین و قەرزی کەسمان لەسەر نەما.» بەڵام سەیر لەوەدایە کەلۆمان لەنێو گۆڕەکەدا سەبەست وئازادە، تا لەژیان دایە هەر خەریکی پینەکردن وقەرزدانەوەیە، هەمیشە بەدەست بەفرخەری کۆن وکابرێتەری ئۆتمبێلەکەیەوە دەناڵێنێ، نەک هەر کەل وپەلی ناو ماڵەکەی کۆنەو زوو خەراپ دەبن، بەڵکو خۆیشی پیر دەبێ‌و لەکەڵک دەکەوێ‌و لەکۆمپانیاکە دەردەکرێ، تەنها بەکەڵکی گۆڕ دەمێنێ، کەدەزانێ هیچی پێنەکرا مەرگ هەڵدەبژێرێ، لۆمان دەکەوێتە نێو تۆڕی خەونەکانی خۆی.. بۆ دەربازبوونیش لەو تۆڕە تەنها مەرگی بەدەستەوەیە، دوای سی‌ی‌و شەش ساڵ کارکردن بێ‌ئەوەی تەقاویتی بۆ ببڕنەوە دەری دەکەن، لەلایەکی دیکەوە «بیف» بەتەمای ئەوەیە پارە لە«ئۆلیڤەر» ی برادەری قەرز بکا.. کەچی بەدڵساردی دەگەڕێتەوە لای باوکی، وردە وردە باڵەخانەی خەونەکان دادەرمێن، ئەوسا دەزانێ کەهەموو خەونەکانی باوکی ساختە بوون، نەک هەر ئەوەندەو بەس.. کاتێ دوا قستی خانووەکە دەدەن و دەبێ بەهی خۆیان: کەسێک شک نابەن تیایدا بژی، چونکە ئەوان پیر دەبن ومەرگ باوەشیان بۆ دەکاتەوە، کورەکانیشی پەراگەندەن و بەدوای خەونی خۆیان دا وێڵن، بەڵام «بیف» لە «هاپی» ئازاترەو ڕوو بەڕووی ڕاستی‌یە تاڵەکە دەبێتەوەو باوەری بەخەونەکانی باوکی نامێنێ، کەچی «هاپی» لەو باوەڕەدایە کەباوکی لەهیچ و خۆڕایی نەمردووە، بۆیە دەڵێ ـ «بەخۆڕایی نەمرد.. دەبێ خەونێکی جوانی هەبوو بێ.» سەیر لەوەدایە کەلۆمان پتر گرنگی بەبیف دەدا نەک هاپی، وەنی‌یە «هاپی»یش تۆڵەی لێ نەکاتەوە.. لەو شەوەی کەبڕیارە باوکیان دەعوەت بکەن هاپی بەدوای ئافرەتێکی سۆزانی دەکەوێ‌و باوکی جێ‌دێڵێ، هەر بەزۆریش بیف لەگەڵ خۆی دەبا، کەواتە کورەکانیشی نامەردانە پاداشتی دەدەنەوە، گوێ بگرە (لیندا)ی ژنی چی بەلۆمان دەڵێ ـ «گیانەکەم ژیان بریتی‌یە لەزنجیرەیەک داماڵین و گۆڕان.. تاسەر هەر بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە.» بەڵام ئاخۆ ڕوانینی ئەم ژنە سادەو ساکارە ڕاستە؟ نەخێر.. چونکە نەلۆمان ونەژنەکەی نازانن لەژێر سایەی سیستمی جیهانێکی سەرمایەدارەکان ژیان و حەقیقەتی مرۆڤ شێواوە، ئەوان ئاگایان لەوە نی‌یە ئەمریکا خەڵکی دەستخەرۆ کردووەو باسی «ئەفسانەی ئادەمی دیموقراتی‌و تازەیان» بۆ دەکا.. ئەو ئادەمەی هاتۆتە سەر خاکێکی تازەو دەیەوێ بەهەشتێکی درۆزنانە دروست بکا، ئەوان ئاگایان لەوە نی‌یە کەوتوونەتە نێو بازاری پڕ دژایەتی بوون و نەبوون، لەو بازارەی مرۆڤ نابینیت..

بەڵکو کەلە گورگێك، لەو بازارەی دروشمی ئەوەیە ـ «یان دەمکوژی یان دەتکوژم، یادەمخۆی یا دەتخۆم، یان پشتم لەزەوی دەدەی یان پشتت لەزەوی دەدەم.» لەم جۆرە کۆمەڵگایەش گرنگ بۆ پێشەوە چوونە، گرنگ ورگ و باخەڵە، گرنگ سەپاندنی زاتەو نەك دۆزینەوەی زات، هەر باری وا ناجۆریشە کەبنیادەم لەپاکی دادەماڵێ‌و دەیکا بە«شت» بە «کەل وپەل»، سیستمی سەرمایەداریی وا لەمـرۆڤ دەکـا هەست بەغـەریب بکـاو مانای پیرۆزی مرۆڤایەتی لێ دەستێنێتەوە.. چونکە شارستانیەتی‌یەکە شارستانی‌یەتی سوود پەرستەکانە.

بەدرێژایی شانۆگەری‌یەکە خەون و خەیاڵ و واقیع لای لۆمان تێکەڵ دەبن تا بگا بەئاواتەکانی، بەڵام خەیاڵ و واقیع لەدژایەتی‌یەکی گەورەدان.. هەڵبەتە لەکۆمەڵگای ـ ئامێر ئامێردا ـ خەون هەر خەونەو نابێ بەواقیع، بەڵکو درۆو فرو فێڵ و ڕێکەوت و چانس و میراتگری‌و سەرمایە ڕۆڵێکی گەورە دەبینن، لۆمـان ـ یش کەدێـوەرمیەو بەس، بێ سەرمایەو خەونێکی زۆر، خەونی ئەوەی هەردوو کورەکانی ببنە خاوەنی جێگەو ناو، بەکورتی دەیەوێ «هەبووە» بن.. چونکە وەك باوکێك تاڵاوی نەبوونی چەشتووە، دەشزانێ ئەمریکا وڵاتی هەبووەکانە.. ئەوانەش کەنەیان بێ: یان ئەوەتا لەبەر بێیان دەژین.. یان ئەوەتا دەبێ بمرن، ئەم ویستی ناوێکی زێرین بۆ خۆی‌و کورەکانی جێبێڵێ.. کەچی نەیزانی دوای دەیەها ساڵ ناوی خۆی لەسەر ئاو نووسیوە.

لۆمان چەندی پتر خەون دەبینێ‌و هەوڵ دەدا ئەوەندە زووتر لەمەرگی خۆی نزیك دەبێتەوە، ئەوەتا سەر زەنشتی بیف ـ ی کوری دەکاو پێی دەڵێ ـ «تەمبەڵ و بێ‌مێشکە ـ لاپەرە ١٧ ـ» بێ‌مێشکە چونکە نازانێ پارە پەیدا بکاو لەسەر کارێك بگیرسێتەوە، لۆمان لەکورەکانی بێزارە چونکە یارمەتی نادەن تا خێزانەکە بگا بەخەونە ماددی‌یەکانی، کەچی هەر لەهەمان لاپەرەدا پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێ ـ ئەو ڕێك وپێك و کۆڵنەدەرە.. سەیری ئەم دووفاقی‌یە کەلەکارەکتەری لۆمان ـ دا کۆبۆتەوە، لۆمان وا هەست دەکا کورەکەی کابرایەکی پایە بڵندو مەزنی لێ دەردەچێ هەر تەنها لەبەر ئەوەی کەقـۆزەو شارەزای ئەتەکێت و داب و نەریتی کۆمەڵی سەرمایەداری‌یە.. بەڵام وا نی‌یە.. چونکە بیف لەو چاکتر دەزانێ ئەم خەیاڵە درۆیەو بەڵکو بەمل کەچ کردن پێ‌دەگا.. ئەمیش ئەوە ناکا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە وەك زۆربەی خەڵکی فێری فرو فێڵ و دزی‌و درۆی ئەمریکی دەبێ، ئەوەتا بەقوتی‌یە دەردەچێ‌و بەمنداڵی کارتۆنە توپێك دەدزێ‌و بەگەورەییش قەڵم پاندانێك، جگە لەدزیش تابـۆی بکرێ درۆ دەکا، درۆش دەبێ بەپرکردنەوەی بەزین و داشکانە نەفسی‌یەکەی، کەچی باوکی وا دەزانێ دزی چاو نەترسی‌یە، بۆیە چارلی برادەری پێی دەڵێ ـ «بەیخانەش پڕە لەمـرۆڤی چاو نەترس /ل٥٨» کەچی لەهەمان کات جنێویان پێ‌دەدا کەدەبینێ دەست بەتاڵ و بێ‌سـەرمـایـەن، بەدرێژایی شانۆگەری‌یەکش لۆمان بیر لە[بین]ی برای دەکاتەوە، «بین» دەبێ بەرەمزی سەرکەوتن، سەرکەوتن لەجیهانی سەرمایەدارەکان، گوێ بگرە چی بەکورەکانی دەڵێ ـ «ئێوە خوێرینە.. ئەو ـ واتا بین ـ بەخۆو بەکراسی بەری لێرە ڕۆیشت و سەرەنجام بووە خاوەنی کانە مرواری.»... لاپەرە ١٤

بەڵێ.. زۆرجار کەتەنگاو دەبێو هەست بەکەمی‌ی خۆی دەکا «بین» برای دێتەوە بەر دیدەی خەیاڵی. با تۆزێکیش لەناوی ئەم شانۆگەری‌یە وردبینەوەو لەخۆمان بپرسین: بۆچی میللەر ناوی نەنــاوە «خــۆکــوشتنی دێــوەرمیــەک»و کەچی ناوی ناوە «مەرگی دێوەرمیەک»..؟ ڕاستە ئەم هەر لەســەرەتــاوە ئامــادەیــە بمــرێ.. بەڵام کەی؟ ئەو کاتــەی لەزۆرانبازی نێو جەنگەڵی ئەمریکی دەیدۆڕێنێ، ئەوکاتەی دەزانێ کوڕەکانیشی دۆڕاندیان.. کەواتە دەستێکی چەپەڵ پاڵی پێوە دەنێ.. ئەویش دەستی نیئـوك ئەکراوی ئەمریکای سەرمایەدارە، هەر بۆیەشە لۆمان هەر لەمنداڵی‌یەوە بایەخ بەهێزو جەستەی کوڕەکانی دەدا.. چونکە ئەو دەزانێ لەنێو ئەو هەموو گورگانە دەبێ گورگ بیت تا نەتخۆن، ئەوەتا - بین و بیف - کەوتوونەتە زۆرانبازی‌و بین بەبرازاکەی دەڵێ:-

«کاتێ لەگەڵ بێگانەیەك زۆرانێ دەکەی.. هەرگیز دادوەر مەبە.. ئەگینا بەم شێوەیە بێ هەرگیز لەو جەنگەڵە دەرباز نابیت.» مەبەست لەجەنگەڵەکە ئەمریکایە.. ئەگەر سەیرێکی شانۆگەری‌یەکە بکــەین دیــارە کەباوك و کوڕ هەمیشە لەشەڕدان.. ڕقەبەری یەکدی دەکەن چونکە هەریەکەیان نمونەی هەرەس و نوشوستی‌و بێبلازاڕی ئەوی تریانە.

کەواتــە دوای ئەو هەمــوو کەین و بەینە دەتوانین بڵێین لۆمان پاڵەوانێکی تراژیدی‌یەو هۆی مردنەکەشی نەچارەنووسەو نەغەوشی پاڵەوانە.. نەخێر.. بەکورت وکرمانجی دیارە چ یاساو کۆت و پێوەندی ناڕێکی (ئابووری - کۆمەڵایەتی) چواردەوری پاڵەوانەکەیان گرتووە، مەرجیش نی‌یە تەنها لەڕێگــەی ترســەوە فێری دەرسێکی ئەخــلاقی ببــین، کەواتــە کەوتنی لۆمــان و خۆکــوشتنی بەچارەنووسەوە بەند نی‌یە.. دیارە بۆ خۆی دەکوژێو کێ دەیکوژێ. ڕەنگە هەندێ کەس - فرۆید - یانە بیربکەنەوەو بڵێن «غەریزەی مردن» پاڵی پێوەنا خۆی بکوژێ، بەڵام با گوێ لە «رایش» بگرین چۆن غەریزەی مردن ڕەت دەکاتەوە. گەر بەپێی بۆچوونەکەی [فرۆید] بێ مەسەلەکە وادەگەیەنێ کەئازارو ئەشکەنجەی مرۆڤ شتێکە کۆتایی نایە، جا چ لەژێر سایەی سەرمایەداری‌و چ لەژێر سایــەی سۆشیــالیستی‌دا بێ.. کەچی مەسەلەی غەریزەی مردن لەلای «ویلهێلم» رایش» ڕەت کراوەتــەوە چونکــە دژی قوتابخانەی «شی‌کردنەوەی دەروون» ەو لەجیاتی ئەوەی «شی‌کردنەوەی دەروون» ببێ بەڕەخنەیەکی شۆڕشگێڕانەو دژی کۆمەڵی بەزەبرو زەنگ و کوتەك لەدەست بوەستێ.. دەبینــین ڕەش بین و بێ ئومێدانە سەیری چارەنووسی مرۆڤ دەکا، لەو باوەڕەدان کە - ژیان و نەگبەتی - جمکن (یانێ دووانەن).. پێویست بەوە ناکا مرۆڤ هەوڵ بدا چونکە هیچ شتێك ناگۆڕێو ئەنجــامی پوختی نابێ.. هەڵبــەتــە ئەوەش ڕاست نی‌یە. [رایش] وەکو [فرۆید] سەیری کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان ناکا، لای - رایش - هۆی کێشەکان ناگەڕێتەوە بۆ لایەنە بایۆلۆژی‌یەکە.. کارێکی ڕاست نی‌یە کێشە کۆمەڵایەتی‌یەکان، زاڵبوونی بیروباوەڕی خۆسەپێنەر، شەڕو شۆڕو نەگبەتی: ئەنجامێك بن بۆ ئەو دژایەتی‌یەی لەنێوان ژیان و مەرگدا هەیە.

لەم شانۆگەریەدا، نەغمەیەکی ڕۆمانسی، بۆ هەمیشە لەپەردەی گوێ دەدا.. بەتایبەتی کەباوك و کوڕ لەنێو جیهانی بازرگانەکان هیچ بەهیچ ناکەن و چەند جارێك شکەست دێنن.. بۆیە دەیانەوێ تەکنۆلۆژیای ئەمریکی ڕەت بکەنەوەو بگەڕێنەوە ناو باخ و بێستان تا دەست کەنەوە بەفەلاحەتی.. گەڵێ لەو حاڵە بێزارن چونکە - «شارەکە پڕ بووە لەئۆتمبێل و.. شەقام.. هەوای پاك نەماوە.. ناتوانن

گێزەر بچێنن.. جاران ئەو ناوە پڕ گوڵاڵە بووە... خەڵکی زۆر بووە.. کێ بڕکێ خەڵکی شێت کردووە تیشکی خۆر ناگاتە ناو باخەکە.. لێرە مرۆڤ تا ئاسمان دەبینێ ملی دەشکێ.. زۆربوونی خەڵك ئەم وڵاتــە ویــران دەکا...هتد.» لۆمان وادەزانێ ئەگەر خەڵکی زۆربوون دونیا کاوڵ دەبێ‌و خەڵکی یەکدی دەخۆن.. دەبێ وابێ؟ نەخێر.. چونکە ئەمەیان ڕوانینێکی ـ مالثۆس ـ ی یە، لەهەمان کاتدا لۆمان یاسا ئابووری‌یەکەی بیرچوتەوە، هۆ بەڵاو نەگبەتی‌یەکەش زۆربوونی خەڵکی نی‌یە.. بەڵکو نارێکی لەسیستمــە ئابــووری‌یــەکــە دایــە.. هەر ئەو هۆیــەشــە لێنــاگەڕێ بەخەونەکانی بگا، تەکنۆلۆژیاش لەعنەت نی‌یە.. بەڵام ئەوکات دەبێ بەلەعنەت کەلەبەرژەوەندی چینی سەرەوە بێ‌و هەر بەدەست ئەوانیشەوە بێ.

تاکە کەسێك کەبەچاوی پارە سەیری دەوروبەر ناکا ـ لیندا ـ ی ژنی لۆمانە، ئەم هەموویانی خۆش دەوێ‌و حەز دەکا هەمیشە تەبا بن، خەمخۆری هەموویانەو هەر پێ‌ی دەکرێ ئاو بەسەر ئاگردا بکا.. بەڵام کەئاگرەکە کڵپە دەکا ئەویش دەسووتێ‌و ناتوانێ بیکوژێنێتەوە.. تا کۆتاییش تێنــاگــا بۆ مێردەکــەی خۆی کوشت.. خۆ ئەوان لەهەموو قەرزێ پاك بوونەوە.. کەچی (بیف) هەڵدەگەڕێتەوەو بەدایکی دەڵێ‌ـ

«چیتر بۆی پینە مەکە.. هەموو دەم لەسەر زەوی ڕای دەکێشایت و تۆزقاڵێك ڕێزی نەدەگرتی ـ لاپەڕە ـ ٦٤ـ » پاشان دەڵێ ـ «چاڵی هەرگیز وەکو ئەو نی‌یە.. چونکە ئەو قەت داخی دڵی خۆی بەماڵێ دانارێژێ ـ هەمان لاپەڕە.» هاپی برای وا وەڵامی دەداتەوە ـ «بەڵام چارەنووسی چارلی وەك میلی لەسەر ڕابرکێ‌و هەوڵدان نەوەستاوە ـ هەمان لاپەڕە.» کەواتە میللەر دەیەوێ بڵێ نوشوستی‌یە ئابووری‌یەکەی لۆمان و سەرنەکەوتنی لەبازاڕدا وای کردووە داخی خۆی بەژنەکەی بڕیژێ، لەم دیــالۆگــەدا دەردەکــوێ کەشێــوانی دەروونی مرۆڤ پەیــوەنــدی‌یــەکی تونــدو تۆڵی بەمەسەلە ئابــووری‌یــەکــەوە هەیــە.. میللەر هەمــوو لایەنە ڕامیاری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و سایکۆلۆژی بەیەکەوە گرێ دەدا.. میللەر بایەخێکی تەواوی بەدەروونی شێواوی لۆمان داوە، مێشکی جەنجاڵی، تا ئەو ڕادەیــەی کەنیازی وا بوو ناو لەم شانۆگەری‌یە بنێ «لەنێو مێشکی»دا.. ڕاستی‌یەکەشی ئەوەیە کەمێشکی لۆمان پڕە لەدژایەتی‌و شتی بەیەکدا چوو.

لەڕوانگــەی سایکــۆلۆژی‌یــەوەش، هەندێ لەڕەخنەگرەکان، ـ فرۆید ـ یانە بۆ هێماو ڕەمزو پەیوەندی‌یەکان دەچن... بۆنمونە دزینی قەڵەم پاندانەکە بەوە شی‌دەکەنەوە کەڕەمز بێ بۆ پەرستنی دەعباکەی پیاو(phallic symbol) .. بێگومان مەبەستمان لەو قەڵەمەیە کە (بیف) لە (ئۆلیڤەر)ی دەدزێ. گەر فرۆید ـ یانە سەیری پەیوەندی نێوان بیف و دایکی بکەین: ئەوە پەیوەندی‌یەکە ـ ئۆدیب ـ یانە دەکەوێتەوە، ئەم مەسەلەیەش بەوە خەست دەبێتەوە کە بیف دەچێتە ئوتێلی بۆستن تا بەباوکی ڕابگەیەنێ لەماتماتیگ کەوتووە..کەچی بەسەر ئەوەدا دەچێ باوکی لەگەڵ سۆزانی‌یەك ڕادەبوێرێ..هەر ئەم ڕووداوەش وێنەی جوانی باوکایەتی لەچاوی بینی دەشێوێنێ، لۆمان دەیەوێ مەســەلەکــە پینــە بکاو بۆی ناکرێ، بۆیە تا کۆتایی هەست دەکا تاوانبارە، ئەوەشیان دەبێ بە نوشوستی‌یەکی ئەخلاقی‌و سایکۆلۆژی‌و دەچێتە پاڵ نوشوستی‌یە ئابووری‌یەکە (نەبوونی).. هەر بۆیــەشــە بیف ڕادەکــاو ماڵ جێ دێڵێ، بەڵام ئاخۆ ناکرێ بڵێین لۆمان لەپێناو پڕکردنەوەی

نوشوستی‌یە ئابووری‌یەکەی پەنا دەباتە بەر سێکس و ڕابواردن؟! نەک هەر بیف، بەڵکو هاپی-یش -گرێی ئۆدیب- دەیگرێتەوە..ئەوەتا دەڵێ- «من کیژێکم دەوێ کەسایەتی وخۆڕاگرتنی وەک دایکم بێ- لاپەرە- ٢٩-» کەواتە بەپێی تیۆری فروید هەردوو کوڕەکە دووچاری گرێی ئۆدیب -ن. گوێ لە نووسەر بگرە هێمای ئەوەمان دەداتێ کە بیف بەتەواوی دووچاری گرێیەکە بووە.. ئەوەتا دەڵێ- «براکەم پێم موخابنە دایکم و ئەو فەرمەسۆنە پێکەوە لە ماڵێ بژین......»

وەلێ زۆر ئاسـایی‌یـە گەر بڵێین ماندوێتی‌و بێزاری‌و تەنیایی وای لێ دەکەن بکەوێتە باوەشی سۆزانی‌یەکە.. با ئەوەش لەبیر نەکەین کە پیشەی دێوەرەیی هەمیشە لەژنەکەی دووری خستۆتەوە، سەیر لەوەدایە کە کوڕەکان بۆ دوو ئافرەتی سۆزانی‌ی باوکیان لە بارەکە جێ دێڵن.. کەچی هەمان ڕەفتار وا دەکا بیف باوکی بە پیاو نەزانێ‌و لەبەر چاوی بکەوێ.. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کەژنەکەی لۆمان گۆرەوی دەچنێ‌و مێردەکەشی بەخۆڕایی گۆرەوی‌یەکان دەدا بە سۆزانی‌یەکەی دۆستی.... ئەوەتا هەست بە گوناه دەکاو داوا لە ژنەکەی دەکا چیتر گۆرەوی نەچنێ -«لیندا.. ئەو گۆرەوی‌یانە هۆشم تێک دەدەن.. تکایە ناتوانم هۆی ئەمەیانت پێ بڵێم- لاپەرە- ٨٧-»ژ. هەر چەندە «ئارثەر میللەر» ئەوەندەی «تینیسی ولیامز» بەبابەتی سێکسەوە پابەند نی‌یە... بەڵام فەرامۆشیشی ناکا.

دەگەینە ئەو بڕیارەی کە بڵێین: خۆکوشتنی لۆمان بەتەنها مەسەلەیەکی زاتی‌و پڕ بێ هودەیی نی‌یە.. تاوانباریش نی‌یە.. چونکە ئەگەر تاوانباری بکەین دیارە کە خۆی پیاو نەبووەو نەیتوانیوە بگا بە خەون و ئامانجەکانی‌و کەم و کوڕی‌یەکە لە ناوەوەی خۆیەتی نەک دەرەوە.. ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن خۆکوشتن لەهەموو کات و ساتێکداو لەهەموو شوێنێکدا هەڵاتن و بەزین و نوچدانە.. با وابێ.. بەڵام لەسەرەتاوە وتمان: لەوانەشە خۆکوشتن جنێوێکی گەورە بێ، حەیابردنی وڵاتێکی گەورەی وەک ئەمـریکا بێ، یان تەقینەوەیەک، یان سەرەتای هەڵگەڕانەوەیەکی گشتی، لەوانەشە وامان لێ بکا هەست بەو زوڵم و ناهەقی‌یە بکەین.. مەرج نی‌یە مەرگی تاکە کەسێکی زوڵم لێ کراوو بەش خوراو وا بکـا هەمـوو بەش خوراوەکـان بۆ دەربـازبوون لەو ستەم و زۆرداری‌یە مەرگ هەڵبژێرن... دوور نی‌یە وا لە هاوڕێکانی بکا ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ نەمانی ئەو هێزە ڕەشەی لۆمان -ی بە کوشتن دا.. ئا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مەرگی لۆمان هەر چەندە هەڵگەڕانەوەیەکی زاتیش بێ: بەڵام لە ئەنجامدا دەچێتەوە قاڵبی مەوزوعی‌یەت بەوەی کەسانی تر دەوروژێنێ‌و تا بیر لەو مەرگەساتە بکەونەوە، جگە لەوەش گەر لە ڕوانگەیەکی ئادەمیزادانەوە بڕوانین دەبینین لۆمان خۆی دەکـوژێ تا لە گونـاهەکانی پاک بێتەوە (گوناهی سۆزانی‌یەکەو چاندنی خەونێکی زۆر لە مێشکی کوڕەکـانی.. هەر بۆیـە بەمـەرگی خۆی ژیـان بۆ بیف -ی کوڕی دەکڕێ... ئای لەو موعادەلەیە قورسە...! نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە میللەر تراژیدیادا بگەڕێ. لۆمان سەریشی لەوە سوڕمـاوە کە کوڕەکـەی لە مەزنترین وڵاتی دونیادا ون ببێ‌و خۆی نەدۆزێتەوە.. ڕاستە.. ئەمریکا مەزنە.. بەڵام بۆ کێ؟ ئاشکرایە کە تەنها بۆ سەرمایەدارەکانە.. نەک بۆ دێوەرەیەکی ڕووتی وەک لۆمان... وڵاتێکە تەنها هەبووەکان سەریان دەگاتە تاقی ئاسمان و باڵەخانە بەرزو هەورە برەکان.

گەر ئاوڕێ لەم شانۆگەری‌یە بدەینەوە دەبینین لەسەر چەندەها وێنەو دیمەن بنیات نراوە.. گەر

ڕووکەشانە سەیریان بکەی سادەن.. بەڵام سنووریکن بۆ جیاکردنەوەی ئێستاو ڕابردوو، خەون و ڕاستی... با سەیریکی ئەم دیمەن و حاڵەتانە بکەین:-

● ماڵی قەڵەبالغ و پڕ زاق و زریقی زاروڵەکان.. لە کۆتاییدا کپ و خامۆش و یان بێگانەی تیا بێ.

● نیوەڕۆیانی هەموو یەک شەممەیەك منداڵەکان ئوتمبێلەیان دەشووشت... کەچی ئەو ئوتمبێلە نەماوە.

● ماڵەکە، ژوورەکان، مووبەق پڕە لە دەمەتەقێ، سەرسامی، خۆشەویستی، ڕق، تۆڵە، شکاندن، جوێن، ورێنە، هاندان، بڕیاری گەورە، خەون، درۆ، فشە، سەرکەوتن، بەزین، خۆ بەکەم زانین، خۆبەزل زانین، گەڕانەوە، جیابوونەوە، سەفەر، گریان، هەڵی ڕەخساو.. کەچی کە بێگانەی دێتە ناو هەست بەو هەموو قیامەتە ناکا.

● نەمـانی هاوڕێو دۆست و خەمخـۆران.. بۆ نموونە هاوارد -سەرۆکی کۆمپانیا- نرخی لۆمان نازانێو دەری دەکا، ئەویش ڕەنجی خۆی وەبیر دێنێتەوە: ئەو ڕەنجەی کە لەگەڵ باوکی هاوارد کێشاویەتی، هەروەها مەرگی بێن کە دەکا برای لۆمان، تۆزانی بیف و هەڵاتنەکەی، بگرە هاپی-یش ژووری سەربەخۆی هەیە.. تا وای لێ دێ لەبەر پارە ناسیاویش دەبێ بەبێگانە.

● دڵرەقی کوڕان بەرامبەر باوك.. تاکە هەڵەیەکی لۆمان وا دەکا وێنەی باوکایەتی لەچاوی بیفـدا بشێوێو شەق لەو هەموو ڕەنجەش هەڵدا.. هەر ئەو ڕەنجەشە دەبێتە مایەی خۆکوشتن.

● وەفـاو وەستانی مەردانەی ژنەکەی، هەمیشە میهرەبانەو بگرە تا ئەو ڕادەیەی دەزانێ لۆمان نیازی وایە خۆی بکوژێ.. کەچی بەڕوویدا نادا ئەوەك دڵساردو غەمگین بێ.

● با نەوای شمشاڵەکەشمان بیر نەچێ.. نەوای ئەو شمشاڵە ڕەمزێکە بۆ گەڕانەوە بەرەو جیهانێکی پڕ خەون.. بەتایبەتی داغ حەسرەتێکە بۆ دونیایەکی پاکتر لەئێستا، بەبەڵگەی ئەوەی باوکی لۆمان خۆی شمشاڵی دروست دەکردو دەیفرۆشت، کەچی ئەم وەك باوکی بلیمەت نییە.. چونکە ئەو شتێك دەفرۆشێ کە خۆی دروستی ناکا.

کەواتە میللەر چەندەها وێنەو دیمەن و ف. ڕوفێلی هونەری بەکارهێناوە تا بەم شێوەیەو لەڕێگەی کۆمەڵێ ڕەمزو هێما هەست و نەستی.. حاڵەتی پاڵەوانەکە دەخاتە بەرچاوی ئێمە.. هەموو فۆرمێکی درامیش جۆرە فروفێڵێکی هونـەری تێدایە، بۆ نموونە: هیچ سنووریك لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا نەماوە.. بەڵکو وەك دوو ڕەنگی نزیك لەیەکی سەر تابلۆیەك تێکەڵ یەکدی دەبن.. ئەوەشیان بۆ ئاڵۆزیو تێکچوونی لۆمان دەگەڕێتەوە.

ئەم شانۆگەرییە زۆری لەسەر وتراوەو زۆر ڕەخنەگرو بەرەو خەڵکانی ئازایخوا ویستوویانە لەڕووی ڕامیاریو کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژییەوە شێی بکەنەوە. بۆ نموونە یەکێ لەگۆڤارەکان وا لێی دواوە - «بۆمبـایـەکی تەوقیتییـەو زۆر پسپۆرانە خراپە ژێر باڵەخانەی ئەمریکانیزم» واتا ئەم شانۆگەرییە توانی کەلتووری ساختەبازی ئەمریکا تێك وپێك بدا، کەچی لە -دەیلی ویرکەر- دا بەکـاریکی زۆر پیس لەقـەڵەم درا، لەئەسپانیا لەهەموو شانۆگەرییەکی هاوچەرخ پتر درێژەی کێشا، بەڵام لەیەکێتی شۆرەوی قەدەغە کرا.. کەچی چەندەها جار لەو وڵاتانەی سەر بەسیاسەتی

ئەوین خرا سەر شانۆ.. لەم ساڵانەی دواییدا بۆ چەندەها جار خرایە سەر شانۆی سۆڤیەتی.. دیارە ئەم بیرو بۆچوون و گۆڕانەش پەیوەندی بەئاوو هەوای سیاسیەوە هەبووە، ڕۆژنامەیەکی دیکەی ئەسپانی ئەم شانۆگەرییەی کرد بەبەڵگەی ئەو قسەیەی کەدەڵێ ـ «گەر خوا نەبێ: مەرگ بەسەر سەری هەموو کەسێکەوەیە.» چەندەها بەرەش لەئەمریکا وتیان ـ ئەم شانۆگەرییە پڕۆپاگەندەیەکی کۆمۆنیستانەیە ـ کەچی دوو کۆمپانیای گەورەی پیشەسازی ـ هەر لەئەمریکا ـ میللەریان بانگ کرد تا لە(کۆمەڵەی باڵای فرۆشیاران) بدوێ وبەناوی هەموو لایەکەوە قسە بکا. لە(لەندەن)یش سەری ڕەزامەندییان بۆ لەقاند، لەنەرویج ـ یش ماسی گرەکانیش سوور بوون لەسەر ئەوەی کەببینن، کۆمەڵێ لەفرۆشیاران میللەریان گەیاندە ریزی پێغمبەرو پێشەواکان، کاتێ لەتەلەفزیۆنیش کرا بەفلیم کۆمپانیای دەرهێنەر زۆر ترسا، هەر لەبەر ئەوە فلیمێکی کورتی بەڵگە ئامێزی کرد بەپێشەکی فلیمی «مردنیء دێوەرەیەک».. لەو فلیمە کورتەدا رایان گەیاند کە ـ لۆمان ـ حاڵەتێکی زۆر کەم و دەگمەنەو کاروباری فرۆشتن بڕبڕەی پشتی ژیانی ئابوورییە، گوایە نابێ بترسن چونکە فرۆشیارو دێوەرەکان ژیانیان خۆش و ئاسوودەیە.. داهاتوویان مسۆگەرە.. هەڵبەتە ملیۆنەها دۆلاریان لەدەرهێنانی ئەم فلیمە خەرج کرد.. تەنها لەبەر ئەوەی دەیان زانی ترس چۆن زراوی خەڵکی دەبا.

کە شانۆگەرییەکە پێش کەش کرا بەشێکی زۆر بینەران ئافرەت بوون، پیاوەکانیش سەرسام ببوون و تاکۆتایی هۆڵەکەیان جێنەهێشت، پیرەمێردەکانیش لەهەموو لایەکەوە دەهاتنە کن میللەر، بەو نیازەوە کەچیرۆکی ژیانیان بنووسێتەوە.. چونکە ژیانی لۆمان کت وەت لەژیانی ئەوان دەچوو، ئافرەتانیش نامەیان بۆ دەنووسیو دەیان وت کارەکتەری سەرەکی شانۆگەرییەکە (لیندا)یە، کوڕانیش دەیان وت ـ هەموو ڕووداوەکان بەدەوری (بیف و هاپی)دا دەخولێتەوە، باوکان دەهاتن بۆ ئامۆژگاریو دەیان ویست بزانن چۆن لەکوشتنی خۆیان و منداڵەکانیان دوور کەونەوە، جوانترین ڕستە پیاوێك وتبووی.. دوای ئەوەی لەشانۆگەرییەکە هاتبووە دەرێ.. هاواری کردبوو ـ «من هەمیشە دەموت ئەمریکا شوێنێکی پیسە.»

زۆر ڕەخنەگریش ستایشی ئەم شاکارەیان کردووەو لەزۆر ڕۆژنامەو گۆڤاردا قسەی لەسەرکراوە.. لەوانە «بروکس ئاتکنسن» وتوویەتی ـ «یەکێکە لەدراما هەرە جوانەکانی سەرجەمی شانۆی ئەمریکی.».

«ریچارد واتس» ـ یش دەڵێ ـ «ئەم شانۆگەرییە وا لەپیاوە بەهێزەکانیش دەکا بگرین و بیر بکەنەوە».

«جۆن چاپمان» وتوویەتیی ـ «قەت بیر ناچێتەوە.. هەموو شتێکی ڕاستەو غەوشی تێدا نییە.»

«جۆن ماسۆن براون» دەڵێ ـ لەرادەبەدەر بەرزە.» «ۆرد مۆرهاوس ـ یش ڕای وایە کە ـ کاریگەرو تێك شکێن و ڕووخێنەرە.».

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین میللەر شانۆ نووسێکی ریالیزمییەو هەندێ جاریش ڕوو لە تەعبیرییەت دەکا، ئەو خۆبەستنەوەی بەو هۆ ئابوورییانەی مرۆڤ تێك دەشکێنێ وای کردووە بێ بەنووسەرێکی بەرەی چەپ ڕەو.. بەڵام ڕەنگە هەندێ لەو چەپ ڕەوانەی دونیا بەیەك چاو

دەبینن لەدیوەخانەی خۆیان دا کەچەلبادێك بۆ ئارثەر میللەر ڕاخەن، گرنگ نییە.. میللەر نووسەرێکی گەورەیەو خۆی دەزانێ لەکوێ بزمار دادەکوتێ، وەك کۆمەڵناسێکیش توانیویەتی شارستانیەتی ئەمریکی شیبکاتەوەو ڕەنگ و سیمای دزێوی بەئێمە نیشان بدا.. میللەر وتوویەتی
ـ «من مەبەستم نییە تراژیدیایەك بخولقێنم.. من دەمەوێ ئەو ڕاستییە پیشانی خەڵکی دەم کەدیومە.»

ئیمڕۆ هیچ کەسێکی هۆشمەند کەوتنی لۆمان لەکەوتنی ئۆدیب بەکەمتر نازانێ، بەڵکو کەوتنی لۆمان گەلێ قورس و ناخۆشتر دەکەوێتەوە، لەسەردەمی ـ ئەرستۆ ـ دا باوەڕیان بەبوونی کۆیلە هەبووە.. ئەوسا تراژیدیا موڵکی پادشاو میرو بەگزادەکان بوو، شانۆی هاوچەرخ باوەڕی بەوە نەماوە ئاخۆ پاڵەوانی تراژیدی پاقلە فرۆشە یان سەرۆك وڵاتێکە.. گرنگیش نییە لەشوێنێکی نزم یان بەرز دەکەوێتە خوارێ، گرنگ نییە ئاگای لەهۆیەکانی ئەو کەوتنە بێ یا نەبێ.. کەواتە لەڕوانگەی درامای ئەمڕۆوە لۆمان پاڵەوانێکی تراژیدییە، گەر تۆڵە هاملێت دەکوژێ، ماکبێت تەختی پاشایەتی، ئۆدیب: چارەنووس.. کەچی لۆمان بۆ خەونێکی خۆی دەمرێ، خەونی سەرکەوتن لەکۆمەڵێکی فرەچیندا، لەو کۆمەڵەی جێی گیرفان بەتاڵ ناکاتەوە، گەر ئەویش دێوەرەیەکی دەست

---

* Arthur Miller – New – York (1974)

(5) الفردوس الارضى . د . عبدالوهاب المسيري.
(6) رايش والتحليل النفسى. قيس خزعل جواد
(7) البطل التراجيدى في المسرح العالمي ـ رياض عصمت دار الطليعة ـ بيروت ـ (١٩٨٠)

# ▪ دووبارەکردنەوە ▪
## لای عبدالله سەراج

### زاهیر رۆژبەیانی

ئەم وشـەیە نەك هەر لەئەدەب ورەخنەدا، تەنانەت لەئەدەبی میللی وفۆلکلۆرو بگرە لەقسەی ئاسایی ناو کۆڕو کۆمەڵ وقسەی بازاڕیش دا ناپەسەندە بەخەو ش وکەم وکورتی داهێنەر دراوەتە قەڵەم . ئەوەندەش بۆ شکاندنی نووسەرو سووك کردنی کاری هونەریی بەکار براوە، تاگەیشتوەتە ڕادەی لەدەس دانی بێ لایـەنی، واتا وشەگە وای لێ هاتووە کەبەبێ ئەوەی بخرێتە ڕستەشەوە هەرخۆی بۆخۆی واتایەکی خراپ دەبەخشێت.

ئەو چیرۆك نووسانەی کەلەسەر ڕێبازو شێوازی (بەلزاك) چیرۆك یا ڕۆمانیان دەنووسی زۆر بەوریـایی خۆیـان لەدووبـارە کردنـەوە دەپاراست، ڕخنەگرە ئاسایی‌یەکانیش تێکرا بەکارێکی ناپەسەندو نیشانەو بەڵگەی وشك کردن وهیچ پێ نەمانی چیرۆك نووسیان دەزانی. بەڵام لەگەڵ داکـەوتنی ڕۆمـانی نوێو نوێی نوێدا ئەم تێڕوانینەش گۆڕا. دووبارەکردنەوە نەك هەر ئەوەی لەعەیبە دەرچوو وبەس، بەڵکو بووە تەکنیکێکی بنەڕەتی ئەوتۆش کەهیچی لەتەکنیکی شەپۆلی هۆش و تەکنیکـە نوێ‌یـەکـانی دیکـە کەمتـر نەبێت. وەکی دیکـەش دەتوانین بڵێین ڕۆمان نووسە ئینگلیزەکان بەداهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆش تەکانێکی گەورەیان بەهونەری ڕۆمان داو، ڕۆمان نووسـە فەرەنسی‌یـەکـانیش لەلای خۆیانەوە بەداهێنانی تەکنیکی دووبارە کردنەوە پارسەنگیان دایەوەو بۆ چوونی تایبەتی خۆیان خستەوە سەر هونەرەکەو تەکانێکی مەزنی دیکەیان پێدا.

دووبارە کردنەوەکەش وەك شەپۆلی هۆش بۆ شێواندنی زنجیرەی کات وتێکدانی گێڕانەوەی لۆجیکی بەکار دەبرێت وچەند بوارێکیش دەگرێتەوە وەك:

دووبارە کردنەوەی، ڕووداو، کەسەکان، چوارچێوەی گشتی، شوێن، شت وەك، ...هتد. مەرجیش نی‌یە شتەکان هەر لەیەك ڕۆمان دا دوبارە بکرێتەوە هەیانە لەچەند ڕۆمانێکی جیاجیادا دووبارە دەکرێتەوە.

دۆزینەوەی ئەم جۆرە دووبارەکردنەوانەو هینی دیکەش لەکن عەبدوڵڵا زۆر ئاسانە بۆ یەکێك بۆی بلوێ گشت بەرهەمەکانی بە سەر یەکەوە بخوێنێتەوە. ئەمەش سوودێکی زۆری لەم تەکنیکە دیوەو لەگەلێك بواردا بەکاری بردوە وەك:

١- دووبـارە کردنـەوە بۆ لێکدانی دووکاتی جیاواز. وەك لەچیرۆکی (ژووری ژمارە - ١١ -) دا بەرچاومان دەکەوێت. لێرەدا دوو ڕووداوی لێکچووی دوو کاتی جیاوازی ڕابووردو و ئێستای چیرۆکەکەی بەهۆی دووبارە کردنەوەی ئەفسانەیەکی کۆنی کوردی‌یەوە لەیەك داوە. جاری یەکەم دەڵێ:

«...زەوی خولایەوە. گای بان پشتی ماسی‌یەکە جۆقی لەراند وزۆر شت ژێرو سەر بوو.»
بەمە کۆتایی بەسەرهاتی فەزیلەی یەکەم دێنێت. ودوایش بۆ بەسەرهاتی فەزیلەی دووەم ئاوای دووبارە دەکاتەوە.
(زەوی لەخولانەوەی خۆی نەکەوت، کەڵەگایەکەش هەر بەبانی پشتی ماسی‌یەکەوە بوو کە تووشم بوو بەتووشی ئەم فەزیلەیەی کە...»
بەمەش ڕێگا بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی دووەم خۆش دەکات.
٢ـ لەچیرۆکی (من وریشوڵەو حەمەشین) یش دا بۆبنیات نانی شێوەیەکی بازنەیی دێت هەمان ئەفسانەی پێشوو دووبارە دەکاتەوە، جارێك لەسەرەتای چیرۆکەکەدا.
(..گوایە دەڵێن گوێ زەوی لەنێوان دوو شاخی گایە...گا لەسەر پشتی ماسی‌یە، ماسیش وا لەدەریای بێ بن دا.)
جارێکی دیکەش لەکۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵێ:
«...ئێمە چیمان کەمترە لە دانیشتوانی گوێ ئەم زەوییەکە گوایە دەڵێن لەنێوان دوو شاخی گایە، گا لەسەر پشتی ماسی‌یە، ماسیش وا لەدەریایی بێ بن».
بەم شێوەیەش سەرەتاو کۆتایی چیرۆکەکە دەداتەوە دەم یەك وشێوەیەکی بازنەیی پێك دێنێت کەلەهەمان کات دا هێمایەکە بۆ بەردەوامی کێشەکە.
چیرۆك نووس هەر ئەم ئەفسانەیەی لەچیرۆکی (شیو ژاڵە)ش دا دووبارە کردۆتەوە ونووسیویەتی:
«دەڵێن گوایە زەوی لەسەر شاخی گایە. گا لەسەر ماسی‌یە ماسیش لەدەریای سوێرە. ماڵی ئێمەش لەسەر ئەو گۆیە خڕەیە.»
٣ـ لەچیرۆکی (فەنتازییاو تابلۆیەکی کێوی)ش دا ئەم وێنەیە پێنج جار دووبارە دەکاتەوەو وەکو (سەربەند ـ لازمە) یەك بۆ ڕاگرتنی کاتی ئێستا کەڵکی لێ دەبینێ (دانیشتووم، چوار مشقی. کاسەی سەرم کردۆتە چوار چێوەی تابلۆیەك، تابلۆیەك ناخمە. ناخم لاکێشەیەکی زێرینە.)
سەربەند یا سەربەستە خۆی لەجێی خۆیدا تەکنیکێکی شیعرو مۆسیقایە، لەسەرەتا یالەکۆتایی کۆپلەدا بەکا ر دەبرێ.
بۆ کۆتایی پێ هێنان ودووبارە تێ هەڵچوونەوە سوودی لێ دەبینرێ. لەچیرۆکیش دا بۆ هەمان مەبەست ولەهەمان شوێن دا بەکار دەبرێ. جگە لەمەش ناهێڵێت کات بەرەو پێشەوە بڕوات ودووبارە کردنەوەی ئەو سەربەندە کتومت وەك ئەوە وایە هەموو جارێك بێیت وسەر لەنوێ لەنووکەوە دەست پێ بکەیتەوە.
(ڕۆبێر بنجێ) ی‌ڕۆمان نووسی فەرەنسی لەڕۆمانی (نوێژی مردووان) دا ئەم سەربەندەی لەسەرەتای گشت دووبارە کردنەوەیەکی ڕووداوەکەدا دووبارە کردۆتەوە.
(قوربانی‌یەکە منالێك بوو، دایکەکەی ئازارێکی زۆری چەشت) هەرچی چۆنێك بێت ڕاگرتنی کات لەحاڵەتی ئێستادا کارێکی ئاسان نی‌یە، بەڵام بەکاربردنی سەربەندو ڕەچاو کردنی کاتی کرداری هەندێ شتی دیکەش کەئێستا جێی باس کردنی هەموویانمان نی‌یە، کارەکە ئاسان دەبێت.
٤ـ لەچیرۆکی (بەخەڵوزیش نیگار دەکێشرێت)یش دا جۆرێکی دیکەی دووبارە کردنەوەمان بەرچاو

دەکەوێت کە بۆ ڕێکخستنی بەزم وپێکەوە بەستنی دوو کاتی جیاوازو دوو شوێنی جیاوازیش بەکابراوە. لێرەش دا سەربەندی (لەوێش ولێرەش) لەشێوازێکی شیعریانەدا خراوەتە سەرەتای چیرۆکەکەوە.

(لەوێش ولێرەش هەر خەریکی ناو لەپی خۆی بوو..

لەوێش ولێرەش هەر هەلاجی بەوشەوە دەکردوو دەکات..

لەوێش ولێرەش هەر هەمان پۆپەشمێ مەودای بینینی ئاسۆی لێدا پۆشیبوو.) لەچیرۆکی (باران وزۆر شتی تر)یش دا دیسانەوە سوودی لەدووبارە کردنەوەی دەنگ و ڕەزمی بارانەکە دیوە بۆ پاراستنی یەکێتی کات و ڕێکخستنی ڕەزمی چیرۆکەکە. ئەمە سەبارەت بەدووبارەکردنەوە لەتاکە چیرۆکێک دا وەلێ سەراج جۆرێکی دیکەی دووبارەکردنەوەشی هەیە، ئەویش دووبارەکردنەوەی هەندێ کەرەسەی باوەکە لەچەند چیرۆکی جیاوازدا دووبارەیان دەکاتەوە.

دووبارەکردنەوەی ناوی چیرۆك بەبێ ئەوەی پێوەندی‌یەکی ڕوون و ئاشکرا لەنێوان ئەو چیرۆکانەدا هەبێت. وەك:

چیرۆکی (ئۆتۆمبیل)ی ژمارە یەك و، (ئۆتۆمبیل)ی ژمارە دوو. (پەیکەر)ی ژمارە یەك وژمارە دوو. دوو چیرۆکی زۆر کورتی ژمارە یەك و ژمارە دوو. چوار چیرۆکی زۆر کورتی ژمارە یەك و ژمارە دوویشی هەیە. ئەمەش واتێ دەگەم کارێکی ناپەسەندەو دەبێتە هۆی چەواشە بوونی خوێنەرو ڕەخنەگرو وەرگێرو لێکۆڵەرەوەو مێژوو نووسانی ئەدەبیش.

دووبارەکردنەوەی ناوی هەندێ پاڵەوان وەك : (زۆراب) ناوەکانی چیرۆکی کورت کورتی (شەوچەرە)و چیرۆکی (ڕێگاوبانە)و (ئەشکەوت)و، وەك (گوڵچین) ناوەکانی چیرۆکی (ڕێگاوبانە)و (نەمام) و(گەڕانەوە).

ئەمەش شتێکی تازە بابەت وسەیر نی‌یەو پێش عەبدوڵلاش چیرۆك نووسی دیکە شتی وایان کردووە. بۆ نمونە پێنج کەس لەشەش چیرۆکەکەی کۆچیرۆکەکەی (دارەکەی بەر ماڵمان)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) ناویان (ڕەشید)ە. تەنانەت یەکێك لەچیرۆکەکان دوو (ڕەشید) ناوی تێدایە. بەڵام ئەم کەسانە لەلای (ئەحمەد) و (عەبدوڵلا)ش دا هەر بە ـ ناو ـ لەیەك دەچن. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە هەندێ جار هەندێ پاڵەوان لەلای هەندێ چیرۆك نووس عەبدوڵلاشیان پێوە. دووبارە دەبنەوە بەڵام بەناوی جیاجیاوە ئەمەشیان هەر کارێکی ئاسایی‌یەوە جگە لەسەراج و بەر لەئەویش کراوەو لەلای ئەمیش نموونەی بەدەس دەکەوێ. ئەوەی بەچاکی عەبدوڵلا سەراج بناسێت ئەوەش دەزانێت کەماوەیەك بەناوی (مێرزا شوان)ەوە ژیاوەو بەگوێرەی ئەوەش دەزانێت کە: (مێرزا)کەی چیرۆکی (ژووری ژمارە «١»)و (شوان)ەکەی چیرۆکی (کش)و (کاك مێرزا)کەی چیرۆکی کورت کورتی (هونەرمەند) و(شوانی کوڕی مێرزا)کەی چیرۆکی (لەناو گەدەی نەهەنگێك) و (ع)ەکەی چیرۆکی (جوانوویەکی سپی)و (عەبەگاوڕ)ەکەی چیرۆکی (پەیکەری ژمارە ٢) گشتیان هەر (عەبدڵلا سەراج)ی چیرۆك نووس خوێن ئەگەرچی ناوەکانیش کت وەت وەك یەك نین.

بەکورتی دوبارەکردنەوەی ـ ناو ـ بەکەسایەتی جیاجیاوە، دووبارەکردنەوەی ـ کەسایەتی ـ بەناوی جیاجیاوە هەربووەو نوێ نی‌یە. بەڵام ئەوەی نوێ‌یەو چیرۆك نووسێکی دیکەی کوردم

نەدیـووە کردبێتی ئەوەیـە کەعـەبدوڵڵا پاڵەوانێك یا کەسێکی دیاری کراو بەناوی خۆیەوە لەپتر لەچیرۆکێك دا، یا لەتەمەنی جیادا یا لەهەڵوێستی جیادا، یا بۆ هەڵسەنگاندن دووبارە دەکاتەوە.
ئەم، (گوڵناز)ی پاڵەوانی چیرۆکی (گوڵناز ٢٣/١١/١٩٧٣) و (شوان)ی پاڵەوانی چیرۆکی (لەناو گەدەی نەهـەنـگێـك دا ـ٤/٢/١٩٧٥)و (بـارام) پاڵەوانی چیرۆکی (بـارام ناوێـك هەبـوو ـ١٥/٧/١٩٧٥) و (شـێرکـۆ)ی پاڵەوانـی شانـۆگـەریـی یەك پەردەیـی (کـێ تاوانـبـارە؟ ـ٢/٥/١٩٧٦)ی، هەموو لەساڵی (١٩٧٩)دا لەشانۆگەریی (پێداچوونەوە)دا زیندوو کردۆتەوەو ناڕەزایی خۆی بەرامبەریان دەربڕیوەو ڕەخنەی لێگرتوون وپەشیمانی خۆی لەدروست کردنیان دەربڕیووە. وەکی دیکە دەتوانین بڵێین دووبارە دایهێناونەتەوە، ئەمەش ئەزموونێکی کەس نەکردەیەو گەلێك لەهاشاکردنەکەی (محمد فەریق حەسەن) هونەریی ترو ئازایانەتر دێتە بەرچاو. ئەوەی (مەحەمەد فەریق) هەڵاتنە لەڕابوردووی هونەری خۆی.
عەبدوڵڵا پاڵەوانێکی دیکەشی هەیە کەلەبەر خۆشەویستی لەچوار چیرۆکی جیاوازداو لەچوار پلەی تەمەنی جیاوازدا نیشانی دەداتەوە، ئەویش (کارا)ی کورە بچوکێتی.
لەچـیرۆکی (بێ ژێـربی)دا کەلە (١٦/٥/١٩٧٨)دا نووسراوە، مێژووی لەدایك بوونی دیاری کراوەکە (٢٢ـ٤ـ١٩٧٨) (ناوی دەنێم زۆربا ـ ناکارا ـ زۆربا ـ کارا ـ دەبا کارابێت... فەرهەنگێکم دەڵدایـەوەو نووسیم (بیست ودووی نیسـانی هەفتـاو هەشت) لەچـیرۆکی (ڕێگـاگـی بـانـە، ـ١٨/١/١٩٧٩)دا ئەم کارایە ئاوا سەر هەڵ دەداتەوە.
(ـنەرمین ئەوە گوێت لەگریانی «کارا» نییە!.)
لەچـیرۆکی (هـەبـوو نەبـوو ـ ١٥ـ٥ـ١٩٨٥) کارا گەورە بووەو تەمـەنی حەوت ساڵانەو چۆتە قوتابخانەو شەوانە گوێ لەچیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردی دەگرێ.
(...«کـارا» وەکـو کردبـووی بەخـوو، ئەلف وبێیەکەی خستە ناو جانتاکەی ورووی لەمن کرد. دەسبەجێ زانیم داوای مووچە مەتەڵی شەوانەی دەکات...)
لەچـیرۆکی (پـەیکەری ژمارە دوو ـ ئاداری ١٩٨٧)ش دا (کارا) دیسانەوە بەدەر دەکەوێتەوە، ئەمجارەیان لەتەمەنی نۆ ساڵی دایەو ئارەزووی نیگارکێشیشی لێ دەرکەوتووە.
(کارا... گورج تاوی دایە پێنووس و ڕەنگەکانی ...ناوە ناوەیەکیش سەرنجی لەئاشتی دەگرت، لەمن، لەپەیکەرەکە. تومەز ئەویش لەلای خۆیەوە دەیەوێ بەزمانە ساکارەکەی خۆی بەوێ بەهێنا، ورەنگ.)

ئەم دیاردەیەم پێشتر لەچیرۆکی کوردیدا بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام ڕۆمانی نوێ دا نموونەی هەیە بەتایبەتیش لەلای (کلۆد سیمون)، (جورج) و (سایین) لەڕۆمانی (گیا) و (ڕێگای فلاندەر)، دووبارە بۆتەوە.
بەش بەحـاڵی خۆم دڵنیام لەوەی عەبدوڵڵا لەم دووبارە کردنەوەی کەسایەتی‌یەدا لاسایی (کلۆد سیمـون)ی نەکردۆتەوەو هەرئاگاشی لەم ڕادە تایبەتی‌یەی ڕۆمانی نوێ‌یەش نەبووە. ئەوەی ئەم کردویـەتی سەر رووی خۆی بووەو خۆشەویستی (کارا)ی کوری بەسەریا سەپاندووەو بۆ ئەو مەبەستە نـ.ـبە کە لە ڕۆمانی نوێدا دەیدەنە ناو، بۆیە دەبینین ڕۆڵی (کارا) لەهەموو ئەو چیرۆکانەدا

کە ناوی براوە، ڕۆڵێکی لاوەکی یەو هەندێ جاریش لەوە دەچێ لەخۆڕایی یابە لایەنی زۆر ئاخنرابێتە چیرۆکەکانەوە. بەڵام هێشتا ئەمەش نابێتە هۆی شکاندنی نرخی تاقیکردنەوەکە. بەڵکو بەپێچەوانەوە بڕوامان بەچیرۆك نووسی خۆمان پتەو دەکات.
- دووبارە کردنەوەی هەندێ بیروراو بۆچوونی گشتی و تایبەتی.
بەکاربردنی ئەفسانەو میتۆلۆجیاو فۆلکلۆرو کەلەپوری میللی و ڕۆشنبیری و بیروڕای ئایینی، بەمەرجێك لەبەر پێویستی هونەریی و لەجێی خۆی دا بێت، کارێك و مافێکی ڕەواو کارێکی پەسەندو بەجێیە. عەبدوڵلاش وەك زۆر چیرۆك نوسی دیکەی کوردو بیانی سوودی لەم کەرەسانە دیوە، ئێمە لێرەدا باسمان لەسەر ئەمە نی یەو ناشێت وەکو سیفەتێکی تایبەتی بۆ ئەزموونەکەی ئەمی بژمێرین، بەڵام ئەوەی کە ئەم پتر لەجارو دووان ئەو بیروڕاو بۆچوونە گشتی و تایبەتی یانە لەچەند چیرۆکێکی جیا جیادا دووبارە دەکاتەوە. ئینجا جاری واهەیە لەچیرۆکێك دا بەکورتی و لەیەکێکی دیکەدا بە درێژی یاهەر لەیەك چیرۆك دا بەگۆڕینی چەند وشەیەك دووبارەیان دەکاتەوە وەك ئەو ئەفسانەی (ماسی و گاو زەوی)یەی کەپێشتر وتمان لەسێ چیرۆك و لەپێنج جێ‌دا دووبارە بوەتەوە.
جگە لەو ئەفسانەیە دەتوانین ئەم نمونەیەش بخەینە پێش چاو کە لە کەلەپوری میللی و چیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردی یەوە وەری گرتووەو لەسێ چیرۆکدا ئەم شێوانەی دووبارە کردۆتەوە.
لە چیرۆکی (ئاوێنە)دا باسی تابلۆیەك دەکا دەڵێ:
(... تابلۆیەکی سەیرو سەمەرەم دی! ماسی یەکی وورد‌ی قووت دابوو! تابلۆکە ناوی ـسێ ماسی‌ـ لەژێر نوسرابوو.)
کاکڵەی ئەم تابلۆیەی لەچیرۆکی شانۆیی (قەفەز)یش دا ئاوا دووبارە کردۆتەوە.
(... ماسیین. گەورەکانمان وردەکانمان قووت دەدەن، هەڵیان دەلوشن.) پاش چەندین ساڵی دیکەش دەچێتە سەر تابلۆکەو بۆ جاری سێیەم لە چیرۆکی (فانتازیاو تابلۆیەکی کێوی)دا هێشیکی دیکەی لێ دەداتەوە.
جارێکیان نیگاری ماسی یەکی شینی تۆخم لەناو زەریایەکی مۆردا کرد، ماسی یە شینەکە، ماسی یەکی بچووکتر و لەخۆی کاڵتری قووت دابوو! ئەویش بە هەمان یاساو نەریت، قەپی لەماسی یەکی ووردیلەی ئاوی ڕەنگ، گیر کردبوو. ئەو تابلۆیەم ناو نا: «گەورەکان مافی بچووکەکان دەدەن!»)
هەموو (یاسای جەنگ)مان بیستوە دەتوانین ئەمەش ناو بنێین (یاسای دەریا) لە یاسای جەنگەڵدا ئەگەر گەورەیی و بچوکی و بارستایی و هێز حیسابێکیان بۆ بکرایە ئەوسا دەبوو فیل پاشای جەنگەڵ بوایە بەڵام لەجەنگەڵ دا سەرکەوتن و مان بۆ دڕندەیە، ئەوەی دڕندە تر بێت ئەوە زاڵترە.
کەچی لە (یاسای دەریا)دا مان و سەرکەوتن لەسەر گەورەیی و بچووکی و بارستایی بەندە. گەورەتر لەسەر بچووکتر دەژیت.
ئینجا ئەگەر پێوەندی مرۆڤی تاك و کەسانی دەوروپشتی بەگوێرەی یاسای (جەنگەڵ) بێت، ئەوا پێوەندی نێوان گەلان لەسەر یاسای (دەریا) دەبێت. سەراج هەستی بەم جیاوازی یە گرنگە کردووەو لەم چیرۆکانەدا بەکاری بردووە کەپێشتر ناومان بردن. سەیر ئەوەشە کە عەبدوڵلا هەرچەند ئەم وێنەیە دووبارە بکاتەوە، پێشتر یا پاشتر ئەم ڕستەیەش لەگەڵ دا دووبارە دەکاتەوە

(چوارچشقی دانیشتبووم)، جارێکیان ئەمەم بەخۆی گوت، گوتی ئاگادار نیم لەمە. لەکەلەپووری ئاینیش دا دووجار سوودی لەچیرۆکی (اصحاب الكهف) دیوە.
جارێکیان لەچیرۆکی (بێ ژێربی) دا بۆتەوس کردن بەدەم پێکەنینەوە ئاپۆ زۆراب دەڵێ:
«دەمی کوتـومت بەزارکی ئەشکـەوتێـك دەچێت .. وسـابعهم کلبهم .. تاکە ددانە کەڵوەزەکەی پێشەوەی پاسەوانە- سەگەکەیە)
لەچـیرۆکی (ئـەشکـەوت)یش دا ئەم چیرۆکـەی بەشێـوەیەکی بەرفراوانتر باس کردۆتەوە بەڵام ئەمجارەیان بۆ مەبەستێکی دیکە بەکاری بردووە.
(لەچنگی دەقیانووسی ستەمکار هەڵاتبوون... ئەوەندە ساڵ و ئەوەندە ڕۆژ نوستن. سەگـەکـەشیـان لەگەرووی ئەشکەوتەکەدا نوستبوو.) ئەفسانەی (ئەسکەندەری شاخدار)یشی لەچـیرۆکی شانـۆیی (قەفەز)و کورتە چیرۆکی (س)دا بەکاربردووە. لە(قەفەز)دا هەر ئەوەندەی لەئەفسانەکە درکاندووە: (.. دەی ئێستا دەرفەتە باهەر کەسێك لەجێگای خۆیەوە دەنگ هەڵبڕێ: ئەسکەندەر شاخی لێ ڕواوە (بەدەنگێکی بەرزتر) ئەسکەندەر شاخی لێ ڕواوە (بەهەموو تینی) شاخی لێ ڕوواوە.بـەڵام لە (س)دا ئەفسانەکەی بۆ دەربڕینی باری دەروونی پاڵەوانەکە بەکار بردووە (.. بیر لە ئەسکەندەری شاخدار دەکەمەوە سەرتاشە بەسەرزمانەکە دیقی کرد و لەتیماری ڕووبارێکی تیژڕۆدا نهێنییەکەی چرپاندە گوێی قامیشەڵانێك... قامیشەڵانیش بووە سەدان نەی و ئاوازەکەی بووە هەڵاڵەو پەخش بووەوە، تەنانەت ئالاپاڵ و کێوەکانیش دەنگیان دایەوە: ئەسکەندەر شاخی لێ ڕواوە... شاخی لێ ڕوواوە.. من ئەوسەرتاشەم.) جگە لەمانە هەندێ بیروڕای باویش هەیە لەبارەی (کات) و (زمان)ەوە، عەبدوڵڵا بە زۆری دووبارەیان دەکاتەوە، بۆ نموونە لەبارەی کاتـەوە لەچـیرۆکی شانۆیی (قەفەز)دا وتویەتی: (... کات دەستارێکە.. دەمێکی برسییەو ژیانمان دەکرۆژێ.. دەمانجاوێ.. دەمانهاڕێ..)
(لەباران و زۆر شتی تر)دا وتویەتی:
(بەڵام کات!! ئەم هەزار پێیە بێڕەنگ و بەقەمە!! جیوەیە، تێزابە، مۆخمان دەئاخنێو نایبینین..)
لە(س)دا نووسیویێتی:
(... کات گوێـزانـە... قلـپییـە، ژێیـەکـانی ناخمان دەتاشێ، دەقرتێنێ.) لە (ئاوێنە)دا: (کات کیسەڵێکی شەل و بیمارە)، لە (هێلەك)دا دەڵێ:
(کات لەژێر کلاشە چەکەکانت، مشتێ لمی خزاوە).
لەچیرۆکی (کاتژمێر)دا بەشێوەیەکی دوورو درێژتر لەمەسەلەی کاتـی مرۆڤانەو کاتی فیزیکیو ئامێری کاتژمێر دەکا.
(... خوڵی کاتـژمێرەکان سست و گران دەهاتە پێش چاو، هەندێك گومانیان لەو ئامێرە وردانەی مەچکیان دەکردەوە کە مرۆڤی کردۆتە دیل و فیزیکەوە دەڕوانێتە تەمەنی کلۆڵیان. کەچی سەرباری ئەم هەموو ناکۆکییەی نێوان مرۆڤ و کاتژمێر، بێووچان مێشك دەخرێتە کار بۆ داهێنانی ئامێری ئەوتۆ نەك شەوو ڕۆژ، بەڵکو چرکەو خولەکیش کەرت بکات!
بۆ ئەوەی زیاتر مرۆڤ گیرۆدەی بەندایەتی بکات، هەروەکو دوودڵ بن لەکات ژمێرەکەی سروشت،

ئەوەتا لەدێر زەمانەوە کات ژمێری ئاوو لمیان داهێناوە، هەمیشەش لەکۆششدان بۆ چنینی ئەو تەلبەندەی کەدەبێتە سنووری بەندیخانەکان.)
هەر لەهەمان ڕوانگەی فەلسەفیەوە جارێکی دیکە لەچیرۆکی (لاکێشە ڕووناکەکان)دا مەسەلەکەی دووبارە بەسەر کردۆتەوەو نوسیویەتی دەڵێ:
(ئێمەو مانان پێوەرێکمان لەسووڕی زەویو مانگ خواستووە بۆ(کات) زانین. بەڵام ئەم کات ژمێرو ساڵ نامانەی کەبەبالای تەمەنماندا هەڵیان دەواسین ئایە کاتی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتیمان دەپێون! مەبەستم ئەو کاتە نەرم و خاوەیە کەوەك جیوە بەڵکو چەشنی لاستیك لەهەستماندا ڕادەکێشێت و گرژدەبێتەوە.)
ئەمەش وەك هەموو لایەك دەزانین بابەتێکی فەلسەفیو ئەدەبی باوەو فەیلەسوف و ئەدیب نی‌یە خۆی لێ نەدابێت، مەگەر بەدەگمەن عەبدوڵلا لەبارەی (زمان)یشەوە هەندێ بیروڕای باو بەزۆری دووبارە دەکاتەوە. ئەو بیروڕایانەش بەزۆری دەنگ دانەوەی، ئەو بانگەوازە ڕۆمانتیکی‌یەی (ڤیرتەر)ە کەلەبارەی کەم توانایی (وشە)وە دەیڵێ:
(ئاهـ، چۆن ئەمەت بۆ دەردەبڕرێت، چۆن ئەتوانی ئەوەی لەناخت دا دەژێت بەپڕیو بەگەرمی بیکەی بەگژکاغەزدا بۆ ئەوەی ئاوێنەی ڕۆحی خۆت بخولقێنێت کەئاوێنەی خوای بێ کۆتایی‌یە).
سەراج لەیەکەم چیرۆکی دا کە(ڕاوە گورگ)ە وتویەتی:
(کەلەمەوبەر، بێ دەنگ بووم، لەو بڕوایەدا بووم، بێدەنگی زۆرجار لەوشەو، دووان کاریگەر تر ئەبێ..)
ئەمە ی لە(کێ تاوانبارە)دا ئاوا دووبارە کردۆتەوە:
(نادوێت چونکە بێ دەنگیش زمانێکی تایبەتی‌یە).
لە(ئەم ـ ئەو ـ ئەوانی تر)دا، دەڵێ: (ـ بێ دەنگیش زمانی بێ دەنگەکانە).
لە(ئیڤانکام چۆن ناسی)ش دا، دەڵێ: (چاویش زمانی خۆی هەیەو ڕاستگۆتریشە لەوشەی سواوی ڕۆژانەو دەمەتەقێی ئاوەسوو.)
لە(بارام ناوێك هەبوو)دا وتویەتی: (..ناخم... دەنگم... (بێدەنگی) یان بەباشترین دەربڕین زانی بۆ کاتێکی ناسکی ئاوا.)
لەچیرۆکی (س)دا، جارێك دەڵێ: (ووشە... بزەی بیرەکانمان دەتاسێنێ)، جاری دووەم دەڵێ: (نەمووت ووشە ئامرازێکی کەمبڕە؟!)، جاری سێیەم وتویەتی (ئای کەزمان چەند نالەبارە بۆ ڕاوکردنی ماسییە ووشەدارەکانی ڕاستیو باڵندە سەوزەکانی هەست و جوانی... ووشە دەبێ چی‌بێت؟، جمگەیە، کەلەجێگەی خۆی ترازائەفسوس، وەك خۆی ناگیرێتەوە.).
دیسانەوە لە(لەگازینۆی پەرلەماندا) دەنووسێت: (جارێك لەو جارانەی کەوشە لەئاستیا دادەمێنێ).
لەشانۆنامەی (ئایا هەموو شێتین؟!) یش دا بەمەسەلەکەدا چۆتەوەو وتویەتی:
(ـ لەهەموو فەرهەنگەکانی جیهان ئەگەڕێم تاکە ووشەیەکی لێبخوازم، بۆ ئەوەی پەردەی هەستی هەردووکمانی پێ بلەرێنمەوە... بەڵام ..وادیارە... ووشەی نوێی وا هێشتاکە نەدۆزراوەتەوە،

مەگەر ڕەنگ لەووزەی‌دا بێ ووشەیەکی وام بۆ بتاشێت.)
ئەم هەڵوێست و بۆ چوونەی لەچیرۆکی (ئۆقرە) ش دا سەر لەنوێ کوتاوەتەوە)
(خـۆ ڕاستە کەزمان ئامرازێکی ناتەواوە. هەر بۆیەش پەنا دەبردرێتە بەر زمانی ڕەنگ و هێڵ و جوڵانەوەو... هتد.)
ڕەنگـە هەر لەبەر ئەم بۆچوونەش بێ کەعەبدوڵڵا ئەوەندە، ڕەنگ و هێڵ و زاراوە تایبەتی‌یەکانی هونەری شێوەکاری‌و ناوی تابلۆ جیهانی‌یە بەناوبانگەکان و، ناوی هونەرمەندە شێوەکارەکانی دنیا، لەچیرۆکەکانیدا دەباو وەکو (هۆی ڕوون کردنەوە) بۆ ڕوون کردنەوەو دەرخستنی هەستە نادیارو هەڵچووەکانی خۆی بەکاریان دەبات.
بەرچی چۆنێك بێت دووبارەکردنەوەی بیروڕاو بۆچوون و هزری گشتی‌و تایبەتی، ئاوا بەم شێوە زەق و ڕاستەوخۆیە کارێکی ناپەسەندەو دەبێتە هۆی بەفیڕۆ چوونی ـ کات ـ ی خوێنەرو توانای هونەریی چیرۆك نووسەکەش. دووبارکردنەوە ئەگەر لەبەر پێویستی‌یەکی هونەریش بێت، ئەوساش هەر دەبێت بۆ مەبــەستی جیا جیاو بەشێوەی هونەریی جیا جیا بکرێت، نەك ئاوا بەلایەزۆری‌و دەستی ئەنقــەست ڕێگـای بۆ خۆش بکرێت و بەسەر خوێنەردا بسەپێنرێت بەتایبەتیش ئەگەر هزرەکە هزرێکی باوبوو وەی چیرۆك نووسەکە خۆی نەبوو خوێنەر لەشتی واو لەکاری وا دووردنگ دەوەستێتــەوەو بەرەنگـاری دەبێتەوە، بەڵام چێژی فرە لەکارێك دەبینێت کەخۆی بەشێوەیەکی ئاسایی‌و سروشتی‌و لەشێوەی جیا جیادا بێتە پێشەوە.
٨ـ دووبارەکردنەوەی چوارچێوەی گشتی لەپتر لەچیرۆکێك دا خوێنەری بەرهەمی عەبدوڵڵا زۆر بەئاسانی هەست بەدووبارەبوونەوەی هەندێ چوارچێوەی گشتی‌و شێوەی دارشتن و دەربڕینی هەنـدێ کورتــە چیرۆکی دەکـا. نمـونـە هێنانەوە زۆرگران نی‌یە، بەڵام ساغ کردنەوەمیان بەبێ درێــژدادری نابێ، بۆیە هەر بەم نمونەیە وازدێنن بەو هیوایەوە کەخوێنەر خۆی بتوانێ نمونەی دیکەی لەسەر ببینێتەوە.
چیرۆکی (مـەنجـەڵ) و چیرۆکی (لەگـازینۆی پەرلەماندا) دوو چیرۆکی کۆچیرۆکی (بارام ناوێك هەبوو) ن، یەکەمیان لەمانگی دوانزەی (١٩٧٢)دا ودووەمیان لەمانگی هەشتی (١٩٧٤)دا نووسراوە.
بابەتی هەردوو چیرۆکەکە بابەتی فەلسەفین و گەرانە لەدووی ڕاستی ڕەها.
جێی ڕووداوەکانی هەردوو چیرۆکەکە (گازینۆ)یە، گازینۆکەش لەهەردووکیاندا لەبەغدایە.
لەهەردوو چیرۆکەکەدا (منالە) کوردێکی بۆیاغچی دەبینین. لە (مەنجەڵ)دا دەڵێ:
(بۆیاغچییەکی مندالّ ـ تصبغ ـ ی بەبۆیەکراوی بەگوێماندا)، لە (لەگازینۆی پەرلەماندا)دا دەنوسێت:
(بۆیاغچییەك هاتە ژوورەوە. سەرنجی ڕانکە شرەکەیم دا.. جاران سەوزێکی قەرسیلی بووە.)
هەردوو چیرۆکەکەش باسی تابلۆی هەڵواسراوی تێدایە، لە(مەنجەڵ)دا دەڵێ:
(نیگارە ڕەنگاو ڕەنگەکەی ئیمام عەلی کەهەڵواسرابوو، سەرنجی ڕاکێشام).
لە(لەگازینۆی پەرلەماندا)دا وتویەتی:

(تابلۆ رەنگینەکەی ئادەم حەوام هاتە بەرچاو کەلەهۆڵی ئوتێلەکەدا هەڵواسرابوو.)
لە(مەنجەڵ)دا دەڵێ: (..ڕاستی‌یە برینەکانم دەکولێنێتەوە)، لە (گازینۆی پەرلەماندا)دا دەڵێ: (هەر ڕاستی ڕێگـایە) لەویاندا وتویەتی (... ڕاستی.. ووشەیەکە تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی فەرهەنگەکان دایانهێناوە.) لەم یاندا نووسیویێتی:
(بـەڵام «ڕاستی».. تەنهـا ووشـەیەکە خۆمان دامانهێناوە.) دوا لێکچوونی ئەم دوو چیرۆکەش لەوەدایە کەچیرۆك بێژەکە لەهەردووکیاندا بەتەوسەوە باسی (ڕاستی) دەکات و بەلاقرتێو توانجەوە گفتـوگـۆ لەگـەڵ کەسـەکـانـدا دەکـات و بەشێوەیەکی دەسکردانەو زۆر لەخۆکردنەوە دەمیان دادەپشکێنێت و بابەتەکەیان پێ دەخاتە ڕوو.

وابـزانم دوای هەمـوو ئەمانە ئیتر پێویست بەوە نەبێت کەمن بڵێم ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە بێ‌سوودەو لەتوانا بەفیڕۆدانی چیرۆك نووسەکەو ـ کات ـ لەکیس دانی خۆی و خوێنەریش بەولاوە چ دیکەی لێ ناوەشێتەوە.
٩ـ دووبارە کردنەوەی ـ شوێن.
(شوێن ) لەکن عەبدوڵلا نرخێکی تایبەتی هەیەو، ئەم لەگشت چیرۆك نووسەکانی تر پتر بایەخی داوەتێ تا دەگاتە ڕادەی ئەوەی کە بتوانین بەڕاشکاوی بڵێین کردویەتی‌یە سیفەتێکی تایبەتی بۆ ئەزموونەکەی.
سەراج زۆر جار چایخانەو یانەو ئوتێل وشەقام وباخچەو شوێنی گشتی دیکە دەکاتە شانۆی ڕووداوی چیرۆکـەکـانی وزۆر جاریش ئەو شوێنـانـە لەپتر لە چیرۆکێك دا دووبارە دەکاتەوە. لەهـاوشـانی ئەوەش دا گەلێـك جار شوێنی ڕاستـەقینـەی شارەکەی خۆی بەسەر کردوتەوەو هەنـدێکیشیـانی دووجارو سێ‌جار بەکار بردوتەوە وەك گۆڕستانەکەی (شێخ محی‌الدین) کەلەم چیرۆکـانـەدا بەدەردەکـەوێت، (گەڕانەوە)و (گەرماوی داوێنی گۆڕستانەکە)و چیرۆکی (س)یش وەهەروەها وەك (خدر زیندە)ی لێوار خاسە کەدەکەوێتە نێوان زێویەو گەڕەکی (ڕەحیم ئاوا)وە ، ئەم شوێنە لەچیرۆکی دیکەش دا زۆر بەوردی باسی ناومالّی خۆی کردووە وەك لە(پەیکەری ژمارە یەك و ژمارە دوو) و (شیوژالّە)دا، ڕوونە. لە(س) و (کەشتی‌یەوانێکی چکۆلانە)ش دا ناوی دەربەندی (بسفور)ی بردووە.
عەبدوڵلا بەزۆری دوو جۆرە شوێن لەبەرهەمەکانی‌دا دووبارە دەکاتەوە
یەك: ئەو شوێنانەی کەبەمنالّی لێی ژیاوە وەك:
(سەیسەرۆەر) و (لێوار خاسە) ، (باخی فەرهاد) ، (چوارباغ)، (حەسیرەکە) ، (ئیمام قاسم ) و (گۆڕستانی شێخ محیّ‌دین).
دوو: ئەو شوێنانەی کەخەریکە بزر دەبن و لەبیری خەڵك دەچنەوە وەك:
(خدر زیندە) و (کۆشکلی) و (سۆنە گۆلی) وهەندێ تەکیەو مزگەوت و چایخانەو گەرماوو خانوبەرەی بەناوبانگ. وەسف کردنی ئەو شوێنانەی ئەوەندە وردە شەقام بەشەقام کۆلان بەکۆلان، مالّ بەمالّی ئەو گەڕەکی ئیمام قاسم وسەیسەرۆەر دەگرێتەوەو وردو درشتی ئەو شوێنانە بەرجەستە دەکات.

لەوانـەشـە هەنـدێ جار ناوی شوێنـەكـەش نەبـات بەڵام ئەوەی شارەزای كەركـوك بێت هەر لەوەسفەكەوە دەتوانێت تێ بگات كەكوێی مەبەستە. بۆ ساغ كردنەوەی ئەم قسەیەش دەتوانین چیرۆكی (كلیل) بەنموونە بهێنینەوە، شوێنی ڕووداوی ئەم چیرۆكە یەكێك لەشەقامەكانی گەرەكی (رەحیم ئاوا)یە ئەگەر چی چیرۆك نووس ناویشی نەبردووە.

(خولە) كوێرەكەش، كوێرە بلیمەتەكەی ئەو گەڕەكەیە كەبەپاسكیل سەمون دەفرۆشێت و زۆر لەچاو ساغیش زیرەك تر خۆی دەژێنێت.

بەكورتی شوێن لەلای عەبدوڵلا - زۆربەی كات - پاڵەوانێكی هەرمشە لێكراوەو چارەنوسی نادیارو مان و نەمانی لەئەگەرو نەگەرایەو هەر باس كردنی كارێكی پیرۆزو ئەمەكدارییە بەرامبەر جێو شوێنی منالیی چیرۆك نووس.

بالێرەدا ئەمەش بڵێین كەئەم دووبارەكردنەوەی شوێنە ئێستا لەڕۆمانی نوێو ڕۆمانی نوێی نوێدا باوە یەكێك لەوانەی كەزۆر كاری پێ دەكا (ڕۆبێر بنجێ)یە، ئەو شارو شوێنەكانی ڕۆمانی (فانتوان و ئاگابا) لەڕۆمانی (نوێژی مردوان )و ڕۆمانی (یەكێك)و ڕۆمانی (لێكۆڵینەوەی جینائی) ش دا دووبارە دەكاتەوە.

١٠- دووبارەكردنەوەی - بابەت -

ئەمە بەتەنها سیفەتی دیاری ئەزموونەكەی عەبدوڵلا نییە، بەر لەئەم و دوای ئەمیش بووەو دەبێت بەڵام سادەمـەكی باسی دووبـارەكردنەوەمان كرد باباسی ئەم جۆرەش بكەین سەراج لەچیرۆكی (مەنجەڵ) و (لەگازینۆی پەرلەماندا) و (كلیل) و (س) و (ماسی)و شانۆنامەی (ئایا هەموو شێتین؟) و (لەپێناوی یەكسانی) ش دا بەشێوەیەك لەشێوەكان باسی (ڕاستی) كردووە. ئەمەش هەر وەك دەزانین مەسەلەیەكی چارەسەر نەكراوی فەلسەفی كۆنەو هەر لەئەبیقورەوە پیبا وەرە تا دەگەیتە فەیلەسوفەكانی ئەم سەردەمەش كەم فەیلەسوفت بەرچاو دەكەوێت خۆی لێنەدابێت و پێناسەیەكی نەكردبێت. بەڵام هەمـووی بێ ئاكـام بووەو هەر ئەوەنـدە خۆی گرتووە تا فەیلەسوفێكی دیكە پەیـدابووەو هەڵی وەشاندۆتەوە. ئەنجامی چیرۆكەكانی عەبدوڵلاش هەر وایەو ئەمیش نەیتوانیوە ڕاستی (ڕاستی) ساغ بكاتەوەو ئەوەی كردویەتی هەر دوبارەكردنەوەیەكی كوت وپەڕی ئەو ڕاو بۆچوونە كۆنانەی پێش خۆیەتی كەلەڕێی خوێندنەوەوە پێی گەیوون، دەنا لەوە ناچێت ئاگای لەو هەموو مشتومڕە هەزار بەهەزار ساڵەیەی فەیلەسوفەكان بێت كەلەسەر ئەم مەسەلەیەیان كردووە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕایـەكی بەنمـونـە دێنینـەوە كەزۆر لەڕاستی (ڕاستی)یـەوە، نزیكـە لەشانۆنامەی (ئایا هەموو شێتین)دا دەنوسێت.

(- شاعـیران و هونەرمەندانیش دیسانەوە شێتن، ئەیانەوێ هەموو (ڕاستی)یەكان بەماوەیەكی كورت بقـۆزنـەوە، لەپـاشـان لەشێـوەی ووشە، ڕەنگ، هێڵ، سۆز، دەنگ دەری ببرن و هێڵنج بدەنەوە..... بەڵام.. تەمەن ئەوەندە كورتە، كەبایی ئەوە ناكات مرۆڤ لەتاكە ڕاستییەك بكۆڵێتەوە..)

ئەمە ئەگەر عەبدوڵلا مەبەستی ئەوە بێت بڵێت هەر (تەمەن)ەو ڕاستی خۆی هەیە، بەواتا هەر بارو دۆخێك و سەردەمێك ڕاستی خۆی هەیەو بەگۆڕانی ئەو، ئەویش دەگۆڕێت.

ماسی و ماسی خواردن و ڕاوە ماسیو سەرنـج دانی ماسی بابەتێكی پەسەندی دیكەی سەراجە

بەدەگمەن چیرۆکێکی دەخوێنینەوە باسی ماسی تێدا نەکرابێت ئەگەر بەلەیەك چواندنێکیش بووبێت.
لەچیرۆکی (ماسی)و (پەیکەری ژمارەیەك) باسی ماسی خواردنی کردووە. لە(سەیران) و (ئاوێنە) و (بەرکۆلێك لەئازارەکانی هەیاسی خاس)یش دا باسی راوە ماسی کردووە. بەتۆر، بەقولاب، بەسەبەتە، بەژەهـر، بەتفـەنـگ، بەدابرینی گۆل ئەمە جگە لەوەشی کەلەدەیان چیرۆکی دیکەدا ناوی ماسی بردووەو لەسروشتی ماسی دواوە وەك چیرۆکی (فـانتـازیـاو تابلۆیـەکی کێـویی) و (خـۆراك) و شانـۆنـامـەی (ئـایـا هەمـوو شێتین)و چەندان دیکەش، کەچی هێشتا هەر دڵی داناکەوێت و لەشانۆنامەی (قەفەز)دا بەسەرسوڕمانەوە رووی دەم لەو دوایی نووسەران دەکات دەڵێ:
(ئـەرێ بۆ شاعـیران و نوسـەرانمان باسی ماسی ناکەن؟!) خۆی بۆ روون کردنەوەی ئەم خولیا خودی‌یـەی خۆی لەچـیرۆکی (ئاوێنە)دا وتویەتی: (...خۆزگە... کاشکی... بریا زمانی ماسیم دەزانی. خولیـای ماسی گرتنم لەدەمێکەوە دەست پێ‌دەکا. چەشنی ئەمەی هێزێکی نادیار هانم بدات.) وەك دەبینین ماسی لەئەزموونەکەی عەبدوڵلادا هەموو جارێ نرخی هێمایی نی‌یە، بەڵکو بەزۆری بەدەنگـەوە چوونی ئەو (هێزە نادیارە)یە کەعەبدوڵلا خۆی دەڵێ (هانم) دەدات. لەگەڵ ئەوەش دا توانیویەتی هەر هیچ نەبێت لەتابلۆیەکی چەندجار دووبارەکراوەدا شەری بارستایی‌و یاسای دەریا بەرجەستە بکات.

(سێکس)و پێوەندی گشتی نێرو مێ‌و زگوزاش بابەتێکی دیکەی پەسەندی سەراجەو ئەویش وەك زۆر چیرۆك نووسی دیکە، هەر جارەی لەگۆشە نیگایەکەوە خۆی لەم بابەتە باوە داوەو جگە لەهەندێ وردە ئاماژەو باسی لاوەکی‌و جەفەنگ چەند چیرۆکێکی بەتایبەتی بۆ تەرخان کردووە.
لە (ژووری ژمـارە ـ ١١ ـ) و (راسپێری) و (ئاپۆ جوامێر لەپێشانگای چاواندا) و (بارام ناوێك هەبوو) دا باسی پێوەندی تایبەتی ژن و مێردایەتی‌و شەو باخەڵی کردووە.
لە (هێلەك) و (مردوو خەون نابینێ) و (ئێڤانکام چۆن ناسی) ش دا باسی هەڵچوونی ئارەزوو و سەرکوت کردنی ئارەزوو دەکات لەلای پیاو بەتایبەتی.
لەچیرۆکی (گەران بەدوای...) و چیرۆکی (مەلۆتکە)دا باسی منالی زۆل و پێوەندی و هەلسوکەوتی کۆمەڵ و ئەو جۆرە منالانە دەکات.
لەچـیرۆکی (لەچاوەروانی مندالدا)و لە(بێدەنگیش زمانی هەیە) و (باران و زۆر شتی‌تر) و (بێ ژێربی) و (ئەمام) یش دا باسی منال بوون و سۆزی دایك و باوکایەتی کردووە.
لەچـیرۆکی (لاکێشـە روونـاکـەکان) و (گەرماوی داوێن گورستانەکە) ش دا باسی خۆراگرتن، التلصصیە، یا کۆل گرتنی کەسێکی کردووە لەکەسانی دیکە.
(چیرۆکی چیرۆك)یش چوارەم بابەتە لەو بابەتانەی کەعەبدوڵلا سەراج لەپتر لەکورتە چیرۆکێك دا دووبـارەی کردوونـەتـەوە. ئەم چیرۆك لەنـاو چیرۆك و باس کردنی چۆنێتی داهێنـانی چیرۆکە لە(ئەندرێ جید)ەوە داکەوتوە ئەم یەکەم جار لەرۆمانی (دروستکەرانی پارەی ساختە ـ ١٩٢٥) دا خۆی لەو تاقی کردنەوەیەدا لەوساشەوە ئیتر (چیرۆك نووس) خۆشی وەکو دڵداریو مردن و ژیان..

هتد، بوە بابەتێکی دیکەی چیرۆك و کەم چیرۆك نووس دەبینی خۆی لەگەل دا تاقی نەکردبێتەوە لەرۆمانی نوێ نووسەکانیش (میشیل بیتۆر) لەرۆمانی (بەکاربردنی کات) و (ئالان رۆب گرێ) لەرۆمانی (الغیرة) و رۆمانی (پرۆژەیەك لەپێناوی شۆرشێك لەنیویۆرك دا)و، (کلود مۆریاك) یش لەرۆمانی (مارکیزە لەکاتژمێری پێنج دەرچوو) و رۆمانی (گەورەکردنەوە)دا لاساییان کردوتەوە.
عەبدوڵلا ئەم بابەتی - چیرۆك نووسینەی - لەکورتەی چیرۆکی (مام وسوو ) و (رێگاوبانە) و چیرۆکی کورت کورتی (پارشێو)و (دەنکە شقارتەیەکی سووتاو) و شانۆنامەی (پێداچوونەوە)و دوو کورتە چیرۆکی بلاّونەکراوەشدا دووبارەکردووەتەوە کەچیرۆکی (چیرۆك نووس) و (سوری ژیان)ن ئەمە جگە لەوەی کەلەچەند چیرۆکێکی دیکەی وەك (کش) و (هێلّەك)یش دا کەم تا زۆر ئاماژەی بۆ کردووە.

چیرۆك نووس لەم جۆرە چیرۆکانەدا هەلی بۆ هەلّ دەکەوێ باسی کێشەی نێوان خۆیو کەرەسە هونەرییەکانی چیرۆك بکات و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر هونەرەکەو ئەرکی خۆیو هونەرەکەش دەسنیشان بکات. یارمەتی خوێنەریش دەدات لەوەی کەلەفەلسەفەو رێباو بیروڕای چیرۆك نووسەکەو توانا هونەرییەکەی بکات و بەئاسانی هەڵویستی خۆی بەرامبەر ئەزموونەکەی دەسنیشان بکات. بۆ نموونە ئەم دیالۆگەی چیرۆکی (کش) دینینەوە کەلەسەرێکەوە باسی جیاکردنەوەی کۆن و نوێ دەکاو لەسەرێکی دیکەشەوە ئەرکی کۆمەلاّیەتی ئەدەب دەردەخات.
(- دیارە هۆنراوەیەکی تازەیەتی).
- قسەی قۆر هەبێت ئەمەیە. رۆلّە گرفتەکە لەدارشتندا نییە، بەلّکو لەئەستۆی چاو پادایە..
- تێناگەم...
- زەمینەو ئاسۆگە گۆشەی بینین ومەودای بر کردن هەر ئەمانەیش کۆن ونوێ جیا دەکەنەوە.
- دیسان بەباشی حالّی نەبووم.
- بەکورتی هەمانەیەك ئیسماعیل نامەو دیزەیەك وشەی قەلّەو، دەرخۆنەیەك بگرە پشتغلێك جێگۆر ناکەن و ناسۆرمانیش ساریژ نابێت.)
لەکۆتایی ئەم خالّەدا، دەلّێم ئەم روالّەتی دووبارەکردنەوەی بابەتە لەچیرۆکی هونەری کوردیدا، روالّەتێکی نوێ نییەو هەر چیرۆك نووسێك بگرێت بابەتێك یا چەند بابەتێکی پەسەندی دیاری کراوی هەیە کەکاری تێ کردوە لەئاگاییو بێئاگایییش دا لەچیرۆکەکانی دا رەنگ دەداتەوە.
ئینجا نەك هەر چیرۆك و دووان لەوانەیە سەرتاسەری کۆمەلّەکەو ئەوەی دەگۆرێ هەر گۆشە نیگاو، چۆنێتی بۆچوون و، شێوەی وتنەکەیە. وەك بابەتی چاوەرانی لەکۆ چیرۆکی (چاوەروانی) ئەحمەد مەحەمەد ئیسماعیل ، وەك بابەتی تەنیایی لەکۆچیرۆکی (تەنیایی) ی شێرزاد حەسەن دا.
هەرچی چۆنێك بێت دووبارە کردنەوە - بەشێوەیەکی گشتی - تەکنیکێکی نوێی بەوزەیەو تەکانێکی چاکی بەرۆمان داوەو لە خزمەتی بەرەو پێش چوون و بەردەوامیی هونەرەکەش دایە، گواستنەوەشی بۆ ئەدەبی کوردیو تاقی کردنەوەی لەبواری هونەری کورتە چیرۆکیشی دا بەدلّنیایی بێ گیرگرفت نابێت، بەلاّم بەراشکاوی دەتوانم بلّێم سوودی زیاتر دەبێت لەزیانی بەمەرجێك لەبەر هۆی هونەریی پێویست و لەجێی لەباردا بەکار ببرێت.

---

تێبینی : ئەم نووسینە بەشێکە لەکتێبێکی تایبەت بەلێکۆلینەوەی ئەزموونی مامۆستا سەراج.

# شارە خۆشەویستەکە...

محمد نوری توفیق

لەهۆڵێکی گەورەو فراوانی یانەیەکی پایتەختدا کەدەیان مێزی پۆشتەو پەرداخی لەئامێز گرتبوو، هەر مێزەش چەند کەسانێك بەدەوریاندا سەریان نابووە یەك و لەباس وخواسەکاندا سەرگەرمی شەوبوون...
ئەو شەوە گەر سەرت بەو هۆڵە گەرمو گورەدا بکردایە، لای سەرەوە جووتە مێزێکی لێکدراو شەش کەسیان دابوو ناو..گەر لەمێزەکەیان نزیك بوویتایەتەوە، هەستت بەجۆرە جیاوازییەك ئەکرد لەگەڵ زۆربەی مێزەکانی تردا.. هۆڵە رازاوەکە تا ئەهات خەڵکی لووش ئەدا، لەپیاو، ئافرەت ومندالی ئالاو والا.. ئاوازی مۆسیقایەکی نەرم و لەسەرخۆش باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشابوو..
مێزەکانی دەوروبەری ئەو دوومێزە لێکدراوە لەگەڵ سەرقاڵی خۆشیان، ناوبەناو گوێ قوڵاغی لای ئەوبوون!..
لەزۆربەی سەرمێزەکاندا ماوەیەك بوو چەریاو بەسیحەتێکی نوێ، نۆش ئەکرا!!
چەریاوی پێکەکانی ئەو کەسانەی دوو مێزە لێکدراوەکە..بەچرپەو ئاسپایی بە سیحەتی شارەوە بەربەروکرانەوە..
ولێرا میوانی مێزەکانی دەوروپشت زیاتر ئەچوونە ناو ئەو دەستەیەوە..
ئەویش بەسیفەتی چاودێریکی بێلایەن، نەك بەسیفەتێکی تر!...
مێزە لێکدراوەکە بەدەم دەنگ وباسی شارەوە زوو زوو چەریاوی بەرێ ئەکرد..
قسەو باسەکانی ئەو مێزە لێکدراوە، تێکەڵ وپێکەڵ وزنجیرە تێکچووبوون، جاری وا هەبوو قسەکەری یەکەم هەردوای دووەم یان سێیەم بۆ جارێکی تر کارتی قسەی ئەکەوتە وەدەست ..جاری واش رێك ئەکەوت کە ئەبووە قسەکەری پێنجەم باشەشم ..هەر لەبەر ئەوەی مووررووی قسەکان ریزبکرێن، بەکشتەکێك بهونرێتەوە ژمارەکان یەك لەدوای یەکەوە دێنە گفت وگۆ. قسەی کابرا قەڵەوە سوورو سپییەکە کارتی ژمارەیەك وەرئەگرێ ئەمیان قاتێکی رەش قەترانی بەسەرکراسی وبۆیەمباخێکی نوێ وگران بەهاوە لەبەردایە، تەزبیحێکی دەنك زەل بەدەستەوە، جگەرەکەی نێوان لێوەکانیشی لەو جگەرە بۆن وبەرامدارەیە کەپیاوی جگەرە نەکێشیش بەبۆنەکەی جەست ئەبێ..پاش ئەوەی مژێکی توندی لەو جگەرەیەداو پەرداخەکەی گەیاندە دەمی.
بەدەم پێکەنینێکی لەرادەبەدەر:
(ـ کورە ئاخر پیاو حەزی لەکام شتەی شار نییە؟.. باوەڕ بکەن لەقرچەی هاوینا.. لەگەرمەی بەهارا.. جارجار لەچلەی زستانیشا کەگەیشتوومەتەوە ئەو شارە ئیتر هەرچی گەرماو سەرما هەیە

ئەمزانیوە چییە!. ئەی ئێوە باسێکی بەفرەکەی بۆ ناکەن؟.. بەسەری ئێوەو ئەولادتان هەر کاتێ لێرە هەستم بەسەر مایەك کردبێ، ئیتر وەك لەغەیبەوە پێم راگەیەنرابێ یەکسەر دەست ئەدەمە تەلەفۆن و هەلاو هەلاو لەگەڵ خزم وبرادەراناو لێیان ئەپرسم.. ئەرێ توخوا بەفرەکەیە... کەمژدەی بارینیم ئەدەنێ.. ئیتر ئەوا ئەم بەندەیە باڵ ئیەگرم و لەگەڵ کلوو بەفرەکاندا هیور، هیور بەسەر شارا ئەبارم...)

پاش چەریاوێکی ناوەخت:

(ـ خۆ هەر پار بوو.. ئا لەکاتی بۆردومانەکەی ئێرەیا..وا بزانم هەر هەموومان لەوێ بووین.. کەبەفرەکە باری..بەسەری ئێوەو ئەو لاتان!. لەبەیانییەوە لەگەڵ منداڵەکاندا رۆیشتووین ئیتر ئەوە شەرە بەفر بووە تا نیوە رۆیەکی درەنگ..ئەگەر وەعدو بەڵێنی دەعوەت نەبوایە رەنگە شەویش بەناو سەیارەکەدا بنووستینایەی ئای بەقوربانت بم شارەکەی لەشاران خۆشتر!! ئەی توخوا ئەمە خۆشەویستیو وەفا نەبێ بۆ شار..ئەی ناوی ئەنێی چی؟..)

ـدەستێکی قەڵەو خرپنی لە گێپەرەی ئەو مسپیشەڵەی ناوەراست گیر کردو بۆ جاری چەندەم تەنگەی پەرداخەکەی خۆی جەراندو وچەریاوێکی تریان بەسیحەتی شار نۆش کرد...

دووەمیان کەڵەگەتێکی رقەڵەی هەتا بڵێی پۆشتەو پەرداخ وگران بەها لەبەربوو، ئەمیان لەپیا هەڵدانی شاردا تەندری بەزیادەوە فرێ دابوو..بۆیە هەرکە کەوتە قسەو باس کردن ویستی دڕ بەقەڵەوە بدا وبەهەردوو دەستی هەموو مێزەکە کەلە باوەش بگرێ:

(ـ برا تۆ زۆر سەهوی باسی بەفری سەرماو گەرمای شار ئەکەیت...بەسەری تۆ ئەو ئاوو هەوایەی لەو شارەی ئێمەدا هەیە، لەگەڵ هەموو ئاو وهەوای ئەم جیهانەدا جیاوازەو، لەعالەمدا وێنەی نییە!! تۆ وەرە سەیری رەشەباکەی بکە کەلای هەندێ کەسی گەمژەو بێ وێژدان بۆ تەمایەی سیفەت خراپی شار..دەباوەربکەن لەدەیان کەسی شارەزام بیستووە کەئەو رەشەبایە سەفراشکێنە، عیللەت پەرێنە ..موعەقیمە..میکروب کوژە وگەلێ چاکەی تریشی هەیە بۆ ئینسان ئەمەیان وا.. بەسەری جەماعەت کەسەرتان بەدرۆ ناخۆم با جاری وابووە بۆم هەڵکەوتووە کە پرۆژەی چاکم لەجێگایەکی نزیکی ئێرەدا دەست بکەوێ کەسەفقەی چەوریشی دەسکەوت بوو، بەڵام من وازم لێ هێناوە لەبەرخاتری چاوی شار، ئیشوکاری بچووکیشم تیا گرتووە، کەزۆر جار زەرەمەندیش بووم!.. بەڵام ئەوەم لێك داوەتەوە کە ئیشەکەی ئەوێ خزمەت ئەگەیێنێ بۆیە گوێم نەداوەتە زەرەرو ماندووبوونی خۆشم..)

پاش قومێکی درێژی جگەرەکەی دەستیو مژێکی قووڵی سپیشەڵەکەی بەردەمی وەژینی تیلماسکی لیمۆ..ئینجا دەم وپلی بەپەرە بەکلینکسی سریەوەو کەوتەوە شان وباڵی رەشەبای شار..

(ـ ئا، جا بۆ مەسەلەی رەشەباکەشی وەك وتم ئەوە وایەو وپێویست بەبەڵگەناکات شنەبایەکی فێنکی ئەم سەرزەمینە خۆشترو سازگارترە! باوکم ئێمە خۆ بەخۆرایی وەسیەت ناکەین گەر مردین لەشاردا بنێژرێین، بۆیە تەنیا کەسێکمان نییە لەسەر ئەم مێزە کەلەمن شارەدا مردووی نێژرابێ!..دیارە ئەمەش هەر لەخۆشەویستی شارەوەیە وشتێکی تر نییە..ئەی ئەگەر وا نەبێ چۆن ناوی خۆمان بنێین کورد وبەخۆمان بڵێین نیشتمان پەروەر؟!..

هەر هەموویان جیا، جیا یان پێکەوە:
(ـ بەڵێ ئەمەیان زۆر راستە!!)

سێیـەمیان کەپیاوێکی قەڵەوی بەژن مام ناوەندی بوو، چاوەکانی لەژێر چاویلکەیەکی زەرەبینی چوارچێوە پاندا شاردبۆوە، لەم دوالییەدا تەنکە ریشێکی ماش وبرنج وجووتە سمێڵێکی تارادەیەك قەف قەوی وبابڕی بەرەڵڵا کردبوو..ئەوی نەی‌ناسیایە لەگەڵ لەگەڵ چەند مانگی بەریندا لێی تێك ئەچوو، چونکە جگە لەوەی ریشی نەبووە کەسیش بەسمێڵەوە نەیبینی‌بوو!! چاویلکە زەرەبینەکەی لەنێـوان مێـزەکـەی خۆیـانداو ئەو مێزانەی کە ئافرەتیان گرتبۆ خۆ، جرت وفرتی بوو.. ئەمیان بەجۆرێکی‌تر، خۆی واتەلی (زانیاریانە) مامەڵەی لەگەڵ خۆشەویستی شاردا ئەکرد!!:

(ـ برایـنە، ئێوە راست ئەفەرموون کەشارەکەمان کەم وێنەو بێ هاوتایە، ئەمە راستەو یەك زایدەن یەك ئەکـا دوو!!، بەڵام ئەوەی لەوراستیـە راسترێکە ئەوەیە کەشارەکەمان پێشرەوە، پێشەنگە، لەریزی پێشەوەی شارەکانی ترماندایە.. هەر وەکوو عەرزم کردن یەك زایدەن یەك ئەکا دوو!!.

ئەمە کارێکی سەلمێنراوەو پێویست بەبەڵگە ناکا...)

یەك دووجار دەستی بەسمێڵەکانیا هێناو قومێکی خەستی لەپێکەکەی داو چاویلکەکەی لەدە چاوی مێزەکە گێرکرد، وەك بیەوێ بزانێ قسەکانی چکارێکیان کردووە ...ئینجا کەوتەوە وتن:.

(ـ خۆ من خوانـەخـواستـە نامـەوێ بڵێم کەشـارەکـانی ترمان لەبزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکـەمـان دواکـەوتوون، یان کەمتەرخەم بوون...نەء ئەمە ناڵێم بەڵام، حەقیقەت خۆی فەرز ئەکا..هەر وەکوو عەرزم کردن یەك ویەك ئەکا دوو!

جا نازانم رای ئێوە چی‌یە؟.)

ـ یەك دوانێکی مێزەکە:

(ـ بەڵێ راستە یەك ویەك ئەکا دوو!!)

ها کەوتەوە قسەو:

(ـ باوەڕ بفەرموون بۆ رۆژێ، تەنیا بۆ ساتێکیش بێ شار ئۆقرەم نی‌یە!! هەموو هەست ونەستێکی شارم ئاگـا لێیـە..بگـرە ئاگـام لەهـەمـوو شارەکانمانە.. خۆخوانەخواستە نابێ ئاگامان لێیان نەبێ!.دەمن بەهـۆی قوتابیەکانی شارەوە، ئەوەی ئەم بەیانی‌یە لەوێ روویدا بێ، ئەمشەو لای منە..بەڵکوو ئەوەی لەشارەکانی کەشدا روویدا هەر پاش چەند سەعاتێك ئەیبیستم!. ئا، بەهیچ جۆری نابێ لەشـار بێ‌ئـاگـا بین!! چونکـە حورمـەت وریـزی ئێمە بەشارەوە بەستراوە..دیارە حەقیقەتیش هەموو دەم خۆی فەرز ئەکات ویەك ویەکیش ئەکاتە دوو!.)

پاش هەڵدانی پێکێك ومژینی تیلماسکێ لیمو:

(ـ بەڵام قسەی خۆمان بێ..بالەپێشەوە خۆم تاوانبارەکەم، ئینجا ئێوە..ئەڵێم قسەی خۆمانبێ ئێمە لەراستی شارا، کەمێ کەمتەرخەمین!:ئەڵێم کەمێ!! نەك زۆر!..)

زەرەبینـەکـەی چاوی لەگلێنـەی بەرامبەر وراست وچەپەکەی لای خۆیەوە توند کرد، بزانێ ئەو کەمتەرخەمیەی ئەم لای ئەوان چۆنە ؟.

ئەوانی نەبێ دەنگ دی بۆیە:
وایشتی نەی ویست میزاحی مێزەکە تێکچێ، هەروەك نەشێ ئەویست لەقسەکەی خۆی پاشگەزبێتەوە:
(ـ من خوانە خواستە کەس گوناهبار ناکەم ونەشلێم بالەخۆمەوە دەست پێ بکەم!!..
بەلام نەئەبوو بەرامبەر شار وا کەمتەرخەم بین!!ئەبوایە پاش ئەم هەموو بەزموو رەزمە!! نەك وەك سالان.. بەلام هەر ئەبوایە جارێ، دووجار سەردانێکی شارمان بکردایەو لەنزیکەوە ئاگامان لەشایی لۆغانەکەی ببوایە!!.)
وەك هەڵەیەکی گەورەی کردبێ وچاوەڕێی ئەنجامەکەی بێ...کەمی دەم وچاوی سپی هەڵگەڕاو کەوتەسەرنجدانی دەوروبەرەکەی ..
چوارەمیان کەکەڵەگەتێکی بەساڵاچوو بوو، ئەمەندە گوێزانی بەریشیدا هێنابوو پێستی دەموچاوی دەیان دەماری شینی دەرداپوو، کەپیاو سەرنجی لەو دەمارانەی توند ئەکرد یەکسەر ئەیانگەیاندە لۆچەکانی پشت ملی، کە کوت مت پاقلاوەی سەر سینی ئەکرد واشەقار شەقار کرابوون.. ئەمیان نەك هەر شار بگرە هەموو مەسەلەکانی دنیاشی بەلێکدانەوەی خۆی ئاسا تاو نوێ ئەکرد..زۆربەی قسەکانی وەك لەمەیدان عەرزا بکرانایە ئاوهابوو..هەمیشەشی سیفەتی فەرمانیان بەسەردا زاڵ بوو!.. هەربێ ئیجازەو داوای لێبوردن کەوتە وێزەی دوا رستەکانی چاوێلکە زەرەبین لەچاوەکە..
(ـ من قەبووڵ ناکەم تۆ ئێمە بەکەمتەرخەم دانێی.. نەخێر غەڵەتی و زۆریش غەڵەتی!: پێویستە تۆ هەموو شتێك بەئەبعاد وەربگری.. تێگەیشتنی!!.)
زەرەبین لەچاو بەسەرسامی‌یەوە!:
(مەبەستی جەنابت لەئەبعاد چی‌یە؟..)
کابرا وەك هەرگیز گوێ بەم پرسیارەرانە هاتبێ:
(چۆن ئەبعاد چی‌یە؟.. هەموو شتێك پێویستی بەبوعدو ئەبعاد هەیە.. تێگەیشتنی؟ چاویلکە زەرەبین و ئەوانی تری سەرمێزەکە هەندێ سەرسام بوون بەلام ئەو درێژەی بەقسەکانی دا..
(بەڵێ هەموو کارێ بوعدێکی خۆی هەیە!! تۆ سەیری بوعدی تۆپێك.. جیاوازی لەگەڵ ئەبعادی هاوەندا هەیە، ئەمیان بوعدەکەی لەگەڵ نەمساویەکدا جیایە!! تەنانەت بوعدی کلاشینکۆف لەگەڵ چەکێکی تردا جیاوازی هەیە، ئەو جۆرە چەکانەش ئەبێ بوعدو مەدای چەندە لەکاتی بەکارهێناندا ئاگاداری ئەو مەداو بوعدەبی..) دەموچاوی تا ئەهات سوور هەڵئەگەڕا، قەف دووکەلی جگەرەکەی دەستی مەداو بوعدی مێزەکەی پەڕاندبوو، دوای دوو نەرمە کۆکەرا، فریای پێکێکی خەست کەوت و لەسەر قسەکانی ڕۆیشت:
(جابرادەر، بوعدی ئێمەش ئاشکراو دیارە!.ئێمە لێرەدا ناسراوین!، هەموو خاوەنی ماڵ و منداڵ و مەسلەحەتین!! لەم چەند مانگەدا وەك تۆ بۆی چووی، بەرامبەر بەشار هیچ کەمتەرخەمیمان نەبووە! بەڵکوو ئێمەی ئاگاداری وەزعەکەین و مەداو بوعدی خۆمان زانیوە، بۆیە سەردانی شارمان نەکردووە!! نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کەسوڵتە لەهەموو هەڵسان ودانیشتنی خەڵکی ئەم وڵاتە ئاگادارە! خۆ ئەگەرچی لەم ساڵەدا سەرمان لەشار نەداوە بەلام دڵمان، دەروونمان هەر لای شارە

!! ئیتر بۆچی کەمتەرخەمین؟ تا من بەهیچ جۆرە بەو قسەیە رازی نیم!!نابێ وا بڵێی.. نەء..نابێ!!..)
کابرای پشت مل پاقلاوە لەگەڵ قسەکانیا دەمارەکانی دەمووچاوی تا ئەهات بەقەد پەنجە درێژەکانی دەستی هەڵئەئاوسان، عەرەق بەری ناوچەوانی گرتبوو، گیانێکی بەجەکەکەی بەردەمی بوو کەیەك دوو کلۆ سەهۆڵی فریاخست.. زەرەبین لەچاو لەکاتی قسەکانی ئەودا چاوەکانی فریای ئەمـلاو ئەولانە ئەکەوتن، هەردووکی لەچاوەکانی ئەودا ئەدرەوشانەوە.. لەدوایشدا دەمی تەڵەی تەقیوبوو، هەر ئەوەندە فریاکەوت داوای لێبوردنی لێبکاو قورو قەپ..

پێنجەمیان کەڵەگەتێکی میسری گوشت، سەر ماش وبرنج، بەڵام مووەکانی سمێڵی لەبەرهەندێ دەسکاریی شارەزایانە رەشی قەترانی ئەنواند!.. ئەمیان ئارادەیەك کەم دووتربوو لەهاورێکانی سەرمێزەکە، لەکاتی قسەکردندا قەستی ئەکرد نەك هەرمیر دوومێزە لەیەکدراوە، بگرە هەموو مێزەکانی دەوروبەریشی بێدەنگ و گوێ رایەڵ بن بۆ قسە نەرموو لەسەرخۆیەکانی.. کەمێزەکە رێی قسەی پێدا:
پشتی نیوەی سپێشەڵەکەی بەردەمی شکاندبوو.. بەو پێیەش لای لەحەزەی سەر مێزەکە بریبوو.. بۆیە کاتێ نۆرەی قسەی بەرکەوت، زمانی تەتەڵەی ئەکرد، کەجارجار قسەی ئەدا بەگوێی مێزەکەدا، کەرتێکی زۆر لەوشەکانی ئەکەوتە بەر تەوژمی غەڵبە غەڵبی هۆڵەکە.. کاتێ کەهەڵێکی لەباری بۆ هەڵکەوت جۆگەلەی وشکانی رژانە سەرمێزەکە:
(ـ بەلای منەوە شار هەر تەنیا شتێك نییە! شار روخسارو ناوەرۆکە، دیارە روخسارو ناوەرۆکیش ئەبێ هاوشان و هاوجووت بن، ئەمیان ئەو، ئەویشیان ئەواوکەری ئەم بێ!!)
وەك مەترسیی لەئاڵۆزیی زنجیرەی بیری بکاتەوە، قسەکانی قارسی کردو دەستی پەنای بۆ پەرداخەکەی درێژکردو تیلماسکێ لیمۆی بەسەراکرد.. بەناولەبی دەمو سمێڵی وشك کردەوە.. (جا وەك لەسەرەتاوە عەرزم کردن کەشار روخسارو ناوەرۆکە.. ئێمەش، خەڵکی شار کەلەرەحمی ئەودا دروست بووین، کۆرپەش لەئەنجامدا رۆڵەی دڵسۆزی ئەودایکەیە.. شاریش دایکی میهرەبانی هەموومانە!! جا ئێمە نەك هەر کەمتەرخەم نین..)
ئەم وشەکانی لەبینا تەرابو کاتێ لێپرسراوی تەلەفۆن لەبەردەم مێزەکەدا دەمی خستە پەناگوێی کابـرا قەڵەوەی یەکەمداو بەچرپە شتێکی راسپارد.. ئەم لەناکاودا ئاوێکی ساردکرا بەلەشیاو دەستی کردە هەناسە برکێ:
(بەداخەوە.. کۆچی دوایی... مامۆستا... تان پێرائەگەیێنم..)[1]
هەموو پێکەوە:
(بەداخەوە.. ئەی ئەبێ تەعزیەکەی لەکوێ بێ؟..)
کابرای قەڵەوە.. بەدەمێکی تاساوەوە..
(داوا ئەکەن سبەینێ زوو پێکەوە بەرەو شار... تەرمەکەی.. ببرێتەوە)
وەك ئەوانگەڵ دەست لەدوو مێزە لێکدراوەکە بوەشێنن، کەسی بەسەرەوە نەما.. گەرم و گوڕی

هۆڵەکە بوو بەدەمی مردوو.. گلۆڵەی هەواڵەکە هەر شەشیانی ڕاپێچی بەر ئۆتۆمبیلەکان کرد.. بۆڵەو خوتەکانیان لەنێواندا بەم وشانە سەقامگیر بوون، کەدەمی هەموویان ئەیان وتەوە.. (جا ئەمە کەی ڕەوای هەقە..؟ چۆن ئەبێ ئەمرۆ ئەم داوایە بکرێ؟. پیاو لەهەر کوێ مرد لەوێدا بنێژرێ!!) بۆ سبەینێ تەرمی شیرینی مامۆستا بەرەو شار کرایەوە جگە لەهاوسەرو خزمەکانی، تەنیا یەك دوو دۆستی ڕێگەی شاریان دابوو بەکۆڵیاناو بەرەو گردی سەیوانیان کردەوە...

●

---

(١) نیشانەیە بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەرو کورد پەروەر

نیشتمـــان پەروەرو ئەدیب و مامـــۆستـــاو کەڵەپیـاو خوالێخـۆشبـو (فـەریـدوون عەلی ئەمـین ١٩٣٢/١٩٩١) کەڕۆژی ٢٤/١١/١٩٩١ لەبـەغـدا لەئـەنجـامی نەخـۆشییـەکی کوشندەدا کەماوەیەك بوو بەئازارییەوە ئەی ناڵاند.. ئەویش نەخۆشییەکی کوشندەوە بوو کۆچی دوایی کرد

## سەردانێك لەزەردە ئێوارەی حەوتەم رۆژی مانگی گوڵانی سەدەی بیست و یەکەمین

**سیروان**

خۆم رێکپۆش دەکەم، رەشپۆش دەکەم
سەردولکە نامەیێ لەگەڵ خۆم دەبەم
بۆنی هەوری هەرە سپی لەخۆم دەسووم
پەیتوونێك دە گرم
سەرێك لەگۆری ئافرەتێك دەدەم
لێوەکانی چەندە هیشکن!!!
مەگەر ئێرە، بێ خێرە
بێ بیرە، بێ پیرە
بێ کوپەیە، بێ مجیوەرە
ماچی دەکەم
خوێنی دەگەرێ
ئێسقانی توند دەبێ
مێخەکبەندی دەگەشێ
چونکە ماویەتی
هەر وەك دیارە، هەتاو دەسورێ
دەرکەی گش ماڵێکیش دەکرێتەوە
چونکی زۆری ماوە
قژی لەخەنەنراو هەڵدەپشێوم
پروشك ئەم ناوە، پر نوورو بخوور دەکات
مۆم تەمرەسوت دادەگیرسێ
چونکە ماویەتی
ماسیگر تۆری داوێو هەر داوێتەوە
بەندیخانە: شیشە ئاسنی ماوە نەگۆراوە
تەونی جاڵجالۆکەش ئێستاش ئامادەیە



فێرە ووردەکاریو ئۆینبازیمان بکا
بۆراتییەك رادەبێ، هەنگاو دەنێ
بەکزە دەنگێکی پر کەسەر پێم ئەڵێ
ئادەی، بەرخەکە، رۆڵەکە!! وبەس
دایە، تۆ هەقایەتەکەت تەواو نەکرد
لەبیرت چوو شیوەکە لەسەر ئاگر بێنیە خوریٚ
تەشیەکەت لەدەلاقەدا بەجێ هێشتووە
ناسورێ، ناگەرێ
لەبیرت چوو بوو
دەفلسیم بدەیێ، لەقوتابخانەدا زۆرم برسی بوو
نیوە سەندەویژم پێ نەکرا
لەبیرت چوو بوو
نوشتە لەکورتەکم قەیم کەی
بمبەی بۆ ماڵی خاخۆ، لەبیرت چوو
لێمدەی، کەدرەنگە ئێوارە لەفلیمی (هەرقەل) گەرامەوە
لەبیرت چوو، نەوت لەچرا بکەی
لەبیرت چوو، حەنەفی بگرییەوە
لەبیرت چوو، فانیلەم بشۆی
لەبیرت چوو، نینۆکم بکەی
لەبیرت چوو، دەمی مەقەس قەپات کەی
لەبیرت چوو، پەلکە باینجانمان بۆ ووشك کەی
لەبیرت چوو، وێنەی خۆتم بۆ بگری
لەبیرت چوو، ژوور بماڵی
لەبیرت چوو، تەڵەی مشکان دانێیەوە
لەبیرت نەبوو، خۆ من لەبیرم نەچوو.

١٩٨٠/١/٢٠

# پێشکێش

سەباح ڕەنجدەر

( ١ )

ڕۆژانێکە کەسێ دەنگێ لە دەرگای کەسێکیدی هەڵناسێنی
تیشک نانیشێتە لە شی ئاوەدانی
کۆتر نەهاتۆتە حەوشێ
دەنکە دانێ هەڵگرێتەوە
گورگپەرت
گۆپکەی قەزوان گەرمایی فرۆشتە دڵیخاک
ژن سوخمەی دەراویانکردەوە
شەوان پەنجەی مانگی لە ناو دەنوێ

( ٢ )

لە پەرتبوونی موچڕکی وورشەڕێژی ئاودەنگی
پەنجەی نزام هاوێشتە پێش ڕۆشنایی
پەنجەوم
ئێوارە ڕەنگدەنگییەکانی خۆشنوودی بەربۆوە
داواکراوم بەرپانەبوون
دانیشتمەوە
کراسم پەڕۆی داوەڵ
هەواڵم چاڵاکی بۆشایی
پێت شۆڕکەوە ناو ئاو
ددانی ماسی دەکەون

( ٣ )

دوو ووشکایی
لە نمە هەتاوی سەرنجلێڵ
بسک
سمێل



یــــان
گـــرت

دوو تەڕایــــی
لە ســارنجی هـەمیشــــە کۆچـــــــڕ
گــــەرمی
تریفــــە
یــــان
گـــرت

===
ســـێ بڕگەیە لە چامەییێـــــــک .

# چەند کۆپلەیەک لەشیعری

# هەڵەبجە «ماربارین»

محسن ئاوارە



ئەمە خەونە ، یان راستی یە
ئەمە رەسمە ، یان یاری یە
فلیمێکە ، پشیلە ، مشک ڕاو دەنێ
فلیم وەستا
نێوانی مشک و پشیلە
چەند شەقاوێکی ژاردارە
لەیەک چرکەو لەیەک ساتی
نەمشک راکردنی ما
نەپشیلەیش قاچی لەدوا هات بیکاتێ
لەو شوێنەوە
رەق بوونەوە

* * *

ژاردارەکان ،
تیر نەدەبوون ، نە ئەوەستان
تا گەیشتنە کەلێنو پەسیوان

تارمایی دیارو نەدیوان
ملیان دەنا بو سەر زەوی
بۆ ژێر زەوی ، گردو نەوی
هەیوان و بان

راست .. چەپ .. پشت .. بەر
ژێر .. سەر .. ژوور .. دەر

هەواڵنامەی کتێب



(( بۆن دی ، بۆنی سێوان دی
بۆن دی ، بەرەو رووی ماڵان دی ))

بۆن بۆ ئەو دیو و ئەو دیوی
شوورەی ماڵان
ئەم دیو و ئەو دیوی پەردەی
بووک و خەسووان
ئەم دیو و ئەو دیوی چیخ و
پەرژینی باخان
ئەم دیو و ئەو دیوی تەونی
رایەڵی وەرتەو رایەخان

بۆ گشت لایێ
لە گەل دەستەی شنە بایێ
* * *

چاوم لێ بوو
( بیری)خان لەسەر بەردە بیر
دەستو قامکی لە گوانی چیڵ
شیر دەدوشی ، شیری سپی
لە ماوەی چاو تروکانێ
مەنجەڵە شیر ، زەرد هەڵگەرا
( بیری ) خانیش
کاتژمیرلەناو قەفەزەی سینگی وەستا
زمانی شکا
چاوانی زەق .. هەستی مولەق
* * *
بخەون ، شەو و رۆژتان باش
ئەی ئەوانەی بوونە ژەمە گەری بەرداش
ئەی ئەوانەی بوونە شاباش
بۆ پارسەنگی و پر کردنەوەی ریزە ددانی شاش
* * *
بخەون بووک و زاوای نەو
لە سەر نەو تەخت و رەختی ماف

بخەون جلی شوراوی
دوو قەد کراوی سەر تەناف

* * *

بخەون ئەی تەرازووە لا سەنگە وەرگەڕاوەکان
دەرگای دوکانان والایە
بخەون ئەی باڵندەووشک بووەکان
توخمی گۆشت خۆری چڕنووک تیژ
لە گیانە لاوی مەرگایە

* * *

بخەون ئەی ئەوانەی وا لە ژوانگەدا
بە گوڕ یەکترتان لە ئامێز گرتووە
جگە لە ژەهری قین و ڕەق
کەسی تر شوونی ئێوەی هەڵنەگرتووە

* * *

بخەون ئەی ئەو سەگانەی چوار چەمولە
لە پشت دیوارا وەرکەوتوون
بێ ئەوەی بزانە مانای بوون و نەبوون

* * *

بخەوە ( لالۆ ) ی کوردستان
بخەوە ( لالۆ ) ی هەورەمان
بخەوە ( لالۆ ) ی یاڵنشین
لەسەر گیاو خاکی ڕاخراو
توش ئەی پەپولەی باڵ نەخشین
لەسەر ئەو شاگوڵە نەورۆز نەدیوانەی
سوونەتە یاتاخ و نوین

* * *

بۆ نەخەون ؟
بەناوی ئەو چەرخەی دەمامکی خوی داوە
بەناوی ئەو داهینانە کوشندانەی
سەرجەمی هەزاران قەف و تەپکەو داوە
بەناوی ئەو دروشمانەی هەلکراوە

هەواڵنامەی کتێب

بخەون پرخەتان نەبێ ، خەوێکی خۆش
خۆشاوی کیمیاویتان نۆش
ویژدان و مرۆڤایەتیش
لە ئاست رژێمی بۆگەندا
گفتوگۆی بۆش

●

# پاك كردنەوەی ڕیزەكانی حیزب

نووسینی: خەسرەو شاهانی
وەرگێڕانی: محمد حسن ڕۆژ بەیانی

چەند ساڵێك لەمەو بەر كاتێ كارتی بانگ هێشتنم لە كاك «حەقیقەت زادە»ی پیاو ماقوول وناوداری شارەوە پێ گەیشت لە خۆشیاندا پێم بەزەوی نەدەكەوت وفش بوو مەوە وپێستم جێی لەشمی تێدا نەدەبۆوە. ئەو دەمە تازە مووم هاتبوو وخۆم لەریزی گەنج ولاوانی شار دا دەنا و دەمویست منیش بۆ یاری وگەمە بانگ بكەن و گرنیی چەند ساڵەی دڵم بكەمەوە، چونكە تا پێش ئەو ڕۆژانە گوێم بەبیستنی ووشەی سووكی وەك «فلانی» منداڵە «كاری گرنگی نابێ پێ بسپێردرێ» و «هێشتا بۆنی شیری خاوی لەدەم دیت» ڕاهاتبوو، كەسێك نەبوو بڵێ «كەرت بەچەند؟» نەخوازەڵلا ناودارو ناسراوی شار كارتی بانگ هێشتنت بۆ بنێرێت ولەكارتەكەدا بنووسێت!

بەڕێز كاك...

بەشدار بوونی بەرێزتان لەپێشكەوتنی باری كۆمەلایەتی ئەم شارە بەكاریگەرو گرنگ دەزانین وگەنج و نیشتمان پەروەرو لەخۆ بوردووی وەك ئێوە دەبێتە مایەی سەر بڵندی وسەرفرازی كۆبوونەوەكەمان لەبەر ئەمە داوا لەبەرێزتان دەكەین سەعات.... ڕۆژی.... بۆ هۆڵی شارەوانی تەشریف بهێنن، تا لەگەڵ دامەزرێنەری حیزبدا بیرورا ئاڵوگۆر بكەین. هاتنتان جێگای سوپاسمانە.

ئمیزا

حەقیقەت زادە

باوەر بكەن لەخۆشیاندا هەر ئەوەندە نەبوو باڵ بگرم، بەهەركێ دەگەیشتم بانگ هێشتنەكەم بەشانازیو خۆ بەزل زانینەوە پیشانی دەداو با بەلووتمەوە دەچوو ولەبەر خۆمەوە دەمووت ئەمە منم كارتم بۆ نێردراوە.

ڕۆژی دیاری كراو خۆم گۆڕیو سەری سەعات بەهۆڵی شارەوانی گەیشتم، تەماشا دەكەم جگە لەمن، زیاد لەدوو سەد، سێسەد كەسی تر بەتەنیشت یەكەوە لەهۆڵی نمایشنامەكەی شارەوانی دانیشتبوون وخەریكی چاویو شەربەت و شرینی خواردنەوەو خواردن بوون.

تەماشایەكی دانیشتوانم كرد، هەموویان لەپیاو ماقول و ناسراوەكانی شار بوون، ئەوانەی كەهیچ كاتێ گوویان بەكلاوی من نەدەپێوا وڕێزیان نەدەگرتم، ئێستاش وا ڕێكەوت منی لەگەڵیاندا پێكەوە دانیشاندووە.

کاتێ هەموو بانگ کراوەکان هاتن. کاک حەقیقەت زادە، خوا پشت وپەنایان بێت چووە پشت مایکرۆفۆن وپاش خوێندنەوەی پێشەکی یەکی دوورو درێژ لەسەر پێداویستی دەست گرۆیی و پێک هێنانی حیزبی ووتی:

ـ ئێمە ئیمرۆ لێرەدا کۆبووینەتەوە تا بناغەو بنچینەی حیزبی «سینەی ڕووتان» دابڕێژین و هەروەک دانیشتووە بەڕێزەکان دەزانن ئەم حیزبە ماوەیەکە لەناو شاری «تاران» بەجۆش و خرۆشێکی بێ وێنەوە خەریکی خزمەت کردنەو ئێمەش دەمانەوێ بەهاوکاری هاوبیران و هاوولاتیانی ئەم شارە ئازیزە لقێکی ئەو حیزبە لێرە بکەینەوە، تا وولات سوود لەمەردایەتی و هەستی بەجۆشی مرۆڤانەی لاوانی ئەم شارە وەربگرێت و«بێ هەست کردن کۆخەیەکی تێزانەم بۆی کرد» ئێستاش کاکی «نیشتمان پەروەر» کەیەکێکە لەووتار بێژە بەناوبانگەکان وولات و ئەندامێکی کارامەی حیزبی «سینە ڕووتەکانە»و بۆ هەمان مەبەست لەپایتەختەوە بۆ شارەکەی ئێمە هاتووەو لەم بارەیەوە بۆتان دەدوێ...ئینجا کاکی «نیشتمان پەروەر» لەپشت مایکرۆفۆن ڕاوەستاو «میرابۆ» ئاسا دەستی بەئاخافتن کردو سەرەتا کەوتە باس کردنی هێزو قودرەتی حیزب لەپایتەخت و پاشان هاتە سەرکردنەوەی لقەکانی حیزب لەشارەکان و لەکۆتاییدا ووتی:

ـ برایان! بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان وخزمەت کردنی کۆمەلانی خەڵک بەپێویستمان زانی ئەم حیزبە پێک بهێنین وئێمە دەبێ بەسینەی پڕ جۆش وخرۆشی خۆمان ئالای حیزبی «سینە ڕووتان» بپارێزین.

... لەهەمان کۆبوونەوەدا سەرەکی لقی حیزبی «سینە ڕووتان» ی شار هەڵبژێردراو بڕیاریش درا پارە بۆ کڕینی پێداویستی یەکانی وەک مێزو کورسی و مایکرۆفۆن وئەم جۆرە کەرەستانە کۆبکرێتەوەو ئەوانەش کە دەست کورت بوون «واتە ئەوانەی کەوەکو من تەنها لاویەتی وجۆشیان هەبوو» وابڕیار درا لەماڵەوە شتی وەکو پیاڵەو قۆری وقاپی میوەهات وکەوچک وچنگاڵ بهێنن. بەپیرۆزی وموبارەکی لقی حیزبی «سینە ڕووتان» لەشارەکەی ئێمە کرایەوەو «پێی» گرت. ڕۆژی کردنەوەی لقەکەش ئەندامە باوەڕ ئەستوورو پارەدارەکان پارەیەکی زۆریان بەخشی ومیوانداریەکی گەرم بۆ میوانەکان سازکراو پاش سەعاتێک لەنێوان چەپڵە لێدان وهات وهاواری «هەر بژی پیاو چاک و ڕەوشت پاک» و «بمرێ پیاوی خائین وناپاک» ئالای حیزب لەسەر خانوویەک کەپێشتر سەرکردەکانی حیزب بەکرێیان گرتبوو هەڵکراو حیزب بەشێوەیەکی ڕەسمی کەوتە کارو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ژمارەی ئەندامە فیداکارەکانی حیزب لەزیاد بووندا بووو لەدوورو بەرو گوندو لادێیە نزیک و دوورەکانیشەوە خەڵک دەهاتن و لەحیزبدا خۆیان ناو نووسی دەکرد. ڕۆژێک چاو پێ کەوتنمان هەبوو، دوو ڕۆژ جارێک «دەمونستراسیۆن و ڕێ پێوانمان» هەبوو، سێ ڕۆژ جارێک کۆبوونەوەی حیزبیمان هەبوو، حەفتەی جارێک ئاهەنگ و شاییمان هەبوو، هەموو شەوێکیش کۆڕو کۆبوونەوەو نازانم کۆمیسیۆن و سوکیمیسیۆن و گفتوگۆی ئابووری و سیاسیمان هەبوو، حەفتەی حەوت ڕۆژیش لەگەڵ ئەندامانی حیزبەکانی دیکەی شار. ئەوانەی کە وەک ئێمە لقیان هەبوو، بەلام ڕێکخراوێکی وەک ئەوەی ئێمەیان نەبوو، شەڕە قسەو بگرەو بەردەو کوتەک کاریمان هەبوو، ڕۆژی چوار جاریش هەر بۆ خوا شەڕمان هەبوو، لێمان دەداو دەمان خوارد، هەڵمان دەدڕین و هەڵیان دەدڕین. ئەم بەرنامەی «لێدان و خواردنە» لە هەمووی ڕێک و پێک و چەسپاوتر بوو، چونکە هەر ئەوەندە بەس بوو یەکێک بڵێ برۆ بەسەر چاوی ڕابەری حیزبەکەتانەوە هەیە.

ئەنـدامـانی حیزبەکەمان خۆی لە پێنج، شەش هەزار دەدا، هەموو خوێن گەرم، هەموو پڕ هەست، هەموو نیشتمان پەروەر، سەرکردەکانی حیزبیش، لە باری ڕێك و پێكیو دەست پاکییەوە خۆیان «بیلاتە شبیهە» لە باری ڕێکی ودەست پاکی یەوە خۆیان «بیلاتە شبیهە» لەئاستی ئیمام جەعفـەری سادق دا دەنـاو شمری ناحەزمان نەبوو. بەرەبەرە سەرۆکی فەرمانگە کانیش ترسی حیزبەکەی ئێمەیان لێ نیشت، دەوڵەمەندو پارە دارەکانی شار ئەڵماسەکانیان لەکیسە کردو کەپێمان دەگەیشتن سەلامیان لێ دەکردین. دروشمی بمرێ وبژێ لەسەر هەموو دەرو دیوارەکانی شار نووسرا. پاش یەك دوو ساڵێـك ڕۆژێ تەمـاشـا دەکـەم کارتی بانـگ هێشتن لەلایەن کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی حیزبەوە بە دەست یەکاو یەکی ئەندامان گەیشت ولەبانگ هێشتن لەلایەن کۆمیتەی لێکـۆڵینەوەی حیزبەوە بەدەست یەکاویەکی ئەندامان گەیشت ولەبانگ هێشتنەکەدا نووسرابوو ئامادە بوونی « حیزبی یە ئازیزەکان» بۆئەوەیە تابەشداری موحاکەمەیەکی مێژوویی زۆر پێویست بکـەن، ڕەگ وریشـەی کێشـەکـەمان بۆ ئاشکرابوو، دەرکەوت کەیەکێ لەئەندامانی حیزب بێ حورمەتی بەرانبەر ئامانجەکانی حیزب نواندووەو ئێستاش دەستەی دادوەری حیزب کە دەسەڵاتی قازی لێکۆڵینەوەی هەیە دەیەوێ ئەو کابرایە موحاکەمە بکات وتاوانەکەی لەسەر بچەسپێنێ و لە حیزب دەربکرێ. بڕوا دەکەن ئەم هەواڵە چ هیواو ئاواتێکی لە دڵ ودەروونماندا گەشاندەوە؟

حیـزبێـك ئەوەندە ڕێك وپێك بێتو دەرهەق بەئەندامانی خۆی ئەوەندە سەخت گیر بێت، جێی خۆیەتی سەری ڕێزو نوازشی بۆ دانەوێنین، ڕۆژی دیاری کراو بۆ بارەگا ڕۆیشتین. بێگومان هەموو نەهـاتبوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لەئەندامان ولایەنگیران بۆ تەماشا کردن هاتبوون، دەستەی دادوەران یاوەك دەڵێن قازیەکانی حیزب لە سەرەوەی هۆڵەکە دانیشتبوون وئەندامانیش کەهەر خۆیـان تەماشا کەرانیش بوون کۆمەڵێکیان لەسەر کورسی دانیشتبوون وژمارەیەکشیان دەست لەسەر سینگ بەپێوە ڕاوەستابوون وچاوەڕێی دەست پێکردنی موحاکەمەکە بوون. موحاکەمەکە دەستی پێکردو دادوەری حیزب وتی:

ـ بەداخـەوە یەکێ لە ئەندامانی حیزب کەئێمە زۆر بەپاکمان دەزانی وبڕوایەکی تەواومان پێی هەبوو وبەجێگری سەرۆکی حیزبمان هەڵبژاردبوو، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی سوودی لە هێزو توانـای حیزب وەرگرتووەو لە لێپرسراوی دارایی بەناوی هەموو ئەندامانەوە «واتە شەش هەزار ئەنـدام» دوو کیلۆ چای وسێ کیلۆ قەندو شەکری بەنرخی ڕەسمی دەوڵەت وەرگرتووە ولەبازاری ڕەشدا بەنرخی ڕۆژ فرۆشتوو یەتیەوەو هەزاران تومەنی قازانج کردووە وئەم کارەش پێچەوانەی ئامـانـج وئاواتە پیرۆزەکەی حیزبەکەمانە وئێستاش داوا لە «دروسیت زادەی جێگری سەرۆکی حیزب ـ تاوانبار » دەکەین ئەگەر شتێکی لەم بارەیەوە بۆ پارێزگاری خۆی هەیە بادەری ببڕێت. کاکی دروست زادە! هەستایە سەرپێ ولەبەردەم خەڵکەکە دا ڕاوەستاو زۆر بەکورتی وبەیەك ڕستە وتی:

ـ هەموو کردیتان، منیش کردم.

... سەرۆکی حیزب کە لە ڕیزی پێشەوەی دارگاکە دانیشتبوو بەتووڕەییەوە بە «دروست زادە»ی ووت

ـ کێ کردوویەتی؟

- بەرێزتان یەکێك لەوانەن!
... تەماشا دەکەم مووەکانی ناو لووتی جەنابی سەرۆکی حیزب وەك سمێڵی کەروێشك کەوتنە لەرزین، بەتوندی مستێکی بەسەر مێزەکەدا کێشا
- چیم کردووە؟
تاوانبار - مەهێڵە بیڵێم چیت کردووە جەنابی سەرۆك؟ وا دەزانی ئێمە ئاگامان لەهیچ نییە؟ ناوو هێزی حیزبت بەکاربردو قوێنتەراتی «هەڵکەندنی» سێلاوگەکەی ناو شارت گرت و پاشان لەباتی یەك مەتـر، نیو مەترت هەڵکەندو لەجیاتی ئەو سێلاوگەی راست و رەوان هەڵبکەنی پارەت وەرگرت و سێـلاوگەی «پێچاو پێچت» بۆ خەڵك هەڵکەندو سەرئەنجامیش. ساڵی دوایی باران هات وشاری وێران کردو ئاو ولافاو هەمووی برد. پچە پچ کەوتە ناو ئەندامە ئامادەبووەکانی دادگاوە.
- هەی .هەی! کەواتە لافاوەکەی ساڵی پار لەئەنجامی ئەوەوە بوو کەکاکە لەجیاتی یەك مەتر نیو مەتری هەڵکەندبوو.
... دادوەران رووی دەمیان لەکاك دروست زادە کرد:
- زیاتری روون بکەرەوە! مەبەستت لەیەك مەترو نیومەتر چییە؟
... دروست زادە قورگی پاك کردەوەو ووتی:
لەبـریاری سێلاوگە هەڵکەندنەکەدا هاتووە کەدەبێ قوولی سێلاوگەکە چوارمەترو بەرینایییەکەی، هەشت مەتر بێت و رێچکەی سێلاوگەکەش راست وراست لەباشوورەوە بەرەو باکوور بڕوات تا ئەگـەر لافـاو هات «سەر نەکات» وکاکەش بەهەزار حاڵ دوومەتری قووڵ کردو لەجیاتی ئەوەی هەشت مەتریشی بەرین بکات شەش مەتری هەڵکەندو لەهەر خاوەن ماڵێکیش کە کەوتبوونە سەر «سێلاوگەکە» هەزار تا دوو هەزار تومەنی وەرگرت و سێلاوگەی خوارو خێچ و پێچاو پێچی هەڵکەند، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو ساڵی پار ئاو بەپێچەکاندا نەرۆیشت ولەبەر ئەوەی سێلاوگەکەش تەسك بوو لافاو بەناو شارکەوت.
با کاکەی سەداقەت پوور نەیکردایە تامنیش نەیکەم.
... دادوەر خۆی کۆکردەوەو رووی لەکاکەی سەداقەت پوور کەبە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردرابوو و ووتی:
- قسەکەی دروست زادە راستە؟
کاکی سەداقەت پوور کەمێ سەری خوراندو وەڵامی دایەوە:
- باشە! هەموو کردیان منیش کردم!
... تەهەه! کەواتە ئەم هەویرە ئاو دەکێشێ، دروشم ئێمە دایبنێین. بژێو بمرێ بیڵێین، شەق ودارو قامچی ئێمە بیخۆین. قەندو شەکرو چای حەق وحیسابیش بەرێزان وەری بگرن و لەباتی یەك مەتر هەڵبکەنن! دەنگی کاکی دادوەری حیزب لەهۆڵەکە بەرزبۆوە:
- کێ کردوویەتی؟
- کاکی سەرۆکی کۆمیتەی چاك کردنەوەی شار!
- چی کردووە؟

لەخۆی بپرسن، شەقامەکانی شاریان بەچی قیرکرد.
... کاکی دەست و داوین پاك سەرۆکی کۆمیتـەی چاك کردنـەوەی شار لەپشت مێزی دادگاوە ڕاوەستاو ووتی:
- ڕاستە من قۆنتەراتی قیرتاو کردنی شەقامەکانی شارم گرت و لەجیاتی ئیسفەڵتی گەرم ئیسفەڵتی ساردم ڕشـانـدو لەبـاتی ئەوەی یەك مەتر بەردو قیر بەسەر شەقامەکاندا بڕێژم دەسانتیمەترم پێوەکرد. ئەی خۆ من بە«بەلاش» نەهاتووم تا لەحیزبدا ببم بەئەندام؟ دەست لەکارو کاسبی هەڵبگرم وخزمەتی خەڵك بکەم وسەرئەنجام هەموو بکەن وببەن و من نەکەم؟
سێ جار نەعرەتەی دادوەر لەهۆڵەکە دەنگی دایەوە:
- کێ کردوویەتیو چی کارێکی کردووە؟
- لەکـاکـی «دەسـت ودەمـو چاو شۆراو» سەرۆکـی کۆمـیـتـەی چاك کردنـەوەی ڕەوشت و بەرەنگاربوونەوەی داوێن پیسی حیزب بپرسە کە«کولانە سەگ» لەجیاتی خانوو بەدەست خەڵکەوەدا.

- با بزانم تۆ ئەندامی حیزبی یاقۆنتەرات چیت؟
... بێ دەنگی یەکی قورس هۆڵی دادگاکەی داگیرکرد، دەنگە قەبەو زلەکەی کاکی دادوەر هەناسەی لەسینەی خەڵکەکە تەنگ کرد، کاکی «دەست ودەمو چاو شۆراو» سەرۆکی کۆمیتەی چاك کردنەوەی ڕەوشت و بەرەنگاربوونەوەی پیسی شانێکی هەڵتەکاند:-
- هەموو کردیان منیش کردم.
- تۆش هەر هەمان شت دەڵێی؟
- بەڵێ!
- کێ کردی؟
- هەموو! «بارەکەڵڵا لەهەمووان»
...سەرتان نەئێشینم کار لەلێپرسراوانی حیزبەوە بەرەو خوارو خوارتر دابەزیو یەخەی هەر کێیان دەگرت «حەلوا»ی دەرخواری یەکێکی تر دەدا تاسەر ئەنجام بەچایچی یەکەی حیزب گەیشت.
- ئەی تۆ چیت کرد؟ بۆ دەستت بۆ پارەو خەرجی چایو شەکری حیزب بردووە؟
- قوربان هەموو کردیان! منیش کردم.
- مەبەستت کێیە؟
- «مـش ڕەمەزان» ی دەرگاوان.
- چی کرد؟
- لەخۆی بپرسە بزانە تا ئێستا چەندە غەزی لەکۆگای حیزب دەرکردووەو فرۆشتیوویەتی، بەڵێ، ئەو کاغەزانەی کەپێویست بوو بەرۆژنامە بکرێن وبیرو باوەرو بەرنامەی حیزبی تێدا بلاوبکرێتەوەو بەخـەڵکی کوچەو بازار بگات. هەمووی دەستە دەستەو بەند بەند «مش ڕەمەزان» ی دەرگاوان لەحیزب بۆ دەرەوەی برد.

ئەی ئەم قات وجلە چاك وتازانەی لەموغازەكەی باوكی مەرحوومیەوە بۆ هاتووە یا لە كۆگای مامە بەرێوەكەیەوە؟ من شەو رۆژ لەبارەگا دام وزناگام لێیە چی ڕوو دەدات، ئێوە چوزانن؟

...پاش ماوەیەك (مش رەمەزان» یان هێنا.

ـ مش رەمەزان بۆ وات كرد؟

ـ هەموو كردیان منیش كردم، كاتێ كە لاوانی پڕ جۆشی حیزبەكەی ئێوە لەكاتی هوتاف لێدان بمرێ وبـژی ووتـنـدا كەمتـەرخـەمی بنـوێنن وبـەتـەواوەتی دەنگی خۆیان هەڵنەبڕن تا ناوی حیزب بەرزبكەنەوەو نیوەی سامانەكەی حیزب بەبا بڕوات دەتانەوێ من نەیكەم؟

ـ كێ كردوویەتی؟

... مش رەمەزان بەپەنجە ئیشارەی بۆ ئەو لایەی هۆڵەكە كرد كەمن لێی راوەستابووم و ووتی: لەو كاكەیە بپرسن كە لەوێ راوەستاوە بۆچی لەچاوپێكەوتنەكەی رۆژی هەینیدا نەك هەر هوتافی لێ نەدەدا بگـرە ئەوانـی تریشی هان دەدا تا هوتـاف لێ نەدەن، بەو دوو گوێیـەی خۆم بیستم بەكابرایەكی تەنیشتی دەووت، مەگەر شێت بوویتە ئەو هەناسە نازدارەت بەفیرۆ خەرج دەكەی؟ وبژێ وبمرێ دەڵێیی ...بەڵێ كاكی دادوەر! كار بەم شێوەیە تێك دەچێت «بزنە گەرێك مێ گەلە بزنێـك گەر دەكـات» كەبـڕوا نەمێنێت، ئەنـدامی حیـزب ناپـاكی بەرانبەر بەحیزب دەنوێنێت ولەئامانجەكانی حیزب لا دەدات و بیرو باوەری ئەوانی تریش لەق دەكات، پێویستە سەرەتا ئەو سەرچاوە وورد وبچووكانە كوێر بكرێتەوەو لەناو ببرێت تا لە دواییدا لافاو هەڵنەستێت، من هەر چەندە سەمتی پەنجەی «مش رەمەزان» دایە بەرنیگا تا بەباشی ئەندامە ناپاكەكە بناسم، كەچی تەماشا دەكەم هەموو سەیری من دەكەن! رق وكینەو نەفرەت لەچاوانیان دەباری، روویان لەمن كردبوو وددانیان جیر دەكردەوەو مستیان ئامادە دەكرد، مش رەمەزانیش هەر دەیرێسا.

لەمن كاتانەدا كاكی دادوەر، قسەكەی مش رەمـەزانی بڕیەو رووی دەمی لەمن كردو ووتی وەرە پێشەوە بابزانم!

ـ بەندە قوربان!

ـ بەڵێ... جەنابی بەرێزتان!

... چوومەپێشەوە. دەست لەسەر سینگ راوەستام. كاكی دادوەر ڕووی لەبەندەكردو فەرمووی!

ـ ئەوەی كە مش رەمەزان فەرمووی راستە؟

چی بڵێم قوربان! لەخۆی بپرسە.

ـ خۆی هەموو شتێكی ووت، ئێستاش نۆرەی تۆیە بیڵێی!

ـ چی بڵێم قوربان؟

ـ كەتۆ لەچاوپێكەوتنەكاندا..سەرەرای ئەوەی لەگەڵ هاوبیرەكاندا ناتەبا بوویتەو بەدەنگی بەرز بژێو بمرەت نەووتووەو ئەوانی تریشت هان داوە تا ئەركی پیرۆزی حیزب ئەنجام نەدەن.

...هەیهوو! كەواتە ئەوەی كەمش رەمەزان پەنجەی بۆ درێژكرد

من خۆم ونازانم؟! كەمێ چەناگەمم خوراندو چونكە هیچم نەبوو بیڵێم بێ دەنگ بووم. دووبارە دەنگە قەبەو ووشكەكەی دادوەر لە هۆڵی دادگادا دەنگی دایەوە . بۆچی قسەناكەی؟

ـ هیچ قسەیەكم نی یە جەنابی دادوەر تابیڵێم، من هیچم نەكردووە.

- ئەی بۆچی لەچاو پێکەوتنەکەی ڕۆژی هەینیدا هوتافت نەکێشاوە؟
- هوتاقم دەدا ، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات.
- بۆ دەنگت دەرنەدەهات؟
- سەرمام ببوو سینگم دەئێشا، هەناسەم نە دەهات، جگە لەوەش پێشتر ئەوەندەم هوتاف کێشابوو قورگ و دەنگم نووسابوون.
- گەرووت دەئێشا؟ ها!.. ژانی دەکرد؟
... تەماشا دەکەم چاوەکانی کاکی دادوەر ئاگریان لێ دەباری، زەق ببوونەوە، کرانەوە، دەمارەکانی ملی بایان تێ چوو، ڕەنگی سوور هەڵگڕاو لەپڕ وەك دەبدەبە تەقیەوە!
- ناپـاك!... بەکرێ گیراو! بێ هەست و نەست!.. ئەمە تۆو ئەوانەی وەکو تۆن کە ناهێڵن پێش بکەوین، کارە خراپ و خیانتکارەکانی ئێوەیە ڕێ لەسەر بڵندیو سەرفرازی حیزبەکەمان دەگرێت. ئەو ناپاکی یانەیە کە ناهێڵێت وولات بەرەو چاکەو ئاوەدان کردنەوە ببەین ... بڕۆ.. بڕۆ.. بڕۆ لەحیزب دەرچوو. جێگەی ناپاك و دزو جەردە و بەرتیل خۆر لێرە نابێتەوە، ئێرە جێگەی پیاوی ڕاست و خاوەن شەرەفە نەك پیاوی وەك تو بێ بڕوا. بڕۆ.. بڕۆ.. ووتم بڕۆ لەحیزب دەرچۆ. بوونی تۆو نموونەی وەکو تۆ بوونـەتـە جێگـەی نەك تەنهـا شکستیو نوشستی حیزب، بگرە نانەوەی تۆوی دوو بەرەکی وتێکدانی ڕیزەکانی حیزب و لەق کردنی بیرو باوەڕی ئەندامانیش.. دەی بۆ دەرەوە!
- بەخودا جەنابی سەرۆك من ئەو ڕۆژە سینگم ژانی دەکرد، هەموو دەزانن. شایەت و ڕاپۆرتی پزیشکیشم هەیە!؟
کاکی دادوەر بە توورەییەوە پەنجەی ڕاوەشاندو هاواری کرد!
- ووتم بڕۆ.. بڕۆ.. بڕۆ بۆ دەرەوە.. با نەت بینم!
... تا ویستم بڵێم جەنابی دادوەر، بە خودا هەموو کردیان منیش کردم، بەسەرمدا دابارین و بە پاڵ و شەق و زللە دەریان کردم.

★ ★ ★

... ڕۆژی پاشتر لەڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزب وێنەی من لێدرابوو و لەسەرووی وێنەکەشەوە ئەم مانشێتە نووسرابوو: پاککردنەوەی ڕیزەکانی حیزبی سینە ڕووتان و لە ژێریشەوە نووسرابوو:
- لەبەر ئەوەی حیزبی سینە ڕووتان حیزبێکە پشتی بە دڵسۆزی ئەندامان بەستووە و بڕوایەکی پتەویان بەبەرنامەو ئامانجەکانی حیزب هەیەو هیچ کاتێ ڕێ نادەت خائن و ناپاك لەناو ڕیزەکانیدا جێیـان ببێـتەوە. دوێنێ لە ئەنجـامێکی موحـاکەمەیەکی دادوەریانەی حیزبدا بۆ پاککردنەوەی ڕیزەکانی لەئەندامە ناپاك و ناشایستەکان کاکی فلانی کەوێنەکەی لەسەرەوە بڵاو کراوەتەوە لە حیزبی سینەڕووتان وەدەرنرا. چونکە ڕێزی بەرنامەو ئامانجەکانی حیزبی نەگرتووە..
ئەمەیە ڕەمزی سەرکەوتن و مانەوەی ئەو حیزبانەی کە ئەندامەکانی بڕوایەکی پۆڵاینیان پێی هەیە. با هەر شەکاوە بێت ئاڵای پڕ شانازیی حیزبی سینەڕووتان.

٩٩١/١٢/١١
هەولێر

# گەڕانەوەی چەند شیعرێکی لەیادچووی «سالم»
# - بۆ باوەشی دیوانەکەی -

هیدایەتی عەبدوڵلا حەیران

گەڵە شاعیری سەدەی نۆزدەیەم، شان بەشانی (نالی) و (کوردی) لەقەڵەمڕەوی (بابان)دا ڕۆڵەی نیشتمان پەروەرو بەئەمەك بەرامبەر خاك ونەتەوە ستەم دیدەکەی (سالم)[1]ی شاعیرو مرۆڤە.

ئەو (سالم)ەی لەدەست جەورو چەوساندنەوەی تورکە عوسمانیەکان چەندەها ساڵی لەدوورە وڵاتی پڕ لەغوربەت ودەردو کەسەرو بێزاری بردە سەرد، ئەو سالمەی وەك هەڵۆی پێکراوی دورە چیا بەوڵاشە نادروست و نەساغەوە شار بەشاری کیشوەری ئاوارەیی ئەگەڕاو بەردەوام بەدەم سۆزەی غەریبیو سەرگەشتەییەوە ئەیوت و ئەیوتەوە:ـ

«لەگەڵ دڵ شەرتە (سالم)! گەر نەجاتم بێ لەتارانا؟
بەهەسوراحی[بێتە دەشتی «رەی»؟؟) بەئێرانا گوزەر ناکەم».

(سالم)ی خاوەنی داستانی شیعری مێژوویی کەهەموو ڕووداوو کێشەکانی ئەو سەردەمانەی خۆی بەشێوەیەکی واقیعیو ڕاستگۆیانە بۆتۆمارکردووین، خەبات وبەرگری کردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورمان بەهەستێکی قووڵ وشاعیرانەوە رەچاوکردوە لەئاوێنەی شیعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە.

ئەگەر سەرنج بدەین لەزۆربەی شیعرەکانی شاعیر خۆیان لەخۆیاندا بەڵگەن بۆ پاڵپشتی ئەم ڕاستییە، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەتوانین (سالم) بەشۆرە سوارێکی پێشەوای شیعری غەزەل ودڵداری لەقەڵەم بدەین، ئەگەر چیش تا ئێستاکە (سالم) هەقی خۆی نەدراوەتێو زۆربەی شیعرەکانی چاویان لەتوێێ دیوانەکەیدا (چاپی یەکەم و دووەم)[2] هەڵنە هێناوە کەشکۆڵ و لەو دەست نووسدا ماونەتەوە تۆزو گەردی فەرامۆش بوونیان لێنیشتوە. بێجگە لەچەند شیعرێکی کەمی لەڕۆژنامەی (ژین)ی ساڵانی چلەکاندا لەسەردەمی ژیانی پیرە مێردی نەمر خۆیدا بڵاوبوونەتەوە کەبەداخەوە مامۆستای خوالێخۆش بوو (گیو موکریانی) نازانم بۆچی بەسەریاندا هەڵی بواردوە بەدیوانی (سالم)[3]ی شادنەکردوونەتەوە.

ئێستاش ئەم شەش پارچە شیعرەی لێرەدا دەکەونە بەر ڕۆشنایی بڵاوبوونەوە لەدیوانەکەی (سالم)دا (بێبەری) کراون، بەو هیوای کەگەردی پشت گوێ خستن ولەبیرچوونەوەیان لێبتەکێنم ئەیامخەمە بەر دڵ ودیدەی خوێنەران وئەدەب دۆستانی خۆشەویست، ئەوانیش بریتین لەچەند

قەسیدەو پارچە هەڵبەستێك، هەندێکیان بەناتەواو نووسراونەتەوە، منیش هەر ئەوەندەیانم لێ دەسکەوت، چونکە وەکو شێوازە کلاسیکیەکە ناوی شاعیر لەبەیتی کۆتایی هەندێ لەم شیعرانەدا نەهاتوە، تا زیاتر دڵنیامان کات لەوەی کەشیعرەکە بەتەواوی مۆرکی (سالم)ی پێوە دیارە. لەگەڵ ئەوەشدا (سالم) دەنگی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم شیعرانەش ئەگەر ئەهلی دڵ گوێی لەدێڕێکی بگرێ، بێجگە لەدەنگی (بابە سالم) ناوی چ شاعیرێکی دی ناگەیەننە بەرگوێ. ئەمەش یەك دڵمان ئەکاتەوە کەئەم شیعرانەش وەکو ئەوانی دی بە(جگەرگۆشەی سالم) سەیر بکەین وبەرێزەوە بیان بەینەوە ماڵی دیوانی شاعیرو بەباوکی راستەقینەی خۆیانیان شادبکەینەوە ئەمیش ئێوەو هەڵبەستەکان کەسەرچاوەیان، کەشکۆڵێکی دەسنووسی خۆم ودوو ژمارەی ڕۆژنامەی [(ژین)ی ژمارە: ٨٩٣، ساڵی ١٩٤٧ وە ژمارە: ٩٣١، ساڵی ١٩٤٨]ن:-

## (شیعری یەکەم)
## سالم و پوکەر

---

لەدەست ڕەنگ ڕێژی دەوران، ڕەنگی چیهرەم: زەعفەرانیکە،
حەدیقەی دڵ، لەبەر بارانی خەم: وەضعی خەزانیکە. [٤]
لەطەبعی ماهی گەردوون و(بوخار)ی بەحری ئەندۆهم،
(مەتاع)ی سینەیی (چاك)م، وەکو: (جامە)ی کەتانیکە، [٥]
(کەماندار)ی فەلەك، بۆ بەختی من صەییادی خونڕێزە،
لەدڵما: خاری میحنەتها، یەکا یەك، وەك: سینانیکە. [٦]
بەدڵسۆزی: فەلەك ئیتر (ئەریستۆ)بێ؟ دەوام ناکا،
قوبووڵی مەرهەمی چۆن بێ؟ کە: زەخمی من نیهانێکە.
دڵ ئازارم نەمایانن، بەهانەم: وەضعی گەردوونە،
فەغانی خۆم ودڵ، یاران!! لەدەست (پیر)و (جەوان)ێکە. [٧]
(جەوان) بووم گەر؟ لە(خەم) (پیر)و، (جەوان)!! پیریم چ نەزدیکە،
لەدەست وەضعی (قومار)یان، دادوشەکوام: داستانێکە. [٨]
قەڵەم بۆ کەڵکی کاتب، خود بەخود، مەشغوڵی نووسینە،
لەکەشفی سیڕی پەنهانا: عەجائیب، دوو زوبانێکە. [٩]
لەباتی (شوغڵ) و (تەسبیح) و (نەماز) و (سوننەت) و (مەسجید)،
لەبەحثی (نەرد) و (ئاس) و (گەنجەفە): هەر (دەم)، بەیانێکە.
لە(غەوغا)ی: بینە دووشەشیان!! لەهەرسوو، شەش جیهەت پربوو [١٠]
لەدەنگی: (موردەها)، (دەی زووکەها)!!، ئاخر زەمانێکە. [١١]
گوشادیی دا (فلان)، مۆرە! مەهێنە!! بابدۆڕێنێ.

(حەریف)! تۆ بێنە دەی!!، (داش)یٚ بەتەنها وا والە خانێکە.[١٢]
(قیران)ی (بەستن)ەکەو، (بەرنوو) بڵێ!! (سادەی حەریف)!! زووکە!،
چ سەهلە، (مۆرە) گەر بێنێ؟؟ لەرێی؛ (پێنج وسیان)ێکە.[١٣]
حەریفی (نەوجەوان)، ئەسبابی (پیر)یی، چەندە هەرزان کرد؟
(نگین) و (کەوش) و (شانە) و (خەنجەر)ی؛ رەهنی (قران)ێکە.[١٤]
(کەوا) و (ئارەق چن) و (فێس)ی (کەچەڵ)؛ قەبلا، بەنۆشایی،
(قەمە) و (قەمچی) و (مەتاڵ)ی حەربی، کوللەن؛ تۆپی (ئان)ێکە.[١٥]
(حەکیم)یش والە خزمەت (لۆتی)یا، جۆیایە بۆ؛ (بیبی)،
لە(صەفحە)ی (گەنجەفە) و (ئاس)ا، حەکیمێ؛ (لەوحە) خوانێکە.[١٦]
یەکی خست، وا (حەکیم) ئەوراق و، (لۆتی) غافڵە، یاران!!
(سێ ئاس)ی وا لەمستایەو، دوو (شاهی) پشتیوانێکە.[١٧]
(فڵان)یش (لەوحە) خوانە، وا لەپەهلودیان، تەماشاکەن!!
لەبەر تەصویری (ئاس)ا، نەخشی (لۆتی)؛ تیرە شانێکە.[١٨]

لەبیمی هەیبەتی (رۆستەم) وەکوو (تووڕانیان) پڕ بیم؛
(تەڵا)یە داری (رەێ)، حاجی حسەینیش دیدە بانێکە.[١٩]
وەرەق، چەند رەونەقی صافە، کەعەکسی چیهرە دەنوێنێ،
کەقطیعەی قۆقزیی لووتی، دەڵێی: (پۆزە)ی بەرانێکە.[٢٠]

«شیعری دووەم»

مەهی (دەی)، هات وچوو، رابورد شەوی (دەی)،
دەسا (دەی)! مەی بدەن!! ئەمجار پەیاپەی.[٢١]
خەلاسم کەن لەدەست خەم، موتریب!! ئامان!
بەدەنگی (بەربەت) و (چەنگ) و (دەف) و (نەی).[٢٢]
دەبا ساقی لەمەی (عیسا نەفەس) بێ،
بەنەشئەی، موردەیی سەد ساڵەکا، حەی[٢٣]
(زومەڕرود) رەنگە سەحرا، بادەگوڵگون،
هەتا کەی تەمبەڵی؟ چەنگێ، دەخیل دەی!![٢٤]
چ رەنگینە بەمەستی روویی ساقی،
چ دڵگیرە سەدای: هەی بێنە مەی، هەی!
بەتاڵان چوو هەمیسان تاقەت وهۆش،
لەچاوی مەستی (ساقی)، ئۆف خوداوەی.
سوراجی وا لەپەردەت، مەی دیارە،
نیهانیی قەت نیە رازت، چ فیتنەی!!.

## «شیعری سێهەم»

[لەهەجوی میرزا عەبدوڵڵا کەمەشهوور بوە بە(شترمورغ)][٢٥]
موو لەتەنما، باز لەقەهرا، بوو بەنووکی نیشتەر،
دڵ لەسینەمدا دەسووتێ، هەروەکو؛ شەمعی فەنەر.[٢٦]
ناسزا، تۆ پەشمی ڕیشی خۆت؛ لەئاگر بۆ دەخەی!
ئەلحەزەر! خۆت دوورگرە، سووتای برۆ، هەی بێ خەبەر!![٢٧]
(شاهۆ)تەن، (لەقلەق) خەرام، گەردن (سەقاقوش)، سەر (زەغەن)،
(سابرێن) ڕیش، (ناقە)زانوو، پێ (شوتور مورغ)، کەللەکەر!![٢٨]
(موور) خەصلەت، (شێر) هەیئەت، (پەششە) قووەت، (فیلە) تەن،
سنگ (خەرەك)، (سەردووخ) موو، ئُاخون (وولاَلە)، کوێی (سوپەر)!![٢٩]
(گوربە)خوو، (ژیشك)بەدەن، (سووچەر)مەکان، ڕەوت (کەمتیار)،
لووت (چەکوش)، موو پڕ(شیپێش)، پاپام (چەپیش)، ڕەنگ (جانەوەر)!![٣٠]
(میل)مل، خۆراك (عەوامیل)، سینە (تیسکن)، شان (چەوێڵ)،
فاج (چەلاَك)، (دیرەك) بەدەن، (بەرچیخ) دەستی بێ هونەر!![٣١]
ئەهلی ئەم ئەییامە نیت! دیارە؛ بە(قُووچیی) قامەتت!
گەر بەتەرکیبت حیساب کەم؟ بابە: (عودج)و، تۆ! (پسەر)[٣٢]
(فەرع)ی تۆ ئەصلەن! حەقیقەت، صولب ورەحمی کەس نیە،
ڕاستی وایە، کە: تۆ جینسی (منارە)ی نەك بەشەر!![٣٣]
ئیمتیحانت چۆن بکەم؟ ناگیرێ ئەندازەی قەدت!
سەر لە(خایە)ت ناسوێ، پۆپەی چناری (مەسێ بەر)!![٣٤]
خۆ لەبەر (ماوە)ی درێژیت؛ زۆر زەرەرتە گەر بنووی!
سواری سمتت بن لە(بەغدا)، لێرە نابی باخەبەر!![٣٥]
بەسیەسی، (میرزا)! بومخشە نایێژم ئیتر هەجوو،
(نەقد)ی (لەهو)م، دابە جینسی ( سەهو) و (زیللەت) سەربەسەر[٣٦]

## «شیعری چوارەم»

بۆ منی سەرگەشتە ئەلحەق پڕ جەفا بوو ئاسمان،
دەرحەقم ئەمجارە، یەکسەر، بێ وەفابوو ئاسمان،[٣٧]
تێکی دا بونیادی وەصل و، شیشەیی بەزمی شکاند،
بۆ خەرابی موڵکی دڵ، پڕ موددەعا بوو ئاسمان[٣٨].
ئاخریی هات ڕۆشنایی دڵ، لەبەر شەمعی موراد،

چونکه بۆ بەختم، نەسیمی صوبحگا بوو ئاسمان[٣٩].
چاک چاک و(لەت لەت)ە سینەم، لە ئەندۆهی فیراق
بۆ دڵی خوێنینی من، تیری قەضا بوو ئاسمان[٤٠].
چونکە زانی، دڵ موحەصەصەن بوو لەناو جەیشی فیراق،
وەک (عەلەم)، بۆ لەشکری میحنەت پەیا بوو ئاسمان[٤١].
تێکی دا غورفەی موورادم بوومەلەرزەی ئینقیلاب،
بۆ بناغەی موڵکی عیشقم، بەد بینا بوو ئاسمان[٤٢].
وەک: (هوما بەردانی مەیدان)، چاوو، رووی هەروا لەمن،
بۆ کەمینم، گەردیشی روو، بەر قەعا بوو ئاسمان[٤٣].
(موڵکی بابان) پڕ لە (غەوغا)، (خاکی کوردستان) خەراب،
مایەیی (فیتنە) و(فەساد) و(ماجەرا) بوو ئاسمان[٤٤].
حەققی صوحبەت، بۆچ بەچاو نادێری (سالم): بەختاینیە
یار لە وەصلا، چەند رۆژێ ئاشنا بوو ئاسمان[٤٥].

## (شیعری پێنجەم)

وجوودم راستە خۆی سووتا، بەلام زۆرتر گوناى یارە.
دڵی من خۆی وەکوو (گۆگرد)ە، شوعلەی روویی ئەو، نارە[٤٦]
حیسابی من، لەگەڵ بەختانیە، سا (سەعد)ە با (شووم)ە؟؟
لەهەر شوێنێ، کە رووی یاربێ، لەوێدا بەختی من یارە[٤٧].
بە مەجنوونی لەعیشقا، گەرمنیش لەیلا پەرستی کەم؟
سەگی دەرگانەکەی یار، هاودەمە، گەر، نەنگە، گەر، عارە[٤٨].
شەرو، شۆرو، تەعەددای خەم قوبووڵ ناکەم ئیتر چونکە،

نیظامی موڵکی ئیقلیمی دڵم، برژانگی دڵدارە[٤٩].
حەلاوەت بەخشە بەختم، وا خیرەد، تەحسینی من ناکا،
زوبانێک وەصفی لێوی ئەو بکا؟؟ دیارە شەکەر بارە[٥٠].
کەفرمێسکێ بەیادی (لەعل)ی لێو، برژێتە سەحرایەک،
هەموو بەردێکی (یاقووت)ە. هەموو خاکی (نەمەک) دارە[٥١].
(جەمال ئاباد)ە جێگەی دولبەرو، (زادی جگەر)، لایە،
فسوونی ئەو فریبی ساحیری مەککارە؟ یازارە[٥٢]؟؟
دڵم بووژایەوە (فیکری) «عەفاکەڵلاە» لەگەڵ فیکرت!!
سەراسەر، شیعری شیرینت، بەتاما وەک: قسەی یارە[٥٣].

نیظامی مولکی ئیقلیمی دڵم، برژانگی دڵداره[٤٩]
حەلاوەت بەخشە بەحتم، وا خیرەد، تەحسینی من ناکا،
زوبانێك وەصفی لێوی ئەو بکا؟؟ دیارە شەکەر بارە[٥٠]
کەفرمێسکێ بەیادی (لەعل)ی لێو، برژێتە سەحرایەك،
هەموو بەردێکی (یاقورت)ە. هەموو خاکی (نکەك) دارە[٥١]
(جەمال ئاباد)ە جێگەی دولبەرو، (زادی جگەر)، لایە،
فسوونی ئەو فریبی ساحیری مەککارە؟ یازارە[٥٢]؟؟
دڵم بووژایەوە (فیکری) «عەفاکەڵلاە» لەگەڵ فیکرت!!
سەراسەر، شیعری شیرینت، بەتاما وەك: قسەی یارە[٥٣]
شەریانە لەسەر نیسبەتی تۆ!! موئمین وتەرسا.
کێشایە ئەسەر مەصحەڤی رووت، رەشکی چەلیپا[٥٤].
ئەم کێششەگێسو هەیەتی، کامی کەشیشە
بگرن بەجەدەل، با.. عولەما، ریشی (سوکوو پا)[٥٥].
جێی هیندوی خاڵت نیە خورشیدی جەماڵت!!
ئەم مەرتە بەیە، لایقە بۆ حەزرەتی عیسا[٥٦].
هەرچی نیەتت بوو؟ نیگە هت دڵی بەڵەدکرد،
هەرچی نیەتم بوو؟ بە موژەت! دڵ خەبەری دا[٥٧].
مەجنوون غەمی کوا؟ پردی صیراط گەروەکو مووبێ؟؟
ئەیکێشێ لەوێدا، کەششی توررەیی لەیلا![٥٨].

★ ★ ★

---

**پەراوێزەکان**

(١): سالم: ناوی ئەورەحمـان بەگی کوری موحـەمەد بەگی (قەرەجەهەننەمی)ی ئەحمەد بەگی (صاحیبقران)ە، لەساڵی ١٨٠٥ لەشاری سلیمانی دا هاتۆتە دنیاوەو هەر لەهەمان شاریش لەساڵی ١٨٦٩ی زاینی دا کۆچی دوای کردووە، لەگۆرستانی گردی سەیوان بە خاك سپێردراوە.

(٢)(٣) بروانە دیوانی سالم چاپی یەکەم ساڵی ١٩٣٣ کۆکردنەوەی (کوردی وەمەریوانی) هەروەها دیوانی (سالم عبدالرحمن بەگی صاحبقران) گیو موکریانی - چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٢

(٤) چیهرە: رووخسار، زەعفەران: لێرەدا کینایە لە زەردی روخسار ئەکا.

(٥): ماە: مانگ، بوخار: هەڵم، ئەندوهو: خەم وەخەفەت متاع: کاڵا وشمەك، سینەی چاکم: سینەی لەت لەتم، خامی کەتان: وەکو کەتانێکی تازە گەیشتوو ناسك بسینەم کون کون وشەقار شەقارە. وتەیەکی کوردی هەیە ئەڵێ: کەتان

بەشەوق وتریفەی مانگ کون کون ئەبێ وەهەڵئەوەرێ

(٦) صەییاد: راوچی، خار: درك، سنان: سەرەنێزە

(٧) نمایان: ئاشکراو دیار، فوغان: ناڵە وهاوارکردن پیرو جەوان: لێرەدا سالم لەکەرەستەو زاراوەی **یاری** کاغەزینی قومار دواوە ناوی چەند جۆرێ لەو کاغەزانەی بردوە پەیوەندییان بەم (پیرە) و(جەوان)ەوە هەیە وەك (یەکێ کیان) لەبەرشیوەی گەنجێتی وێنەی سەر ئەو کاغەزە کە (وەلەد) یا (شاب) یا (ئوغلان)ە و(کور)یشی پێ ئەڵێن کە مەیان (جەوان)ە کەیە، وەیا (دووەم گاغەزیان) وێنەی کچێکی لەسەرەکە (قز) و (ئەسکەمل) و(کچ) یشی پێ ئەڵێن (سالم) بە (بیبی)ش ناوی بردووە ئەمیش هەر ئەو (جەوان)ە ئەگرێتەوە (کاغەزی سێیەم) وێنەی کابرایەکی (پیر)ی پیوەیەکە بەشایب و(پاپاز) و (پێر) ناو ئەبرێت ئەمیش (پیرە)مکەیە کە سالم لێی دواوە.

(٨) خەم: چەماوە

(٩) پەنهان: شاراوە، دووزوبان: نیشانەیە بۆ قەڵەمی قامیش کە جاران پێی ئەنوسرا وەك نوکە قوچ وپانداني ئێستا نوکەکەی لەناوە راست دا دوو فاق بوو.

(١٠) شوغل: زاراوەیەکی صوفیانەیە مەبەست لەکردنی جۆرە (ذیکر)یك و سزای جەستەی خۆدان وگۆشەگیرییە لە تاریکی داو بیری جیهانی‌و خواستەکانی لە مێشك دەرکردن وهۆش وبیر ئاراستە کردنە بۆ نزیك بوونەوە لەپەر تەوی خوایی. ئەماز: نوێژ

ئەردو ئاس: مەبەستی لەباری (ئەردێن)ە ناوی دوو زاراوەی یاری قومارە.

گەنجەنە: شۆخی‌و کاڵتە پێکردن لێرەدا بە (مهرج) باسکراوە واتە (جوکەر).

لەهەرسوو: لەهەرلا، موردها: مردن

(١١) زوکەها: دەی زووکە

(١٢) گوشـاری‌دا: کردیـەوە، حەریف: ئەو کەسـەی بەرامبەرت دائەنیشێ بۆ یاری قومار، داش: داشی دامە ئەمە وشەیەکی تورکی‌یە بەمانای بەرد.

(١٣) قیران: ئەمـان ولەنـاو چوون بەواتـای پێگـەیشتن وپێکەوە رووداني دووشت وەیا لەیەك نزیك بونەوەی دوو ئەستێرەی وەك (ئەناهید= زوهرەو هورمز= مشتری)

بەستن: مەبەست لەبەستني یاری وەك دۆمینەیە یالەبەستنی (شەشدەر)ی تاوڵەش دادێت

بەرنو: بەواتای ببەنەوە واتە یاری‌یەکە ببەنەوە

مۆرە: بەخت

(١٤) نگین: بەخت موستیلەکەی حەزرەتی سلیمانیش پێیان ووتوە نگین، قران: جۆرە پارەیەکی هەرزانی ئەو سەردەمەیە

(١٥) ئارەق چن: کڵاو، قەبلا: نرخاندیان، شایی: ناوی جۆرەپارەیەك بوە.

مەتاڵ: قەڵغان و سوپەر

کوللەن: بەواتە هەموویان ـ سەرجەم ـ تیکرا

(١٦) لۆتی وبیبی: ناوی دوو جۆرە زاراوەی قورمان، صەفحە: ریز.

(١٧) شاه: لیرەدا بەمانای شاهی شەترەنج دێت

(١٨) پەهلوو: لا ـ تەنیشت ـ دەستە ـ یارن ـ پێر

(١٩) بیم: ترس، تەلایەدار: خاوەن زێرو ئاڵتون و سامان،

رەی: ئەویش و رێگەیەی گێراوەتە بەر، دیدە بان: ئێشك چی‌و چاودێری کەر.

(٢٠) پۆزەی بەران: دەم و قەپۆزی بەران

(٢١) مەهی دەی: مانگی بەفرانبار واتە یەکەم مانگی زستان

لەم دێرەدا سێ جار (دەی) هاتوە

یەکەمیان مەبەست لەمانگەکەیە، دووەمیان بەهەیکێ لەشەوو ڕۆژەکانی هەشت و پانزەو بیست و سێی ئەم مانگەبەچەشنە (دەی) یەك ناو ئەبرێ سێیەمیان (دەی) هاندانی خێرای کردنەوەیە

پەیاپەی: بەواتە پەی دەرپەی: یەك بەدوای یەکدا

(٢٢) موتریب: گۆرانی بێژ

بەربەت و چەنگ و دەف و نەی: چوار ئامێری مۆسیقان

(٢٣) مەبەست لەم بەیتە واتە لەو مەیەی وەك و نەفەسی عیسا ئاسا مردوی سەد ساڵە زیندوو بکاتەوە.

(٢٤) زمردو: بەردێکی بەنرخە وەك و یاقوت

گوڵگون: گوڵ ڕەنگ

(٢٥) شترمرغ: ووشتر مرغ ـ نعامە

(٢٦) نیشتەر: نەشتەر

(٢٧) ناسزا: ناشایستە، پەشمی ڕیش: مری ڕیش، ئەلحەزەر: بەئاگابە

(٢٨) شاهۆ: باڵدارێکی گۆشت خۆرە لەگرووپی لەق لەقە

خەرام: ڕەوت، سەقاقوش: ناوی باڵدارێکی وەکو ماسی گرەیە

زەغەن: ناوی باڵندەیەکە وەك قەلەباچکەو لەویش گچکەترە مشك و چولەکەو بێچوی پەلەوەران ڕاو دەکات

ناقە: حوشتر، زانو: ئەژنۆ

(٢٩) موور خەسڵەت: مێروو ڕەشت، پەششە: مێشوولە

خەرەك: ئامێرێکی دەستی‌یە لۆکەی پێ دەرستن و دەیکەن بە دەزوو

دووخ: مووی دەزوو، ووڵاڵە: بریتی‌یە لە پارچە تەختە یا مقەبایەکی تەنکی کون کراو ئەخرێتە (رووخ)ەکەوە کە ڕیسراوەك ەی لەسەر هەڵبکرێ

سوپەر: قەڵغان

(٣٠) گوربە: پشیلە، سووچەر: گیانلەبەرێکی نیمچە گەورەیە، لەشی موویەکی زەق و تیژی دڕکاوی داپۆشراوە لەکاتی تەنگانەدا بەرگری خۆی پێ دەکات. ئەم گیان لەبەرە لەئەشکەوت و شوێنی شاخاوی دا ئەژی، شیهیش: ئەسپێ، چەپیش: بزنی نێریەك ساڵە، پاپاخ: جۆرە کلاوێکی کوڵکنی ڕەشی جەمە

(٣١) میل: ئەو ستوندە باریکەیە کەلە ڕێگەو بانان دا بۆ نیشانە کردنی شوێنێك یان سنورێك و بۆرێ نمایی کردنی ڕێبواران ئەچەقێنرێن

عەوامیل: ناوی ئەوکایانەیەکە کێلان وگێرە وکۆتانی دانەوێڵەو.. هتد یان پێ ئەکرێ وەکۆی (عامیل)ە بەواتە کرێکار

چەلاك: ئەو دارە درێژە باریکەیە کە گوێزو مازوی پێ ئەتەکێنێت .

دیرەك: کۆڵەکە

(٣٢) ئەیام: دۆژگار، قووچ: درێژ، قامەت: بەژن و باڵا

حوچ: درێژ وەکو دەجال، پسەر: کوڕ.

(٣٣) فەرغ: بنەچەو ڕەچەڵەك، صولب: بەواتە بڕبڕەی پشت یا نیسکی پشت بەڵام مەبەست لەبەرەی نەوەی پشتی دەمگزییە

(٣٤) خایە: گوون

ماسی بەر: دیارە ناوی چەمێك یان شوێنێك بومکە چناری زۆر درێژی تیا ڕواوە.

(٣٥) باخەبەر: پێ زانین و بەخەبەربونەوە

(٣٦) بومخشە: بیەخشە، هەجو: لۆمە ـ سەرزەنشت

نەقد: نەخشینە، لەهو: خۆشی‌و ڕابواردنی دنیای

سەهوزیلت: هەڵە کردن و داماوبون

**سەربەسەر: وەك یەك وەستانەوە.**

(٣٧) سەرگەشتە: ئاوارە.

(٣٨) بونیادی وەصل: دانانی پێگەیشتن، شیشە: شوشە

خەرابی: وێرانە

(٣٩) شەمع: مۆم، نەسیم: بای بەربەیان

**سوبحگا: کاتی بەربەیان**

(٤٠) چاك چاك: پارچە پارچە، ئەندوهـ: خەم و خەفەت

(٤١) خوجەصەن بوو: لێرەدا بەمانای تەباو گونجاو بوون دێت

(٤٢) بەدبینا: خراپ ئەبیروانی

(٤٣) هوما: جۆرە باڵندەیەکی ئەفسانەیی‌یە

گەردش: گەڕان و سورانەوە

(٤٤) لێرەدا سالك کارەســاتــە جەرگ بڕو نیشتمــانیــەکانی وەك پشیوی‌و دووبەرەکیتی‌و فیتنەو فەسادو ڕووداوە ناهەموارەکانی ئەو سەردەمەی خستۆتە ملی چارەنووسی ئاسمانی‌یەوە

(٤٥) صوحبەت: قسەو گفتوگۆ، نادێرێ: نادرێ

(٤٦) واتە ڕاستە من خۆم نەمام و لە دەست چووم بەڵام هۆی سەرەکی ئەم سووتاندن و ئەمانە گوناهی گڕ و بڵێسەی گونای ڕوخساری دولبەرە کە گڕ لە گۆگردی بێ زاری دڵم بەردەدات و بەتەواوی ئەمسوتێنێ

**(٤٧) سەمەد: بەختیارو سەرکەوتوو**

(٤٨) ئەنگ و عار: شەرم و بە خودا شکاندنەوە

(٤٩) نیزامی: سوپای تەیارو ڕێکخراو، ئیقلیم: هەرێم

(٥٠) حەلاوەت: بەواتە شیرین و شیرین بوون، خیرەو: عەقڵ و هۆش

تەحسین: مەبەست لەپەسەند کردن

(٥١) لەعل: لێرەدا مەبەستی لێوی ئاڵ و سوری یارەکەیەتی

یاقوت: بەردێکی گران بەهاو بەنرخە

نمەك دان: خوێ دار ـ شۆرەکات. لێرەدا شاعیر مەبەستی لە ڕژاندنی فرمێسکە سوێرەکانێتی کە خاکەکەی سمەکدار گرتوە

(٥٢) جمال ئاباد: جوان ئاوا، ئەشێت ناوی شوێنێك یان ئاوەدانیەك بێت

فسون: جادوگەری. بەمانای فێڵ و تەڵەکەش دێ

فریب: فێڵ و فریودان.

(٥٣) عفاك الله: خوالێت خۆش بێت

(٥٤) مؤمن: موسلمــان، تەرســا: فەلە، موسحەف: کتێبی ئاسمانی پیرۆز لێرەدا بە مانای کوڵم و ڕووی یار هاتوە کەدەلالەت لە پاکی وبێگەردی ئەکات، رەشك: خەفەت ـ بەخیلی پێ بردن.

چەلیپا: خاچ

(٥٥) گێوو: برج. کەشیش: قەشە، جەدەل: مناقەشە

**سوکوپا: وشەیەکی یونانی‌یە لەعەرەبی دا کراوەتە (ئوسقوف) لەپایەیەکی هەرە مەزنی ئاینی‌یە لەکنیسە کاثولیکی‌یەکان داو لەپلەی (پاپا) دایە**

(٥٦) خورشید: خۆر، لایق: شایەت

(٥٧) نیگەهـ: تەماشا کردن لەلاوە، بەڵەد: شارەزایی، مۆژدە: مۆژگان

(٥٨) کەشش: راکێشان.

توررە: دەستەموی ئەم لاولای ناوچەوان

هەواڵنامەی کتێب

# دژە دیمەن

اسماعیل بەرزنجی



*** تابلۆ**

فلچەکە دارزا
رەنگەکان رژان
هونەرمەندەکە گریا و
تابلۆیەکە هەر تەواو نەبوو

*** ژن**

سەردەنێم بە سینگی شاخەوە
لا مەمکێکی حەوایە
گوڵێک بۆن دەکەم
گەردەنی ئایشە گوڵە
کلۆ شەکرێک دەکرۆژم
لێوی ژنەکەمە

*** کیمیا**

$H_2O$ ئاوە
AL ئەلەمنیومە
.علی حسن مجید خەردەلە
لەمەودوا
دەرسی کیمیا ناخوێنین
سەلکە عەفلەقی شی دەکەینەوە
لە گۆڕ دەنێین

* تـــەزبیح
سـەد و یـەک دانـە قـەزوان
کـەزی ئایشـە و فاتمـــان
هـەر بەنـــدە رووزەردەکـــەم
ئـەی خـــوای تـاک
ئـەی خـــوای جـوان

* جگـــەرە
نەتـــۆ تـەواو دەبـی
نەمـــن شیـــر پەنجە دەمگری
کەی پشتـی یەکتـــر
دە دەیـــن بـــە ئـەرزا ؟

هەواڵنامەی کتێب

# هەڵگێڕ و داگێڕ کردنی وشە
# لەشیعری مەولەوی‌دا

- ئەحمەد سەلام -

گەران بەدوای شیعری مەولەوی‌دا وەك ئەوە وایە لەناو دەریادا بەدوای گەوهەر و مرواریی‌دا بگەرییت، خۆ دیارە ئەگەر کەسێك مەلەوانێکی لێ هاتوو شارەزا نەبێ ناتوانێ خۆی لەقەرەی دەریای بێ سنوور و پان و پۆربدا ئیتر دەبێ من چی بم بێم خۆم لەقەرەی ئەم دەریا قووڵەی مەولەوی بدەم. چەندم کردو کۆشام زاتی ئەوەم نەکرد بچمە قوڵایی ئەم دەریا مەزنەوە بۆیە هەر ئەوەندەی مەلەوانێکی ناشی هاتم بەکەنارو قەراخی ئەم دەریایەدا خولم خواردەوە وەك سەودا گەرو دەرویشێکی بەسۆز گری عەشقێکی دێوانەیی ناچاری کردم بگەرێم بە ناو دەریای ئەم شاعیرەدا ئەوەی بە چنگمەوە هاتبێ ئەم مشتە گەوهەرو مرواری‌یانەیە وا بۆتانی هەڵدەرێژم....

من لەم کۆششەم دا هاتووم ئەوە بخەمە روو کە چۆن مەولەوی شاعیر زیرەکانە هاتوە زمانی شیعری وەکو هەویر یا قورێکی دەست کرد (صناعی) هەڵشێلاوە وسەر لەنوێ گیانی وشەی تیا زیندوکردۆتەوەو روحێکی تازەی بەبەردا کردون وشەکانی بەجۆرێ هەڵگێرو داگێر پێ کردوە کە جۆرە سۆزو ئاهەنگێکی پێ بەخشیون ئەگەر دەستی وەستاکاری ولێ زانی مەولەوی نەبوونایە رەنگـە زۆربـەی زۆری ئەو وشانە بەمردوویی لەپەناو پەسێری فەرهەنگەکان دا خۆیان حەشار بدایـە، ئەم رواڵـەتـە زمانەوانیەم وەك کارێکی تایبەت کاری لای مەولەوی زیاتر بەدی کردوە تا شاعیرێکی تر هەر چەندە بەدوای ئەودا مامۆستایان (پیرەمێرد) و (گۆران) جێ دەستی وایان تیا بەدی دەکرێ بەڵام هەر دەست پێشکەری‌و تایبەت مەندیەکە لەم رووەوە بۆ مەولەوی دەمێنێتەوە دەبا ئێستا بێینە سەر ئەو نموونانەی شاعیر قەڵەمی شارەزایی خۆی تیا ناو داوە:

مغنی! لێدەر یەك ئیمشەو سازان
(بەشقی) ئەو کەسە تۆش ئاوات وازن

دیوانی مەولەوی ل ٤

بەشقی: (ع) بەعشقی - ئەڤین

ئازیز! دیارەن (وادەی) لوامەن
(ئەلوەدای) ئاخر ئەو نامامەن

دیوانی مەولەوی ل ٥

وادەی: (ع) وعد - بەڵێن، پەیمان
ئەلوەدای: (ع) الوداع - ماڵ ئاوایی

دوودی (کەواو) دڵ پۆشان سەر هەردان
زەرد کەردەن روخسار پایز دەردان

دیوانی مەولەوی ل ٩

کەواو: کەباب
ئیتر چ حاجەت ویت مەدەی (عەزاو)
قەبووڵ کەری جەور مەگیری گوڵاو

دیوانی مەولەوی ل ١١

عەزاو: (ع) عذاب ـ ئازار
قاصد شۆ وەلای ئەو نەو نەمامە
چون یادای پێش دەر ئەی (جەواو) نامە

دیوانی مەولەوی ل ١٢

جەواو: (ع) جواب ـ وەڵام
(زوان) چۆن تاقەت هیممەت وازیشەن
ئیدە چۆن تاقەت شۆن دیاپیشەن

دیوانی مەولەوی ل ١٤

زوان: زربان ـ زمان
من خۆشەوو رۆ ئارەزووی تۆمەن
پەرێ دیدەنت (نەزرو فتومەن)

دیوانی مەولەوی ل ١٤

نەزرو فتومەن: (ع) نزر الفتوح
جەسەر قەڵاوە مەگێڵوون پەس تۆ
دەك دیدەم هەردوو صەد جار (فریت بۆ)

دیوانی مەولەوی ل ١٦

فدیت بۆ: فیدات بێ ـ بەقوربانت بی
(میشە)کێ تاقەت دووریی تۆ دارۆ
دەك بەرق غەزەب (وەجەسەم) وارۆ

دیوانی مەولەری ل ١٧

ئیسە: ئیستا
جەسەم: جەستەم ـ لاشەم
جەستەی زەعیفم، ئیستخوان ریش
هەر (ئازای) ریشم مەگریا پەی ریش

دیوانی مەولەوی ل ٢٠

ئازای: (ع) اعضاء ـ ئەندامی



هەواڵنامەی کتێب

ظاهرا دڵە هەم (کۆسش کەفتەن)
داخۆم جە (دۆسان) هەم کێ دوور کەفتەن؟

دیوانی مەولەوی ل ٢٠

کۆسش کەفتەن: کۆست کەوتو
دۆسان: دۆستان
هۆشم بێ هۆشەن: (فامم) قامەت قاخ
بۆی دووری‌ی ئایز مەیۆم نەدەماخ

دیوانی مەولەوی ل ٢٢

فامم: (ع) (فهم) م ـ تێ گەیشتم
ئەیاز هەمراز ناڵەو ئاخ ودوود
عەرزش هەن دەخاك (ئاسانەی مەحموود)

دیوانی مەولەوی ل ٢٣

ئاسانەی مەحموود: ئاستانەی مەحموود ـ بەردەرگا، بەرقاپی
کای دڵم نەگێج مەوج فەنادا
(مۆلەقەن) نەبەین خۆف ورجادا

دیوانی مەولەوی ل ٢٦

**مۆلەقەن (ع) (معلق) ن ـ بەیناو ینن**
**خۆف: (ع) خوف ـ ترس دییم**
**توریچ ئینسافت بۆ هەنی (وەسەن وەس)**
**باللە جە دووریت هابیم وەقەقنەس**

**دیوانی مەولەوی ل ٢٦**

وەسەن دەس: بەس بێ بەس
**(مەتەنەکەی) چەم دیدەش هانەرێت**
**غەریبی تاکەی بۆ (وەماوای) دێت**

**دیوانی مەولەوی ل ٢٧**

مەوتەنەکەی: (ع) (مو طن) مکەی ـ نیشتمانەکەی
ماوای: (ع) مأوی ـ دالدە، پەناگە
**ئەرصەمەحور کەسێ پەی وە یش وەراوەن**
**وەقیمەت نی‌یەن، اخلاص (حەساوەن)**

**دیوانی مەولەوی ل ٢٨**

حەساوەن: حیسابن ـ حسێبن
**کۆترەکەی ئازاد حەریم دڵ بێت**
**دانەی(مۆبەت) چین پەی، دێت غافل بێت**

**دیوانی مەولەوی ل ٣٤**

مۆبەت: (ع) محبت (موحبەت) ـ خۆشەویستی
ها گەردو غوبار مەحمەل دیارەن
دەك **(لیلاویت)** بۆ چۆنت قەرارەن

دیوانی مەولەوی ل ٣٥

لیلاویت: لیلاییت من بروام وا **(ئەلیلاویت)** لەرووی زمانەوانیەوە راستتر بێت چونکە ئاشکرایە وشەی لیلاو (شلوێ بووێ ئاو) لە (لیلێ ئاو) ەوە پەیدا دەبێت، کەواتە لێکدانی وشەکە (لیل + ئاو = لیلاو) لەرووی رۆنانەوە رەوانترو راستترە تا لیلایی هەر بۆ نموونە
کانی + ئاو = کانیاو
خوێن + ئاو = خوێناو
ماست + ئاو = ماستاو... هتد
بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن
مەزەی تام چەم یاران (لەزیزەن)

ل ٤٣

لەزیزەن: ع (لذیذ) = بەتام و خۆش
فەریاد رەسیم کەر نەجای گشت کەسم
مازە ئەو (لەزەت) بەرشۆ نەدەسم

ل ٤٣

لەزەت: ع (لذه) = بەتام
مشیۆ (تاڵەی) من خیلان ئەنگیز بۆ
وەرنە کەی کێ دی، وەهار گوڵ ریز بۆ

ل ٤٥

تاڵە: ع (طالع) = بەخت و شانس
چون (مەزاق) تاڵەن جەگردین لاوە
بۆ دەشیرینی‌ی یەك دوو تەواوە

ل ٤٦

مەزاق: ع (مذاق) = چێژو تام
جامێمان جە دەس تۆ هەم سەندە بۆ
فرسەتەن، (نصیو) نەك نەماندە بۆ

ل ٤٧

نصیو: ع (نصیب) = شانس و بەخت
**(زایفیم)** هەر بەند جە حەوبەرشی‌یەن
نەسیم ئەر بارۆم عەجایب نی‌یەن

ل ٤٩

هەواڵنامەی کتێب

**زایفیم** = ع (زەعیف = ضعیف) = لاواز
**ئاخ پەی خەڵوەتێ بریام و بێ خەم**
**(سیوای) تۆ دیدەم، کەس نەدیام وە چەم**

ل ٥٧

**سیوا**: ع (سویٰ = عدا) جگە. بێجگە
**پەی چیش عادەتت وە گوناه کەردەن**
**(ژار) مەحروومی ی رەحمەتت دەردەن**

ل ٦٣

ژار: ع (سم) = زەهر، ژەهر.
**سەرد بی‌یەن گەرمی ی شەت هام فەردان**
**گەرمەن سەردی ی (زەوق) جەرگەی هام دەردان**

ل ٦٦

زەوق: ع (ذوق) = ئارەزوو
**وەر تۆ بینابیت پەردەش هانەسەر**
**ئەر تۆ موینۆ جە تۆ (زەریف) تەر**

ل ٧٢

زەریف: ع (ظریف) = جوانتر.**شیلوتی**
**ئەمجار یاد کەر عومر (عەبەس) و یەردەت**
**باوەر (وەخاتر) ناپاکی ی کەردەت**

ل ٧٢

عەبەس: ع (عبث) = بی‌هوودە.
خاتر: ع (خاطر) = لەجیاتی، لەباتی.
**بنچینەی شادیت جە دل بەر ئاوەرد**
**جە رای (مۆڵەت) دوور هەر چێوەت کەرد، کەرد**

ل ٧٦

مۆڵەت: ع (مهلە) = ماوە
**بار ئەی مەینەت گرد نەوۆکافێ = کافێ**
**(تەمات) زیاد کەرد جەبێ ئینسافێ**

ل ٧٦

تەمات: ع (طمع) = تەماح = تەماع
**ئامانەن ئەر دیت بالا عەر عەر (تەرز)**
**(عەرز کەر) نەک جارێ وەصەد سوز بەرز**

ل ٧٨

تەرز: ع (ۆطرز) = وەك = بەچەشنی
عەرزكەر: ع (عرض) = عەرزی كە، بێی بڵێ
بەڵێ، خاڵوكەم، قەدیم دەستوورەن
پەی مەی زەدەی مەی كەباب (زەرووورەن)
ل ٨١

زەرووورەن: ع (ضروری) = پێویستە
جە من نمەك دای، جە قاصد كێشان
ج تۆ (زامەت) دای. ج زامەت ئێشان
ل ٨٢

زامەت: زەحمەت
پەشێو وێنەی وێم نیشتەبیێم (خەجڵ)
دیم شادی دەس داینە دەروازەی دڵ
ل ٨٧

خەجڵ: ع (خجل) = شەرمەزاری و تەریقی
گوشەی تای هیندی مەندیل بێ گەرد
(مایل) كەر ئەو لای سای گەردەن زەرد
ل ٩٦

مایل: ع (مائل) = لار
كام وەصفت خەیاڵ، كام شێوەت یادكەم
پەی كام (خەسڵەت) دادو فریاد كەم
ل ١٠١

خەسڵەت: ع (خصله) = سیفەت = رەوشت باشی.
مەرجەستەی خەستەی من جە(فـۆلادەن)
پەند دووریت وینۆ هێمان دڵ شادەن
ل ١٠٩

فۆلادە: ع (فولاذ) = پۆڵا
پەشێوی وەنەزم (لوو لووی) ئەسرین دا
پەروین دائیرەی خورشید تەزیین دا
ل ١١٠

لوو لوو: ع (لؤلؤ) = مرواری
جەو بۆ تۆ فەردم ئیستیفا بێزەن
دامەنەش (لایق) ئەی پەراوێزەن
ل ١١٨

هەواڵنامەی كتێب

لایق: ع (لائق) = شایسته
ئەن خەمیاوە، یانێ دەستوورەن
وادەی هۆرێز نای گیان ئەو (حوزوورەن)

ل ١٢٨

حوزوورەن: ع (حضور) = ئامادە
شنوی رەشەبای (زووسان) هیجراز،
سەر چڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان

ل ١٢٩

زووسان: زستان
وەشی وادەت شی وەش ئامای وەخەیر
شەوقە (وەتەوق) بای تاکەی هەواری سەیر

ل ١٣٩

تەوق: ع (طوق) = کۆت و پێوەند
ئەر هەر ئەو بەختەن، هەر ئەو تاڵەمەن
دیدەم دیدەنیت (ئەڵڵا و ئاڵەمەن)

ل ١٤٨

ئەڵڵا و ئاڵەمەن: ع (الله اعلم) = خوادەیزانێ
مەینەت چوٚن تو جار (وەمەتای) صەد تەرز
کەردەن نەدەروون نەدای شادی بەرز

ل ١٤٩

مەتای: ع (ۆمتاع) = کوتاڵ
جەمن تا دووری ئەرصەد (فرسەنگ) بوٚ
ئەر بوٚ رازی بوو زوانم لەنگ بوٚ

ل ١٥١

فرسەنگ: ع (فرسخ) = پیوانەیەکە بوٚ نیشان دانی مادەی نێوان دوو شوێن
فرسەت زانا بێ (تەریدە)ی قاتڵ
یەک سەربەردە بێ کاڵای گیان و دڵ

ل ١٥٢

تەریدە: ع (طریدە) = راونراو
دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پر جەهوون
(شەقڵش) هانە رووی گەرد رای دەروون

ل ١٥٣

شەقڵ: ع (شکل) = شێوە

نیشتەی گۆشەی تارنمازخانەی دەرد
روو نەپای (میحراو) هەناسان سەرد
ل ١٥٤

میحراو: ع (میحراب) = شوێنیکە لە مزگەوتا (مەلا) پێش نوێژی تیا ئەکا.
وەرنە دەجلەی غەم (توغیان) کەر دەبێ
تا ئیسە چەند جار بەغداش بەر دەبێ
ل ١٥٦

توغیان: ع (طغیان) = لێرەدا بەمەبەستی هەڵچوون لافاو کردن هاتوە
زەردەی رەنگ ئەوەڵگ ئەو تووڵ نەمامان
تاڵیش (مالووم) بۆ ئەو پایز ئامان
ل ١٦٤

مالووم: ع (معلوم) = ئاشکرا
یارا وەسەر وەخت خەستەی دەردەکەوت
(مەڵهەم)دا ئەزام دووری کەردەکەت
ل ١٦٧

مەڵهەم: ع (مرهم) = مەڵحەم = مەتوان
مەچون تۆ (هەڵوای) مەحەبەت خامێ
قەبای عەشق دڵ پشت ناتەمامێ
ل ١٧٥

هەڵوا: ع (حلوی) = حەڵوا = شیرینی
(شۆرەت) نامەی نا، حاتەمش کەرد طەی
کەرد وەکاسە کاڵ کاسەی کەلەی کەی
ل ١٧٩

شۆرەت: ع (شهرە) = ناوبانگی
ئەتۆی تاریکی ئای شەدەی بێ گەرد
(لەطافەت) چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد
ل ١٨٣

لەطافەت: ع ( لطافة) = ناسکی
ئایر دان حوجرەی دڵەی پر دەردم
سۆچنان (کتاو) مەحجووعەی فەردم
ل ١٩٤

کتاو: ع (کتاب) = کتێب = پەراو
ها خودام وەحەق (شادەتم) ئاوەرد

هەواڵنامەی کتێب

خاڵۆت گێچ مەوج دەریای هەواش کەرد

ل ١٩٧

شادەت: ع (شهادە) = شایەتمان (اشهد ان لا إله إلا الله)

کێ بۆ بەو (جەمین) نەزاکەت چۆن گوڵ

خەیمەش هۆر بدا نەپای دەشت دڵ

ل ٢١٢

جەمین: ع (جبین) = ناوچەوان = تەوێڵ

جەو دما من داو وەلای کێ بەروون

(نا بەڵەد) تەنیا راچۆن دەرکەروون

ل ٢١٦

نابەڵەد: ناشارەزا = نەشارەزا

چون جەستەی خەستەی مەینەتان مایە

بەڵک دیدەو دڵ نەشان (وەزایە)

ل ٢١٩

## هونەرمەندە تێکۆشەرە جوانە مەرگەکەی کوردستان ((حەسەن تۆفیق

(مستەفا سالّح کەریم)



وێنەی حەسەن تۆفیقی
جوانە مەرگ

لەپایزی سالی ١٩٨٥ /دا بۆ یادی (٢٧ سالەی) ئەم رۆلە جوامێرە فایلێکی تایبەتم ئامادەکردو رەوانـەم کرد بۆ گۆڤـاری (کاروان)، بەلاّم دوای چەند مانگێك ئاگادار کرام کەبلاّوی ناکەنەوە.
لەمایسی ١٩٨٩ /دا هەر ئەو فایلەم دا بەگۆڤاری (بەیان) دوای پەسندکردنی نێررا بۆ چاپخانە، لەچاپیش درا، بەر لەوەی گۆڤارەکە دەربچێ، ئەو وتارە لەچاپخانەوە کێشرایەوە، سەر نووسەری گۆڤـارەکە تێی گەیاندم گوایا کەسانێ هاتوونەتە دەزگاکەو بەچرپە رایان گەیاندووە، ئەم جوانە مەرگـە شیـوعی بووە، لەبەر ئەوە ناتوانن بلاّوی بکەنەوە، تائێستاش وەك یادگارێ ئەو (رۆلّە) چاپکراوەم لەلایەکە لەچاپخانەوە دەرهێنرابوەوە.
جاری سێـیـەم لەسـالّی ١٩٨٩ /دا کەخـۆم بۆ چەند مانگێ یەکێ بووم لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری (بەیان)، هەمان وتارم پێشکەش کردەوە، ئەم جارەشیان بریاری لەسەر دراو نێررایەوە بۆ چاپخانە، تەنانەت بەچاپکراوی بینیم کەفەرمانبەرێ هەلّەی چاپی راست دەکردەوە، ئەم وێنەیەشم

هەر لەلایـە، چونکە سەرەنجام جارێکی دیکەش دەست نرایە بینی وتارەکەوە بەبیانووی ئەوەی وتـویانە ((ئەم لاوە لەسوریا مردووە))، وەك مردن لەغەریبایەتی قەدەغە بێ. وائێستا بۆ یەکەم ژمـارەی خولی سێـیەمی گۆڤـارەکـەمان ((نووسەری کورد)) کەلەسای ئازادی‌دا لەدایك دەبێ بەپێویستم زانی یادی ئەو کوردە جوامێرە بکەمە دیاری دەستم، بەهیوای ئەوەی بتوانم بەم چەند لاپەرەیە گیانی حەسەنی جوانە مەرگی پێ شاد بکەم

((مستەفا))

## ((حەسەن تۆفیقی تێکۆشەرو هونەرمەند))

لەکـۆتـایی ساڵی ١٩٤٧ وسـەرەتـای ساڵی ١٩٤٨ /دا، لەکـاتی پشووی نێوان دەرسەکان دا قوتـابی‌یـەکی ژیکەڵەو زرنگ زۆر سەرنجی رادەکێشام، کەدەمبینی هەمیشە چەند قوتابی‌یەکی لەدەور کۆدەبـونـەوەو بەپـەرۆشـەوە گوێیان لێ دەگرت، ئەو دەمە قوتابی بووم لەپۆلی سێیەمی ناوەندیی...هێندەی پێ‌نەچوو، بەهۆی کاری سیاسی‌یەوە یەکدیمان ناسیی، بووینە هاورێ، رۆژ بەدوای رۆژدا پێوەندیمان پتەوترو بەهێز تردەبوو، ئەوجا دەستەی ئێمە کەبریتی بوو لەبرایان دارا تۆفیق وعوسمان محمد سلێمان و عومەر مەحموود میرزاومن، هەمیشە لەتەك ئەو قوتابی‌یە ژیکەڵە ئێسك سووکە چالاکەدا دەبینراین، خۆ وەنەبێ ئەو کۆمەڵە هەر ئەوەندە بووبین و هەر ئەو چەند هاورێـیـەش ! بەپێچەوانەوە هەریەکەمان لای خۆیەوە چەند برادەر و دۆستێکی دیکەی نزیکی هەبوو، بەڵام ئەو چەند کەسەی باسم کردن لەکاتی پشوەکانی نێوان دەرسەکان دا و هەندێ پاش نیوەرۆ و ئێوارانیش پێکەوە دەبینراین، چونکە بەکورتی لێپرسراوی سیاسیمان بوو، وەیەکێ بوو لەسەرکردە دیارەکانی قوتابیان لە تاقە دواناوەندی‌یەکەی سلێمانی‌دا.

ئەو قوتابی‌یە خۆشەویستەکە ئەو دەمە لە پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بوو کاك «حەسەن تۆفیق» بوو، لاوێکی دڵسـۆز، زیرەك و زرنگ، هونەرمەندێکی لێ هاتوو، یەکێکیش بوو لە پێشرەوە هەڵکەوتووە کارامەکانی قوتابخانەکەمان، وە ئەندامێکی گورج و گۆڵ و نەسرەوتی سەرکردایەتیی بزوتنەوەی شۆرشگـێرانـەی قوتابیان بوو، جێی متمانەو بروای هەردوو بەرە سیاسی‌یەکە بوو، کە ئەو دەمە پێشرەوایەتی خەباتی سیاسی‌یان لە کوردستان دا دەکرد، وە لە گەڵ چالاکی‌دا پێکەوە بەشداری‌یان دەکرد. حەسەن لاوێکی خوێن گەرمی بلیمەت و سەنگین بوو ئەستۆی‌دیارە ئەو جۆرە ئەرکەش بوبـوە هۆی ئەوەی بەشی زۆری کاتی رۆژانەی لێ داگیر بکاتەلەتەك ئەوەش دا هەردەم لەریزی پێشەوەی قوتابی‌یە زیرەکە پرشنگدارەکان دا بوو.

پەیمـانی (پۆرتسماوث) تەقەڵکاریی بۆ کراو لە ئینگلستان درایە بەرەمەکینە، لەعیراقیش دا گەل کەوتە خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی، شاری سلێمانیش یەکێ بوو لەو شارانەی دلێرانە بەشداریی ئەو راپەرینە مەزنەی کرد، لەکاری رۆژانەی سەردەمی ئەو راپەرینە دا لەتەك حەسەن دا زیاتر لێك نزیك بووینەوە و باشتر شارەزای یەکدی بووین و پێوەندیی نێوانمان پتەوتر بوو . بەتاقیکردنەوە بۆم دەرکەوت چەند دڵێکی خاوێن و بێگەردی هەبوو ! چەند دڵسۆزی خاك و نەتەوەکەی بوو ! چەند

بەپەرۆش بوو بۆ ئامانج و ئاواتی گەلەکەی ! کاتێ گیروگرفتێ رووی دەدا بێ ئەوەی بشڵەژێ وە سەرلەخۆی تێك بدات، هەوڵی دەدا بەزووترین کات وە بەباشترین شێوە چاری بکات.

باری ئاڵۆزی سیاسی کە هێندێ جار دەبوە گرێ کوێرە لای قوتابیان و هێندێکمان سەری دنیامان لێ دەهاتەوە یەك، ئەو بەشێوازێك شیی دەکردەوە و راڤەی دەکرد، دەتوت دەرس دەڵێتەوە، لەبەر ئەو هۆیانە لای زۆربەی قوتابیان خۆشەویست بوو.

لەرۆژانی شادمانیی راپەرینەکەدا، لەوەرزی گۆرکردنی پەیمانی پۆرتسماوث دا، لەسای سێبەری ئەو کەمەسەربەستیەی بەخوێن سەندرا، لەبەهاری ساڵی ١٩٤٨/دا قوتابیانی دواناوەندیی سلێمانی بریاریان دا شانۆییەك پێشکەش بکەن.

خوالێخۆشبوو نووسەری تێکۆشەر مامۆستا (ئەحمەد غەفوور) لە چیرۆکیکەرە لۆتی مەنوچەرەوەلەنووسینی ئەدیب و خەبا تگێری بەناوبانگ مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، شانۆیی [تێکۆشانی رەنجبەران]ی ئامادەکرد، هونەرمەند (رەئووف یەحیا) خوالێی خۆش بێ، ئەوسەردەمە فەرمانبەر بوو، سەرپەرشتی راهێنانی ئەکتەرەکان و دەرهێنانی شانۆنامەکەی کرد.

مەسەلەی نەبوونی ئافرەت کۆسپێکی گەورەبوو هاتەرێی بەدی هێنانی ئاواتی قوتابیان، بەڵام [حەسەن تۆفیق]ی بەهرەوەر نەیهێشت ئەو تاریکی‌یە دەم کەلیان لێبگرێ، بەرووە خۆش و زەردەخەنە هەمیشەییەکەی سەر لێوەکانیەوە ئامادەیی خۆی پیشان دا کەدەوری کچ لەشانۆییەکەدا ببینێ.[1]

وەك دێتە یادم جگەلە (تێکۆشانی رەنجبەران) چیرۆکێکی تەمسیلی دیکەش دەربارەی دەوری زایۆنیزمەکان و کارەساتی فەلەستین پێشکەش دەکرا. ئەو قوتابیانەی لەو دوو شانۆییەدا بەشداربوون ئەم بەرێزانە بوون، حەسەن تۆفیق،دارا تۆفیق، عومەر میرزا، عوسمان محمد سلێمان، ئەنوەر ئەدهەم، رەشید میرزا ئەحمەد خەففاف، عەبدوللا سالار، کەمال غالب چەلەبی، مستەفا سەعید بانەیی و چەند قوتابیەکی تر.

ئەم پۆلە قوتابیە لەمانگی ئاياردا لەهۆڵی قوتابخانەی (غازی) پترلەدە ئێوارە ئەو دوو شانۆنامەیەیان پێشکەش کرد. جەماوەر پێشوازی‌یەکی گەرمی کرد، ئێوارە بەدوای ئێوارەدا هۆڵەکە پرتر دەبوو بەشێوەیێ دەیان کەس بەپێوە رادەوەستان، پێشکەش کردنی [تێکۆشانی رەنجبەران] سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لەمێژووی شانۆی کوردی‌دا. بەپێی نەخشەیێکی دانراو کاربەدەست و فەرمانرەواکانی عیراق لەهەوڵ و تەقەلّلادابوون بۆ دامرکاندنەوەی کڵپەو بڵێسەی راپەرینی کانون، بۆ بێشێڵ کردنی مافەکانی گەل و پاشگەزبوونەوە لەبەجێ‌هێنانی ئاواتەکانی، بۆ ئەم مەبەستەش ناردنی سوپای عیراقی بۆ فەلەستین کرا بەبیانوو بۆ دانانی حوکمی عورفیی. لەپەنای ئەم پیلانە گڵاوەدا شالاوی بگرەو بەرمەدە هێرشی هێنا، شەوی شازدەی مایسی ١٩٤٨ پۆلیس بەچەکەوە خۆیان بەهۆڵەکەدا کردوە خەڵکەکەیان بەپاڵ و بەلێدان کردە دەرەوە، دەرگای هۆلەکەیان مۆرکردو شانۆییەکانیش قەدەغەکران.



وێنـەیـەك لەشـانـۆیی [تێکـۆشـانی ڕەنجبـەران] کەساڵی ١٩٤٨ لەهۆڵی قوتابخانەی (غازی) لەسلێمانی پێشکەش کرا. لەم وێنەیەدا خوالێخۆشبوو ڕەشیدی میرزا ئەحمەدی خەففاف دەوری مفەوەزی پۆلیسی هەبوو، حەسەنی جوانە مەرگیش دەوری ئافرەت.

(٤٣) ساڵە ئەمن وێنـەیەم پارستووەو لام وابێ لای هیچ کەسێکی تر نەپارێزراوە، بۆ لەمەودوا ئەوانەی وەری دەگرن تکایە ئاماژەی ئەم سەرچاوەیە بکەن .

ڕۆژی دوایی زۆربەی ئەکتەرەکان خۆیان شاردەوە، پۆلیس بەدوایاندا دەگەڕا تابیانگرێ. وەك لەسەرەتاوەباسم کرد (حەسەن) لەپۆلی پێنجەمی ئامادەیی‌بوو، منیش لەسێی ناوەندیی، واتە هەردوکمان تاقیکردنەوەی بەکەلۆریمان هەبوو. دوای ڕاگرتنی شانۆنامەکان، حەسەن ڕای سپاردبوو کەبچم بۆلای، ماڵیان لەنزیك مزگەوتی (هەمزاغا) لەکۆڵانە باریکەکەی ئەو لای ماڵی خوالێخۆشبوو شاعیری ناودار مامۆستا [ڕەمزی مەلا مارف]ەوە بوو، چووم بۆماڵیان، دایکی پێشم کەوت و بردمیە ماڵە ناسیاوێکیان کەبینیم «حەسەن» بەبەرگی کوردیەوە دانیشتوە چاوەڕانم دەکات، بەشێوەیێ خۆی گۆڕیبوو خەریك بوو نەیناسمەوە. پێم وت: هاوڕێ، وادیارە تەمسیل کردن بەکەڵکت هاتووە!

ئەوجا نۆرەی ئەو هات کەپێم بڵێ: «کاکی برا، مەسەلەی ئەم ڕەش بگیرێو گرتنە هەرەمەکیە تائێستا لەسەر هیچ نەخشەو پلانێك نی‌یە، مەفرەزەی فلانە قۆمیسەری داخ لەدڵ و فیسارە باشچاوشی چڵکاو خۆر وەك سەگی هار بەرەڵڵای سەر شەقامەکان کراون، کێیان بەردەست بکەوێ ڕاپێچی دەکەن، چالەبەر ئەوە چاکتر وایە ئەم ماوەیە هاوڕێیانمان خۆیان زۆر دەرنەخەن، بەڵام کاتێك «شوعبەی خاصە» دەکەوێتە سەرخۆی، ئەوسا شێوەی گرتن دەگۆڕێ». هەتا کاتی تاقیکردنەوە هات، هەموو ئێوارەیەك یەکدیمان دەبینیەوە چ ڕاسپاردەیەك ببوایە ئاڵ وگۆڕمان دەکرد، چ ئامۆژگاری‌یەکیشی ببوایە بەبرادەران دەگەیاند.

لەو ڕۆژە سەختانەش دا (حەسەن) زەردەخەنە لەسەر لێوی ئاوا نەدەبوو، ئەوگرتن و ڕاونان و پەلاماردانەی دوژمنی بەلاوە شتێکی ئەوتۆ نەبوو پێی سەغلەت ببێو ورەی پێ بەربدات.

ڕژێمی داخ لەدڵی تۆڵەسێن، فەرمانی بەژەندرمەکانی دا لەکاتی تاقیکردنەوەی پۆلی سێی ناوەندیدا خۆیان بەهۆڵی تاقیکردنەوەدا کرد، قوتابی ئەحمەدی شێخ عابدیان گرت کەسکرتێری یەکێتی قوتابیان ببوو، وەزیرەکترین قوتابی پۆلی سێیەم بوو، لەوگرتنەدا بەدەردێکیان برد کەتائێستاش پێوەی دەناڵێنێ.

حەسەن تۆفیق لەوبارودۆخەدا، بەپێ درزو بەپەناپاسارو لادێوارادا بەخۆشاردنەوەو ئەم ماڵەو ئەو ماڵ، بەو جۆرە کۆشش کردنە بەشداریی تاقیکردنەوەی گشتی کرد، لەئەنجامیش دا بەپلەی باش و نمرەی باڵا دەرچوونی بەدەست هێنا؛ لە(دار المعلمین عالیه) واتە (کۆلێژی پەروەردە)ی ئێستا لەبەشی [کیمیا] وەرگیرا، منیش لەپۆلی سێیەم دەرچووم و چوومە پۆلی چوارەمی ئامادەیی ـ لقی زانیاری ـ. لەیەکەم نامەیدا باسی بەغداو خوێندن و هاورێکانی بۆ نووسیبووم، خۆشحاڵی خۆی دەربڕیبوو کەلەبەشی (کیمیا)دا دوو هاوڕێی خۆی لەتەك دایە (کەمال جەلال غەریب)[٢] وە (عەزیز ئەحمەد ئەمین)[٣]. ئەمجا لەکۆتاییدا ئامۆژگاریی کردبووم کەقۆناغی ئامادەیی زیاتر خۆماندووکردنی دەوێ.

کورد وتویەتی: «مانگە شەو سەر لەئێوارە دیارە»، هەموو نیشانەیێ ئەوەی دەردەخست کەئەو ساڵەمان بەخۆشی ناچێتە سەر، دەست بەدەرکردنی قوتابیان وەمۆستایان کرا، چەند قوتابیەکی چالاکی هەڵبژاردە لەقوتابخانەکەمان دەرکران، لەگشتیشی سەیرتر ئەوەبوو، بۆ یەکەمین جار لەمێژووی قوتابخانەی دواناوەندیی سلێمانیدا سێ قوتابی بەبڕیاری تایبەتی بۆ ئامادەیی(بەعقوبە) گوێزرانەوە[٤].

لەکۆتـایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹٤۸/دا وە لەژێر باڵی رەشی حوکمی عورفی ئاگری ئیرهاب دا قوتابیان بریاری مانگرتنیان دا، دوای ئەوەی یاداشتێك پێشکەش بەئیدارەی قوتابخانە کرا، دەربارەی گەرانەوەی قوتابیە دەرکراوو دوورخراوەکان و بەربوونی قوتابیی یە زیندانی یەکان، ئەوجـا بەخۆپیشـانـدان لەقـوتـابخـانـە چووینـە دەرەوە، لەئەنجامدا لەبری گێرانەوەی قوتابیە دەرکـراوەکان، دەستەیێکی تریش بۆ ماوەی ساڵێك لەقوتابخانە دەرکران ـ کەمنیش یەکێ بووم لەوانـە، بەو شێـوەیە گلۆلەی ئەو شانەیەی کەقورسایی یەکی زۆری لەسەربوو ئاڵۆزا، حەسەن لەبـەغـدا، عوسمان بەبریارێکی پێشوو بۆ بەعقوبە دوورخرابووەوە، دارا تۆفیق باوکی ناردی بۆ کەرکوك، منیش لەقوتابخانە دوور خرامەوە، بەلام بەلای کەمەوە مانگی جارێ یان دووجار بەکارێ تایبـەتی دەچـووم بۆ کەرکـوك و کاك دارام دەبینی. کەئـەم هەواڵانـە گەیشتنـە حەسـەن، بەخوالێخۆشبوو حسینی مام بەکری میسری دا نامەیێکی بۆ ناردبووم، زۆر بەدرێژی لەوە دوابوو کەتێکۆشان قوربانیی گەرەکە، ئەم جۆرەشتانەش چاوەروان کراون. بەکورتی نامەکەی هاندەربوو، بەلای منەوە لەوکاتە شەوە زەنگەدا مۆمێکی داگیرساوبوو روناکی پێ بەخشیم.
بەلام ئەوەندە نەمایەوە، چونکە شار بۆنی خوێنی لێدەهات، گرتن و راونان بەردەوام بوو سەرەرای بەزین و لادان و هەرەس هێنانی هەندە کەسێ لەوانەی کەجاران هاوسەنگەرمان بوون، بەرلەوەی پشووی هاوینە تەواوبێ، بەو نیازەی بچمەوە پۆلەکەی ساڵی رابوردووم، رووم کردە قوتابخانەکەم، بەلام دیـار بوو لەدایـەرەی [تەحقیقاتی جینائی]یەوە جۆرە داوێکی نوێ بۆ قوتابیان تەنرابوو کەببێتـە هۆی ئەوەی قوتابیە دەرکراوو دوورخراوەکان ماوەی گەرانەوەیان نەبێ، بۆیە ئیدارەی قوتابخانە داوای سەنەدوکەفیل وپەنچە مۆری دەکرد، دەبوو بەپێی خواستی ئەوان بەڵێن بدەین کە ئیتـر ببـرای ببـر بەشـداریی هیچ مانگرتن وخۆپیشاندانێ ناکەین، دیارە ئێمەش ئامادەی مۆرکردنی بەڵێنی وەهانە نەبووین، بۆیە بەناچاری وازم لەخوێندنی ئامادەیی هێنا وچووم بۆ [دار المعلمین ئیبتدائی] لەبەغدا، هاورێی ئەم قۆناغەم مامۆستا (فەرەیدون عەلی ئەمین)(*) بوو، ئەوساڵە لەبەشی خوێندن و پێگەیاندن لەقوتابیانی سلێمانی بەتەنیا ئەو دوانەمان وەرگیراین. هەرچەندە زۆرم لەلاگران بوو کەماوەم نەدرێتێ قۆناغی ئامادەیی تەوابکەم وبەزۆرە ملێ رووبکەمە غەریبی، بەلام ئەوەی بوومایەی دڵخۆشم بوونی حەسەن بوو لەبەغدا کەسەر لەنوێیەکمان گرتەوە، وە هەر بەهـۆی ئەویشـەوە ئەو هاورێـیانەم ناسی کەماوەیێك بوو لێیان دابرابووم. ئێمە رۆژانی پێنج شەممە (ئەعظمیە)وە دەهاتینە نێو بەغدا، لەیەکێ لەچاخانەکانی (باب المعظم) یان لای (هوبی) یان لەچاخانەی (پەرلەمان) لەتەك حەسەن دا بەیەك دەگەیشتین وە ئەو کاتانەمان پێکەوە بەخۆشی بەسەر دەبرد.

★ ★ ★ ★

سەعات دەی سەر لەبەیانیی رۆژی ۱۹۵۱/۳/۱۹ لە کاتی دەرس دا بۆ ژووری بەرێوەبەر بانگ کرام، لەسەرو سەکوتی ئەو لۆزەندەرانەی لەوێ بوون وە لەدەم و دوویان تێ گەیشتم کەبۆ گرتنم هاتـوون، دەست بەجێ بەرەودەرگای دەرەوەی قوتابخانەیان بردم، دەرگای ئۆتۆمۆبێلێکی رەشیان کردەوەو بەپاڵ سەریان خستم، هەر کە چوومە نێویەوە ساکام چونکە تەنیا یەك کەسی تێدا بوو ئەویش ((حەسەن تۆفیق)) بوو.

لەو کاتە ناخۆشەدا بزەیەك کەوتە سەر لێوم، ویستم خێرا دەست بکەمە مل، بەچاو داکرتن و بەلێو کرۆشتن تێی گەیاندم کارێکی ئەو تۆ نەکەم ئەم دڕندانە بزانن کەیەکتری دەناسین.

لەبەر ئەوە بێورتە چوومە تەنیشتیەوە. یەکێ لەو ملهوڕانە هاتە تەنیشتمانەوە، یەکێکیش چوە پێشەوە، ئەوانی دیکە چونە نێو ئۆتۆمبیلێکی چەکدارەوە ئەوجا باڵیان لەپڕە ئۆتۆمۆبیل پەیدا کرد، لەنزیك گۆڕی مەلیکەوە بەنەعزەمیەدا بۆ باب المعظم، پاشان لەنزیك ئۆرووزدی ئێستاوە لەسەر شەقامی رەشید لایان دا بردینیانە نێو بینایەك لەگوێ روباری دیجلە زانیمان کەئەمە دایەرەی (تەحقیقاتی جینائی)یە، خستینیانە ژوورێك و دەرگایان لەسەر کلۆم داین. بەهۆی ئەوەوە کەهەردوکمان قوتابی بەشی ناوخۆ بووین و لەو غەریبایەتیە هیچمان شك نەدەبرد، لەبەر ئەوە هیچ جۆرە راخەرێیان پێخەفێکمان پێ‌نەبوو، ئەوەی ئەو رۆژە لەبەرمانابوو هەر ئەوەمان هەبوو، ژوورێکی بچووکی شێداری ساردوسڕ بێ‌ڕاخەر لەقوژبنێك دا کوشکەڵەمان کرد، لەبەر ئەوەی نزیك روبارەکە بووین ژوورەکەمان یەکجار ساردبوو، سەرماتینی بۆ هێناین، من هەستم کرد بەتەواوی لەپەل وپۆ کەوتووم، حەسەن کەوتە سنگ شیلاندنم تانەختێ گەرم بوومەوە، ئەمجا کەوتینە پیاسەکردن لەژوورەکەدا، درەنگانێ هەستمان کرد تاکە قەرەوێڵەیەکی ئاسن لەلای دیوارەکەوەیە، بەڵام هیچ جۆرە نوێنێکی لەسەر نی‌یە.. لەوەدوا زانیمان کەئەو قەرەوێڵە بەچەند شەوێ لەوەوبەر بۆ جەواهیری‌یان داناوە کەلەو ژوورەدا حەپس بووە.
لەبەر سەرماو بێ‌شوێنی خەومان لێ‌نەکەوت، لەنیوەشەودا بەو ماندویەتیەوە کێشیان کردین بۆ لێکۆڵینەوە، مفەوەزێکی تەحقیقات کەلای بەندی‌یە سیاسی‌یەکان زۆر ناسراوبوو، وەناوی (خەزعەل)بوو ئێمەیان بردە لای ئەو، لەپرسیارەکانی تێ‌گەیشتین یەکێك لەسلێمانی گیراوەو بەزوویی هەرچی لەهەمانەکەیدا بووە هەڵی رشتووە، وەئێمە لەسەر دان پیانانی ئەو گیراوین، دوای ئەوەی قسەی خۆش و ئەمجا هەڕەشەو گوڕەشەی هیە سوودێکی بۆئەوان نەبوو، بەبەرچاوی منەوە کەوتنە وێزەی حەسەن، پاشان هەڵیان واسی‌و ماوەیەك بەدار بەربوونە بنی پێی، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر ئەوەی کەئەو زەلامە ناناسێ وەچی وتوە درۆیە، لەوکاتەدا (حەسەن) زۆر زیاتر لەجاران لام گەورە بوو، نموونەی رۆڵەیێکی تێکۆشەری بەجەرگ، هەرچی خرایە پاڵی نەچوە ژێری‌و زیرەکانە لێی‌دەرچوو، گەلێ شتی لێوە فێربووم، لەوکاتە دژوارەش دا بوو بەرابەرو چاوساغم، بۆیە کەنۆرە هاتەسەر منیش تینی بروای ئەوو، ورەی بەرزی بوونە هێزو توانام، خۆڕاگرتنی خۆم لەدلێری ئەودا دەبینی‌یەوە، دوای ماوەیێك هێنانیانیەوە ژوورەکەی خۆمان، کەسەیری یەکتریمان کرد ئەوسا زانیمان سەرو گوێلاکمان لەچ حاڵێکدایە، هەرچی چۆنێ بێ ئەوشە وەمان بەمرەومەژی بەسەربرد. بەیانی سەرو سەموونێك وپیاڵەیێك چایان داینێ، هەرکەلەخواردنی سەموونەکە بووینەوە گوێمان لەدەنگە دەنگ وژاوەژاوبوو، هێندەی نەبرد دەرگای ژوورەکەمان کرایەوە، یەك بەدوای یەکدا دەستەیێ لەلاوان وقو تابیانی سلێمانی کرانە ژوورەوە[٦]. دوای بەخێر هاتن‌ویەکتر ماچ کردن کەبۆیان دەرکەوت ئێمە لەچ حاڵێکداین، خێرا نوێنەکانیان کردەوە، راخەرەکانیان راخست ودۆشەك بەسەریا، ژوورەکە واگۆرا لەدیوەخان دەچوو، دەستمان بەخواردنی مێوژە

سوور کەو کاکڵە گوێزو کولیچە کرد، ئەوان لەشارەوە هاتبوون، دایکانیان بەدەم هەنسکی گریانەوە ئەوانەیان فریا خستبوون، بەڵام هەروەك دەڵێن: بەری تەنگانە کورتە، هەروەهاش هیچ خۆشی یەك تاسەرنی یە، دەورو بەری نیوەڕۆ دەرگا ئاسنەکە کرایەوە، بەبرادەرە میوانەکانیان ڕاگەیاند خێرا خۆیان ئامادەبکەن، ئەوانیش کەزانی یان لێمان جیا ئەبنەوە لێفەیەك وپەتوویەك وبالیفێکیان بۆ دانـاین، دووبـارە یەکتـریمان ماچ کردو بەخوامان سپاردن، کاك مەحمود تۆفیق کە بۆ دواجار حەسەنی ماچ کرد پێی وت : ((ئەمانەتی تۆ ومستەفا، ئاگات لێ بێ)).

بەخۆشمی وت : تاخۆ ڕاگرتربن، باری شانتان سووکتردەبێ، تێشی گەیاندم کێ ناوی ئەووحەسەن ومنی هێناوە، هەرچەندە ئێمە هەر شەوێ لەلای خەزعەل لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەوڕاستی‌یەمان بۆ دەرکەوتبوو.

دیسان دوو قۆڵی لەتەك ((حەسەن)) دا لەو ژوورە دامابینەوە، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەم جارەیان خۆمان بەپادشا دەزانی، بەتانیەکەمان ڕاخست، بالیف لەژێر سەرمان داو لێفەش لەسەرماو شێێ. ژوورەکەی دەپاراستین. ئەو ژوورە ئێزگە بوو، چەندین کەسمان تێ داناسی کە دەیا هێنان وپاشان دەیانگواستنەوە: پارێزەر، ڕۆژنامە نووسی، فەرمانبەر، قوتابی، کاسبکار، کرێکار، تا ..د

یەکێ لەوزیندانی یانەی بۆچەند ساتێ بووە میوانمان، سەر نووسەری ڕۆژنامەی ((العصور)) بوو، پێش ڕۆیشتنی وتی: وەك لەقسـەکانتان گواستیاننەوە دەبێ لێکۆڵینەوەیان کۆتایی هاتبێ، بەڵام بەلای ئەوانەوە چونکە ئێوە لەبەغدا دەخوێنین ولێرەگیراون، هیوای ئەوەیان پێتانەکە سەری گلۆڵەیـەکیـان بۆ دەربخـەن بۆ ئەوەی بتـوانن دەستێکی گەورە بوەشێنن جالەبەر ئەوە ئومێدم پێتانەکەجێی بروا دەبن وشەرەف وکەرامەتی خۆتان دەپارێزن.

ئیتـر هەر دووشەو جارێ یان سێ شەوجارێ ئەوحەسێر مەیدانەبەر دەوام بوو، جاری وا دەبوو بەجووتە دەیانبردین، جاری واش ڕێ دەکەوت دەوام بوو، جاریوا دەبوو بەجووتە دەیانبردین، جاری واش ڕێ دەکەوت کەبەجیاجیا دەبراین. دوو عەریف خەفەری لێ بوو یەکێکیان زۆر خاوەن ویژدان بوو، لەخەفارەتی ئەودا چەند جارێ دە یبردنیە دەرەوە بۆ ئاو دەستخانە بەڵام ئەوەکەی دی شەیتـانێ بوو لەئـاودەسخـانـەی تەحقیقـات داگـەورەبـوبـوو نانەکەشی بەشەقەوە دەدایێ، تەنەکەیەکی فرێ دە دایە ژوورەوە ئیتر ئەیوت پێویست ناکات بتانبەمە دەرەوە.

حەسـەن لەوەمـاوەیـەدا کەپتـر لەسێ هەفتـەی خایاندو پێکەوە لەو ژوورەدا بووین، زیاتر لەلام خۆشـەویست تر بوو، زۆر لەخـۆبوردوو بوو، بەهەموو مانایێك هاورێ بوو، زۆر مەبەستی بوو کەقەناعەتم بەوەبێ هەرکەسێ ئەم ڕێگایە هەڵبژێرێ دەبێ چاوەڕوانی یەم جۆرە ئەنجامەش بکات، بەپێکـەنینـەوە گەلێ جار دەیـوت : لەبـیرتەلەو کاتەدا لەماڵێ پوورە گوڵە کەکۆ دەبوونیەوە، واتە بەنرخەکەی هاورێیەکی شەهیدم بۆ دووبارە دەکردنەوە ((کەرێگای خەبات بەگوڵ ورێحانە نەچێنراوە))

هەروەها دەیوت: ((یەکێ کاتی خۆی جێی متمانەی من وتۆ بووە، ئێستاوا کەوتۆتە زەلکاوەوە، ئێمە وهـاورێکانی تریشمانی ڕاپێچ کردووە، بەڵام ئەمەکۆتایی دنیا نی‌یە، هەرگیزنابێ ڕەشبین بین، چونکە بەرامبەر بەیەکێکی ڕوخاو سەدان کەسی خاوەن بڕوای بەتین وورەبەرزمان هەیە، ئەی هەر لەم ژوورەدا بۆیان نەگێڕانیەوە کەهاورێ یەکمان لارانیان بەچەقۆزامدار کردووەو پاشان خۆی یان

بەزامەکەیەوە کردووە، بەڵام لەوە زیاتر کەتفی لە جەللادەکانی کردووە، وشەیێکی تری نەوتوە)).
ئەوجۆرە قسانە هەوێنی گفتوگۆی شەوانمان بوو، بۆیە دوای سێ هەفتە کەهیچ شتێکیان دەسگیرنەبوو ڕۆژێك ئێمە شیان خستە نێو ئۆتۆمۆبیلێکی پۆلیسەوە وبەرەو گرتووخانەی گشتی (موقفیعام) گوێزراینەوە کەچاومان بەبرادەران: محمود تۆفیق وعزالدین مصطفێ وکمال فؤادو بهجت محمد ومحمد مصطفێ وهاوڕێکانی ترمان کەوت ئەوەندە خۆشحاڵ بووین، وامان دەزانی بەربووین.

****

حەسەن تۆفیق وێڕای زیرەکی وهونەرمەندێتی دەنگیشی زۆر خۆش بوو، ئەم دەنگ خۆشی یەش شەوێکیان گێرو گرفتێکی گەورەی بۆنابنەوە، هەندێ کەس ئەوەندە سۆڤ مەشرەب بوون بەگۆرانی [ئەسمەهان] ددانیان ئاڵ دەبوەوە وپێی پەست دەبوون، یەکێ لەوبرادەرانەی لەلیژنەی ڕێکخستنی قاوشەإە دابوو- خوالێی خۆش بێ - لەسەرئەوە موحاسەبەی کردین کەلەبەندیخانەدا گۆرانی بۆرجوازی نابێ بوترێ، ئێوەلەباتی سروودی شۆرشگێرانە ((أیها النائم عن لیلی سلاما)) دەڵێن.. بەهەرحاڵ ڕووداوێکی ناخۆش بوو، زوربەی گیراوەکان ئەوجۆرە رەفتارەی کاکی لێپراسرویان لاپەسندنەبوو، شیاوی باسە برای تێکۆشەر مامۆستا ((کەریم ئەحمەد))یش ئەودەمەلەو شوێنەدا حەپس بوو، ئەویش بەلایەوە ئەورەفتارەی برای لێ پرسراو لەجێی خۆی دانە بوو.[٧] شەوانمان بەقسەی خۆشی و ڕۆژانمان بەخوێندنەوە بەسەردەبرد، هەندێ جار برامان کاك بهجت محمد ئەو چیرۆکانەی بە ڕۆژ دەی خوێندنەوە شەوان پوختەکەی بەدەمی بۆ دەگێرانیەوە، حەسەنیش یەکێ بوو لەوانەی زۆری حەز لە خوێندنەوەی رۆمان دەکرد، هەندەجارێ یەك کتێیمان پێکەوە دەخوێندەوە، بۆ ئەوەی بەزوویی بکاتە دەستی برادەران، ڕۆژانی دووشەموانیش ((مواجهە)) مان هەبوو، من میوانی هەمیشەیی دووشەموانم کاك فەرەیدوون عەلی ئەمین بوو، کەجارێ بەپرسی وجارێ بەیارمەتی قوتابی چاودێرو جارەهاش بێ پرسی قوتابخانەی بەجێ دەهێشت ودەهاتە دیدەینم.[٨]

لەدوایی دا دراین بە دادگای ((جەزا))لەبەغدا، ئەوەی کە ناوی ئێمەی دركاندبوو لە بەردەم ((حاکم)) دا پەشیمان بوەوە، پارێزەرەکانمان ئەو پەشیمان بوونەوە یەیان بەهەل زانی، خاڵی سەرەکی بەرگری کردنیان لەسەر ئەوە بنیات نا، ئەوی ڕاستی بێ ئێمە[٩] پارێزەر بەرگری یان لێ دەکردین بەسەرۆکایەتی پارێزەری بەناوبانگ ((تۆفیق منیر)) کە لەوەودوا شەهیدکرا. لەئەنجام دا هەندێ بەدووساڵ وهەندێك بەساڵێ حوکم دران چەند برادەرێکشمان ((إفراج)) بوون، ئێمە لەبەر ئەوەی یەك شایەتمان لەسەربوو، شایەتەکەش پەشیمان بوبوەوە، دادگا بریاری دا کە یان کەت لەتی ٢٠٠ دینار کتك ساڵێك حەپس، لەم بەشەیان دا کاك حەسەن وکاك محمود وکاك عزالدین منیش تێدابووین. ئەوی ڕاستی بێ ئێمە وابەتەما بووین کە حەپسی یەکەبە نسیبمان بێ چونکە کەفیلمان نەبوو، بەڵام کاتێکمان زانی هەریەکەمان پەلی بە دەستی پارێزەرێکە وە بوو لەئەندامانی ( لیژنەی یاریدەی دادوەری)وە دەبوون بەکەفیلمان بۆ بەربوونمان دێتە یادم ئەو پارێزەرەی بوو

بەکەفیلی من کاك باران عارف جیاوك بوو کەلەوەوپێش نەم دەناسی، بەڵام کاك عزالدین خوا لێخۆشبوو مامۆستا علاءالدین سجادی بوو بەکەفیلی. ئیتر کەل وپەلمان دابە کوڵاناو ڕۆژەو ئوتێلەکانی بەغدا کەوتینەڕێ، بۆ ڕۆژی دوایی حەسەن چوو بۆماڵی عەبدوللای برای کەئەودەمە ئەفسەر بوو لەبەسرە، کاك محمد ومن وبرادەرانی دیکەش هاتینەوە بۆ سلێمانی.

* * * *

کاتێ خوێندنمان تەواو کرد ئەمجا مەسەلەی دامەزراندن هاتە کایەوە[9] فە قەرە (دال) شتێ بوو ئەوسا بۆ دامەزراندنی فەرمانبەر داوادەکراتا لەڕەوشتی سیاسي ئەوکەسە دڵنیاین. ئەم فەقەرە دوابراوە بووەکۆسپ لەڕێگەمان دا، تەحقیقاتی جینائی ئەو (پاسە)ی نەدەدانێ پێی بپەڕینەوە لەمانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٢ هاوڕێکانم لەسلێمانی فەرمانی دامەزراندنیان دەرچوو و کران بە مامۆستا وبەسەر قوتابخانەکان دا دابەش کران، سێ کەسیان لێ لادا، برایانم مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین ومامۆستا شەوکەت غەفوور بابان ومن. ئەمە بەلایەنی قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە کەدامەزراندنی مامۆستا بەدەسەڵاتی (متصرف) بوو، بەڵام بۆ دامەزراندنی مامۆستای ناوەندیی وئامادەیی لەدەسەڵاتی وەزارەتی مەعاریف دا بوو.

هەواڵم زانی کەئەولیستانەی لەوەزارەتەوە دەرچوون، ناوی حەسەنی تێدا نەبووە، ڕۆژی ١٩/ ٩/ ٩٥٢ چووم بۆ بەغدا، هەربۆڕۆژی دوایی لەتەك حەسەن داپێك گەیشتین پێی وتم: کارێکی وام کردووە باوەرنامەی ڕەوشت خاسی وەربگرم بەڵام بەمەرجێ لێی نووسراوە «ئێستا ڕەوشتی باشە». پاشان ڕێ‌و شوێنی بۆ دانام کەبچمە لای یەکێکی وا دەستی بڕوات بەڵکو بتوانێ کارەکەی منیش مەیسەر بکات. ئێوارەی ٢٠/ ٩/ ٩٥٢ پێکەوە چووینە سینەمای (تاج) کەسینەمایەکی هاوینە بوو، فلیمێك کاری دەکرد بەناونیشانی (سۆزی دایکێك). ناوەرۆکی فلیمەکە زۆر کاری تێ‌کردین، کەهاتینە دەرەوە لەگازینۆیەك لەڕوخی دیجلە دانیشتین وتی: دایك بەو نازەو بەکوێرەوەرییو شەو نخوونی ڕۆڵە پەروەردە بکات کەوەك لەم فلیمەی ئەم شەوەدا بینیمان کەچی کاتێ بەخۆی دەزانێ نوقمی گێروگرفت و گەرداوی ژیان دەبێ‌و سەری دنیای لێ دەهێننەوە یەك، خۆ ئەگەر هاتە زمان و گوتی: بۆ؟ ئەوە ئەنجامەکەی وەك من و تۆو سەدانی وەك ئێمەی بەسەر دێت. لەئەنجامی بەجێ‌هێنانی ئەو نەخشەیەدا کەبۆی دانام بەهۆی مامۆستا عەلی کەمالەوە کارەکەم جێ‌بەجێ بوو، ئەو ڕەوشت خاسی‌یە کاتی‌یەم وەرگرت، حەسەنی هاوڕێم ڕۆژی ٢٢/ ٩/ ٩٥٢ بوو بەمامۆستا لەدواناوەندیی (حەی) لەپارێزگای (کوت). گەڕامەوە بۆ سلێمانی، ڕۆژی ٢٧/ ٩/ ٩٥٢ فەرمانی دامەزراندنی مامۆستایان فەرەیدوون عەلی ئەمین و شەوکەت غەفوور بابان دەرچوو، یەکەمیان بۆ [قەرەداخ]و دووەمیان بۆ (سورداش).

ڕۆژی ٤/ ١٠ منیش نامەی دامەزراندنم وەرگرت و بووم بەمامۆستا لەقوتابخانەی (قەڵادزێ).

نامەی هاوڕێ‌یەتی‌و خۆشەویستی حەسەن مانگی جارێك میوانی ژوورە بچکۆڵەکەم بوو.

هاوینی ساڵی ١٩٥٤ ئەوەبوو بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو توانی چەند نوێنەرێك بگەیەنێتە پەرلەمان. لەتەك ئەو هەموو گزو فزی‌یەی لەهەڵبژاردن داکرا (١٤) نوێنەری بەرەی نیشتمانی لەو هەڵبژاردنەدا دەرچوون[10] ئەگەر چی (١٤) دەنگ لەناو (١٣٥) نوێنەردا کە(١٢١) کەسیان سەر

بەرژێم بن چی وایان پێناکرێ، نخۆواش باڵیوزی ئینگلستان داوای لە (وەصی) کرد بەپەلە (نوری سەعید) بهێنێتەوە. ئیدی ئەوەبوو (ئەرشەد عومەری) وازی لەسەرۆک وەزیریی هێناو بەرەو ئەستەموول ڕۆیشت.
نوری سەعید وەزارەتی دامەزراند، یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو کەئەو ئەنجومەنەی ئەو (١٤) موعارەزەیەی تێدابوو بەفەرمانی شاهانە هەڵی وەشاندەوە. ئەوجا کەوتە دەرکردنی مامۆستایان و فەرمانبەران.
لیستە بەدوای لیستەدا ناوی دەرکراوەکان دەردەچوو، شەوانەش ئێزگەی (صوت العرب) لەقاهیرە بەناونیشانی (لیستەی شەرەف) ناوی دەرکراوەکانی دەخوێندەوە. لیستەی ڕۆژی ٢٢/٩/٩٥٤ ناوی (حەسەن تۆفیق)ی مامۆستای دواناوەندیی (حە)ی تێدابوو کەبۆ ماوەی پێنج ساڵ لەفرمانی مامۆستایی دەرکرا. ڕژێم بەوەشەوە نەوەستا، ئەو مامۆستاو فەرمانبەرە دەرکراوانەی بەفەرمانی وەزارەتی بەرگریی بۆ دەورەیەکی بەناو ئیحتیاتی نائاسایی بانگ کرد. بەو پێیە (حەسەن) لە٢٦/٢/١٩٥٥/دا لەتەك ئەو ڕوناکبیرە دەرکراوانەدا چووە دەوری دەیەمینی ئیحتیات لە(سەعدییە)، ماوەی شەش مانگیان لەوێ بەسەربرد، بەڵام ئەنجامەکەی بەدڵی کاربەدەستان نەبوو. زۆر بەگەرمی پشتگیریی ئەم دوو پاڵیوراوەیان کرد، میریی کەوتە داونانەوەو هەڕەشەو گورشە، بەڵام جەماوەری گەل لەسەر ئەوە سووربوون دەنگی خۆیان نەدۆڕێنن. لەئەنجام دا بەدەسیسەی سەرپەرشتانی سندوقەکان، پرکران لەپسوولەی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندیی پاڵیورانی میریی.. بۆیە نوێنەرانی بەرە لەو هەڵبژاردنەدا ماوەیان نەدرایە دەربچن.
(١١) هاوڕێم کاك محمود تۆفیق کەیەکێ بوو لەو فەرمانبەرە دەرکراوانەی لەو دەورەیەدا بەشداربوو دەیگێڕێتەوە دەڵێ:
«لەکوردەکان ئەم برایانەمان لەتەك دابوون. حەسەن تۆفیق، ڕشدی ئەحمەد سعید، ئەنوەر مەلا حەماغا، هادی محمود بەگ، سەعدی غەریب، غەفوور خدر».
هەرکاك محمود دەڵێ: ((لەوبراعەرەبە ناسراوانەش کەلەیادم مابن، ئەوانەی ئەوشەش مانگە لە تەکماندابوون ئەم بەڕێزانە بوون : د. صلاح خالص، عبدالملك نوری، یوسف العانی، رشدی العامل، مظفر نواب، أدمون صبری، جعفر لبان، حازم جمالالدین الألوسی، عبد الرسول الوسواسی.هەروەها دەڵێ: ئەمانەشمان لەگەڵدابوون: عبدالرزاق عبدالواحد، زکي الخشالي، دحام الألدسی عبد المجید محمد.
کاك محمود زیاتر ڕوونی دەکاتەوە ودەڵێ: جگە لەم دەورەیەی ئێمەکە (٩٤) کەس بووین وشوێنمان (سەعدییە) بوو، دەورە یەکی دیکەش لە سەربازگەی (ڕەشید) کرابوەوە، لەکوردەکانی خۆمان مامۆستایان جەلال شەریف وحەیدەر محمد ئەمین لەدەورەیەدا بوون.
چونکە ئەوان مەبەستیان لەکردنەوەی ئەو دەورەیە ئەوەبوو ئازاری دەروونیی ئەو ڕوناکبیرانە بدەن وە لە جەماووریان دابربکەن. بەڵام ئەوان توانی یان بەهەوڵی د. صلاح خالص ومظفر النواب و عبدالملك نوری ورشدی العامل سەربازگەکە بکەن قوتابخانەیێکی نوێ بۆتێکۆشان وخۆڕۆشنبیرکردن وچوونە ناوجەماوەری گەلەوە. وەمەسەلەی دوورخستنەوەو کۆ کردنەوەیان

لەسەربازگەیێکی وادا بەئاسایی وەرگرت، هیچ باکیان پێی نەبوو، وە هەرگیز وایان پیشان نەدا کە ڕژێم واتێ بگات کارەکەی سەری گرتووەو ئەم ڕوناکبیرانە لێرەدا وەك دیل وەهان وپێی دڵگران وخەمبارن[11].

دەورە تەواوبوو، حەسەن تۆفیق چووە نێو ((سوپای ڕوناکبیرەبێ ئیشەکانەوە، نەکار، نەکاسبی. خۆ ئەوجگە لەماموستاییتی یان کاری کیمیا گەریی چی تری پێ نەدەکرا، ئەم دووفرمانەش هەردووك لەو قەدەغە بوون، بۆیە ناچاربوو لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٦/دا عیراق بەجێ بهێڵێ. رووی کردە سوریا، ئەودەمە پەناگەی ئەو عیراقی یانە بوون کەلێرەوەرایان دەکرد ولەبەرباری سیاسي عیراق پەنایان دەبردە بەر ئەوێ.

(حەسەن تۆفیق) کرا بەماموستای کیمیاله دواناناوەندیی (دەرعا) لە شاری (دەرعا) کەمەرکەزی پارێزگای (حوران)ە لەو وڵاتی سوریا.

ماوەی دووساڵ زیاتر لەو کارەی دامایەوە، دڵی بەئیشەکەی خۆش بوو، جارێکی ترهاتەوە نێو قوتابیان و(موختەبەر) وگەشت وگوزاری قوتابخانە، ناو ناوەش دەچوو بۆ (شام) بۆ دیدەنی برادەروهاورێ وناسیاوەکانی. قوتابیانی (دەوی) زۆریان خۆش دەویست، لەنامەیەکی دا ئەووی بۆ نووسیبوم کە لەتەك قوتابیەکانی دا وەك هاورێ هەڵسو وکەوت دەکات وزۆر بەتەنگیەوەن، دەیانەوێ هەست بەغوربەت نەکات، دەمزانی کەحەسەن چەند عاتیفی یە بۆیە حەزم دەکرد بارو دۆخێکی ئەوتۆی بۆرەخسابێ باری سەرشانی ئاسان بکات. لەوسەردەمەدا بەردەوام نامەی حەسەن وە. عزالدین مستەفام پێ دەگەیشت یەکەمیان لەدەر عاوەو دووەمیان لە زانستگای دیمەشقەوە.

چەند ڕۆژێ بەر لەجەژنی ڕەمەزانی ساڵی ١٩٥٨ (حەسەن) لەدەری وە چوو بۆ (شام) بەمە بەستی ئەوەی ڕۆژانی چەژن لەتەك هاورێکانی دا بەسەریان. لەوێ لەئوتێلی (ا لعرفات الکبیر) بووە میوان.

بەرە بەیانی ڕۆژی شەممەی ١٩/٤/١٩٥٨ بەرێوەبەری ئوتێلەکە برادەرانی حەسەنی ئاگادار کرد کە هاورێ غەریبە دڵناسکەکەیان کۆچی کرد، کۆچێکی ناوادەی جەرگ بری بێ گەرانەوە. وادەرکەوت (حەسەن) ی جوانەمەرگ لەوەوبەر تووشی نەخۆشی (ذات القصبات) بووە، بەڵام هەرگیز مەترسی ئەوەی نەبووە بۆی ببێتە کوشندە، ئەو شەوە لەنیوە شەو بەدواوە گەرووی دێتەوە یەك تووشی (وەناق) دەبێ، ئەوەندەی دەرفەت نادات فریای هیچ بکەوێ، هەناسەی لێ دەبڕێ، توانای ئەوەی نابێ یەکێ لەئوتێلەکە ئاگادار بکات تا مشووری بخۆن، بێ کەس و بێ ناز، دوور لە دایك و باوك و براو کەس و کار، دوور لەخزم و دۆست و هاورێ، بە ئاوارەیی و بەتەنیا لە ژوورێکی ئوتێلەکەدا لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا حەسەنی ئازیز بێ دەنگ سەری نایەوە.

پاشان بەپەلە برادەری هەردوکمان ماموستا د. عزالدین مستەفا رەسوڵ کە ئەو دەمە لە زانستگای شام دەیخوێند، دەکەوێتە خۆو برادەرانی ئەوێو کاربەدەستانی پەروەردەو فێرکردن ئاگادار دەکات. هەروەها بەتەلەفۆن ئەو هەواڵە تاڵەشی گەیاندە بەغداو لەوێشەوە سلێمانی ئاگادار کرا. وا

دەرکەوت چونکە جەژنی بەسەر داهات، هەندێ گیروگرفتیان هاتبوە رێ بۆ مەراسیمی نەخۆشخانەو راپۆرت و (تحنیط) کردنی لاشەکەی.

لەدوایی دا بەمـەوکیبێکی قەشەنگ تەرمی پیرۆزی حەسەن بەشاری شام دا دوا گەشتی کرد. کوردەکانی ئەوێو خوێندکارو پەنابیندە عیراقی‌یەکان وقوتابیانی ئەردەن و لاوانی زانستگای شام، مامـۆستـایـان، پارێـزگاری دەرعا، ئەمانە گشتیان بەخەمباری‌یەوە بەدوای گوڵە کوردستانی‌یە هەڵوەریـوەکەدا دەرۆیشتن. بەهەمان مەوکیب تەرمی پیرۆزی بۆ شاری (دەرعا) برا، بۆ ئەوەی قوتـابیەکانی لەتەك فرمێسکی گەرمیان دا دوا ماڵ ئاوایی لەمامۆستا دڵسۆزە جوانەمەرگەکەیان بکـەن. پارێـزگـاری دەرعاو مامۆستا د. عزالدین مستەفا رەسول بە دوو وتارو (رجاء محامید) بەهۆنراوەیەك ماڵ ئاوایی‌یان لەتەرمی کوردێکی تێکۆشەری غەریب و ئاوارە کرد.

لێرەدا کێشەیەك هاتە پێشەوە، ئەویش ئەوە بوو کێ لەتەك تەرمەکەدا بچێ بۆ عیراق. دوای لێك دانەوەو گفتو گۆ کردن وەبۆ پارێزگاری ژیانی ئەوانەی کەئەگەر لەتەکیا بچنەوە بۆ عیراق دەکەونە مەترسی‌یەوە، لەبەر ئەوە لەسەر ئەوە پێك هاتن کە شوفێرێکی ئەردەنی‌یان بەکرێ گرت وەئەرکی هێنانەوەی تەرمەکەیان پێ سپارد. ئەو مەوکیبەی لە بەرێ کردنی تەرمی پیرۆزدا بەشدار بوو هەتا سنووری سووریا لە تەکیا بوون، ئەمجا ئەوان بەهەناسەی ساردو دڵی غەمگینەوە گەرانەوە بۆ شام.

* * *

سەعـات ٢/٤٥/پ.ن/ رۆژی ١٩٥٨/٤/٢٣ جەنـازەی حەسەن گەیشتە (ئەبوغرێب)، لەوێ براکانی‌و خزم و هاورێیانی بەقوڵپی گریان و کوێستی گەورەوە پێشوازیان کرد. لەوێوە بەرەو فرۆکە خانـەی بەغداد برا بۆ ئەنجام دانی کاروباری تەندروستی بەشێوەیێکی رەسمی. ئەوجا بەرەو سلێمانی کەوتنە رێ. جگە لەخەڵکی شاری سلێمانی لەخانەقینیشەوە خەڵکێکی زۆر بۆ پێشوازیی تەرمی ئەو لاوە جوانەمەرگە هاتبوون.

لەسلێمانیەوە روناکبیران و نووسەران و چەندین مامۆستاو فەرمانبەرو قوتابی‌و پیاوانی ناسراوی شار بەپـیر جەنازەکەوە چوون. سەعات یازدەو نیوی شەو تەرمی حەسـەن گەیشتە بازیان؛ ئەم جارەیان چاوە جوانەکانی بەبینینی بەردەقارەمان شاد نەبوون، ئەو چاوانەی لە غەریبایەتی لێك ترابوون نەیانتوانی گوڵاڵە سوورەی نیسان لەکوردستان دا ببیننەوە.

سەعـات دوازدەو نیـوی پاش نیـوە شەو مەوکیب گەیشتە سلێمانی‌و تەرمەکەی برایە مزگەوتی هەمـزاغا نزیك ماڵی خۆیان. وێنەیێکی گەورە کراوی حەسەنیان لەماڵی خۆیانەوە هێناو لەژوور سەریەوە دانرا.

گشت ئەوانـەی لەوێ مابوونەوە خۆیان بۆ نەگیرا، بۆ حەسەنی تێکۆشەری ئاوارە، بۆ حەسەنی خۆشەویستی جوانەمەرگ بەکوڵ گریان، تابەیانی لەمزگەوتەکەدا فرمێسکی بەدیارەوە هەڵرێژرا، هەرچـەندە ئەو شەوە برادەرو هاورێ نزیکەکانی‌و خزم و کەس و کاری گشتیان خەم لەناخیانا پەنگی خواردبـوەوە، بەڵام هەنـدە دیمەنێکی ئەو شەوەم هەرگیز لەبیر ناچنەوە. خوا لێخۆشبوو مامۆستا حەمە ساڵح دیلان و کورانی مامۆستا رەمزی مەلا مارف بەر رەحمەتی خودا بکەوێ وە

هەواڵنامەی کتێب

ماموستا عزت رشيد يەكجار بە پەرۆش بوون، بەتايبەتى ماموٚستا عزت درێژای ئەو شەوەو رۆژی دوایی تا تەرمەکە ریٚی سەیوانی گرتە بەرو تا دوا ماڵ ئاوایی فرمێسکی چاوەکانی وەك بارانی بەهار دەهاتنە خوارێ.

سەعات هەشتی بەیانیی رۆژی ۲٤/٤/١٩٥٨ تەرمی حەسەنی جوانەمەرگ بەرەو سەیوان بەسەر شانی ئازیزانیەوە برا، بەرێ کردن و ماڵ ئاوایی لێ کردنی شیاوی کەسێکی تێکۆشەری ئاوارەی وەك خۆی بوو، ئاوارەبوون و دووره وڵاتیو ئەو غوربەتەی تێیدا ژیا بوو داخێکی گەوره بوون لەدڵی زۆربەی خەڵکی شاری سلێمانیدا.

دوای ئەوەی بەخاك سپێراو پێرەوی ئایینی بەجێ هێنرا، برای شاعیرو ئەدیب ماموٚستا حەسەن سالح دیلان دراوسێی دێرینی ماڵی حەسەن شیعرێکی بەسۆزی خوێندەوە کە لەو دوو رۆژەدا کارەساتی کۆچی ناوادەی حەسەن هەژاند بووی. ئەمجا ئەو چەپکە گوڵانەی لەشامەوە نێرابوون خرانــە سەر گۆری جوانــەمەرگ: چەپکێ لەقوتابی‌یە کوردەکانی زانستگای شامەوە، چەپکێ لە قوتابی‌یە ئەردەنی‌یەکانەوە، چەپکە گوڵی ماموٚستایان و قوتابیانی دواناوەندیی (دەری)، چەپکێك لەلاوانی شامــەوە. هەروەهــا دوو چەپکی رازاوەی تایبــەتیش یەکــەمیان لەبنەماڵەی رۆژنامەی (ژین)ەوە، دووەمیان لە قوتابیانی دواناوەندیی سلێمانی‌یەوە.

دوای تەوتاو بوونی پرسەی حەسەن، ئەو کاتە ماموٚستای قوتابخانەی مەڵکەندی بووم، وە لە رۆژنــامــەی (ژین)دا وەك (متـطوع) کارم دەکــردو، ئەرکی سکرتــێری نووسینی رۆژنــامەکەم لەئەستۆبوو، پێشنیارێکم پێشکەش بەماموٚستا ئەحمەد زرنگ کرد کە سەرنووسەری رۆژنامەکە بوو، دەربارەی ئەوەی ژمارەیێکی تایبەتی بۆ حەسەن تەرخان بکەین، پێشنیازەکەی پەسند کرد، وە بەگەرمی هەوڵیدا کەرۆژنامەی (ژین) لەکۆچی دوایی لاوێکی وەهادا خەمباریی خۆی پیشان بدات وە لە بواری رۆژنامە نووسیش دا وەك رۆژنامەیێکی تاقانەی کوردستان ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ بهێنێ. بەو پێیە کاك ئەحمەد نەخشەی ژمارەی داهاتووی کێشاوە چەند سەرەقەڵەمێکیشی دەربارەی هاتنەوەو بەرێ کردنی تەرمەکە لەلا بوو[١٢]. لەبەر رۆشنایی ئەو هەواڵانە، ماموٚستا زرنگ ریپــۆرتــاژێکی نووسی، منیش وتــارێك، لەتەك شیعرەکەی (دیلان) و شیعرێکی خوا لێخۆشبوو (کــامــەران موکــری)دا لەژمــاره (١٣٩١)ی (ژین) لە ٣٠/٤/١٩٥٨/دا بڵاوکــرانــەوە[١٣] لەیادکردنەوەی گوڵە خەمناکە غەریبەکەی سلێمانیدا وەك ئەمەکی وەفاداریی وە بۆ تۆمارکردن لە گۆڤاری (نووسەری کورد)ا بەپێویستی ئەزانم ئەوانەی لەو ژمارەیەدا بۆ ئەو جوانە مەرگە نوسران بخرێنە دوو توێی باسەکەوە[١٤]

★ ★ ★

پاش ئەوەی هەرچیمــان پێ کراو بۆمــان رەخســاو ئەوەنــدەی لەتــوانــادابوو بەپێی بارو دۆخی سەردەمەکە، بۆ کۆچی حەسەنی ئازیزمان بەجێمان هێنا. لەدوای ئەو ژمارە تایبەتیەی (ژین) چەند شیعرێکی تریشمان بۆ هات کەبۆ حەسەن وترا بوو، بڵاومان کردەوە. لەوانە شیعرێکی کاك نوری وەشتیم لەیادە.

دوای دوو مانگ نامەیێکی پڕ سۆزمان لەشامەوە پێ گەیشت، داخم ناچێ نامەکە لە ٢٤/٤. نووسرابوو، واتە ئەو ڕۆژەی ئێمە حەسەنی گوڵە بەهارمان بەخاك دەسپارد، نامەکە شیعرێکی ناسکی لەتەك دابوو، بۆ حەسەنی جوانەمەرگ وترابوو، لەبەر ئەوەی کاتەکە بەسەر چوو بوو، دەرفەتێ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێ نەکەوت، منیش وەك یادگارێك لای خۆم پاراستم، کاتێ بۆ یادی (٢٧)ساڵەی حەسەن ئەم باسەم ئامادە کرد، بڕیارم دا ئەو شیعرە کە ٢٧ ساڵ بەسەرا تێپەڕیبوو، وە ڕوناکی نەدیبوو لێرەدا بڵاوی بکەمەوە، شیعرەکە هی برادەرمان مامۆستا علی فتاح دزەیی بوو کە ئەو کاتە لەکۆلێژی (حقوق) لە زانستگای (دمشق) دەیخوێند.

ئەوە بوو، وتارەکەم لەکاتی خۆیدا بڵاو نەکرایەوە، مامۆستا دزەییش کەدیوانی شیعری خۆی لەچاپ دا ئەو شیعرەشی لەوێدا بڵاو کردەوە.

* * *

پاش ئەوەی هەرچیمان پێ کراو بۆمان ڕەخسا و ئەوەندەی لەتواناداوبوو بەپێی بارو دۆخی سەردەمەکە، بۆکۆچی حەسەنی ئازیزمان بەجێمان هێنا. لەدوای ئەو ژمارە تایبەتیەی (ژین) چەند شیعرێکی تریشمان بۆ هات کەبۆ حەسەن وترا بوو، بڵاومان کردەوە، لەوانە شیعرێکی کاك نوری وەشتیم لەیادە.

دوای دوو مانگ نامەیێکی پڕ سۆزمان لەشامەوە پێ گەیشت، داخم ناچێ نامەکە لە ٢٤/٤ نووسرابوو، واتە ئەو ڕۆژەی ئێمە حەسەنی گوڵە بەهارمان بەخاك دەسپارد، نامەکە شیعرێکی ناسکی لەتەك دابوو، بۆ حەسەنی جوانەمەرگ وترابوو، لەبەر ئەوەی کاتەکە بەسەر چوو بوو، دەرفەتێ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێ نەکەوت، منیش وەك یادگارێك لای خۆم پاراستم، کاتێ بۆ یادی (٢٧) ساڵەی حەسەن ئەم باسەم ئامادە کرد، بڕیارم دا ئەو شیعرە کە ٢٧ ساڵ بەسەرا تێپەڕیبوو، وە ڕوناکی نەدیبوو لێرەدا بڵاوی بکەمەوە، شیعرەکە هی برادەرمان مامۆستا علی فتاح دزویی بوو کە ئەو کاتە لەکۆلێژی (حقوق) لە زانستگای (دمشق) دەیخوێند.

ئەوە بوو، وتارەکەم لەکاتی خۆیدا بڵاو نەکرایەوە، مامۆستا دزەییش کەدیوانی شیعری خۆی لەچاپ دا ئەو شیعرەشی لەوێدا بڵاو کردەوە.

* * *

سەرەنجام: حەسەن تۆفیق یەکێ بوو لەو تێکۆشەرە جوانەمەرگانەی کە تائێستاش بیرڕوناکی کورد بۆی بە داخەوەن، لەو ماوە کورتەی ژیانیدا ئەوەندەی یادگاری شیرین بەجێ هێشتوە کە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە.

دێتە بیرم تەواو بوونی دەورەی سەعدییە، بەتەواوی لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٥/دا ئەو دەمەی کە خولیای سەفەری شام کەوتبوە سەری بەدیدەنی هاتبووەوە بۆ سلێمانی، بەبینینی زۆر شادمان بووم، دوا ئێوارە و دواچاوپێك کەوتنمان لە گردی سەیوان بوو، بەیادی دەوری قوتابێتی‌مان کە زۆر

جار بە کتێبەکانی بن دەستمانەوە لەوێ بەیەك دەگەیشتین .

ئەم جارەش هەر لەهەمان شوێن دا یەکمان گرتەوە، ئەم دەزانی ئەمە دواجارە کە چاو بەجوانیی کوردستـان دەرێـژێ و دەیـەوێ دوامـاڵ ئاوایی لە شەهیدانی سەیوان بکات و ئەرخەوانەکان رادەسپێرێ کە ببنە (سەیوان) بۆ لاشەی پیرۆزیان

***

دوای شۆرشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ کەچیرۆکی (زرەی زنجیر)م چاپ کرد، پێشکەشم بەگیانی پاکی حەسەن کرد، چونکە قارەمانی چیرۆکەکەم خودی حەسەن بوو، هەرلەوکتێبەدا وەلەیەکەمین لاپەرەیدا وێنەیەکی حەسەنم بڵاوکردەوە .

چونکـە حەسەن لەدڵی تێکۆشەران و روناکبیران دا بوو، بۆیە هەردەم بەخۆشەویستی‌یەوە یادی ساڵانـەی دەکـرایـەوە، لەوسـەردەمـەدا بەرێـز مامـۆستـا د. عزالدین مستەفا وتارێکی پر لە خۆشەویستی بۆ یادی ئەو لاوە جوانەمەرگە نووسی، وەك بێتە یادم لەیادێکی تری ساڵانەی دا برای ئەدیب مامـۆستا عومەر مارف بەرزنجەیی وتارێکی بۆ یادی حەسەن نووسی، شیاوی باسە کاك عومەر کە ئەوز وتارەی نووسی هێشتا قوتابی بوو .

***

بۆ ئەوەی ئەو رۆڵە دلێرانە لە بیرنەچنەوە، بۆ ئەوەی لە هۆش و ویژدانی ئەوەی نوێمان دا ناویان نەخش بێ وە شارەزای رێبازی ژیانیان بن، وەك ئەمەکی وەفاداریی بەپێویستم زانی لەیادی (٣٤) ساڵەی کۆچی دوایی ئەم کوردە تێکۆشەرە روناکبیرە هونەرمەندەدا ئەم باسە تایبەتیە پێشکەش بە خوێنەرانی هێژا بکەم، بەهیوام توانیبیتم ئەولاوە بەوانەش بناسێنم کە نەیان ناسیوە .(١٩)

سلێمانی ـ مستەفا ساڵح کەریم

---

پەراوێزەکان

(١) حەسـەن تۆفیقی جوانەمەرگ لە بواری هونەری شانۆیی‌دا ئەم بەشداریی کردنەی دووەم جاری بوو، چونکـە لەوەو بەر لەشـانـۆنـامـەی (لەرێی نیشتمانا) کە بۆ سوودی لێ قەوماوانی شارۆچکـەی (پێنجـوێن) پێشکەش کرابوو، بەشداربووبوو، شیاوی باسە لێ قەومانی پێنجوێن بەهۆی بوومەلەرزەوە بوو .

(٢) مامـۆستا کەمال جەلال غەریب، ماوەی ٣٢ ساڵ لەپەروەردەدا کاری کرد، وەك مامۆستای کیمیـا، بەرێـوەبـەری قوتابخانە، یاریدەدەری بەرێوەبەری پەروەردە، سەرپەرشتیاری پسپۆر، لەساڵی ١٩٨٤/دا لەسەرخواستی خۆی خانەنشین بوو، خاوەنی چەند بەرهەمێکی زانستی‌یە لەوانە سێ بەرگی (فەرهەنگی زانیاری) .یەکێ بوو لە هاورێ نزیکەکانی حەسەن تۆفیق، چوار ساڵی کۆلیژیان لەبەشی کیمیادا پێکەوە بەسەر برد

(٣) مامـۆستا د. عەزیز ئەحمەد ئەمین، دوای حەوت ساڵ مامۆستایی لە قوتابخانە ئامادەیی و دواناوەندی‌یەکانا، بۆ خوێندنی بالا رووی کردە ئەڵمانیا، لەوێ باوەرنامەی دکتۆرای لە کیمیای

پیشەسازیدا وەرگرت، ماوەیەك یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆی سلێمانی بوو، چەند ساڵێكیش ماموستا بوو لە زانستگای (بصره)، ئێستاش ماموستایە لە زانكۆی (تكريت)، ئەویش یەكێ بوو لە هاورێ نزیكەكانی حەسەن .

(٤) ئەو سێ قوتابییەی كە زۆر ملی رەوانەی بەعقوبە كران ئەم برا بەرێزانە بوون : ماموستا حیلمی عەلی شەریف (سیاسی و ئەدیب و رۆژنامەنووس) ماموستا محمد كريم فتح الله (هەروەها سیاسی و ئەدیب و رۆژنامەنووس ماموستا عوسمان محمد سلێمان : لەكاروباری سیاسی دا تووشی چەرمەسەرییەكی زۆر بوو

(٥) ئەو ساڵەی من لە قوتابخانە دوورخرامەوە، كاك فەرەیدوونیش یەكێ بوو لەو قوتابیانەی بەرسزای دوو هەفتە دوور خستنەوە لەقوتابخانە كەوت. بۆساڵی دوایی پێكەوە چووین بۆ بەغداد لە (دار المعلمين ئیبتیدائی) وەرگیراین. ئیتر لەو كاتەوە هاورێ بووین وهەمیشە پێوەندیمان نەپساوە. ماموستا فەرەیدوون: قەڵەمێكی بەبرشتی هەبوو، بەكوردییەكی رەوانی جوان دەنیووسی، ئەدیبێكی بەهرەوەر بوو، لەكۆنگرەی دووەمی نووسەراندا بەسكرتێری رۆشنبیریی هەڵبژێررا، خاوەنی كۆمەڵە شیعرو سروودێكی زۆر جوانە كەپێشكەش بەمنداڵی كوردی كرد. هەستێكی رەخنە گرانەی زۆر ناسكی هەبوو، شیاوی باسەكە بەشداریی كۆنگرەی راپەرینی نووسەرانی كوردی لەشەقڵاوەكرد. داخی گرانم ماموستا فەرەیدوون رۆژی ٢٥/١١/٩٩١ ئەو دڵە گەورەیەی لەلێ دان كەوت وتەرمی پیرۆزی بۆ شاری سلێمانی هێنرایەوە، سەیوان وەك جگەرگۆشەیەكی خۆی لە ئامێزی گرت، مەرگی كاك فەرەیدوونیش یەكێ لەها .ێكانی (حەسەن)

(٦) زوربەیان ناسیاوبوون، یان دۆستمان بوون، بەڵام لەگشتیان نزیكتر بەئێمە كاك مەحمودود تۆفیق بوو، وابە ئاسانی ئەمی نارەویتەوە.

ئەو سێ ساڵەی كە لەبەغدا پێكەوە بووین زۆر جار حەسەن تۆفیق دەهات بۆ قوتابخانە بۆلامان ،یان ئێمە دەچووینە (عالی) بۆ لایان، لەبەر ئەوە كاك فەرەیدوونیش بووە یەكێ لەهاورێكانی (حەسەن)

(٦) زۆربەیان ناسیاو بوون، یان دۆستمان بوون، بەڵام لەگشتیان نزیكتر بە ئێمە كاك مەحموود تۆفیق بوو، چونكە من سەروورای هاورێیەتی ودراوێتی ماوەیەكیش كاری سیاسیمان پێكەوە كردبوو، لەو برادەرانەی دیكەش ماموستا د. كەمال فوئاد، كە ئەویش كوڕی گەرەك وقوتابییەكی دیاربوو، یەكێ لەتێكۆشەرانی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانی كوردستانییە.

(٧) ماموستا كەریم ئەحمەد، ساڵی ٩٤٥ خوێندنی دار المعلمين تەواو كردبوو، بەڵام پێم وابێ هەر دووساڵ ماموستایی كرد، ئیتر فەسل كراو، بوو بە میوانی هەمیشەیی گرتن وراونان، ئەویش لە تێكۆشانی سیاسی دا كۆڵی نەداو بەردەوام بوو، یەكێكە لە تێكۆشەرە سیاسییە رووناكبیرەكانی كورد، ئێستا سكرتێری هەرێمی كوردستان ـ ح . ش . ٤ ـ

(٨) جارێكیان لەو مواجهانەدا كاك فەرەیدوون پێی راگەیاندم كە ماموستا د. فيصل السامر ـ ماموستای مێژوو ـ وەماموستا جمال الدين الآلوسي ماموستای زمانی عەرەبی، تەوژمێكی زۆریان خستۆتە سەر [ئەنجومەنی ماموستایان] بۆئەوەی (فصل) نەكرێت. وەبڕیارێكی وایان دەركردووە

ئەگـەر حوكم دراى ئەوا بەتەبيعەت فەسل دەبى، وەئەگەر حوكميش نەدريى.. دەتوانى دەورى دووەم لەتەك ئيكمالەكان وا بچيتە تاقيكر. ئەوە وە سەرەنجاميش هەر بەوشێوەيە بوو، بەپێى خاڵى دوەم مامەڵەم لەتەك داكرا.

(٩) ئەم دەويست لەم نووسينەدا خۆم بكەومە ناوەوە، چونكە نووسينەكە تايبەتە بەحەسەنى جوانە مەرگ، بەڵام هەندێ جار مەسەلەكە لە دەست مندا نامێنێ، چونكە زۆربەى بيرەوەرىيەكانمان هاوبەشەو زنجيرەيێكى يەك بەدواى يەك دايە ولێك ناترازێن. لەبەر ئەوە وا زان نەكرێ كەمەبەستمە دەورى خۆمى تێدا ديارخەم.

(١٠) شياوى باسە پاڵێوراوى بەرەى نيشتمانى لەسلێمانى دوو پارێزەرى ناو دارى تێكۆشەر بوون، يەكەميان مامۆستا ئيبراهيم ئەحمەدى ئەديب وسياسى وكۆڵنەدەر، دووەميان مامۆستا شێخ مارف بەرزنجـەيى، تێكـۆشەرو ئاشتى خوازو ئەديب كەلە ئەنجام دالەتەمووزى ١٩٦٣/دا لە شارى كەركـوك لەسێـداره درا وچـووەريـزى شەهيدانى رێگاى ئازادى‌يەوە. شارى سلێمانى ودەوروبەرى زۆر بەگەرمى پشتگيريى ئەم دووپاڵێوراوەيان كرد، ميريى كەوتە داونانەوەو هەرەشەو گورەشە، بەڵام جەماوەرى گەل لەسەر ئەوە سووربوون دەنگى خۆيان نەدۆرێنن. لەئەنجام دا بە دەسيسەى سەرپەرشتانى سندوقەكانى، پركران لە پسوولەى هەڵبژاردن بۆبەرژەوەنديى پاڵێورانى ميريى .. بۆيە نوێنەرانى بەرە لەو هەڵبژاردنەدا ماوەيان نەدرايە دەربچن.

(١١). هاورێم كاك محمـود تۆفيق كەيـەكێ بوو لەوفـەرمـانبـەرە دەركـراوانەى لەو دەورەيەدا بەشداربوو دەيگێرێتەوە دەڵێ:

((لە كوردەكـان ئەم برايانە مان لەتەك دابوون. حەسەن تۆفيق، رشدى ئەحمدسەعيد، ئەنوەرى مەلاحەماغا، هادى محمود بەگ، سەعدى غەريب، غەفوور خدر)).

هەركـاك محمـود دەڵێ: ((لەوبـراعەرەبە ناسراوانەش كەلەيادم مابن، ئەوانەى ئەو شەش مانگە لەتەكماندا بوون ئەم بەرێزانە بوون: د. صلاح خالص، عبدالملك نورى، يوسف العانى، رشدى العامل، مظفر نواب، أدمون صبرى، جعفر لبان، حازم جمال الدين الآلوسى، عبد الرسوا الوسواسى.

هەروەهـا دەڵێ: ئەمانەشمان لەگەڵدابوون: عبدالرزاق عبدالواحد، زكي الخشالي دحام الآلوسى عبدالمجيد محمد.

كاك محمود زياتر روونى دەكاتەوە ودەڵێ: جگە لەم دەورەيەى ئێمەكە (٩٤) كەس بووين وشوێنمان (سەعدييە) بوو ، دەورەيەكى ديكەش لە سەربازگەى (رەشيد) كرا بوەوە، لەكوردەكانى خۆمان مامۆستايان جەلال شەريف وحەيدەر محمد ئەمين لەودەورەيە دا بوون .

(١٢): پێم وابێ ئەديب وروناكبيرى دڵسۆز مامۆستا قادر قەززاز ئەو هەواڵانەى بەكاك ئەحمەد زرنـگ گەياند بوو، چونكە مامۆستا د.عزالدين مستەفا رەسوڵ دەڵێ: ((دواى ئەوەى هەواڵەكەم بەتـەلەفۆن بەسلێمانى گەياند، مامۆستا قادر قەززاز لەبەغداوە بەتەلەفۆن پێوەنديى پێوە كردم وئەوكارەساتە ناخۆشەم بۆ روون كردەوە))

(١٣) كاتێ بۆ يەكەم جار ئەم باسەم نووسى وبردم بۆ گۆڤارى (كاروان)هاورێم خوا لێخۆشبوو

مامۆستا کامەران موکری خوێندیەوە، زۆری لاپەسند بوو کەبەم شێوەیە یادی ئەو جوامێرە بکرێتەوە . بەڵام داخەکەم وتارە کەلەو سەردەمەدا رووناکی نەبینی وکەوتە ئێستا. هەر لەم رووەوە داخم ناچێ دووکەسی دیش بەپەرۆشی بوون بۆ بڵاوکردنەوەی فریای ئەوانیش نەکەوت وبەجێیان هێشتین، ئەو دوو هاوڕێ یەش برای شاعیر مامۆستا حەمە ساڵح دیلان وبرای ئەدیب مامۆستا فەرەیدوون عەلی ئەمین بوو، خوا لێیان خۆش بێ ویادیان هەمیشە بەسەوزی بمێنێتەوە.

(١٤): لە ٥/٩/١٩٨٥ دا ئەم باسەم تەواو کرد، ئەوکاتە دیوانی شیعری کامەران موکری ودیلان وعەلی فەتتاح دزەیی دەر نەچو بوون، لەبەر ئەوە دەقی هەرسێ شیعرەکەم لێرەدا نووسیبوەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم شەش ساڵەدا هەرسێ دیوانەکە چاپکران وهەرسێ شیعرەکەیان گرتۆتە خۆ، لەکاتی نووسینەوەی ئەم جارەی باسەکەم دا بەپێویستم نەزانی کە تەواوی شیعرەکانی بنووسمەوە، چونکە بەرچوی خوێنەری ئێستا کەوتوون.

(١٥): بۆئەوەی خوێنەر تەواوی شیعرەکەی (دیلان) بۆ حەسەن ببینێ، ئەم شیعرەکەلە (ژین)دا بەناوی (بۆ حەسەنی جوانە مەرگ) بڵاوکرایەوە، لە لاپەڕە (٢١١) و (٢١٣) و (٢١٤)دا بەناونیشانی (هاوڕێم حەسەن) لە دیوانی شیعری (محمد صالح دیلان) دا لەئامادەکردن ولێکۆڵینەوە وپێشەکی وپەراوێز نووسینی برای ئەدیب مامۆستا عبدالله عزیز خالد بڵاوکراوەتەوە.
شیاوی باسە دەقی ئەم شیعرە لەژمارە (١٣٩١) ی رۆژنامەی (ژین) لە ٣٠/٤/١٩٥٨ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەلاپەڕەی (٢١١)ی دیوانەکەدا نوو سراوە (١٩٥٧) ، دیارە ئەمەیان لەبیر چوونە یان هەڵەی چاپە.

هەواڵنامەی کتێب

بەشێ لە رۆمانی

# ئەژدیها

## موکری

### بەشی یەکەم

بەرەبەیانی شەوێکی بەنهێنی ئاوسی جەڕاو ـکەهێشتا نیوە کولێرە پاییزی‌یەکەی مانگ لەرزی تریفـەی دادەباراند ـ نهۆمی دووەمی خانوویەکی کەلاوە ئاسا (کەریم)ی تفاندە خوارێ.. داخزا وەك هەمان یەکەم ساتی ژیانی چۆن لە منالدانی دایکیەوە تورهەلدرا ئەوا ئەم بەرە بەیانەش ـ نەك بە رووتی بەلکو بە پانتۆلێکی رەنگبوواردووی پینـاوی‌و چاکـەتـە کۆنێکی لە لنگە کراوەوە ـ لە بری خوێناو، زوخاوی پەژارەیی منـالدانـە چرچەکەی خانووە بە کلۆلانْ ئاشناکە، رووەو گلە شێدارەکەی حەوشە بەرینەکە نارد..

هەر کەسێ کەریمی دیبـا یەکسـەر چاوی دەبڕی‌یە رەوتە لەتر ئامێزو هەنگاوە سستەکانی، گومانی مەی زەدەیی لێدەکرد..

کەریم جانتایێکی کۆنی گرتووەتە دەست، هەندێ وردە پێویستی‌ی تێ ئاخنیوە، لۆش لۆش لەسەر ناردوانەکانەوە بەرەو خوار دەبێتەوە هەر کە دەگاتە دوا ناردوان سوکە بلاچەی هەستێ هەلۆیستەی پێدەکات وخۆزیایێك رایدەگرێ **(بریا مندالدانی دایکیش پەیـژە ئاسا دەبوو، تا هێدی هێدی مەلوتکەکە ناردوان بە ناردوان دەهاتە خوارێ نەك ژان وخوێناو رایمالن ودەری پەرێنن)**

لەم کاتەدا کەریم خۆی بە بێچووە هەلۆیێکی نژادرەسەنی . کێوی دەزانی، کەچی ـ سەرەڕای تەمەنی ـ خۆی گوتەنی:

(ـ هێشتـا فێره فرین نهبـووم، لهھێلانه کهوتوومهته خوارێ، دهشبێ ببمه مایـهی سهرگـهرمی قهل وقاز ومریشکی کهویکراو، ههریهکهش جێ دهنوکی خۆی دهکاته لهکهی سهر جهستهم، دهبێ بێدهنگ وقایلیش بم.)
کهریم جانتاکهی دانا رووهو دواوه وهرچهرخا، ئیدی نهبزوا وهك ئهوهی بزانێ چیدی ناردوانهکان قایل نابن جارێکی دی خۆیان بۆ ههنگاوه قورسهکانی ئهم مات کهن وبهسهریاندا سهرکهوێ (ـ گریمان ئهمجارهیش بهسهر ناردوانهکهدا سهرکهوتم وپێم به جهرگی خۆما نا، جا چییه؟ هیچ... ئهو پهرهکهی یهکه یهکه منالهکانم لهخـهو ههلدهسێنـم، به بێـدهنگیـیـهوه سهرنجیـان دهدهم... دهشێ له بێدهنگیهکهم حالی بن. جا بۆ نهء؟ بۆ زۆر جار بێدهنگی تاقه زمانی نێوانمان نهبووه؟خۆ ناتوانم خواحافیزییان لێ بکهم وجورئهت پهیدا بکهم، بهکورتی پێیـان بلێم: من ناچـارم وبـه ناچـاری بهرهو نادیاری مل دهنێم، ئێوهیش دهسپێرمه چارهنووسی خۆتان.. نا..نا.. باوهڕ ناکهم بتوانم ئهمهیان پێ بلێم، رهنگه سبهی رۆژێ نهتوانم سهیریان بکهم.
رهنگه ئهوسا ئهوان جورئهت پهیدا بکهن لهرووهدا بووهستن وپێم بلێن (باوکێکی ترسنۆك بووی..) حهیفێ باوکێکی ترسنۆکمان ههبوو، به بیانووی (ناچارم) خۆی دهرباز کرد وئێمـهی سپـارده دهردی رۆژگار. رهنگه وریابن وبلێن: خۆ دهرباز کردنهکهی لهسهر حیسابی کوێرهوهری وکۆیلهیهتی ئێمه بوو.
گریمان چوومه سهرێ (ئێستا) ئهوان چ دهلێن؟ هیچ..
ئهی خۆم چییان پێدهلێم؟ ههر هیچ.. به حیسابێتی هیچ، سهر ئهنجامیش ههر دهکاته هیچ، دهبا له هیچهوه دهست پێ بکهم.. وای دهھێنمه بهر چاوی خۆم ئهوا چوومه سهرێ. لهخهو ههلیانمساند جگه له سهرنجی تیژی ئاوسی پرسیار ئامێز که له چاوانی کهسانی به بێدهنگی گۆشکراو دهردهپهڕن. چیدی دهبینم؟ ئیدی دهبێ داوه سهرنجـهکـانیـان به دوای خۆمـدا پهلهکێشی کهم، بهتـرس ولهرزهوه ههنگاو ههلهێنم.. دهبێ ههر لهخهمی ئهو ساته ترسناکهدا بم که پرسیاره نهگوتراوهکانی منالهکانم کائیناتی سهیر سهیر له مێشکمدا بزێنن، له ئاستیاندا بێ ولام ودهسته پاچه بم ونهوێرم سهیریان کهم، کۆتم دهکهن ولێم رادهپهڕن، ئهمسهرو ئهوسهری رێیهکانم لێ دهتهنن..
کهریم وهرچهرخا ودهستی دایه جانتاکهی، ههندێ به قورسی هاته دهستی، یهکهم ههنگاوی ـ پاش ئهوهی نهومی دووهم تفاندییه خوارێ ـ بهسهر جهرگی خۆیا نا.



**(ـ با ئەم حەزمیشم وەکو حەزەکانی دی لێ بێت..)**

سووکـە بزەیێکی کاڵ وبێتـام، ساردو بێگیان، چون بزەی ناچاری کەسانی شەرمەزار وخەجاڵەت بار لە خودی خۆ، کە ناتوانن (حووتە گوێ حەقژنەو پەیدا کەن وناشتوانن لە ئاستی دەسەڵاتی نەژنەواندا بەرگرێ بکەن، سەرئەنجام خۆ دەدەنە دەست دوا ساتـەکـانی بێ ئومێـدیو یەکەم ساتەکانی بەکار هێنانی دوا وزە بۆ دەستگرتن بەو ژیانەی کە لولیان دەدات و لە گۆشەییکی فەرامۆشکراوی زەمیندا توڕیان هەڵدەدات وئەفەرۆزیان دەکات ـ نیشتە سەر لێوە بارگرتووەکانی.

جووتە چاوە بێرەنگە پەناهەندەکەی سەری کەریم چەقینە سەر جووتە پێڵاوە شڕو رەنگبواردووەکەی کە داڵدەیان دابووە پێیە شەکەتەکانی.

**(ـ جا چ هەنگـاو و حەزێکی خۆمم بەکامی دڵ، بێ ترس ودڵە ڕاوکێ بەسەر بردووە؟ لێهاتوو کارامەم، چاك سەری حەزەکانی خۆمم قرتاندووە.. با ئەمیش ببێتە سەر باری ئەوانی دی.. ئاوها چاکترە رەنگە منداڵەکانم پێیان ناخۆش بێ وا بەم بەرەبـەیـانـە لەخەویـان دەکـەم، چ دەزانن؟ دەشێ پێیـان وابێ «ئـەمجـارەش» وەك سەفەرەکانی دیم چەند رۆژێ لێیان دوور دەکەومەوە، پاشـانیش درەنگـە شەوێ، دز ئاسا خۆم دەکەمە ژورێ، لە شەرمی دەست بەتاڵی، ورتە لەخۆم دەبرم، نەوەك لەخەو هەڵسن ولە ئاستی بێدەنگیەکەیان سست بم و بێدەنگی‌یە ئاوسەکەم لەبار ببەن.. نەخێر چاکتر وایە رێگرمە بەر!)**

ناچـاری بووە کلکی گورگ وئـەمیش مەر ئاسـا پێشکەوت توانی‌ی هەریەکدوو هەنگاو بنێ، ئیدی وەك بلۆی قەڵەمی دەست وپێی بشکێ، نەبزوا..

ئەمشەو خەوی لێنەکەوت، هەر خەریکی سێ ودووی دڵی خۆی بوو، گاە سوور بوو لەسـەر بڕیـارەکـەی، گاە پەشیمـان.. بەخـۆیـدا دەهاتەوە، چوار منداڵی چکۆڵەی سەروقن، ژنێك ـ هەر تەنها ناوی ژنە ـ قایل، بێدەنگ، سەروبنی زمانی شوکری خوا کردن و قەناعەتە، هەر وەکو ئەو سەگە وابوو کە **«گوی دەخوارد ودەیگوت خوا رزقم دەدات»** ئاسـۆی دیدی لە چوار دیواری ژوورەکەی وسنووری گەڕەکەکەی تێنەدەپەڕی، چ شتێکی بەلاوە مەبەست نییە جگە لەوەی **«لەسەر دەرپێکەی خۆی دانیشی»** و منداڵەکانی برسی نەبن ودەنگی دەرنەچێ.. دایکێکی کوێرەوەریش، کورت بینی دەست کرێچییەتیو دەست کورتی.. ئەرێ ئەمانە بۆ کێ بە جێ بێڵم؟ بێ من چۆن دەژین؟ خۆ تاقـە نان پەیـداکـەریـان هەر منم... خۆ ئەو چەند فلسەی کە پاشەکەوتم کردوون هەر بەشی یەکدوو مانگیان دەکات... ئەدی پاشان؟ باشە گەر پاشگەز بمەوە، خۆ دەبێ **«ئەمرۆ»** خۆم لە دەباخانەدا ببینمەوە، بە دوو چاوی زەقەوە سەیرکەم، کە چۆن کەوڵم دەکەن، خۆ گەفەکانی حاجی رەزای عەللاف گاڵتە نین..

ئەی هەرەشـەو گورەشـەی براکـانی ئەی دەسـەڵاتـە لەرادە بەدەرەکـەی خزم و کەسوکاری؟ خۆ هەر بەوان میرازم دەکەن.. ئەی فرت و فێڵەکانی، خۆ دەیانجار زیاتر لەخـۆیم بیستـووە ـ کاتێ کە نەسیحـەتی دەکردم و دەیگوت (ـ **کەریم ئۆغلم.. ئەشەگ ئۆڵە.. مقاش، مقاش ئیستعمال ئێلە دەستی خۆت یاندرمیش ئێتمە.*)**

کەرانباوگاوە نە کوردی‌یەکەی کوردی بوو نە تورکی‌یەکەی تورکی، هەر دەیدایە بەر، خەمی زمان و... خەمی ـ جگە لەپارە ـ هیچی نەبوو... **داریکم بەدەستەوەیە نەك هەردوو سەری، بەڵکو ناوەراستەکەیشی پیسە..**

شەوێ کەریم رێی بۆ رەگەکانی گومان ودوو دڵی‌یەکەی خۆشدەکرد تا چاکتر رووەو ناخـە بەلەسـەو سەرکێشەکەی رۆچن وزیاتر پانتایی وجودی داگیرکەن، تا پاکانەی کۆك وبتەو بۆ گێژی‌یەکەی بێنێتەوە دەیزانی، تا ناخە سەرچڵەکەی تێراوی گومان ودوو دڵی ورارایی نەبێ ناتوانێ رۆشنایی ببەخشێتە دیدەکانی وناتوانێ وردە کۆسپ ولارێ وهەڵدێرو ژهێل وژوردان بێنێتە بەر زەین.

شەوێ نیمچە قەناعەتێکی لا دروست بوو، ئەویش ئەوە بوو کە عەقڵ وبۆچوونی ورد دەردی نادەن. بەزەیی بەخۆیدا هاتەوە، بۆ دڵدانەوەی خۆی یەکدووجار بەخۆی گوت: **بەکـار هێنانی عەقڵ لە نێو بێ عەقڵاندا، جۆرێکی دی‌یە لە بێ‌عەقڵی، وەدووکەوتنی بێ عەقڵانیش هەر بێ عەقڵی‌یە.**

سەر ئەنجـامی تاو تووێ کردنی بارو دۆخـەکـەی ئەوەی لا چەسپـا کە (**بوون ونەبوونی عەقڵ ـ لە شوێنێکدا کە بناغەکەی خۆڵەمێش بێ ـ یەك شتە وهیچ ناگۆرێ)**

دوا بریاری ئەوە بوو.

**(ـ دەبێ سەر لەبەری بناغەی ژیانم لەیەك بترازێنم وبەر لە ناحەزانم، دەبێ خودی خۆم عەقـڵ وسـۆزم لە مێشـك ودڵدا تەخت کەم نامـەوێ شتـە ئینسـانیـەکانم ببنە کۆسپ وناحەزانم پێی بەسەرا بنێن.. ئەڵبەتە هەر بە ئاستەم پێیان هەڵکەوێ وساتمە بکەن ئەوا بەسەر خۆمدا دەکەون)**

کەریم ویستی تاوی خۆی بدات وبروات وچیدی خۆی ماتڵ نەکات کەچی ئەو دیمەنە نەگریس وئەو وشە قێزەوەنانە ـ کە لە دوێنێوە یەخەگیری بوون ـ لەبەر پێیدا روان.

**(ـ لە دوێنێوە دنیایان لێ کردوومەتە چاتۆڵ، نازانم چۆن ئەم بوختان وئەم**

تۆمەتە گەورەیەیان بۆ دروست کردووم؟ چ تاوانێکیان خستۆتە پاڵم؟ لە هیچە ئەو کچەتیوە حەیشەرییە، ئەو قەیرە دۆخین شلە، ئەم قسانەی بۆ هەڵبەستووم. دەزانی یلماز درۆ دەکات. کەچی... ئای موعەزەز ێ! من چ پێویستم بەوە بووە دەرگای حەمام لە تۆ بکەمەوە.. خۆ هەموو دەرگاکانی تۆ بۆ من وازبوون.

تێبینی: (١)

★ دوێنێ شەوێ درەنگ وایان لە حاجی رەزای عەللاف گەیاندبوو کە دوێنێ بە کەریمدا شتومەکت ناردبووە ماڵێ، موعەزەز نەیقیژاندبا لەو کاتەیش وەکو فریشتە یلمازی برازات فریا نەکەوتبا ـ ئەوا کەریمی سەگباب ئابڕوی دەبردین.

ئەمەندە بەس بوو بۆ شێتگیر بوونی حاجی رەزا... دەیگوت: لێگەڕن با رۆژ بێتەوە.... ئەوسا ... ئا ئەوسا...

★ ئەمنە خانی دایکی موعەزەز بۆ دەرو دراوسێی گێڕابووە گوایە کەریم بێ‌نمەك بووە وحەرام زادەیە.. چەند ساڵێکە ئەمان خۆیو دایکیو ژن و منداڵەکەی بەخێو دەکەن کەچی لەژووورەکەی موعەزەزدا پەلاماری موعەزەزی داوە و کراسەکەی بەری کچەکەیی دراندووە.

★ شەرافەتی دایکی کەریمیش دەیگوت: بوختان بەکورەکەم دەکەن... کورەکەم مەلا ئێکەتێکە بۆ خۆی.. بوختانی پیا دەکەن، بوختان!

★ دەرو دراوسیش دەیانگوت: موعەزەز خۆی حەیشەرییەو خۆی کەریمی فریوداوە.

★ هەر تەنها کەریم هیچی نەدەگوت و نەدەچووە نێو باسەکەوە

شەوێ کەریم، بەسەراپای یادەکانیا هاتەوە وەك بیستبووی کە: پاش ئەوەی حەرەس قەومییەکان هێرشیان بردە سەر گوندەکەیان وتاڵانیان دەکەن، کەریم تەمەنی چوار ساڵان بوو. پاش ئەوەی لەخزم و کەسوکار دادەبڕن بەناچاری لەگەڵ باوك و دایکیا روو لەشار دەکەن، پاش دەردی سەری خانووێکی قورینی دوو نهۆم، کەلاوە ئاسا لەحاجی رەزای عەللاف بەکرێ دەگرن، خانووەکەش بەتەنیشتی خانووە تەلار ئاساکەی حاجی رەزاوە دەبێ، سمایلی باوکی کەریم وەك بەردەست لەخانەکەی حاجی رەزادا کار دەکات، کاتێ کە سمایل دەمرێ کەریم لەپۆلی پێنجی سەرەتایی دەبێ، بەناچاری دەسبەرداری قوتابخانەی رۆژ دەبێو بەشەو دەچێتە قوتابخانە و

بەرۆژیش ئیشەکەی باوکی دەکات و لەبەر دەستی حاجی رەزادا وردە پێویستیەکان وەئەنجام دەێنێ،کاتی خۆی سمایلی باوکی کەریم دەیگوت:

(ـ زەلامی وەکو حاجی رەزام نەبینیوە، تورە و توندە تەبیعەت، چاو چنۆك فلسی لەباوکی خۆی خۆشنابێ، ئەوەندەی جولەکەنیکی هەیە.. هەر لەگەڵ شیرەی شەبقدا دەرگای خانەکەی دەکاتەوە. دەست بەقۆڵبرین و درۆ و دەلەسە دەکات، قۆڵی جوتیاران دەبڕی ولەقەپانیشدا فێڵیان لێدەکات.. دەبێ نیوەروان بێمەوە ماڵەکەی و نانی نیوەڕۆی بۆ ببەم، ئێوارانیش تا پاش نوێژی شێوان، هەر لەخانەکەیدا دەمێنێتەوە بەناوە حاجی‌یە، نەخوا دەناسێ و نەپێغەمبەر.. تەسبیحاتەکەیشی پارە ژماردنە.. هەر بەزەبری پارە ئەو (ئەمنەخانە) نازدارەی هێناوە کەدەڵێی مانگی چواردەیەو ئەمیش رەوزنێکە بۆ خۆی.. چ ماڵ و منداڵێکی پاك و بەحورمەتی هەیە، خۆیشی پوڵێکی قەڵپ ناهێنێ.)

کەسمایل مرد، شەرافەت تا چەند ساڵێك لەماڵەکەی حاجی رەزادا کارەکەر ئاسا ئیشی دەکرد، ئەویش دەیگوت:

(ـ ئافەرین ئەمنە خان بۆ حەیاو حورمەتت.. بەخوا دەپەراسوی لەئۆمەتی محمد زیاترە وا تەحەمولی ئەو حاتجی‌یە تورە و تەوسەنە دەکات. موعەزەزی تاقانەکەی، چەند بەحەیا، چەنێ لەبزی شیرینە کەشەرافەت تووشی نەخۆشی هات ئیدی نەیدەتوانی کاری ماڵی حاجی بکات و لەماڵەکەی خۆیدا مایەوە

کەریم ئەو رۆژانەی هێنایەوە بەر زەینی خۆی کەلەگەڵ موعەزەز هاوتەمەن بوون، لەسەر بانەکەی ماڵی حاجی‌دا گەمەی ژن و مێردایەتیان دەکرد.... موعەزەز سوراو وکەرەسەکانی ئارایشتی دایکی دەدزی، بەئیشارەت کەریمی دەنارده سەربان و پاشان خۆیشی دەچووە سەری، بە دارو بەتانیە کۆن کوڵلەیان دروست دەکرد. موعەزەز خۆی دەرازاندەوە وەکو ئەمر کەریمی بانگ دەکرد کەدەست بەهەموو لەشیا بێنێ ـ پاش چەند مانگێ گەمەکەیان تۆخ کرد ردەوە! کەریم لەو تەمەنەدا ئامێر ئاسا لەبەر خواستی منداڵانەی موعەزەزدا دەسوڕایەوە، موعەزەزیش وای هەست دەکرد، مادامێ باوکی ئەمان بەخێو دەکات، بۆی هەیە هەموو داخوازی‌یەکانی خۆی فەرز بکات.. رۆژێ بەرێککەوت ئەمنە خان دەچێتە سەربان گەمەکانی کچەکەی و کەریم دەبینێ، هەرەشەیان لێدەکات.. ئیدی کەریم سەر کوێرتر بوو.. پاش یەکدوو رۆژێ ـ کاتێ کەریم پێداویستی‌یەکانی ماڵی لە خانەکەوە هێنایەوە ـ موعەزەز لەماڵ

ئەبوو ـ سێ ڕۆژ بەیانیان وسێ ڕۆژ نیوەڕوان دەچووە قوتابخانە ـ ئەمنە خان کەریمی بانگ کردە لای خۆی. کەریم پێی وابوو ئەمەشیان هەر دەچێتە خانەی کارمەکەی ونـان پەیـدا کردن. سەرەتا کەریم حەپەسا، دەترسا، پێدەچوو «ئەمنە خان» هەر لەبەیانیەوە خۆی ئامادەکردبێ، کراسێکی گەڵێ تەنکی پەمەیی لەبەر کردبوو، پرچە تێرخەنەکەی، بەردابووە سەر شان و مل، کراسە تەنکەکەی لەلا سنگەوە دوگمەکانی واز بوون.. هەر کەکەریم زەمبیلەکەی دانا، «ئەمنە خان» پەلی گرت، مەر ئاسا کەوتە دویـەوەبردی‌یـە ژوورێ، پێی گوت دانیشـە، خۆی چووە دەرێ، تونـد دەرگـای حەوشـەی کلیل دا.. گەڕایەوە بەکەریمی گوت نەخۆشم پشتم بشێلە!! وردە وردە بەشـەرمـەوە دەستی بەسەر پشتیا دەهێنا «ئەمنە خان» سووکە ناڵەی شەهوەت بزوێنی لەدەم دەهاتە دەر.. توند.. توند تر.. دەی خوارەوە.. خوارتر.. خـ.. وارتـ.. ر کەریم لە موعەزەزەوە فێری سنووری خوارتر ببوو بەڵام هەر شەرمی دەکرد و زمانی لەگۆ چبوو.. «ئەمنە خان» کەوتە سەر پشت و گوتی سنگم بشێلە توند.. توند.. تونـ.. د، کەریمی گوشی‌یـە خۆیـەوە، کەریم لەشەرمانا زمانی وشك ببوو، حەپەسا بوو، «ئەمنە خان»، ئەیناڵاند، مار ئاسا دەتلایەوە.. هەندەی گاز لەلاشان و ملی کەریم گرت، جێ دگانەکانی شین ببووەوە، کەریم هەر بێدەنگ بوو، ئەو ڕۆژە تا دووسەعاتێ مایەوە ونیو دیناری بەخشیش وەرگرت!

ئەو ڕۆژە کەریم گێـژو کاس بوو خەیـاڵی لەشی «ئەمنە خانی» تەمەن سیوپێنج ساڵەی لەبەر چاو لانەدەچوو. سپی، هەندێ قەڵەو، پرچ خەناوی، باڵا بەرز.. وای لیهات هەفتانە دینارو نیوێك حەقی پشت شیلانی ئەمنە خانی پاشەکەوت دەکرد. گەڵێ جاریش ڕێدەکەوت سنگی موعەزەز بشێلێ وخۆیشی بت ئاسا ڕاگرێ‌و هەموو ئەندامەکانی لەشی بخاتە بەر نەوسە زاڵەکەی موعەزەز کەبە ئارەزووی خۆی دەستی بەهەموو لەشیا،دەهێنا، کەریمیشی ناچار دەکرد دەست بەهەموو شوێنێکیا بێنێ.. «ئەمنە خان» دەیویست کەریم بەهەموو جەستەیەوە هەڵلوشێ (موعەزەزیش) هەردوو دەست و پەنجەکانی کەریم یی مەبەست بوو، پاشان کەریمی ڕاهێنایە سەر ئەوەی چۆن لێوەکانی بەکار بێنێ!

کە کەریم ژنێ هێنا دایك و کچ خەریك بوو شێت و هار بن، بەڵام داوە سەرنجە نەوسنەکانیان قولاپێکی ئەوتۆی پێوە بوو کەریم تا مناڵی چوارەمیشیان بوو ناوە ناوە پشتی «ئەمنە خان» و سنگی موعەزەزی دەشێلا.

دوێنێ چاشتانگاو ـ هەینی بوو ـ حاجی ڕەزا کەریمی ناردەوە ماڵێ، کەریم هەر

که دەرگـای کردەوە حەپەسا، یلمازی برازای حاجی رەزای بینی بەرووتی «ئەمنە خان» ی لەباوەشی گرتووە. هەر کە ئەوان هەستیان بە کەریم کرد یلماز خۆی گوڕی هەر چەند «ئەمنە خان» پێی گوت دان بەخۆیا بگرێ و کەریم شێتۆکەیەو تێناگات بەڵام بێ سوود بوو، یلماز یەکدوو شەپا زللەی بەکەریما کێشا دەموو لوتی خوێناوی کرد، یلمـاز دەنگی پەرزەوە کرد، موعەزەز لە حەمام بوو، بەپەلە خۆی گۆڕی هاتە دەرێ ویستی هەندی قسان بکات، کەچی یلماز پێشی کەوت و پێی گوت لەبەر ئەوە لێی داوە ویستویەتی دەرگای حەمامەکە بکاتەوە.

وەعدێ لەنێوان کەسوکاری یلمازو موعەزەزدا هەبوو کە گوایە موعەزەز بدرێتە یلمـاز، موعەزەز نەك تەنها پاشکەز بووەوە لە قسەکردن بەڵکو هاشاوڵی بردە سەر کەریم و چەند جارێ لەسەر یەك پێی گوت بێ شەرەف بێ ئابرو.. بێدەنگی‌یەکەی کەریم هانی «ئەمنە خان» یشی‌دا، هەندێ قسەی سوکی پێکرد

**(-بێ ئابرو ئەمە لەباتی پیاوەتیەکەمان کەچەند ساڵە بەخێوتان دەکەین)!**

هەر کە ناوی موعەزەز دەهاتە بەر چاوی ترسی لێدەنیشت، ئەم ترسە دەبووە وزە، گوڕی پێدەبەخشی، کەریم بەپەلە تاوی هەنگاوەکانی خۆی دەدا، تا هەرچی زووترە بگاتە دەرگای دەرێ، تەنانەت بێ ئەوەی ئاوریش بداتەوە بەدوای خۆیدا کلۆمی‌کات، کەچی جیرەی دەرگـاکـەی تەنیشتی - کەکـەوتبووە ئەمسەری رارەوەکەی نهۆمی خوارێ - ڕایچڵەکاند، کەریم رووی رووەو دەرگا نیوە وازەکەی ژوورەکەی دایکی وەرچـەرخاند، یەکسەر دیدەکانی نیشتە سەر نیوە روخسارێکی چرچی خەواڵوی کەنەفت، ئەم دیمەنە لەنێو قوڵایی‌یە بێ کۆتاییەکەی چاوانی کەریم دا لەنگەری گرت، جیرەی دەرگـاکـە هەلوێستـەیێکی پێ کرد **ودایکوتایە** سەر زەوی‌یـەکە.. هەر کەشەرافەت چاوە کزەکانی بەرزکردە وە، کەریم چاوانی خۆی داخست، هاوزەمان سەریشی شۆڕکـردەوە، لەسـەرنجە ئاوس و ساردەکەی دایکی ترسا، ترسێك هەر لەمنـاڵی‌یـەوە ببـووە ماك و ئاڵا بووە رەفتـارەکـانی..سەرنجە ساردەکانی دایکی، بەسـەرنجی مردووان دەچـوو، کەریم پێی وابـوو - هەر لەمێژە وایدەزانی - ئەو سەرنجـانە گەلێ وشەی مردوو نیوە مردووی پێوە ئاوێزانەو دەیانەوێ ناخی ئەم بکەنە گۆڕستان و لەوێدا گیان پەیداکەن وزیندوو ببنەوە. کەریم ویستی بڵێ **(دایکە ئەم سەرنجانەی تۆ لەهەموو شتێ زیاتر ئەزیەتم دەدەن، ئازارێکی ئەوتۆم پێدەبەخشن تەنانەت کبریاء وپیاوەتیم دەروشێنن.. پاش هەموو سەرنجێکت بەخۆم دەڵێم:**

ئیدی تەحەمولم نەما.

کەچی زۆر جاریش پاش ئەوەی کەخۆم بەگوناهبارو بەدکار دەزانم پڕ بەدڵ حەز بەو سەرنجە ساردو بێ مانایانەی تۆ دەکەم چونکە زۆر شتم دەشۆرنەوەو شتی دیم لەلادا دەچەسپێنن ئای دایکە تۆ، تەنها لەمەدا مایەی خۆشبەختی منی.... دەنا نە من بۆ تۆ، نەتۆیش بۆ من، جگە لەدەردی سەری بۆ یەکدی هیچی دی نەبووین. هەر تەنها رێککەوتێکی بێمانایە کەمن بوومەتە کوڕی تۆ، تۆیش بووی بەدایکی من ..رێککەوتەکە گەلێ بێ ماناترو بێ تام تر دەبوو گەر کوڕی ژنێکی دیبام.. رێککەوتە وای‌کردووە من وتۆ هەبین!

دەزانم خۆشتدەوێم، منیش هەر ئەوەندە خۆشم دەوێی کەدایکمیو بەس.. دایکیت و چیدی نا.. لەگەڵ ئەمەشدا گەر کەسان تۆ ئاسابان، ئەوا گەلێ شت بەرێکوپێکیو بێ کێشە دەچووە رێوە، هەموو گرفتێکیشی لەنێو سەنگی بێدەنگیدا سەنگ وکاری‌گەری‌یەکەی خاو دەبووە سوك وسوك تر، دەبووەو سفر وئاسودەیی!!

هەواڵنامەی کتێب

کەریم دانی بەخۆیدا گرت، گەر ئەمەی گوتبا ئەوا برینێکی دیی دەخستە سەر برینەکانی دایکی..

شەرافەت جگە لەسەرنج هیچی دیی نەبوو گوزارشتی پێبکات سەرنجەکانیشی جۆرە زمانێ بوو، تەنها ئەو کەسانە لێی دەگەیشتن کە دەیانناسی وژیانیان لەگەڵدا گوزەراندووە.. کەریم لەسەرنجە نزا ئامێزەکانی تێدەگەیشت، بەپێی کورت ودرێژی تەمەنی سەرنجەکانی پیت و وشەی لێدروست دەکرد، هەمان ئەو پیت وکەلیمانەی ساز دەدا کەلە دەروونی هەڵچوونی شەرافەتەوە دەردەپەڕین، کە لەبری دەم وزمان، لەرێی چاوە کزەکانی‌یەوە دەردەپەڕین وزیندانی دەهاتنە دەر جێدەهێشت، بێ ئەوەی دەنگ بە خۆبیەخشن ئازاد دەبوون، شەرافەت خۆیشی دەیزانی کە گەلێ جار سەرنجەکانی بریکاری ئاخافتنن هەر کە سەرنجە ئاوسەکانی ئازاد دەبوون، تیشك ئاسا دەکەوتنە رێ دیدە ، سەرنج خوێنەکانی کەریمش دەیقۆزتنەوە... زمانی حاڵی شەرافەت لەرێی سەرنجە بێدەنگەکانیەوە شتێکی نزیك لەم مانایەی دەردەکاند:

(شارەزاو لێهاتوو نیم.. لەچ شتێکیشدا کارامەو دەست رەنگین نیم.. هەست ناکەم چ پەیامێکی ئەوتۆم لەئەستۆدابێ کەسانێ بحەوێنێتەوە، ئەوەی هەمە تەنها گری دەرونێکی دۆزەخ ئاسایە، هەموو هەوڵێکم ئەوەیە رێ لەو گرە بگرم



**دەربەپەری چونکە بەتەنها هەر خۆم ناسوتێنێ.. دڵیشم هەند گەورەو بەخشەندە نییە، پێم وانیە شایستەی چ شتێکیش بم.. ئەوەی ویستوومەو دەمەوێ هەر ئەوەیە لێگەڕێن بژیم.. چم ناوێ، نامەوێ چ کەسێکیش تەمای شتێکی گەورەی لەمن بێت چونکە هیچ شتێکم ناوێ.. مادامێ نامەوێ چ شتێك کەهی من نەبێت، بۆ من بێت، ناشمەوێ چ کەسێ ئەو ژیانەی هی خۆمە لێمی داگیر کات.. ژیان وکوڕو کوڕەزاو ئەم کونجەم داگیرکەن ..نامەوێ بێدەنگیو قەناعەت وئیمانم داگیرکەن).**

لەگەڵ جیڕەی دەرگاو هەڵوێستەکەی کەریم، نوزەنیکی درێژی شەرافەت بەرز بووەوە، وەك ئەوەی لەناخی بێدەنگی‌یەکی خەستی ترس ئامێزەوە هاتبێتە دەر، ئاوها کەوتە بەر گوێی کەریم.. شەرافەت بەلچە قورتیو نوزەو نزاوە گوتی:

**-کەریم ..کوڕم کەریم**

کەریم بێ ئیرادە وەستا، دەیزانی دایکی هەر هەمان ئەو قەوانە دووبارە دەکاتەوە، کەشەوێ لەسەر یەك، چ بەسەرنج ونوزە ونزا ولچە قورتیو چ بەوشەی بچربچر دەری دەبری، کەریم بێزاریو خەمی لەرادەی بەدەری دەبینی، لەروخساری دایکیەوە دادەباریو سەراپای وجودیشی لەنێو شڵەژاندا نوقم ببوو. دەیزانی هەرچی بڵێت ناتوانێ حاڵی کات، ئەویش سەبارەت بەوە نەبوو کەدایکی گەوجەو ناحاڵی.. نا.. دەیزانی دایکی نایەوێ، ئەم کارو بریارەی بسەلمێنێ پێشوەخت رەتی دەکاتەوە، هەر هەمان رستە سواوەکانی دەڵێتەوە کەگوێیەکانی کەریمی بێزار کردبوو

**(-کوڕم دەزانم بێ گوناهیت وبوختانیان پیاکردوویت. پشت بەخوا ببەستە وترست نەبێ.**

شەوێ بەر لەوەی بگەرێتەوە ماڵێ، یەکێ لەهاورێکانی هەمان ئەم قسەیەی شەرافەتی پێگوت، کەریمیش بێ پەروا وەڵامی دابووەوە

**(- بەڵێ بێگوناهم.. گەر گوناه ئەوە بێت، منێکی نەفام ونەدار چڵکن وکاڵفام، فریوی ئەوەم خواردبێ، کچۆڵەیێك لەژوور ئیرادەی خۆمەوە گەمەی ژن و مێردایەتی لەگەڵدا کردبم، لەو تەمەنە کورتەدا نهێنی‌یەکانی جەستەی ئافرەتی خستبێتە بەر دەستم وردە نهێنی گرێداری بۆ ئاشکرا کردبم.. ئەوا گوناهبارم گەر گوناه ئەوە بێ لەسەرەتای تەمەنی هەژمەکاریمدا نەوسی ئەسپە ژنێکم تێر کردبێ.. ئەوا گوناهبارم.. گەورە بووم ژنم خواست، کلری ژن و مێردایەتیم لابووە (زبارە) ئەوەی ئەمنەخان پێی بەخشیم شتێکی دی بوو..**

ویستی ئەو زاڵ بوو، منیش شەرمنۆك وتینو ئەو بەگیلۆکەو بێدەنگی دەزانیم، شەرمی لەمن ولەخۆی نەدەکرد جا چ لەززەتێك پارسەنگی ئەوەیە، ژنە ژەمبردەنێیك شەرم نەکات؟ چ تامێك دەکاتە بارتەقای ئەوەی کچۆڵە هەرزەنێیك بە بازیچەت بزانێ، شەرم نەکات وپێشی وابێ. بەرانبەرەکەی دەبێ وەك وەجێ هێنانی ئەرك ڕەفتار بکات دەنا نائێراو دەبێ... بەڵێ دەزانم بێگوناهم، بەڵام بێ ترس بم ئەمەیان بێتامە، چۆن نەترسم، بۆ لەشێر ترسان عەیبە؟ من دەترسم، ئینسانم، شێرو ورچ و پڵنگ نیم، حاجی ڕەزای عەللاف پارەدارو دەسەڵاتدار نیم.. ئینسانم ئازا نیم..دەزانم ئەمەی ئەمڕۆیان بوختانە.. بوختانەکەشیان درۆکردنە لەگەڵ خودی خۆیان، دەنا یلماز لەئەمنە خان وئەمنە خان لەموعەزەز چاکتر دەزانن کە چ درۆیێکی شاخدار لەگەڵ خۆو یەکدی دەکەن، کەچی هەبێ ڕودانێ وەك یەك خانەوادەی یەککرتوو دەژێن؛ دوریش نیە حاجی ڕەزا بەم گۆلەزەمیش بزانێ)

کەریم بۆ یەکەمجار ئەم نهێنییەی لەدەم هاتەدەر، خۆ ئەگەر ڕوداوەکانی ئەمرۆ نەبا، خۆی گوتەنی (مەگەر گڵ لەدەمم ببیستێ) کەریم یەکدوو جار ویستی بەدایکی بڵێ:

(- ئاخر دایکە خواش پشتی تێکردووم، دیارە خوایش، پشت و پەنای دەسەڵاتدارانە.)

ئەم رستەیەشی قوت دا، دەیزانی دایکی زویر دەبێو بەجارێ دڵی دەشکێت.

شەرافەت باوەڕی وابوو، گەڵای دار بێ ئیزن وئیرادەی خوا هەڵناوەرێ. هیچ شتێکیش بێ ئیرادەی خوا نەبووەو نابێ. شەرافەت هەمیشە خۆی لە(ئیمتحانا) دەبینی وتاقە چەکیشی (سەبر) و (شوکر) کردن بوو. (شوکر) لکاییوە زۆربەی وشەکانی پێشبەندی وشەکانی بەشوکر دەستی پێدەکرد (شوکر وابوو.. شوکر وادەکرێ. پاشبەندیشی هەر شوکر بوو، زمان حاڵیشی دەیگوت:

(- خوا بۆ ئەوە منی خەڵق کردووە تا بناسرێت.. منیش بتوانم لەرێی ناسینی ئەوەوە خۆم بناسم، تا جێی شایستەو حەقی خۆم بەڕەوا ببینم، مادامێ ئیشتهای خۆمم کوشتووە، چاوم لەدەستی چ کەسێ نیە وبەتەمای چ پاداشتێکیش نیم سەربەستم.)

شەرافەت خۆی بەسەربەست دەزانی، پێی وابوو مرۆڤی سەربەست ئەو کەسەیە رێ لەحەزو ویستەکانی خۆی دەگرێ لێناگەرێ حوکمرانیی بکەن. وایدەزانی ئەوەی چڵێس وبەهەڵپە نەبێ برسیی نابێ، پارووە نان ودڵۆپە ئاو

حوکمـرانی‌ی ناکـەن ئەوەی بێ حوکمـران بێت زوڵم ناکات وچ کەسێکیش زوڵمی لێناکات تۆڵەسێن نیە وچ کەسێکیش تۆڵەی لێوەرناگرێ، چ کەسێ تا بوغزێنێ و چ کەسێکیش بۆی ناچێتە مەلاص ئەگەرچی شەرافەت نەیدەتوانی گوزارشت لەدیدی بکات بەڵام بەبڕبڕی وبەرەفتار لەکەسانی کەریم ئاسای دەگەیاند کەمەبەست ئەوەیە (لای شەرافەت) ئینسانی سەربەست ئەو کەسەیە کە چ شتێك حوکڕانی‌ی ناکات وناکەوێتە ژێر رکێفی چ باس و خواسێکی ئەوتۆ کەکار لەسەربەستی کەسانی دی بکات..

بێدەنگی‌یـەکەی شەرافەت وحەپەسانەکەی کەریم درێژەیان کێشا شەرافەت بەهەمان ریتمی شەوێی دووبارەی کردەوە

**ـ کوڕم کەریم.. کەریم.. بۆ کێمان جێ دەهێڵی؟**

شەوێ کەریم بەوردی وەڵامی ئەم پرسیارەی دابووەوە، پێی گوتبوو

**(ـ دایکـە ئەگـەر فریای خۆ نەکەوم ونەڕۆم، پێم وانیە بیەڵن سبەی لەگەڵ ئێوەدا بم، رەنگە خەڵکم لێهاندەن وبەردە بارانم کەن. ئەگەر ئەمەیش نەکەن، ئەوا کاری خراپتـرم لەگەڵ دەکەن، بەئاسانی کەوڵم دەکەن، خۆ ئەگەر پەلە لەکوشتنم نەکەن، ئەوا تا بۆیان دەردەکەوێ بێ‌گوناهم، ئەوەندە کوناو کونم پێدەکـەن ئەمتـاسێنن، ئەگـەر بەرگـری لەخۆم بکەم ئەوا بەرگری‌یەکەشم بەسەرپێچی کردن لەقەڵەم دەدەن. دایکە هەوڵدە تێبگە.. دایکە هوڵدە لەمن ولەوەزعەکەم حاڵی‌بە)**

شەرافەت لەسەریەك دەیگوت:

**(ا ـ بەخوا حاڵیم ..تێدەگەم.. بەڵام پشت بەخوا ببەستە، خوا کەریمە**

کەریم بۆ یەکەمجاری تەمەنی لەڕووی وەستاو پێی‌گوت

**ـ «کەریم ترێنیشە»**

ئیدی شەرافەت بێدەنگ بوو، ورتەی لەدەم نەهاتە دەر، جگە لەوەی یەکدووجار لەدڵی خۆیدا گوتی (ئەستە غفیروللا.. ئەستە غفیروللا.. کوڕم کفر مەکە جوانکەی. کەریم هەوڵیدا دان بەخـۆیا بگرێ، کەچی دەمارگیری لکابووە ریتمی قسەکانی، دەستی دایە جانتاکەی، بەرەو دەرگای دەرێ کەوتەرێ وهەر بەدەم رێوە گوتی:

ـ دایکـه چەنـد جارم بۆ باسکـردی.. کەچی تۆ هەرهـەمان پرسیار دووباره دەکـەیتـەوە. منیش تاقـەتم نەمـا ئەونده باسی ناچاریت بۆ بکەم، ناچارم.. ناچارم.. حالّی بوویت

کەدواجار وشەی (ناچارم) لەزاری هاته دەر، دەرگای دەرێی لەپشت خۆیەوە تونـد داخست.. لەم دیـویشـەوه گویـەکانی شەرافەت دەزرنگانەوە وشەی «ناچارم»ودەنگی دەرگاکە لەنێو مێشکیا دەنگیان دەدایەوە

سێ ڕۆژ بوو، کەریم خۆی لەنێو مزگەوتەکەی گوندی «گۆره شێر»دا گرتبوودەوه، گەلێ کەسی خۆی ئاسای غەریبی بینی لەوێدا نیمچە حەساوه، چاوەڕێیان دەکرد، که ئێواران کەسێـك بیانباته ماڵێ وشیویان دەرخوارد بدات، پاشان به بەتانیەکەوه جارێکی دی بەرەو مزگەوت بۆ نووستن دەگەرانەوه. بەیانیانیش کەبەتانیەکانیان دەبردەوه، هەر لەهەمان ماڵ تێشتیان دەخوارد..

تێبینی «٢»

---

أ: کەریم، کەشاری جێهشت، چەند ڕۆژی بەپیاده رەوی گوند او گوندی دەکرد، هیچ مەبـەستێکی دیـاریکـراوی نەبوو، جگه لەخۆ حەشاردان بەولاوه، دەیویست لەو گونـدانـەدا کەسێکی هاوشـاری، یا ناسیـاوێ بدۆزێتـەوه، کاسبیـیـەك بکـات، قاچـاغچیـەتیو کاروانچیەتی تەنها کاربوون وشتێکی لێ وەدەست دەهات، دەنا، شتێکی ئەوتـۆ لەگـۆریـدا نەبوو خۆی پێوەخۆل کات ئەو دووکارەیشی نەدەزانی، گوندەکانیش تژی بوون لەفیراری عەسکەری.

ب: لەبەر ئەوەی لەگوندی «گۆره شێردا» حەمه کەریمی هاوشاریو هاورێی بینی، «پیلاوی غەریبیی لەوێدا داکەند».

ج: «گۆره شێر»یەکێ بوو لەو سیچل گوندانەی کەوتبوونه نێو دۆڵی «شێرکوژ».

«گۆره شێر» لەنێو ئەو دۆڵە درێژو بەرینەدا کەوتبووه ناوەندەوه لەپاینی یەکێ لەگرده هەره قوقـزەکـانی نێو دۆڵەکە ئۆقرەی گرتبوو. «گۆره شێر» نزیکەی دوو سەد ماڵی گرتبووه خۆیەوه. زۆربەی خانووەکانی کولبەو کونج بوون، چەند تەلارێکی دەولەمەند نیشنی دوو نهۆمی تیاد ابوو.. تەکیەو خانەقاکەیشی شان بەشانی مزگەوته گەورەکەی گوند جێی حەوانەوەی رێبواران وغەریبان وقاچاغچیان بوو.

«گـۆر شێر» یەکێ بوو لەگـونـده دیار وناودارەکانی دۆڵی «شێرکوژ» «شێرگوژ»یش کەوتبـووه نێـوان دوو زنجـیره چیـای بەرز وسـەخت زنجیره چیای لای باشوری

«شێرکوژ» پێی دەگوترا «ئەژدیها» ئەم ناوەش چەند سەد ساڵێکە براوەتە سەر ئەم زنجیرە چیایە، کەوەختێ خۆی ناوی (پەرییان) بوو.

«ئـەژدیهـا» چل تروپکی بەردینی سەختی هەبوو، دەیان خەرەند وتات ـ ی لوس وسامناکی گرتبووە خۆی، گەلێ رەوەزی لەرۆخ هەڵدێرەکانی قوقزو لەبەرچاوبوون. چل تروپکەکەی ئەژدیها وەك چل قوڵەی کەڵەمێردانی ئەفسانەکان کەوتبوونە ڕوو، زۆربـەی رۆژانی ساڵ هەر چل تروپك چەشنی سەرو ردێنی پیرەمێردانی حەکیم، سپیو بێگەرد دەچونەوە، گەلێ جار دەکەوتنە ژوور هەورە ئاوەکییەکانەوە..

«ئەژدیها» نسێیکەم وبەر رۆژی زۆر بوو، دامێنیشی تژی بوو لەگا بەرد وژنە دەڵێن: ئەو دەمە پەرییان جێی فریشتە وپەرییەکانی بەهەشت بووە هەر کەلەبەهەشت بێزار دەبوون، دوندەکانی چیایان دەکردە جێی گەشت وحەوانەوەیان.

لای باکـوری «شـێرکـوژ» زنجـیرە چیـای (بەرازگر) بەغرورەوە دەیروانییە دۆڵی (شێرکوژ)، هەر لەو دەمەی ناوی زنجیرە چیای پەرییان بووە «ئەژدیها» ناوی زنجیرە چیای «میران»یش بووە «بەرازگر»

«بەرازگر» خاوەنی تروپکی روتەن وباریکەرێی دژوار بوو، کەرێگاکان بەقەد هەندێ لا پاڵیا پێچی ئەوتۆی دەکردەوە، لەدوورەوە وادەزانرا کەهەرگیز ناشێ کەسێ بوێرێ بەو پێـچ وهـەڵدێـرە سەخت ودژوارانـەدا هەڵگژێ، «بەرازگر» گەلێ کەڤەر وتاوێر وکەوڵوەزی لێبوو، گەلێ شوێنی بەبەرد هەڵچنراوی ببووە حەشارگەی راوچییان.

«شێرکوژ» لەخۆراوادا زووتر تاریکی دایدەپۆشی (ئەژدیها وبەرازگر)یش تا درەنگانێ رۆشنائیکی مەیلەو سووریان پێوە دەمایەوە.. بەرە بەیانانیش هەردوو زنجیرە چیا بەرۆشنائیکی زێرین، چاوبازییان لەگەڵ یەکدی دەکرد.یەکەم شتێ کەهەر لەرۆژی یەکەمی هاتنی کەریم بۆ «گۆرەشێ» بووە مایەی سەرنج راکێشانی، دوو باڵەندەی سوورکـالی بەرزە فڕ بوون، هەڵۆیێکی وقـەوارێ، هەمیشـە لەمسەرو ئەو سەری «شـێرکـوژ»دا بەئـاسمـانەوە دەبینران، پەیتا پەیتا دەسوڕانەوە، تەنانەت لەتاریك وروندا، لەگەڵ داباریني یەکەم چەپکە گرنگ، تا دوا هەناسەکانی زەردەپەڕ بەجووتە قوڵایی ئاسمانیان تەی دەکرد، لەگەڵ زەردەپەڕدا ڕەنگیان سوور تر دەچوونەوە، وەك دوو باڵەنـدەی ئاگـرین ئاسمانیان شەق دەکرد.. بەرە بەیانیانیش دەبریسکانەوە بەرزتـر هەڵدەچـوون. دیمـەنی ئەو دوو باڵەنـدە بەرزە فڕانە، ئاشنای دیدەکانی سەراپـای دولنشینـانی «شـێرکـوژ» بوون، گەورە وبچوك دەماودەم چیرۆك وسەر گوزەشتەی ئەو دووەیان دەزانی.. لەسێهەم رۆژدا کەریم چاوی بەتەوارێکی زەرد



٢٢٨

کەوت، بەسەر پۆپی    شا بەڕوێیکی کۆکی نزیك بەگۆڕستانەکەی «گۆڕەشێر»کەوت. لەخەڵکەکەی بیست کەنێوی «پیرۆز»ەو بە(زێڕین) ناوی دەبەن.

«زێڕین» پۆپی شا بەڕووی گردبووە ڕوانگە، گەلێ جار چاوە تیژوورد بینەکانی دەبڕیە ئاسمان، بەدووی هەڵوو تەوارە مەیلەو سوورەکان دەگەڕا. (زێڕین) لەڕۆژێکدا چەند جارێ لەچاو ون دەبوو، خەڵکەکە دەیانگوت:(**دەچێتە بەرازگر، لەبەرازگر نەبێت نێچیری خۆی ناگرێ**)

چار جارێکیش، بۆ چەند ڕۆژێ، چەند هەفتەیێك ون دەبوو دەرنەدەکەوت هەرکە پەیدا دەبووە ـ هەمیشە لەگەڵ بەرەبەیاندا دەردەکەوت ـ بەنزمیو خاوە فڕ دەکەوتە ڕوو، دوا یەکی گوندەکانی «شێرکوژی» بەسەر دەکردەوە، بەسەر دوا ماڵ ودرەخت ورێو بان وکانی (شێرکوژا) دەفڕی. لەو دەمە کابانان چاویان بە(زێڕین) کەوتبا دەستیان لەهەموو جۆرە ئیشێك هەڵدەگرت، جوتیاران، ڕێبوارانی غەریب وقاچاغچیە هەمیشە ماندووەکان، تەنانەت منالان گەمەو بازی خۆیان ڕادەگرت بێ ئیرادە بوردی دیدیان هەڵدەدا، سەیری قوڵایی ئاسمانیان دەگرد بەدووی هەڵوو تەواری بەرزە فردا منەیان دەکر. کەریم جگە لەناوی (زێڕین) ناوی هەڵوو تەوارەکەیشی زانی کەبەهەڵوکەیان دەگوت «میر» وبەتەوارەکەیشی «پەریزاد» چیرۆك وسەرهاتی باڵەندە ودۆڵ وناوەکانی بیست، لەمزگەوتەکە بۆیان گێڕایەوەکە:

**زۆر لەمێژە دۆڵی شێرکوژ ناوی «شێران» بوو ئەو دەمە**
**شار وبازار وقەڵاو شورەی هەبووە، پشتاو پشت**
**چەندین میری جوامێرو عکید حوکمرانی ئەو دۆڵەیان**
**کردووە، تفلق وشیر ورم وتیرو ئەور وخەنجەرێ**
**دۆڵی شێران شورەت ونێو بانگی هەبووە..**

**دەڵێن**: پاش چل ڕۆژ بەراز بوونی دوا میری بنەماڵەی (شاماران) ئەحمەد ناوێ بۆ سێ ڕۆژ دەبێتە میر (**ئەویش پاش ئەوەی سێجار باز لەسەر سەریدا دەنیشێتەوە**)

**دەڵێن**: مەرجی ئەو دەمە وابووە، دەبا لە جەنگ وناهەمواریدا «میر» پێشکەوێ، میر لەمەیداندا بێ میر ئیشکبگرێ، میر دوا کەس بێو دوا ژەمە خۆراکی بەرکەوێ.

**دەڵێن**: ئەو دەمە لە نزیك یەکێ لەدوندەکانی «پەریان» ئەشکەوتێکی بێچاو پێچ، ئاشگێرێ ناوی لێدەردەهوو، ئاوەکەی بەخوڕ دەهاتە خوارێ خەڵکانی دۆڵەکەیش، دەیان جۆگەیان بۆ هەڵبەستبوو جۆگەکانیان گەیاندبووە زۆربەی گوندو کێڵگەکانیان، ناوی ئەشکەوتەکە «حەوت برا» بوو.

دەڵێن: خواوەند نەفرەتی لەدوڵنشینانی (شێران) کرد ئەژدیهایەکی حەوت سەری نازل کردە سەر پەریان وبەری ئاوی حەوت برای گرت

دەڵێن: گەلێ شاسواری قوچاغ وشاخەوانی بوێر کاڵەی ئاسنیانێ لەپێکرد، تەیار وئامادە بۆی چوون، بەڵام بێ سۆراغ مانەوە.

دەڵێن: سونگەی نەفرەتی خواوەند لەبەر ئەوە بوو کە:

**پەری ناوێ، تاقانەی جوتیارێکی نەدار، جوان وناسک بەدەست وبرد، قسەرەوان، چەلەنگی شێر سیفەت چاك رەفتارو بەرز ئاكار، کەمدووی ئەنگێوە، دڵی بە(وەلی) ناوێکی هەژارەوە دەبێ.. ئەو دەمە دوامیری بنەماڵەی (شاماران) ئەسەدوڵلا ناوێ دەبێ وحوکمران. دەست وپێ سپیو ژن سیفەت، فێڵباز وسەد روو، داوێن پیسیچڵیسی لێێدەگێرنەوە، تەنانەت لەگوندە دوورە دەستەکانیشدا گەر کچێ شووی کردبا، دەبو یەکەم شەو بیبەنە لای ئەسەدوڵلا کەم کەسیش بۆی دەکرا سەر پێچی بکا، ئەوەی ملیکەچ نەکردبا، دەبوو بەخاو خێزانەوە یا روو لە(میران) یا (پەرییان) بکات. لەبەر زەبرو زەنگی پیاوانی میر دەبوو بەناچاری رێگری بکەن پێیان دەگوترا «کەلۆمزنشین» کەهەر هەموویان رەنگ و رویان رەش داگیرسابوو، فێرە ژیانێکی سەختی ئەوتۆ ببوون دەیانتوانی بەژمە خۆراکێ، یەکدوو رۆژێ بگوزەرێنن، لەشاخەوانیشدا کەڵەکێوێك بوون بۆخۆیان. ئەو ژیانە سەختە وای لێکردبوون پیاو کوشتن وئاو خواردنەوەیان لەلادا وەك یەکبوو، گەلێ جاریش لەهیچە ناکۆکی دەکەوتە نێوانیان، گاڵەیان بەیەکدی دەکرد..**

دەڵێن: میر حەز لە(پەری) دەکات، پەریش سەری بۆ دانانەوێنێ... شو بەدڵخوازەکەی خۆی دەکات، چ گوێ بەهەرەشەو گورەشەی میر وپیاوانی میر نادات «وەلی»یش هەندەی پەری بێ پەروا دەبێ، بێ سڵ وترس پەری دەخوازێ

دەڵێن: بۆ یەکەمجار دانیشتوانی دۆڵی «شێران» سەریان لەبێدەنگییەکەی میر سوردەمێنێ.. بێدەنگی میر درێژەی کێشا وەلیو پەریش لەبەر دەستابوون، ئەگەر چی گەورە وبچوکی ناوچەکە وەلی..یان بەسوار چاك وبوێر دەناسی، پەرییشیان، هەروەك ناوەروکی ناوەکەی لەقەڵەم دەدا بەڵام میریشیان دەناسی کەبەفرت وفێڵ شێر دەکاتە رێوی، رێویش دەکاتە فیل، جندە دەکاتە پەری، داوێن پاکیش دەکاتە بێ ئابروی حەوت پشت

دەڵێن: خەڵکەکەی ئەو دەمە ناحەقیان نەبوو لەبێدەنگییەکەی سەریان سوڕمێنێ

وەهەر یەکە بەمەزنە رووداوێکی سەیری لەزەیندا بەرجەستە دەکرد.
**دەڵێن**: میر هەند بینی درێژ وبەحەوسەڵە بوو، تا پەری نەبووە خاوەنی کور وکچێك، کینە ورقی نەتەقییەوە
**دەڵێن**: دەڵێن: تەقینەوەی رقەکەی میر «فیلی»بوو
**دەڵێن**: لەجەنگدا فیلّ بەرانبەر بەدوژمن بەجێیە..
**دەڵێن**: فیلبـاز زاڵمـە، زاڵمیش بەئـازا دەکـەوێتـە روو، سەرچـاوەی ئازایەتیەکەی لەترسنۆکی زوڵم لێکراوان وەرگرتووە زاڵم هەند ئازایە تا ترسنۆك لەگۆڕێدا بێ، دەنا ڕێویەو هەرەشە لەسێبەری شێر دەکات..
**دەڵێن**: «**خـوا کێـو دەبینێ ئەوجـا بەفـری تێـدەکات**» کێوی بەرزیش، وقارە سپییەکەی سەری، لەبەد رەنگی وهەمەرەنگیو قوڵی دۆڵەکەی ژێر پێی وەرگرتووە..
**دەڵێن**: «**خوا کڵاو بۆ بەرو دروست دەکات**» سەد کڵاویش بەسەرەوە سەرنگون دەکـات «سەری بێ رزقیش دەخاتە ژێر خاك» مردووانیش دەکاتە وڵات، پیرۆزی زیندووانیش بەتەرازووی پەرستنی مردوانی بەخاك بوو دەکێشێ
**دەڵێن**: تەرازووی خواوەنـد نییەت دەکاتە پارسەنگ بۆ کارەکان، نەك سەرئەنجام وردە رووداوەکانی بەر لەئەنجامی کۆتایی.
**دەڵێن**: نییەت هەمیشە هەر بۆچاکەی نیەتخواز بووە، چ چاکەیێکیش نەبووە ونابێ گەر لەســەر حیســابی خراپە نەبێ، گەر خراپەکار نەدۆڕێ چاکەکار سەرناکەوێ، مادامێ تەرازووی خواەنـد هەر نییــەت دەکێشێ، دەبێ «چـاکـە وخـراپـە» وەك سەرئـەنجامی کار حسێبی بۆ بکرێ، هەموو حسێبێکی یەك لایەنیش دوژمنایەتی کردنی سۆزی ئینسانیە..
**دەڵێن**: فیلەکـەی میر هەند مەجکەم بوو «بەبەردی دوو نیشانی پێکا» یەکەمیانی لەروو ئەوی دیشی لەپاش ئەنگاوت.
**دەڵێن**: میر کەسێکی کۆنـە چەرچی دۆزیبـووەوە، بۆ کاری خەفییـەتی بەنـاوی چەرچییەتی دەینارده «پەریان» و «میران» هەواڵی «کەڵوەزنیشنانی» بەمیر دەگەیاند..
کاتێ کەمیر پێویستی بەشێخەکەو بازی کۆنە چەرچی هەواڵدز نامێنێ، هەر لەبەر ئەوەش شێخە لەنزیکەوە ئاگای لەنهێنیەکانی حەرەمخانەکەی میر دەبێ، لەخشتەی دەبات، بەپارە وپول و وادە وای لێدەکات بوختان بەخۆیا بکات.. بەفیتی میر، شێخە خۆی دەکاتە دۆست وخەمخواری وەلیو هامشو دەکەوێتە نێوانیان.
**دەڵێن**:حەرەمخانەکەی میر تەلارێ بوو بۆ خۆی، دەیان ژووری شوشەبەندو دەیان حەوزی شیری لێبوو، حەوزە شیرەکان تایبەت بو بۆ خۆشۆردنی کەنیزەکانی.

دەڵێن: میر ژمارەی ژنەکانی خۆی نەدەزانی، هەموو جوانێکی بەژنی خۆی دەزانی..

دەڵێن: شێخە گەوباز شەوێکیان (وەلی) دەرمانخوارد دەکات، هەر بۆ سبەینێی ئەو شەوە ـ بەو حیسابەی کەپشت ئەستورە بەمیر وگفتیشی وەرگرتووە کە چ کەسێ لەئاستیا ناتوانێ بڵێ لەل ـ دێتە نێو خەڵکەکە دەست دە کاتە باوکە ڕوو کردن وبەدەنگی بەرز هاوار دەکات: خەڵکینە، پەری پێی‌کردم، وەك شەیتان چووە بن کلێشەمەوە. پەری پێ‌گوتم:

**وەلی بەهەمووکەینو بەینێکمانی زانیوە. گەر نەیکوژین، ئەوا سبەی هەردوکمان دەکوژێ ودەمانکاتە پەن: وەلیمان دەرمانخوارد کرد شەیتان وپەری پێیان کردم.. ئەو کچە تیوە دوخێن شلە شەیتانەو لەپێستی ئینسان خۆی حەشار داوە..**

دەڵێن: شێخە کەوباز زۆرتری پێ‌بوو بێڵێ گەچی (میر) لەنێو خەڵکەگەوە بۆی دەردەپەڕێ ونوکی خەنجەرەکەی دەچەقێنێتە سەر دڵی شێخە گەوباز وبەدەستی چەپیش دەمی دگرێ تا گیانی دەردەچێ، ئەوجا بەری دەدات، لەشێکی سارد دەکەوێتە بەر پێی میر، خوێنەکەی سەر سنگی شێخە بەخور بەلەشیا دەهاتە خوارێ، وردە وردە لەبەر پێی خەڵکەکەدا گۆل دەبەست، ئەوجا لەچەند شوێنێکەوە باریکە ڕێچکەی بەست بەنێوان پێڵاوی خەڵکەکەدا ڕێی بۆ خۆی خۆش دەکرد. بێدەنگی‌یەکی ئەو تۆ نیشتە سەر ڕوخساری خەڵکەکە دەتگوت خۆڵی مردووانیان بەسەردا پژاوە. بێدەنگی‌یەکە ئەوەندە خەست بوو، ڕەنگی خوێنەکەی شێخەی گۆڕیو ڕەشی هەڵگەڕاندو ڕێچکەکانی لەجێی خۆیاندا مەیاند، وردە وردە خوێنەکە ڕەشتر دەبوو.

دەڵێن: میر وەك ورچێکی بریندار نەڕاندی: **ئەم کەرانباو گاوە بوختانی بەخۆی وبەپەری کردووە.. ئێوە هەمووتان پەری دەناسن کە چ پەری‌یەکە!**

دەڵێن: زۆربەی خەڵکەکە بەیەك دەنگ گوتیان (**ئەشهەدو**) ئەوجا میر دەنگی گرتر کردو وگوتی: **ئێمە نابێ لەخۆڕا بەقسەی هەرچی وپەرچی بکەین و ئابڕوی کەسانی خۆمان بدەینە بەر با**

دەڵێن: دیسان خەڵکەکە گوتیان (**ئەشهەدو**)

دەڵێن: **پاش قسەکانی میر مقۆمقۆ کەوتە نێو خەڵکەکە، هەر یەکەو شتێکی دەگوت، هی‌وایان هەبوو دەیگوت: دەبێ خۆڵ و ودۆ بکرێتە سەر پەری وشار بەدەر**

**بکرێ. هی واشیان هەبوو دەیگوت :ئافەرین بۆ میر بەڕاستی لەحەقی بەدکاران وداوێن پیسان دێ..**

هەنـدێکی زۆر کەمیش بێـدەنگ بوون وتەنها سەیریان دەکرد وگومانێکی خەست لەچاوانیان دەردەپەڕی ودیمەنەکەی دادەپۆشی.. بێدەنگی‌یەکەی خۆیان کردبووە ئەو حەرف، وکەلیمانە کەلەو کات وشوێنەدا نەدەگوتران..

دەڵێن: ئەوەی هەر وەك بێ ئاگا لەرووداوەکە وتەواو بێدەنگ، پەری بوو وەك ئەوەی زانیبێتی سەرەتای گوڵەزەکە لێرەوە دەست پێدەکات.

دەڵێن: میر هەلی لەدەست نەدا، ڕوویەکەی دی‌ی خۆی خستە ڕوو، ڕۆژی لەو هەندە خەڵکـە کرد کەداوایـان دەکـرد پەری شار بەدەر بکـرێ، پێیانی گوت: **ئێوەش حەقتـانـە، ئینسـان گۆشت وخـوێنـە شەیتـانیش هەمیشە لەبن کلێشەی ئینسانێدایە.. دەبێ ئێمە لەم مەسەلەیە ورد بینەوە..**

دەڵێن: ئەوجا میر ڕووی لەو هەندە کەسە کرد کەستایشی میریان کرد وپێیان گوت: ئافـرین بۆ میر بەڕاستی لەحـەقی بەدکـاران وداوێن پیسـان دێ، پێیانی گوت، لەنەریتی ئێمەدا ئافرەت زیندانی نەکراوە.. ئێستاش نەك وەك زیندانێك، بەڵکو بۆ ئەوەی گیانی پەری لەدەست کەسوکاری وەلی بپارێزین ـ کەمن دەیانناسم نایەڵن خوێنی چ کەسێکیـان بەفـیڕۆ بچێت ـ باشتـر وایە پەری لەگەڵ منداڵەکانیا بچێتە حەرەمخانەکەی ئێمە، سبەی دووەی هەموو شتێکمان لەلا ئاشکرا دەبێ، خۆ ئەگەر دەرکەوت تاوانبارە، ئەوا سزاکەی چ لەسزای ئەو شێخە بێ نمودە کەمتر نابێ..

دەڵێن: میر ڕووی لەو هەنـدە خەڵکە بێدەنگە کردکە (ئەشهەدو)یان ئەگوتبوو زۆر بەبێدەنگی‌یەوە سەرنجی دان، ئەوان بێدەنگ ومیر بێدەنگ خەڵکە ئەشهەدو گۆکەشی لاسایی میرو بێدەنگ بووانیان دەکردو بێدەنگ بوون، بێدەنگی‌یەکەیان زۆری کێشا. خوێنەکەی شێخەیش زیاتر ڕەش دادەگیرسا، هەرکە خەڵکەکە لەگەڵ میردا بێدەنگ تر بوون، باریکە جوگە خوێنەکانی شێخە جولەی تێکەوت، بەربەرچاوی خەڵکەکەوە دەبزوا، بووە گیانلەبەرێکی خشوك، لەبەر چاوی خەڵکەکەدا ون بوو..

دەڵێن: خوێنـە ڕەشەکەی شێخە بووە ڕەشمار ورێی «بەرەبانی» گرتە بەر هەر لەوکاتشدا، پەری ومنداڵەکانی ڕێی حەرەمخانەکەی میریان گرتەبەر.

دەڵێن هەر کەپـەری ڕێی حەرەمخـانـەکەی میری گرتەبەر، میر زوو زوو دەیگوت **پێدەچی پەری بێ گوناە بێ.**

دەڵێن: ئەو دەمە لەلای میر گوناهبار ئەو کەسەبوو لەسەر حەقی خۆی بهاتایەتە گۆ

گوناهبارتریش ئەو کەسە بوو لەسەر حەقی خۆی بهاتایەتە دەست وبەرگری کردبا..
ئەو گوناهبارەی کەهەرگیز میر لێی خۆشنەدەبوو، ئەو کەسە بوو، بەئاستەم - چ بەزمان یا بەچاو - بیگوتبا میر بێ بەزەیی‌یە. فەرمانی میر وابوو، گەر دەستی هەر کەسێکی شکاندبا، دەبوو لەنێو خەڵکی دا بڵێ: گلام، چاوی هەر کەسێکی هەڵکۆڵیبا دەبوو بڵێ «کەڵوەزنیشینان» وایان لێکردم، خۆ ئەگەر ئەمانەی نەگوتبا وفریای خۆی کەوتبا دەبوو ببێتە «کەلوەزنشین» یا دەبا لەئاست حیسابە تایبەتیەکەی میردا بەخاو خێزانەوە مل کەچ با. حیسابێکی ئەو تۆ کەگەلێ کەسی پێ دەترساند
دەڵێن: میر لەهەڵبژاردنی دەستەو دایەرەکەی جۆرە زیرەگییەکی سەیری بەکار دەهێنا، پیاوانی چاکی پێ پیاو نەبوو، گەلێ بو دەڵەو بێ نمودی لەدەوری خۆیدا کۆدەکردەوە، نەزان ونەفامی دەکردە یاریدەدەری خۆی‌و نزیکیانی دەکردەوە.. گەلێ جاریش لەهیچە لەبەر چاوی خەڵکیدا، لەکەسانی نزیکی خۆی - کەجۆرە دەسەڵاتێکی پێدابوون ـ تورە دەبوو، سووك وچروکی دەکردن.
دەڵێن: دوژمنی پیاو ودوژمنی ناپیاو بوو.. بەڵام گەلێ پێویستی بەنا پیاو بوو..
دەڵێن: ئەو دەمە منالٚ لەنێو بێشکەدا گریابا.. تەنها ناوهێنانی میر ژێری دەکردەوە.
هەموو منالێکی «ژێر بوو» لەلای میر بێ‌گوناه بوو، هەموو گرینوکێکیش تاوانبار..
بێ‌گوناه لەلای میر ئەو کەسە بوو بەهەموو شتێ قایل بێ گەر میر ماڵی بەسەر هەر کەسێکدا کاولٚ کردبا، دەبا کەسەکە لەحزوری میردا گوتبای، میرم سەلامەت، ئیدی کەسەکە بێ‌گوناه دەبوو، پلەیێکێ ئەو تۆی بڕیبو شایستەی غولامی ونوکەری میری پێ دەبرا..
دەڵێن: یاسای میر، یاسای ساتە وەختی بوو بۆیەهەبوو خەڵاتی دزو وپیاو کوژو ڕێگران بکات، بۆیشی هەبوو، سبەی ڕۆژێ هاو ڕەفتارانی دزو بکوژان و ڕێگران، ملیان لەگرێژەنە دەرکات...

دەڵێن: هەر ئەو شەوە (پەری) مردوو ئاسا خۆی لەحەرەمخانەکەی میردا بینیەوە، هەر ئەو شەوەش بێدەنگ بووان بەفرمێسکی بێدەنگ مێژووی ناخی خۆیان خوساند، لەو ڕۆژەوە خۆیان بەبێ مێژوو بینی.
دەڵێن: ئەوەی مێژووی نەبێ شایستەی ژیانی سبەینێ نیە.
دەڵێن: سبەینێ زادەی ئەمرۆیە، ئەمرۆیش ڕوودواوە، ڕووداویش لەهەموو کات وزەمانێکدا دەبێتە حەرف وکەلیمە، ئەو کەسەی حەرف وکەلیمەی خۆی بەفرمێسکی

بێ دەسەڵاتی بسڕێتەوە، ئەوا دەبێتە وچاغ کوێری مێژووی داهاتوو.
**دەڵێن**: ئەو شەوە میر ئۆقرەی لەبەر هەڵدەگیری، درەنگانی شەو، د مچێتە یەکێ لەژوورەکانی حەرەمخانەکەی، هەرچی دەکاو دەکۆشێ پەری خۆی ناداتە دەستەوە.. میر بێ پەروا بوو سڵی لەبەدکاری نەکردەوە.
**دەڵێن**: ئەوەی میر نەیبو، بەزەیی و پیاوەتی بوو..
**دەڵێن**: ئەو شەوە پەری دەیزانی گەر خۆی بەلاواز وبێ دەسەڵات لەئاستی میردا نواندبا، ئەوا زیاتر رقی میری دەگەشانەوە دەیزانی گەر بێتو «تاقە فرمێسکی لەچاوانییەوە بێتە خوارێ ئەو ئاگری رقی میری چاکتر دەگەشانەوە»..
**دەڵێن**: سەرەتا میر بەپارانەوە، پاشان بەهەرەشە روو لەپەری دەکات.. هەرکە دڵنیا دەبێ هەرەشەو پارانەوە سودیان نییە. لەپێشدا کچەکەی پەری دەگرێتە دەست وپێی دڵێ: **پێت وانەبێ هەر تەنها هەرەشەیە وبەس، دە بەوردی تەماشاکە**
**دەڵێن**: میر خەنجەرەکەی بەملی کچۆڵەکەدا دەهێنێ وسەری دەبڕی، خوێنی کچۆڵەکەیشی نەبووە مایەی ئەوەی پەری گوێ کات وسست ئەوەی پەری نەیدەزانی - لەو کات وسوێنەدا - تەنها ترس بوو، دەیشیزانی حەق گۆیی گەر لەکات وجێی خۆیدا نەبێ ئەوا دەبێتە ناحەق بێژی.
**دەڵێن**: پەری هەر بێدەنگ بوو، لەگوشەیێکی ژوورەکەدا ئامادەو لەوەزەندا وەستابوو.. میر رقی گەیشتە پۆپە، پەلاماری کورەکەی پەریدا، بەهەمان دەستور ئەویشی سەربڕی، خوێنی هەردوو منالەکە تێکەڵ بوون. پەری ئۆف لەزار نەهاتە دەر.
**دەڵێن**: گەر لەرووی زاڵمدا نەترسیت، ئەوا ئەو ترس لەنەترسیەکەت پەیدا دەکات، لەترسانا شێتگیر دەبێ، گەر بشتکوژێ ئەوا لەترسان خوێنت دەرێژێ، تاقە شتێکیش نۆ چی پێبدات ودایەهەزێنێ، بێپەروایی تۆی نێچیرە..
**دەڵێن**: بێی ترسیەکەی پەری، میری شێتگیر کرد..
**دەڵێن**: نێچیری سەرسەخت ونەترس، لەساتە هەرە سەختەکانی تەمەنیا چۆکی بەزینی رۆحی بەراوچیان دەدات.
**دەڵێن**: ترس ئەگەر چی نابینرێ، بەلام دەخوێنرێتەوە.. گەورەترین گوناهیش ترسە، ئەوەی بترسێ بێ ئیمانە.. دەشڵێن لەشێر ترسان عەیب نییە، کەچی عەیبیش هەر لەترسەوە سەرچاوە دەگرێ، گەر ترس نەبێ نەبرسیەتی وپیاو کوژی لەئارادا دەبێ، نەئازارو بەجەرگیش دەردەکەوێ.. دەشڵێن ماکی ترس لەگەڵ ببونی ئینساندایە، بۆیە بناغەی ئینسانیەت هەڵتەکیوە..

دەڵێن: هەر ترسە بووەتە مایەی جەنگ وجەدەل، ترس هانی داگیرکەران دەدات داگیرکەن وهانی داگیرکراوانیش دەدات بۆ بەرگری کردن بکوژن!

دەڵێن: ئەو شەوە میر پەلاماری پەری دەدات، کەچی وەك مووی نێو هەویر دێتە بەر دەستی، میر دەحەپەسێ، لەخۆشیا خۆی لەبیردەکات، پەری پەلاماری خەنجەرەکەی میر دەدات دووجار بۆ میری دادەوەشێنێ، جارێکیان بەر گازەرەی پشتیو جارێکیان لای ڕاستی سنگی، ئەوجا میر دەستی پەری بەخەنجەرەکەوە دەگرێ، هەر بەدەستی پەری خەنجەرەکە دەچەقێنێتە سەر دڵی پەری، لەو بگرەو بەردەیە، نۆکەر ودەست وپێوەنەکانی میر ڕوو لەژووری دەکەن..

دەڵێن: تازە بولێڵ بوو، هەر کە دەرگاکە دەکەنەوە، هەر هەموویان واقیان ور دەمێنێو لەترسان هەر ئەوەیە زارە تەرەك نابن، لەبەر چاویان پەری دەبێتە تەوارێکی زەرد، هەردوو منداڵەکەش یەکێکیان دەبێتە تەوارێ ئەوی دییان بەهەڵو، یەکسەر دەدەنە شەقەی باڵ و بۆی دەردەچن.. لەملایشەوە دەبینن میر لەنێو خوێنی خۆیدا دەگەوزێتە.. دێتە گۆ سەراپای ڕوو داوەکان بەوردی بۆ دەوروبەرەکەی دەگێڕێتەوە. پاشان هەر ئەوان بۆ کەلوەرنشینەکان گێڕابوویەوە.

دەڵێن: میر لەگەڵ گێڕانەوەی ڕوداوەکە وردە وردە ڕەنگ دەبوێرێو تێکدەچێ و ڕەنگی بەرازی لێدەنیشێ، بە بەرچاوی ئەو خەڵکەوە دەبێتە بەراز، لەدەرگاوە فرتە دەکات، ڕووەو زنجیرە چیای (میران) هەڵدێ.. هەرکە ڕۆژ بووەوە هەموو خەڵکانی دۆڵی (شێران) سەرهاتی میرو پەری دەبیستن هەر هەمان ئەو ڕۆژەش ناوی «میران» دەبێتە «بەرازگر»..

دەڵێن: چل ڕۆژێ، دۆڵیشێران بێ میر دەمێنێتەوە، براو برازاو مام و ئامۆزاو کورانی میر لەسەر تەختی میری یەك ئەوی دیّ دەکوژێ، بەچل ڕۆژێ قڕ دەکەوێتە بنماڵەی، شاماران، گەورەو بەدەسەلات، بچوك وبێ دەسەڵاتی کوشت، بچوك بەفێڵ و کەڵەك چاڵی بۆ گەورە هەڵکەند، خۆیشی دەکەوتە نێو چاڵەوە.. سەرئەنجام، لەدوا ڕۆژی چلەی میردا تەنها شوێنەواریان مایەوە.. ئەنانەت قڕ کەوتە نێو نۆکەر وکارەکەر ودەست وپێوەنەکانیان..هەر لەگەڵ نەمانیان، ئەژدیهایەکی ڕەشی حەوت سەر لەچیای پەرییان بەری ناوی «حەوت برای»گرت، ژیانی کەلوەرنشینان وسەراپای ژیانی دۆڵی شێرانی تێکدا..

هەر ئەو ڕۆژەیش بەبێ هیچ ڕێکەوتنێك لەنێوان خەڵکانی دۆڵی شێران ناوی چیای پەرییان بووە ئەژدیها..

**دەڵێن:** ئەحمەد پاش ئەوەی سێجار باز لەسەر سەریا نیشتەوە قایل نەبوو بەمیر ناوی ببەن..

**دەڵێن:** یەکە کاری میر ئەحمەد، کاڵەی ئاسنی لەپێکرد وعەسای پۆڵای گرتە دەست، شمشێرو تیرو رمی دەسکردی دۆڵی «شێران»ی لەخۆ بەست، تەیارو ئامادە ڕێی ئەشکەوتی (حەوت برای) گرتە بەر..

**دەڵێن:** رۆژی یەکەم ئەحمەد گەیشتە ڕەوەزەکانی بناری ئەژدیها، ئێوارەی بەسەرا هات، لەنێو هەندێ گا بەردا راکشا، خەوی لێکەوت «زێرین» هاتە خەوی، پێی گوت:

(میر ئەحمەد گەر لەخەو دای بێدار بەو هەڵسە، هەر بەم شەوە بگەڕێوە، بچۆ بۆ سەر گۆڕەکەی وەلی، لای سەری گۆڕەکەی هەڵدەوە، لەژێر سەری وەلیدا بەردێکی ڕەشی پان دەبینی، وریابە بەئاسپایی بەردە ڕەشەکە لابە، نیوگەزێ ژێر بەردەکە هەڵکۆڵە، سنوقێکی دارینی سپی دەبینی، دەریهێنە، بەئاسپایی بەردە ڕەشەکە لەشوێنەکەی خۆیدا دانێ، وریابە سەری وەلی بخەیتە سەر بەردە ڕەشەکەو دایپۆشەوە، لەوێدا سنوقەکە نەکەیتەوە. ئەحمەد ئەگەر لەخەودای بێداربەو گوێم بۆ شل کە، لەوێدا سنوقەکە نەکەیتەوە، وریابە هەولدە چ کەسێ نەتبینێ، بەر لەوەی رۆژ هەڵبێ بگەڕێوە بۆ ئێرە لێرەدا سنوقەکە بکەوە.. ئەحمەد ئەگەر لەخەودای بێدار بە هەرکە سنوقەکەت کردەوە دەبینی چەرمێکی سەوز دوو شمشێری تێدایە. یەکێ لەشمشێرەکان ڕەشە ئەوەیان «نێرە» دەیگریتە دەستی ڕاست، ئەوی دیان سوورە «مێیە» دەیگریتە دەستی چەپ. ئەحمەد وریابە لێت تێکنەچێ «چەپ بەڕاست نەگری وراستیش بەچەپ» وریابە ئەحمەد، بێداربەو گوێم بۆ شل کە: هەرکە شمشێرەکانت هەڵکێشا لەیەکیان نزیک کەوە، لەنوکی هەردووکیانەوە تیشکێ دەردەپەڕێ، چ چاوێ ناتوانێ لەئاستی ئەو تیشکە بووەستێ، هەرچی هێزیش هەیە لەئاستیا خاو دەبێتەوە.

ئەحمەد ئەگەر لەخەودای بێداربە وگوێم بۆ شل کە، هەر کەشمشێرەکانت لەخۆ بەست وکەوتیتە ڕێ، بەباریکە ڕێیەکاندا هەڵگژە سەرێ شەوت بەسەردا دێ، لەهەر شوێنێکا ماندوو بوویت و خەوت هات، هەردوو شمشێرەکە (نێرەکەیان) لەژوور سەرتەوە بچەقێنەو (مێ)یەکەش لەپانیی پێت.. لەگەل بەرە بەیاندا هەڵسە.. وریابە دەستی ڕاست وچەپی خۆت لێ تێک نەچێ، ئەوجا لەلای رۆژهەڵاتەوە بۆ ئەژدیهاکە بچۆ..

**ئەحمەد ئەگەر لەخەودای بێدار بە.. وریابە.. ئەوانەی پێم گوتی فەرامۆشیان نەکەی.. ئەحمەد.. ئەحمەد... ئەحمەد...**

**دەڵێن**: ئەحمەد لەخەو رادەپەرێ، سەراپای لەشی ئارەقی کردبوو، هەند ماندوو بوو جارێکی دی خەوی لێکەوتەوە. دیسانەوە «زێرین» دێتەوە خەوی هەمان شتی پێ دەڵێ، ئەحمەد رادەپەرێ، بێخۆ ماتڵ کردن دەکەوێتە رێ ئەوەی (زێرین) پێی گوتبوو، وا دەکات، بەرە بەیان دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە رێ، بەباریکەرێیەکاندا هەڵدەگژێ، شەوی بەسەرا دێ، لەنێوان هەردوو شمشێرەکەدا دەنوێ لەگەڵ تاریک وروندا هەڵدەسێ، لەلای رۆژهەڵاتەوە بۆ ئەژدیهاکە دەچێ شمشێرەکە لەیەکدی نزیک دەکاتەوە، تیشکێ لەنووکی شمشێرەکانەوە دەردەچن. چاوانی ئەژدیها لەئاستی ئەو تیشکەدا هەڵنایێن. لەپێشدا دەستی راست بەکار دێنێ وپاشان چەپ چەپ وراست، هەریەکە وسێجار، هاژەیان لێوە دێ، شەش سەری ئەژدیها دەپەرێ، ئەوجا بەهەردوو دەست سەری حەوتەم دەپەرێنێ.

**دەڵێن**: ئەو بەرە بەیانە دوڵی «شیران» گوێیان لەدەنگی حەوت هەورە بروسکە دەبێ.. پەنجەرە شوشە بەندەکانی ماڵانی خوا پێداوان ورد وخاش دەبن.. ئاوی پەنگاوەی حەوت براو خوێنی ئەژدیهای حەوت سەر تێکەڵاو دەبن، هەند بەخورو هاژە دێنە خوار، ئەحمەد رادەماڵن، هەردوو شمشێرەکە راست وچەپ دەچەقنە سەر سنگی ئەحمەد..

**دەڵێن**: حەوت شەو حەوت رۆژ ئاوی حەوت برا سوور بوو وبەخور دەهاتە خوارێ، لەرۆژی هەشتەمدا، ئاوەکە سپی هەڵدەگەرێ..

**دەڵێن**: لەرۆژی دەهەمدا ئەحمەد لەبناردا دەدۆزنەوە

**دەڵێن**: هەرچی پیاوی کۆك وبەهێز هەبوو، نەیانتوانی شمشێرەکان لەسەر سنگی ئەحمەد دەرکەن..

**دەڵێن**: هەموو یەك بریار دەدەن لەپانیی نەمامی شا بەرووێکدا بەشمشێرەکانی سنگییەوە بەخاکی دەسپێرن..

کەریم ئەو سەر گوزەشتانەی لەحەمە کەریم بەدوو بارەو سێ بارەکردنەوە بیست، ئەگەرچی حەمە کەریم پێی وانەبوو ئەوەی دەیگێرێتەوە، دەقاو دەق وا بووبێ، بەڵام کەریم، جار جارێ هەستی دەکرد، یلمازو وحاجی رەزا یەك زنجیرە ماسولکە خوێنن تێکەڵن بەخوێنەکەی شێخەکەوبازو ئەسەدوللا، موعەزەز وئەمنەخانیش لەهەمان

رەچەڵەکی کەنیزەکانی حەرەمخانەکەی ئەسەدوڵلان، بێدەنگی‌یەکەی پەڕی هەمان، ئەو میراتە گرانبەهایەیە کەشەرافەت بووەتە میراتگری.

* ئۆغلم = کوڕم
ئەمشەگ = کەر
ئۆڵە = مەبە
یاندر = بسوتێنە
واتە: کەریم کوڕم کەر مەبە مقاش بەکار بێنەو دەستی خۆت مەسوتێنە.

هەواڵنامەی کتێب

یەکێتی نووسەران ١٩٩١

UNION OF THE WRITERS - 1991

فایلی تایبەتی

فایلی تایبەتی

# کۆنگرە

## KONGIRE

## کۆنگرەی ڕاپەڕین

شەقلاوە

١٥ - ١٩٩١/١٠/١٧

ئامادەکردنی: گۆڕەدێر

کۆڕی کردنەوەی کۆنگرەی ڕابەرینی یەکێتی نووسەران ، سەعاتی ١٠ی سەر لە بەیانی لە هۆڵی ئوتێلی سیاحی شەقڵاوە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان کرایەوە.

ئەوسا بەڕێز کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی وتارێکی خوێندەوە لە وتارەکەیدا وێڕای بەخێرهاتنی نووسەران و پیرۆزبایی وتی : کەس وەك نووسەران وەك قەڵەمەکەی ئێوە هەستی بە پێویستیی سەربەستی و ئازادی نەکردووە، هەروەها وتی: دەبێ بیسەلمێنین ئێمە میللەتێکین ئەگەر هەلمان بۆ ڕەخسا دەتوانین خۆمان پێش بخەین .

دوای ئەوە بەڕێز کاك عەبدوللا ئاگرین "وتاری کارگێڕی بەرەی کوردستانی خوێندەوە، دوا بەدوای ئەویش مامۆستا "سەعید ناکام" وتاری لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرەی خوێندەوە، ئینجا کاك ئەبوبەکر خۆشناو وتاری دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کوردستانی خوێندەوە ، ئینجا جیهاد دڵپاك وتاری لیژنەی باڵای یەکێتی هونەرمەندانی کوردستانی خوێندەوە. ئەوسا برووسکەی ئەم لایەنانە خوێندرایەوە. "مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان"، "مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق"، "مەکتەبی سیاسی پارتی گەلی دیموکراتی گەلی کوردستان"، "حزبی سۆشیالیستی کوردستانی عیراق"، "مەکتەبی سیاسی پاسۆك"، "کۆمیتەی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عیراقی"، "حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ، "کۆمیتەی سەرکردایەتی ئاڵای شۆرش"، "بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری"، "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق"، هەروەها



برووسکەی چەندین لایەن و کەس و ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕۆشنبیرییەکان خوێندرایەوە، هەروەها برووسکەی کاك شێرکۆ بێکەس خوێندرایەوە کە هەڵگری سڵاوی نووسەرە کوردەکانی ئەوروپا ولات بوو .

*کۆڕی ئێوارەی ١٥/٩/ کۆنگرە بە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە دەستی پێکرد ، کە لەم بەڕێزانە پێکهات :

١ـ كاك محەمەد مەلا قادر سەرۆك
٢ـ د. عیزەدین مستەفا ئەندام
٣ـ مستەفا سالح کەریم ئەندام
٤ـ ئەنوەر محەمەد تاهیر ئەندام
٥ـ ئەبو بەکر خوشناو ئەندام
٦ـ عەبدوڵڵا سەراج ئەندام
٧ـ خوشکە لەیلان ئەندام

دوای ئەوە دەستکرا بە دانانی لیژنەکان ، بەم جۆرەی خوارەوە :

**لیژنەی وەرگرتنی ئەندام**

١ـ عەبدولرەحمان مزوری سەرۆك
٢ـ رەئوف عوسمان ئەندام
٣ـ جەمال غەمبار ئەندام
٤ـ محەمەد موکری ئەندام
٥ـ ئەکرەم قەرەداخی ئەندام
٦ـ نەوزاد رەفعەت ئەندام
٧ـ جەلال بەرزنجی ئەندام
٨ـ محەمەدەمین سالح ئەندام

**لیژنەی پەیرەو و پرۆگرام**

١ـ د. عیزەدین مستەفا سەرۆك
٢ـ محەمەد محەمەدەمین بڕیاردەر

**لیژنەی راسپاردەو بڕیار**

١ـ فەلەکەدین کاکەیی سەرۆك
٢ـ محەمەد نووری توفیق بڕیاردەر

**لیژنەی رۆشنبیری**

١ـ رەئوف بێگەرد سەرۆك
٢ـ ئەنوەر محەمەد تاهیر بڕیاردەر

**سەر فرازن ئەو قەڵەمانەی هیچ هێزێك سەری پێ نەوی نەکردن .**

# دەنگی زارۆکان

دەنگی زارۆکان بەرنامەیەکی رادیۆیی بوو، لە هەردوو ئێزگەی (دەنگی گەلی کوردستان و دەنگی کوردستانی/ عیراق)دا هەموو رۆژانی (سێ شەممە) بڵاو دەکرایەوە، ئەم بەرنامەیە (مەولود ئیبراهیم حەسەن) بە ناوی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان) ئامادەو پێشکێشی دەکرد. هەشت ئەلقەی لێ بڵاو کرایەوەو تا بەستنی کۆنگرە بەردەوام بوو!
ئەوەی شایانی باسە، ئەوە یەکەمین جار بوو لە ئێزگەکانی شۆرش، بەرنامەیەکی تایبەت بۆ منداڵان بڵاو بکرێتەوە.

**چاوپێکەوتن و هەڤ پەیڤین**

لە ژمارەی ئایندەدا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ رووناکبیری کورد مامۆستا سەلاحی موهتەدی بخوێنەوە .



## لیژنەی پاراستنی مافی ئەندامان

١ـ تەها بابان — سەرۆک

٢ـ کەریم دەشتی — بڕیاردەر

## لیژنەی گۆڤار

١ـ کەمال غەمبار — سەرۆک

٢ـ نەژاد عەزیز سورمێ — بڕیاردەر

## لیژنەی پاراستنی مافی نووسەرە شەهیدەکان

١ـ ڕێکار ئەحمەد — سەرۆک

٢ـ ڕەمەزان عیسی — بڕیاردەر

## لیژنەی دارایی

١ـ سەعدوڵڵا پەروش — سەرۆک

٢ـ ئەحمەد بیکەس — بڕیاردەر

دوای ئەوە کۆڕەکە کۆتایی بۆ هات و ڕێگە بۆ ئەوە خۆش کرا کەلیژنەکان دەست بەکار بن و بۆ کۆڕی بەیانی ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

---

کۆڕی سەرلەبەیانی دووەمین ڕۆژی کۆنگرە لەسەعاتی دەی دەستی پێکرد. کە تەرخان کرابوو بۆ ڕاپۆرتی لیژنەکان. لەم کۆڕەدا لەسەرهەندێ مەسەلەی گرنگی بەیوەندار بە ئەندامەتی گفتوگۆو لێدوانی دوور و درێژو توند ئەنجام درا، کەتیایدا ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی کۆنگرە ئازادانە را و بۆچوونی خۆیان دەربڕی، هەروا لەسەر پاککردنەوەی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردی لەئاکارەکانی سیاسەتی ئۆفینی و تێکدەرانەی رژێم راو بۆچوونی بەنرخ پێشکەش کران.

ئەوسا بریار لەسەر ئەوەدرا کەلیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە شەرعیەتی ئەندامێتی پێک بێت. لەم بەڕێزانە:

١ـ کاکەمەم بۆتانی (سەرۆک) . ٢ـ ئیدریس چەلکی (ئەندام)

٣ـ محمد حەمەباقی (ئەندام) . ٤ـ حاکم جەمال (ئەندام)

٥ـ ئەحمەد عارف (ئەندام) . ٦ـ ئەرسلان بایز (ئەندام)

٧ـ ئازاد جندیانی (ئەندام) . ٨ـ فەلەکەدین کاکەیی (ئەندام)

٩- ڕێکار ئەحمەد (ئەندام) . ١٠- ڕەمەزان عیسا ( ئەندام).
دوای ئەوە لیژنەی وەرگرتنی ئەندامی تازە ڕاپۆرتی خۆی خوێندەوە و ،بەپێی پێشنیاری لیژنەو پەسندکردنی کۆنگرە ژمارەیەکی تر لەنووسەران بوونــــە ئەندامی یەکێتی،کەسەرجەمیان (٢٣٠) کەس بوون، ،بەمجۆرە:
دهۆک : (٢١) ئەندامی تازە. کەرکوک :(٢٨) ئەندامی تازە.
هەولێر :(٨٩) ئەندامی تازە، سلێمانی:(٩٢) ئەندامی تازە.
هەروەها لەکۆڕەکەدا بروسکەی پیرۆزبایی (التجمع الدیمقراطي العراقي) و (یەکێتیی ئۆرشگێڕانی گەلی کوردستان)خوێندرایەوە.



کۆڕی سەرلەئێوارەش سەعات (٢/٥) دەستی پێکردو ،سەرەتا لەسەر داوای، کۆنگرە کاک شێرکۆ بێکەس، چەند پارچە شیعرێکی خوێندەوە .ئەوسـاش لیژنەی بەڕێوەبردن پرۆگرام ،ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد .لەدەسپێکا لەسەر مەسەلەی ناوی یەکێتی گفت وگـــۆ کراو ئەوساش بەتازانجی یەکێتـــی نووسەرانی کورد ،دەنگی لەسەردرا .
دوای ئەوە لیژنەکە کەوتە خوێندنە وەی پرۆژەی پەیڕەووپرۆگرام و گۆڕانی پێویستی لەسەر ئەنجـــام دراو ،دوایی پەسند کرا .
پاشان لیژنەکانی ڕۆشنبیری،گۆڤار ، دارایی، پەیوەندییەکانی دەرەوە ، پاراستنی مافی ئەندامان ولیژنـەی پاراستنی مافی نووسەرەشەهیدەکان ڕاپۆرتی خۆیانیان خوێندەوەو لــە لایەن کۆنگرەوە پەسندکران.

---

# نووسەرە شەهیدەکانمان
# چرای ڕێگاو
# مایەی شانازی یەکێتیەکەمانن.

# ڕۆژنامەی

## «کۆنگرە»

لەڕۆژانی کۆنگرەی ڕاپەڕین دا، ڕۆژنامەی (کۆنگرە)، ڕۆژانە لەهۆڵی کۆنگرەدا دەکەوتە بەردەست ئامادەبووان.

(کۆنگرە) بەپێشنیاری برای شاعیر (ئەژاد عەزیز سورمێ)و هەر خۆشی ئەرکی سەرنووسەری گرتبووە ئەستۆ. دەستەی نووسەرانیش لەبرایان (ئازاد جندیانی، مەولود ابراهیم، ئەوزاد عەلی) پێك هاتبوو.

هەرچەند (کۆنگرە) بەچاپێکی سادەو هەژارو بە فۆتۆکۆپی رادەکێشرا، بەڵام هەر دەرچوونی‌و بەشێوەیەکی ڕۆژانە خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی بەجێ‌و پەسندبوو، ئەرك وشەونخوونی‌ی دەستەی نووسەرانی شایانی ستایش پێزانییە، هەر لێرەشدا نابێ دەست وپەنجەی هەردوو تایپیست (کاك شەوقی‌و کاك ڕێکار) لەبیر نەکین، کەبەردێژایی ئەو سێ شەوەی کۆنگرە، لەگەڵ تیپ و وشەدا ئێشکیان دەگرت.



## لیژنەی پاراستنی مافی ئەندام

کاری لیژنەی [ئقتراحەکان - پێشنیاز]

١- ئەم لیژنەیە بکرێت بەدائمی - دوای کۆنگرە - بەتایبەتی بۆ (اعادەی نظر)ی لەئەندامەکان) [ئەوانەی کەوەرناگیرێن یان دورئەخوێنەوە].

٢- بەمەرجێ هەموو پارێزگاکان... نوێنەریان هەبێ، بۆ هەرکەسێ لەشاری خۆی چاوساخی لیژنەکە بێ لەکاتی داخوازیدا

٣- بۆی هەبێ لەهەموو بەشخوراوێك - بکۆڵێتەوە - وەپێشنیان بکا بۆ دەستەی بەرێوەبەر، بۆلێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی.

٤- تێروانین‌وچاوخشاندنی بەو ئەندامانەی کەقبوڵ ناکرێن بەئەندام:. یان لێپرسینەوەی لەبارەی دوورخستنەوە کە لەبەر هەرهۆیەك بێت. لیژنە بریاری خۆی بدات لەسەر ئەم مەبەستە.

٥- لیژنە بەهیچ کاری هەڵنەستێ- هەتاداوای لێ دەکرێت لای «نوسەران»وە

# لیـژنـەی پەیوەندی‌و چالاکی کۆمەڵایەتی

**لیژنە ئەم پێشنیازانە دەخاتە بەردەست کۆنگرە**

١- لەرووی پەیوەندی‌یەوە

أ - دەستـەی بەرێـوەبـەری نوێ لیژنەیێکی بەتوانای کارامە دەست نیشان بکات بۆ رێك خستنی کارو باری یەکێتی لەتەك کارگـێری لیژنەی باڵای بەرەی کوردستانی‌دا، وە ئەو لیژنەیە بەرپرسیار بێ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پەیوەندی‌یە.

ب - دەستەی بەڕێوەبەر پەیوەندی لەتەک مەڵبەندی ڕۆشنبیری لە کوردستانا پتەو بکات وسوود لە تاقیکردنەوەو هەنگاوەکانی وەربگرێت

ج - دەستەی بەڕێوەبەر ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی لەتەک مەڵبەندەکانی لەندەن و پاریس و مۆسکۆو هەر وڵاتێکی ئەوروپایی‌تر کەلەو جۆرە جموجوڵە ڕۆشنبیری‌یە کوردی تێدابێت بکات.

د - هەوڵ ئەوەش بدرێ کە سەردانی جۆربەجۆر لە نێوان یەکێتی، نووسەرانی کوردو ئەو مەڵبەندانەبێ.

هـ - پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان یەکێتی نووسەرانی کورد [رابطە الادباء والکتاب والصحفیة]دا کە ئەوانیش بەشێکی دیاری هێزی بەربەرەکانن.

٢-لەڕووی چالاکی کۆمەلایەتی‌یەوە

أ - بەمەڵبەندی گشتی ولقەکانیەوە سەردانی خێزانەکانی ئەدیبە شەهیدەکان بکەن و گیروگرفتی ژیانیان بۆ ئاسان بکەن.

ب - هەروەها بەنیسبەت ئەو ئەدیبانەوە کەلەزینداندان یان تووشی گیروگرفتی گرتن دەبن.

ج - هەوڵ بدرێ لە کاتێ نەخۆش کەوتنی ئەدیبێک دا بە پێی توانا دەستگیرۆیی بکرێ‌و ئەگەر پێویستیش کرد بنێررێ بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردنی

د - هەوڵ بدرێ کەیانەی تایبەتی بۆ ئەدیبان بکرێتەوە چ لەمەڵبەندی گشتی‌و چ لە شوێنی لقەکانن.

هـ - هان دانی لقەکان بۆ گەشت و گۆزار کردن لەنێوان خۆیان دا بۆ پتەو کردنی گیانی برایەتی‌و تەبایی

و - وەئەگەر گونجاش و بووجە یاریدەیدا هەرلقە سەیرانێکی ساڵانە بۆ ئەندامەکانی بەئەنجام بگەیێنێ.

ی ـ هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوە انسانیە جیهانیەکاندا بۆ ریسوا کردنی رژیمی فاشی بەغاو خستنەرووی کارە دڕندانەکانیان دژ بەگەلی کورد.

# ڕاسپاردەکانی لیژنەی گۆڤار

دوای ئەوەی لیژنەکەمان (لیژنەی گۆڤار) کۆ بووە وە وامان بە پەسەند زانی ئەم راپۆرتەی خوارەوە پێشکەش بە سەرۆکایەتی کۆنگرە بکەین هیوادارین بە شێوەیەکی جیدی یەوە رەچاو بکرێ.

سوپاس.

راسپاردەکان:

١ ـ گرینگی زیاتر بە گۆڤاری سەرەکی یەکێتی لە ڕووی بەردەوامی دەرچوونی یەوە.

ب ـ بایەخدان بە ئەدەبی نوێ و ئەگەر پێویستیشی کرد دەرکردنی پاشبەندی تایبەتی بەم مەبەستە

ج ـ دانانی دەستەیەکی بەڕێوەبەری کارمەو ئیش کەر بۆی .. مەرجیش نی یە سەرۆکی یەکێتی یا گە سەرۆکی یەکێتی هەڵدەبژێرێ بکرێ بە سەرنووسەر، بەڵکو پێشنیاز دەکەین کە ئەندامی لێوەشاوەو شیاو ئەم کارەی پێ بسپێرێ، بەواتە مەرکەزی ئەندام نەبێتە هۆی دانانی لە گۆڤارەکە.

ء ـ بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبکرێتەوەو لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات.

ە ـ بەشێکی با کەمەیش لە بابەتەکانی بەرێنوسی لاتینی بێ.

و ـ گۆڤـارەکـە پەیامنێری تایبەتی هەبێ لە هەموو شارەکانی کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتیش دا..

لەم ڕووەوەش پێشنیار دەکەین پەیوەندیکی پتەو لە نێوان گۆڤارەکەو مەڵبەندە ڕۆشنبیری و کە لتوری یەکانی کورد هەبێ لە هەندەران بەنموونە ئینستیتوتی کورد لە پاریس.

٢ ـ پێشنیار دەکەین یەکێتی گۆڤاریکی دەوری تێرتەسەلی هەبێ تایبەت بە لێکۆڵینەوە ودیراساتی ئەدەبی و کەلتوری گشتی ..

٣ ـ ساڵانە، گۆڤاریکی هەبێ بە یەکێك لە زمانە زیندووەکانی دنیا لە بەرگێکی تێرو تەسەل و بە بڵاوکردنەوەیەکی فراوان لە هەندەران ... بۆ داهێنانی ئەدەبی کوردی لە شیعرو چیرۆك و ڕۆمان و ... تاد.

٤ ـ پاشکۆیەکی منداڵان هەبێ بۆ گۆڤاری سەرەکی یەکێتی (١٥) ڕۆژ جارێـك بە چاوێلکی شایـان ئەوەی لە وڵاتـان بۆ منداڵان دەیکەن.

٥ ـ گۆڤارێك هەبێ تایبەت بە وەرگێڕان و داهێنانی کەلتوری گەلان بە مەرجێك تەنها ئەو بابەتانە بڵاوبکاتەوە بۆی دێن...

هەر لێرەوە پێشنیـاریش دەکـەین ئەو گۆڤارە بەردەوام کۆمەڵە شیعر و چیرۆکی بێگانە وەك پاشبەند یا بڵاوکراوەی سەربەخۆ بڵاوبکاتەوە..

## بەرنامەی
## «ئەدەب و ڕۆشنبیری»

هەر دوای ڕاپەڕین و هەڵبژاردنی لقەکان یەکێتی نووسەران بەو ناوەی سەرەوە بەرنـامـەیـەکی رادیـۆیی لەهـەردوو ئێـزگە (دەنگی کوردستان) و (دەنگی گەلی کوردستان) حەفتانە بڵاودەکردەوە.

ئەم بەرنامەیەش لەئامادەکردن و پێشکەشکردنی کاك (نەژاد عزیز سورمێ) بوو تا تەواوبوونی کۆنگرەی (ڕاپەڕین) بەردەوام بوو و لەو ماوەیەدا (١٩) ئەڵقەی لێ بڵاوکرایەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ناوی خۆپاڵێورانی کۆنگرەی «ڕاپەڕین»و دەنگەکان

| | |
|---|---|
| ١ـ دکتۆر عزەدین مستەفا ڕەسوڵ | ١٢٧ |
| ٢ـ فەلەکەدین کاکەیی | ١٢٤ |
| ٣ـ عەبدولڕەحمان سالح مزوری | ١٠٨ |
| ٤ـ محەمەد موکری | ١٠٣ |
| ٥ـ قوبادی جەلی زادە | ٧٩ |
| ٦ـ محەمەدی حەمە باقی | ٧٧ |
| ٧ـ ئیدریس چەلکی | ٧٢ |
| ٨ـ جەلال محەمەد بەرزنجی | ٧٠ |
| ٩ـ عەبدولڕەقیب یوسف | ٦٣ |
| ١١ـ عەبدوڵڵا سەراج | ٦١ |
| ١٢ـ سەعید ناکام | ٦٠ |
| ١٣ـ کەریم دەشتی | ٥٦ |
| ١٤ـ نەژاد عەزیز سورمێ | ٥٢ |
| ١٥ـ سەعدوڵڵا پەرۆش | ٥٢ |
| ١٦ـ ئەبوبەکر خۆشناو | ٥١ |
| ١٧ـ ڕەئوف سەعید بێگەرد | ٥١ |
| ١٨ـ ڕێکار ئەحمەد | ٥٠ |
| ١٩ـ حەمە کەریم هەورامی | ٥٠ |
| ٢٠ـ نەوزاد ڕەفعەت | ٤٣ |
| ٢١ـ حەسیب قەرەداخی | ٤٣ |
| ٢٢ـ کەمال حسین غەمبار | ٤٣ |
| ٢٣ـ عەبدوڵڵا جندی | ٤٢ |
| ٢٤ـ فؤاد قەرەداخی | ٣٩ |
| ٢٥ـ عەبدولقادر سەعید سەرچناری | ٣٧ |
| ٢٦ـ ئازاد دلزار | ٣٠ |

| | |
|---|---|
| ٢٧ـ زاهیر ئەحمەد سەوز | ٢٩ |
| ٢٨ـ ئەنوەر مەسیفی | ٢٩ |
| ٢٩ـ خالد دلێر | ٢٤ |
| ٣٠ـ تاڤگە ئەحمەد میرزا | ٢٤ |
| ٣١ـ محەمەد فەریق حەسەن | ٢٣ |
| ٣٢ـ آزاد عەبدولواحد | ٢٢ |
| ٣٣ـ شەفیقە عەلی (خوشکە لەیلان) | ٢١ |
| ٣٤ـ جەلال خەلەف ژاڵەیی | ١١ |
| ٣٥ـ غیاثەدین نەقشبەندی | ٠٨ |

---

## دەستەی بەڕێوەبەری
## گشتی «باڵا»ی یەکێتی نووسەرانی کورد

ـ کۆنگرەی ڕاپەڕین ـ

لەناو خۆیاندا کاروباریان بەمجۆرە دابەشکرد

| | |
|---|---|
| ١ـ دکتۆر عزالدین مصطفی مصطفی رسول | سەرۆك |
| ٢ـ فلك الدین کاکەیی | جێگر |
| ٣ـ محمد موکری | سکرتێری رۆشنبیر |
| ٤ـ محمدی حمەباقی | سکرتێری بەڕێوەبەر |
| ٥ـ قوبادی جەلی زادە | سکرتێری دارایی |
| ٦ـ ئیدریس چەلکی | ئەندام |
| ٧ـ جەلال بەرزنجی | ئەندام |
| ٨ـ عەبدولرەقیب یوسف | ئەندام |
| ٩ـ عەبدولرەحمان مەزوری | ئەندام |

ئەندامانی ئیحتیاتی دەستەی باڵا

١ـ زاهیر رۆژ بەیانی

٢ـ عەبدوڵڵا سەراج

# دوا پەیامی کۆنگرەی (ڕاپەڕین)ی نووسەرانی کورد

لەڕۆژانی (١٥، ١٦، ١٧)ەی تشرینی یەکەمی ١٩٩١دا لەشاری شەقڵاوە کۆنگرەی حەوتەمی نووسەرانی کورد بەناوی کۆنگرەی ڕاپەڕینەوە بەسترا. پاش دەقیقەیەك وەستان لەماتەمی شەهیداندا، کۆنگرە لەلایەن سەرۆکی بەرەی کوردستانی هەڤاڵی تێکۆشەر مەسعوود بەرزانییەوە بەووتارێکی بەنرخی پشتگیری کرایەوە. نوێنەرانی سەرکردەیی حیزبەکانی بەرەی کوردستانیو کۆمەڵێك میوان لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە ئامادە بوون. هەر وەك ئەو حیزبانەو هەندێ حیزبی تری کوردستان و کۆمەڵی ڕێکخراوەی جیاجیای کوردستان نامەی پیرۆزبایی یان بۆ کۆنگرە نارد بوو.

بەپێی بڕیاری لیژنەی ئامادەکردنی کۆنگرە، هەموو ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کورد (کەساڵی ١٩٨٣) ڕژێمی عیراق هەڵیوەشاندەوەو هەموو ئەندامانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان کە لە چیاکانی کوردستاندا نووسەرە جەنگاوەرەکان دروستیان کرد بوو ئەندامی ئەم کۆنگرەیە بوون. هەروەك کۆنگرە بە دروستکردنی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەرفەتی بوونە ئەندام و بەشداریی کۆنگرە بەکۆمەڵێك نووسەر درا کە ئەندامی یەکێك لەم دوو یەکێتییە نەبوون وزۆربەیان لەنووسەرە لاوەکان بوون.

کەش وبارودۆخی (ڕاپەڕین) بەهەموو لایەنەکانییەوە بەکۆنگرەوە دیار بوو. بەو پەڕی دیموکراتیەتەوە موناقەشەی هەموو کاروبارێك کرا. سەرەتا بەڕێوە بردنی کۆنگرە درایە دەست سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردن مامۆستا سەعید ناکام کەبەتەمەنترین ئەندامی کۆنگرەبوو، ئەویش بەدەنگدان دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی دەستنیشان کرد. مامۆستا محەمەدی مەلا قادری لاجانی بوو بەسەرۆکی ئەو دەستەیەو ئەو سێ ڕۆژە کاروباری کۆنگرەی برد بەڕێوە.

پاش موناقەشە کۆنگرە بڕیاری دا کە ناوی یەکێتی هەر (یەکێتیی نووسەرانی کورد) بێت وبەم پێیە دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە ئەم یەکگرتنەی بە (کۆنگرەی حەوتەمی نووسەرانی کورد) بێت وبەم پێیە دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە ئەم یەکگرتنەی بە (کۆنگرەی حەوتەمی نووسەرانی کورد) داناو کۆنگرەی چیای یەکێتی نووسەرانی کوردستانی بە (کۆنگرەی نائاسایی چیا) ناونا.

سێ ڕۆژ باس لەباری لەمەودووای یەکێتیو ئەندامانەوە وبەرەو پێشبردنی بەرهەم وئیبداعی ئەدەبیی کورد کرا.

کۆنگرە شەش لیژنەی پێکهێنا. پاشان موناقەشەی بڕیارەکانی ئەو شەش لیژنەیە کراو دەنگیان لەسەر درا.

کۆنگرە بە بەرزییەوە یادی بەرزئێی ئەمر وشەهید دوکتۆر عەبدورەحمان قاسملوو وشەهید سالح یوسفییو کردەوە. هەروەك ئەندامێتی شانازی درا بەکۆمەڵێك لەشاعیر ونووسەرە شەهیدەکانمان.

لەهەر سێ ڕۆژەکەی کۆنگرەدا ڕۆژنامەیەك بەناوی (کۆنگرە)وە ڕۆژانە دەردەچوو و دابەش دەکرا.

دووا کاری کۆنگرە دانانی لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن بوو کەبە ئامادەبوونی دادگەر کاک نووری نانەکەلی کاری هەڵبژاردنی بەرێوە برد.

سی و حەوت کەس خۆیان بۆ ئەندامێتی دەستەی بەڕێوەبەر پاڵاوت. لەئەنجامدا ئەم نووسەران بەو دەنگانەی بەرامبەر بەناوەکانیان بوون بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر.

| | |
|---|---|
| ١ـ د. عزالدين مصطفى ڕەسوول | ١٢٧ دەنگ |
| ٢ـ فلك الدين کاکەیی | ١٢٤ دەنگ |
| ٣ـ عبدالرحمن مزووری | ١٠٨ دەنگ |
| ٤ـ محمد موکری | ١٠٣ دەنگ |
| ٥ـ قوبادی جەلی زادە | ٧٩ دەنگ |
| ٦ـ محەمەد حەمە باقی | ٧٧ دەنگ |
| ٧ـ ادریس چەلکی | ٧٢ دەنگ |
| ٨ـ جەلال بەرزنجی | ٧٠ دەنگ |
| ٩ـ عبدالرقیب یوسف | ٧٠ دەنگ |
| ١٠ـ ظاهر ڕۆژبەیانی | ٦٣ دەنگ |
| | ئەندامی ئیحتیات |
| ١١ـ عبدالله سراج | ٦٠ دەنگ |
| | ئەندامی ئیحتیات |

پاش هەڵبژاردن سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆنگرە بەڵگەنامەو بریارو پێشنیارو ئامۆژگارییەکانی دایە دەست ئەو دەستە هەڵبژێرراوە بۆ چێ بەجێکردنی‌و بەسروودی (ئەی ڕەقیب) کۆتایی بەکۆنگرە هێنرا.

پاش ئەوە دەستەی بەڕێوەبەر لەیەکەم کۆبوونەوەیدا هەر ئێوارەی ١٩٩١/١٠/١٧ بریاری دابەشکردنی کارەکانی ناو دەستەی بەڕێوەبەری بەم جۆرەدا:

١ـ دوکتۆر عزالدین مصطفى رسول — سەرۆکی یەکێتی
٢ـ فلك الدين کاکەیی — جێگری سەرۆك
٣ـ محمد موکری — سکرتێری ڕۆشنبیری
٤ـ محمد حەمە باقی — سکرتێری کارگێری
٥ـ قوباد جەلی زادە — بەڕێوەبەری دارایی

هەڵبژێراوەکانی تر ئەندام و ئەندامی ئیحتیاتی دەستەی بەڕێوەبەر دەبن.

لەکاتێکدا سوپاسی سەرۆکی بەرەی کوردستانی‌و سەرکردایەتیی بەرەو کارگێریی بەرە دەکەین، بۆ بەشداربوون و یارمەتییان. پەیمان تازەدەکەینەوە کەقەڵەمەکانمان چەکی خەبات و پێشکەوتنی گەلی کورد بن و هەمیشە پاڵپشتی بەرەی کوردستانی بن.

دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی
نووسەرانی کورد

هەواڵنامەی کتێب

# پێرست


★ سەرنووسەر ١
٢
«دوو وشە»
★ عبدالرحمن مزوری ٤
«کۆڕەو»
★ ئەحمەد شەریفی ١٩
«توێژەوانێکی بەرامبەرانە»
★ سابیر رەشید ٢٦
«گەراپێچە»
★ جمال نوری ٣٠
«دایەوێن»
★ هاوار ٣٢
«بەیادی دوو شیعر»
★ رەفیق سابیر ٣٩
«ڕێناس»
★ ئەحمەدی شاملو ـ وەرگێرانی: نەژاد عزیز سورمێ ٤٩
«پەریا»
★ عبدالله سەراج ٥٧
«راز»
★ جەلال بەرزنجی ٦٣
«شەوێکی ئاسۆیی»
★ دلشاد عبدالله ٧١
«ترس»
★ یەشار کەمال وەرگێرا ەن: رەئوف بێگەرد ٧٥
«چاوپێکەوتنێك لەگەڵ یەشار کەمال دا»
★ فەرەیدون سامان ٨٦
«چەند وێنەیەکی هەڵواسراو»
★ مەولوود ئیبراهیم حسن ٨٩
«سەرهەڵدانەوە»
★ فوئاد صدیق سابیر ١٠٠
«ئەدەب و سیاسەت»
★ محمد حەمە باقی ١٠٧
«شینی خواوەند»
★ حسێن کوردی گولیك ـ وەرگێرانی: ئازاد بلال ١١٠
«هەلەبجە، شوێنێکی لەبیر کراو...»
★ عبدالقادر سعید ١١٥
«تەنیایی»

★ مەهاباد قەرەداغی ١١٧
«سەمای شەوان»
★ قوبادی جەلی زادە ١١٨
«پایتەختی رەش»
★ کەریم دەشتی ١٢١
«وردە گەڵا»
★ شێرزاد حسن ١٢٧
«کێ - وێلی لومان - ی کوشت»
★ زاهیر رۆ ژبەیانی ١٤٠
«دووبارە کردنەوە لای عبداللە سەراج»
★ محمد نوری توفیق ١٥٢
«شارە خۆشەویستەکە»
★ سیروان ١٥٨
«سەردانێك لەزەردە ئێوارەی ....»
★ سەباح رەنجدەر ١٦٠
«پێشکێش»
★ محسن ئاوارە ١٦٢
«چەند کۆپلەیەك لەشیعری ....»
★ خەسرەو شاهانی: وەرگێڕانی: محمد حسن رۆژبەیانی ١٦٦
«پاك کردنەوەی ریزەکانی حیزب»
★ هیدایەتی عبداللە حەیران ١٨٣
«گەڕانەوەی چەند شیعرێکی سالم.....»
★ ئیسماعیل بەرزەنجی ١٧٣
«دژە دیمەن»
★ ئەحمەد سەلام ١٨٥
«هەڵگێرو داگێڕ کردنی وشە لەشیعری مەولەوی دا»
★ مستەفا سالح کەریم ١٩٤
«هونەرمەندی تێکۆشەر حسن توفیق»
★ محمد موکری ٢١٣
«ئەژدیها»
★ گۆرە دێر ٢٤١
«فایلی تایبەتی کۆنگرەی راپەڕین»


مۆنتێفەکان: نامق علی - شنست - هەڵکورد

هەواڵنامەی کتێب